
KURDISTAN
لە ”ڕۆژنامەی کوردستان“
و”کوردستان میدیا“وە
ڕەشەمەی ٢٧٢٣
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- "ئێران" نەتەوە نییە، بەڵكوو بریتییە لە كۆمەڵێک نەتەوە كە لەو جوغرافیایەدا پێكەوە دەژین ........................
........................................................................................ خالید عەزیزی ..... ٥

٢- حەسەن شەرەفی: هاوڕانەبوونی هێزەكانی ئۆپۆزیسیون و بێكردەوەیی كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هۆكاری سەرنەكەوتنی شۆڕشی ژینا بوون ........................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١١

٣- ئایا ئێران خوازیاری شەڕیكە لە ناوچە؟ ............................................................ و: ئاسۆ ساڵح ..... ١٥

٤- پانزده سەده دواكەوتوویی لە چلوپێنج ساڵدا .................................................. ئەلبورز ڕووین‌تەن ..... ٢٠

٥- قادر وریا: ئەگەر زمانەكەمان لەدەست بدەین، لە كوردبوون دەشۆڕێینەوە و كورد نامێنین ..............................
................................................................................................ دیمانە: ئاڤان سنەیی ..... ٢٣

٦- كۆماری ئیسلامی لە بەردەم سۆنامیی ڕق و بێزاریی خەڵكدا ....................................... برایم لاجانی ..... ٣٠

٧- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید محەممەد كوردنژاد) ............................................ برایم چووكەڵی ..... ٣٥

٨- بڕوانامەی ددان‌پزیشكیی خۆمانە ........................................................................ دارسمە ..... ٣٨

٩- ئایا ئەمریكا دەبێ هێرش بكاتە سەر ئێران؟ ............................ و؛ لە ئینگلیزییەوە: كەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٤١

١٠- "نرخی ئازادی" ................................................................................. حەسەن واژی ..... ٤٦

١١- سووكایەتی بە دێموكراسی ...................................................................... عەلی بداغی ..... ٤٩

١٢- مستەفا هیجری: دووره دیمەنی سەركەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لە هەموو كاتێک نزیكترو بەرچاوترە
..................................................................................................... دیمانە: عەلی بداغی ..... ٥٤


١٣- دەقی قسەكانی كاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆبوونەوەی ڕێكخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ........................................................................................ ٦٢

١٤- یارانی کۆماری ئیسلامی، لە شارڵاتانەوە هەتا "پەرەستوو" و پۆرنستارەکان ................... ڕەزا دانشجوو ..... ٦٥
١٥- پەیامی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەدا ........................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٦٩
١٦- قازانجی خۆی تێدایە! ........................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٧٣
١٧- هەڵبژاردنەکانی ئێران؛ لە سڕینەوەی بیری جیاواز هەتا تیروپشکی نێوان مۆرەکانی ڕێژیم ....................
................................................................................................ پێشەوا عەلیپوور .... ٧٦
١٨- هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە، هۆکارەکانی گرینگیی بەشداریی خەڵک بۆ ڕێژیم ................ هومەن سمکۆ ..... ٨١
١٩- هەڵبژاردن و ئیرادەی "نا"وتن ................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٥
٢٠- هزری پێشمەرگانە فەرمانڕەوای شەقامەکانە .......................................................... جاقل ..... ٨٨
٢١- هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و مافی یاسایی و سیاسیی ژنان .............................. کەنێرە مێهفەر ..... ٩١
٢٢- هەڵبژاردنەکان و ئەو پرسیارانەی خەڵک هەیانە! ............................................... مەنسوور مروەتی ..... ٩٤
٢٣- دەنگدان لە ئێوە و کوشتن لە من .............................................................. حەسەن ساڵحزادە ..... ٩٧
٢٤- ١١ی ڕەشەمە تفەنگەکان پڕ مەکەنەوە، قامکەکان خوێناوی مەکەن ............................... مستەفا فەقێ ..... ١٠١
٢٥- گوڵاڵە شەرەفکەندی: وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە .....
.............................................................................. دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٣
٢٦- مستەفا هیجری: لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بەبێ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری چیتر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە ........................................................ کوردستان میدیا ..... ١١١
٢٧- دیسانەکەش دەنگی بەرزی "نا"ی خەڵک بەسەر تەواوەتیی ئیرادە و دەسەڵاتی ڕێژیمدا سەرکەوتەوە ................
.............................................................................. ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب ...... ١١٥
٢٨- حەماسەی بایکۆت پیرۆزە! ...................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١١٩
٢٩- لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢ ............................................ سمایل شەرەفی ..... ١٢٢
٣٠- بڵێی تورکیە و ئێران لە سەر ئازەربایجانی ڕۆژاوا لەسەر ڕێچکەی پێکدادان بن؟ ......................................
................ ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست – شوکریە برادۆست - و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٢٦
٣١- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو ......................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٣٣
٣٢- ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، دەرەفەت و پرسیارەکان لەسەر ڕۆژەڤی کورد لەو ڕێکخراوەیەدا ..... کوردکاناڵ ..... ١٣٨
٣٣- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید خورشید عەلیزادە) .......................................... برایم چووکەڵی ..... ١٤٣

٣٤- گرینگترین کۆد ...................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٤٦
٣٥- ئاوا دەبێت ئەندازیاریی هەڵبژاردن! ............................................................ دارسمە ..... ١٥١
٣٦- ئەرکی قوورستر .................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ١٥٤
٣٧- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنەوە ..... ١٥٧
٣٨- بڵێی خامنەیی دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستبێت؟! ........................................ عەلی بداغی ..... ١٦١
٣٩- ئایا واشینگتۆن لە جێهێشتنی عێراقدا جیددییە؟ ................... و؛ لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٦٤
٤٠- ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، یەک ڕەگەز و یەک ڕێباز ............................ عومەر باڵەکی ..... ١٦٩
٤١- بزووتنەوەی بایکۆت لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا ........................................ سمایل شەرەفی ..... ١٧٤
٤٢- نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا ........................................ سارۆ خوسرەوی ..... ١٧٧
٤٣- بزووتنەوەی نەورۆز ................................................................... سمایل شەرەفی ..... ١٨٣
٤٤- چەند تایبەتمەندیی سیستمی بێسەرەوبەرەیی کاریگەر لە ڕێکخراودا .......................... سەلام سەدیقی ..... ١٨٦
٤٥- نەورۆزی کوردستان، کلیلوشەکانی بەردەوامیی خەبات هەتا سەرکەوتن ................... مەنسوور مروەتی ..... ١٨٩
٤٦- پەیامی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز ........................................................ سمایل شەرەفی ..... ١٩٢
٤٧- پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنەوەیساڵی نوێ ..... ١٩٥



## خالید عەزیزی: "ئێران" نەتەوە نییە، بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک نەتەوە کە لەو جوغرافیایەدا پێکەوە دەژین



**کوردکاناڵ**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ساڵڕۆژی شۆرشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) وتووێژێکی دەگەڵ بەشی فارسی "کوردکاناڵ" کرد. لەو وتووێژەدا هەوڵ دراوە لە چەند ڕوانگەوە باسی چۆنیەتیی شۆڕشەکە و دەوری بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بخرێتە بەرباس.**

**پرسیارێکی گشتی لەو وتووێژەدا ئەوە بوو کە بۆچی هەتا ئیستا دوای ئەو ٤٥ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئەوەیکە دژبەرانێکی زۆریشی هەبووە بەڵام توانیویەتی درێژە بە ژیانی سیاسیی خوی بدات؟**

**کاک خالید عەزیزی بە ڕوانینێکی گشتی و لە بوارەکانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی باسی لە کاریگەرییەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران کرد و پێی وابوو، ئێران لە ئاستی جیهانیدا وەک دیاردەیەکی تایبەت وابووە و کاتێک باسی**

دێموکراسی لە ئێران و ئەمنییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکرێ، بەبێ ئاماژەکردن بە ئێران ئەو پرسە ناتەواوە. لەو ماوەیەشدا دژبەرانی ڕێژیم لەوانە گەلی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات کە بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەکە هەبووە وەک هەموو خەڵکی دیکەی ئێران چاوەڕوانی ئەوە بوون سیستەمێکی دێموکرات لە ئێران دابمەزرێت و نەتەوەکانی ئەم جوغرافیایە بە ماف و ویستی خۆیان بگەن. هەروەها چونکە ئێران وڵاتێکی مەزن و دەوڵەمەندە دۆخی ئابووریی خەڵکیش بەرەو باشتربوون بچێ، بەڵام وەک دیتمان بەهیچ شێوەیەک ئەو چاوەڕوانییانە نەهاتوونە دی.

## بەڵام بۆچی ئاوای لێ هات؟

لێرەدا کاک خالید ڕای وابوو؛ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش ئاوایە، کاتێک حکوومەتێک دەڕووخێ و حکومەتێکی نوێ دادەمەزرێ، کەسایەتییەک کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی پێبووە جێگای دەگرێتەوە. لە ئێران ئایەتوڵلا خومەینی و دەوروپشتی خەڵکانی ئایینی بوون و کاتێک جڵەوی حکوومەتیان بە دەستەوە گرت ئاکامەکەی وەک دیتمان بەرەو دیکتاتۆری چوو، لەگەڵ ئەوەیکە خەڵک چاوەڕوانیی دیکەیان هەبوو. بۆیە ڕەنگبێ ڕووخاندنی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بە شێوەی شۆڕش هاسانتر بێ بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیکە دوای ڕووخان چۆن دەکرێ وڵات دابمەزرێنیەوە؟ کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات کە دوای شۆڕش جگە لە بازنەیەکی بەرتەسک ڕەوتەکانی دیکە خۆیان لەو ئاڵقەیەدا نەدیتەوە و نەیانتوانی بەشداری بەڕێوەبردنی وڵات بن، هەربۆیە ئەو ویستە نەهاتە دی و ڕەوتی ئیدارەکردنی وڵات بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشت.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵامی ئەو پرسیارە کە؛ ئەو ٤٥ ساڵە چۆن تێپەڕیوە و دۆخی خەڵک بەو هەمووە قەیرانە ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیە و زۆر کێشەی دیکە، بۆچی ئێران بەو ئاقارە گەییی؟**

لەسەر ئەو باوەڕە بوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کەڵکاژۆی لە هەستی ئایینی و ناڕەزایەتیی خەڵک لەهەمبەر ڕێژیمی پاشایەتی وەرگرت و هەموو جومگەکانی لەدەست گرت و بەدوای ئەو خواستانە نەبوو کە زۆربەی خەڵک چاوەڕوان بوون وەدەستی بێنن، بۆ ئەوەیکە بەردەوام دەستەڵاتی لەدەست دابێ و تاکەهێز بێت جۆرێک سیاسەتی دەکرد و داخوازییەکانی ئازادیخوازان و دوارۆژی دێموکراتیکی ئێرانی وەبەرچاو نەدەگرت. شێوازی کاری ڕێژیمی ئێران ئەوە بووە کە گرنگی بە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە نەداوە و دەکرێ بڵێین خەڵکتەوەر نەبووە، بەڵکوو بەردەوام بەدوای ئەوە دەگەڕا چۆن هێزێکی زۆر وەدەست بێنێت و بەسەر خەڵکدا بیسەپێنێت.

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

یەکێکی دیکە لە پرسیارەکان لەسەر ڕۆڵ و دەوری ئۆپۆزسیۆن و مانەوەی کۆماری ئیسلامی بوو، سەرەڕای ئەو هەمووە خەبات و بەرخودانە بەتایبەت لە کوردستان بەڵام ئەوە ڕێژیمە خۆی سەپاندوە و وازی نەهێناوە.

کاک خالید لەم بارەیەوە پێی وابوو، بەشی هەرە زۆری خەڵک لە ئێران بەتایبەت نەتەوەکان دژی ئەو ڕێژیمەن، بەڵام تەنیا بە دژایەتی و توورەبوون ئەو ڕێژیمە لەنێو ناچێت، بەڵکوو دەبێ خواستێک هەبێ کە بتوانین جێگرەوەی بۆ دابنێین، گرفتەکە ئەوەیە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە پێکەوە ئەو بەدیلە درووست بکەین. بەڵام کە دەڵێین ئەو نیزامە دەبێ بڕوا دەی باشە ئەدی کام نیزام جێگای بگرێتەوە؟ لەم بەشەدایە ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیم نەیانتوانیوە بەداخەوە بەدیلێک دابنێن و جێگرەوەی ئەو ڕێژیمەی ئێستا بێ.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات، بە ڕوونی وەک ڕەخنەیەک لە ڕەوتە جۆراوجۆرەکان دان بەوە دادەنێت؛ خەڵک کاری خۆیان کردوە و دەیکەن بەڵام ئەوە حیزب و ڕەوت و ڕێکخراوەکانن کە خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن پێناسە دەکەن، هەربۆیە پرسیارەکە جارێکی دیکە پاتە دەبێتەوە و هەوڵ دەدرێ باسی زیاتر لە پرسەکە بکرێ. عەزیزی لەسەر ئەوە جەختی کردەوە؛ بۆ ئەو بەشە کە سەدان ساڵە چالاکیی سیاسی لە ناوچەکە هەیە سەرچڵەپۆپەکەی شۆڕشیی ٥٧ بووە، لێرەدا دەبێ وێڕای هەموو جیاوازییەکان پێناسەیەکمان لە ئێران هەبێ، کە پێناسەیەکی درووست لەسەر ئەو جوغرافیایە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی نەتەوەیی، ئایینی، کولتووری و سیاسی بکرێ. کاتێکیش ڕواڵەتی پرسەکە وێنا کرا دەبێ بەرەو چارەسەرەکان بڕۆین کە مۆدێلێکی ناوەندگەراییە، جۆرێکی دیکە بەشداریی گشتییە لە بەڕێوەبەری وڵات بەهەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە. جگە لەوە کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزدا هەوڵ دەدا لەنێو خەڵکدا ترس و تۆقاندن بڵاوە بکاتەوە کە ئەگە نیزام نەمێنێ ئاسایش و تەناهیش نامێنێ و کەس نازانێ چارەنووسیان چی بەسەر دێ و ئەوە لە بزووتنەوەی ژینا بە ڕوونی بینرا. چوونکە بەردەوام ڕێژیم هەوڵ دەدا دوژمنێکی خەیاڵی لە دەرەوەی سنوورەکانی وێنا بکات و ئەوەی پێوەندی بە کوردستانیشەوە هەیە هەوڵی داوە لە چەمکی وەک "تەجزیەتەڵەبی" و "تەمامیەتی ئەرزی" کەڵک وەربگرێ و هەستی خەڵکی دیکە بوروژێنێت و داخوازییە ڕەواکان بە لارێدا ببات؛ یان باس لە شەڕی نێوخۆیی دەکات و ئەو نیگەرانییە دەخاتە نێو کۆمەڵگە هەتا لێ بپرینگێنەوە.

لێرەدا کاک خالید ئاماژەی بەوە کرد دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەوت و لایەنە جیاوازەکان لە داهاتوودا ئاسایش و ئەمنییەت بۆ خەڵک دابین بکەن، ئەو ئاسایشەش بەو شێوازە دێتە دی کە هەموو پێکهاتەکان بەشداری بەڕێوەبردنی حکومەت بن و ئەوکاتە ئیدی هەڵبەزین و پرینگانەوە لە ناوەند ڕوو نادات و بەم شێوەیە بەستێنێکی لەبار بۆ داوارۆژ وێنا دەکرێ.

حیزبی دێموکرات چ کارێکی بۆ ئەوە کردوە لە داهاتوودا بتوانێ لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات پشکدار بێ و چەندە توانیوەتی ئەو دەنگە بە گوێ لایەنەکان بگەیەنێت، پرسیارێکی دیکە بوو کە خالید عەزیزی پێیوابوو؛ بەبەراورد بە ڕابردوو پێشکەوتنی زۆر باش کراوە، بۆ میناک لە دە ساڵی ڕابردوو وا هاسان نەبوو باسی نەتەوە جیاوازەکان و فێدرالیزم بکەین وەک وڵاتێک کە بە فرەنەتەوەیی ناسراوە، بەڵام ئێستا گوێ بۆ بیستن هەیە و پێویستە لەسەر ئەو باسانە زیاتر قسە بکرێ و بە لێکتێگەیشتن دەبێ لەسەر واتا و چەمکی وەک تەواویەتی ئەرزی، دەسەڵات، نەتەوە و ئەو هەڕەشانەی لەسەر ئێران هەیە زیاتر بدوێین.

دەمێکە لەلایەن هێزەکانی ناوەندەگەرا و دەسەڵاتەوە قسەیەکی داتاشراو و هەڵبەستراو لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد و گەلانی دیکە بەردەوام پاتە دەبێتەوە و دەخوازێ بەو مەبەستە خۆڵ دەچاوی خەڵک بکات و بە چەواشەی تەناهی ئێران دەخاتە ژێر مەترسییەوە، چۆن دەکرێ ئەو پرسە ڕوون ببێتەوە و ڕای گشتی ڕاستییەکان بزانن، پرسیارێکی دیکە بوو لە وتەبێژی حیزب کرا و بەڕێزیشیان لە وڵامدا دەستی لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دانا؛ ئەو گوتارە لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە زەقی بینرا، لەوێ دا خەڵک باسیان لە "تەجزیە" و "تەواویەتیی ئەرزی" نەدەکرد. لەوێدا کێشەیەک نەبوو کە نەتەوەکانی ئێران بەهۆکاری سیاسی لەبەر یەک هەڵوەشێنێتەوە، لە شەقامدا یەکیەتیی و یەکگرتوویییەک لەسەر لانیکەمەکان هەبوو و بەدژی نەمانی ڕێژیم هاوتەریب بوون، ئەوەی جێگای کێشە و گرفتە تەنیا لەنێو ڕەوت و کەسایەتییە سیاسییەکاندا بوو. بەو واتایە کە، لەنێو خەڵکی ئێران بەو شێوە هەستیار و چڕە ئەو باسانە کە لە نێو ڕەوتە سیاسییەکان دا هەیە ناکرێ، گرفتەکە لەوەدایە بەشێک لە ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات ئەوەندە دوورن لە خەڵک و ڕاستییەکانی کۆمەڵگە ڕەنگبێ هێشتا بەباشی درووشمەکانیان بەر گوێ نەکەوتوە و لە خواستی خەڵک تێناگەن. کاک خالید پێی وایە؛ ڕاستییەکانیی وەک خۆی بۆ ئەو لایەن و کەسانەی دەمێکە دوور کەوتوونەتەوە وا بە هاسانی هەزم ناکرێ و ئەگە پێشی بزانن وێدەچێ گوتارێکی شیاویان بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکە نییە. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە دەبێ هەمووومان زیاتر لەسەر نێوخۆی ئێران تەکز بکەین، ئەوە بزووتنەوەیەکی سۆشیاڵ میدیایی نییە ئەگەرچی دەکرێ کەڵک لە دەرفەتی تێکنۆلۆژی وەربگرین بەڵام دەبێ زیاتر بە کردەوە لە ڕاستای یەکیەتی و یەکگرتوویی گشتی چالاکی بکەین.

خالید عەزیزی لەسەر ئەو باوەڕەیە؛ ئەوەی خەڵک لە دوارۆژی ئێراندا پێویستی پێیە، ئەمنیەت و ئاسایشە، ئەوەش کاتێک دێتە دی، بابەتی وەک پەراوێز و ناوەند لەنێو بچێ، ئەوەندەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە ئێمە وەک دەرفەتێکین نەک هەڕەشە و مەترسی. حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەیە پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکرێ بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە پێویستیمان بە بەردەنگ هەیە و ئەوەمان لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا بینی. عەزیزی

پێی‌وابوو؛ هەموو ئەوانە دەتوانن ببنە دەرفەت و کەڵکی بەجێیان لێ وەربگرین هەتا بتوانین هەموو لایەکمان پێکەوە بۆ داهاتوومان کار بکەین. بەڵام لەمپەڕی دیکەش لەسەر ڕێگا هەن کە بە کورتی دەتوانین لە قسەکانی وتەبێژی حیزب ئاماژە بەو خاڵانە بکەین؛ سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی هاوبەشمان لەسەر ئێران هەبێ، ئەگە بۆ دواوە بگەڕێینەوە لە سەردەمی ڕەزاشادا شتێک بەن اوی ئێران بوونی نەبووە و دواتر وەک یەکەیەکی جوغرافیایی ئەو ناوە سەپاوە.

**کەواتە ئێران ناوی نەتەوەیەک نییە بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک نەتەوە کە لەو خاکەدا پێکەوە دەژین،** جا ئەگەر بیانهەوێ پێکەوە کاری سیاسی بکەن دەبێ واز لەو قسانە بهێنن بۆ ئەوەیکە بەستێنێکی لەبار بۆ دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن هەبێ و ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان بێ ئیتر مافەکانی نەتەوەیی فارس، تورک عەرەب، کورد، بەلووچ و ..بپارێزرێ، بەو تێگەیشتنە بە هاسانی دەکرێ کاری هاوبەش بکرێ.

**ناوبراو لە درێژەی ئەو پرسەدا گوتی:** ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئێستا باوەڕمان بە فێدرالێزمە ئەوەش بەو مانایە نییە ئەوە ڕێگەچارەیەکە بۆ هەموو نەتەوەکان، بەڵکوو ئێمە دەمانهەوێ بڵێین پاراستنی مافی نەتەوەکان و لامەرکەزی (غیرمتمرکز) کە بۆتە کۆسپێکی گەورە نابێ بمێنێ و هەموولایەک دەبێ بەشداریی دەستەڵات بن بەبێ هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک.

**لە درێژەدا کاک خالید ئاماژەی بەوەش کرد کە؛** خەباتی دێموکراتیکی خەڵکی کورد توانیویەتی ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانگەی ئێرانییەکاندا بێنێت چوونکە ئێمە مافی هاوبەش و دێموکراتیکمان بۆ هەمووان دەوێ، ئەوەش قازانجی گشتییە. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین شتێکی بە تەواوەتی سەرەتاییە. ئازادییە دێموکراتیکەکان، ئازادیی ئەحزاب، مافی نەتەوەکان، ئەو هەمووە سامانە مەزنەی وڵات بە مەبەستی خزمەت و ئاوەدانی بەسەر هەموولایەک دابەش بکرێت نەک ببێتە تێچووی شەڕەنگێزییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و چارەڕەشی بۆ هەموو لایەک. ئەو پرسانە ئەوەن ئێمە دەمانهەوێن بەڵام بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا زۆر توند هەڵوێست دەگرن و ڕادیکاڵە دەڕوانن بەدوای پرسیاری ورووژێنەری وەک، پێناسەی ئێران چییە؟ ئەدی زمانی فارسی چی لێ بەسەر دێ؟ مەبەست لە نەتەوەکان و زمانی دایکی چییە؟ و ئەمەش کەشی سیاسی دەشێوێنێت و دۆخەکە دەشڵەژێنێت، بۆیە دەبێ میانەڕەو بین و لە سەرەخۆ و بە پشوودرێژی بدوێین هەتا خەڵکی ئێران بەمە عادەت بکەن و بەدوای سڕینەوەی یەکتردا نەبین.

**ئایا هەر بەتەنیا ئەرکی کوردە هەوڵ بدا و ئازادی بۆ هەموولایەک بێنێت بەشێک لەو پرسیارە بوو کە خالید عەزیزی لە وڵامدا گوتی:** ئەوە ئەرکی هەموولایەکمانە لەپێناو ئازادی و دێموکراسی تێبکۆشین و بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن لە یاسای

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣


داهاتوودا مافەکان پارێزراو بن. با ئەوەش نەبێتە ئەوەیکە بۆ وێنە فارس بڵێت ئێمە زۆرترینین، دەبێ لە داهاتووی ئێراندا هەمووڵایەک وەک یەک مافیان هەبێ کەس بیر لەوە نەکاتەوە زمانی من لە سەرەوەی زمانەکانی دیکەیە یان ئایین و نەتەوەی من لە هەمووان لەسەرترە. سیاسەتی بەکەم زانین جێگای قبوڵ نییە. دەبێ هەمووڵایەک دان بەوە دابنێن پێکهاتەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێرانە چۆنە و وەک خۆی بیبینن.

**دواجار وتەبێژی حیزب دوای ٤٥ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی پێداگریی لەسەر پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی ئێران و لایەنەکان کردەوە کە تێدا هاتبوو؛** ڕاستە ئەو ئاکامەی چاوەڕوان دەکرا ئەوە نەبوو هیچ یەک لە ئێمە دەمانویست و تێچووی زۆریشمان داوە لەم پێناوەدا و ئەمەش دەتوانێ چەند ڕەهەندی هەبێ. سەرەتا ڕێژیم لە بواری سیاسی و ئازادییە سیاسییەکان، ئیدارەی حکومەت، ڕێزگرتنی مافەکانی سەرەتایی خەڵک و هەموو ئەو چاوەڕوانییانەی خەڵک هەیانبوو بەتەواوەتی ناسەرکەوتوو بووە. لەلایەکی دیکەشەوە شەڕەنگێزییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و دامەزراندنی هێزە بەدیلەکانی لە ناوچە بۆتە هۆی ئەوەیکە کاتێک لە دەرەوە باسی ڕێژیم دەکرێ هەر دەبێ لە مووشەکباران کردن، ئەشکەنجە، سێدارە، گرتن و کوشتن و کێشە سازکردن بۆ خەڵکی نێوخۆ و دەرەوە قسە بکرێ، واتە ئەو ڕێژیمە وەک دیاردەیەکی نەرێنی لێهاتووە، جا کێ تێچووەکەی دەدا خەڵک نەک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی! کەواتە پەیامی ئێمە دەتوانێ ئەوە بێ؛ یەکیەتی و یەکگرتوویی ڕەوت و لایەنەکان لە گوتارێکی هاوبەش، گەڕان بەدوای دۆست و بەردەنگ لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی ناوەند، ژیانی ئاشتیخوازانە و هاوبەشی تورک و کوردەکان لە پارێزگای ورمێ ڕێکارێکی ئەرێنییە و دانانی ئەنجوومەنی دۆستایەتی نێوان ئەو دوو گەلە کاریگەریی زۆری هەیە، هەروەک چۆن ئێمە لە کوردستان حیزب و ڕێکخراومان هەیە و لە چالاکییەکاندا سەرکەوتووین ئێوەش (دەرەوەی کوردستان) دەتوانن حیزبتان هەبێ و پەرە بە کاری ڕێکخراوەیی بدەن.

**لە کۆتاییدا کاک خالید عەزیزی باسی لەوە کرد؛** کاتێک دوای ٤٥ ساڵ باس لە کۆماری ئیسلامی دەکرێ، ناوی ئێران دەگەڵ یەمەن و غەززە و عێراق و سوریە دێ، ئەوە گرفتێکی جددیە، سیاسەتی ئێران ئەوەیە بیروڕاکان لە نێوخۆ لابەرێت و بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی ڕایانکێشێت. ڕێگەچارەش ئەوە نییە ئەمریکا هێرش بکات و بڕوخێت بەڵکوو ڕێگەچارەی هەموو ئەو کێشانە و خەباتمان لە نێوخۆی ئێرانە و لەوێوە دەبێ کاروچالاکیی خۆمان بکەین. دەبێ لەسەرخۆ و پشوودرێژ بین و ڕێز بۆ یەکتر دابنێین و هەوڵ بدەین چاومان لە شەقامەکانی نێوخۆ بێ کە بەخۆشییە نارەزایەتییەکان بەردەوام هەن و ئێمەش دەبێ پشتیوان و یارمەتیدەریان بین.

ای ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# حەسەن شەرەفی: هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا بوون



دیمانە: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران چووە چلوشەشەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆیەوە، دەسەڵاتێک کە کۆمەڵگە و خەڵکی وڵاتی بەتەواوی تووشی بێهیوایی و بێئەنوایی کردوە. ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتگەر لە نێوخۆی وڵات و تێرۆریست و یاخی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا کە هەموو خەونەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ی مایەپووچ کردەوە و ئەمڕۆکە دەربازبوون و تێپەڕین لەم ڕێژیمە و بووەتە ئامانجی سەرەکیی خەڵکی ئێران. پرسیار ئەوەیە پێشمەرج و ڕێگای سەرەکیی دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی چییە؟ بۆچی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە دروستکردنی جێگرەوی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنێ؟ ئەم پرسیارانە و چەند باسێکی دی تەوەری وتووێژێکی "کوردستان" لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە:

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن با لەپێشدا بپرسم کە جیاوازی نێوان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دێمۆکراتیک لە چی دایە؟ خەڵک بۆ دەربازبوون لە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە چ هەنگاوێکە؟**

**حەسەن شەرەفی**: دەسەڵاتی سەرەڕۆ دەسەڵاتێکە بیر لە ئازادی، ماف، ژیان و سڵامەتی کۆمەڵگە ناکاتەوە و هیچ یەک لەوانە نەک بە ئەرکی خۆی نابینێ، بەڵکوو دژ بە مانەوە و درێژەی دەسەڵاتی خۆیی دەزانێ. ڕەوایی خۆیی لە ڕای خەڵک بەرانبەر بەخۆی نابینێ و بە پێچەوانەوە هەموو چین و توێژ و بەگشتی کۆمەڵگە وەک کەرەسەیەک لە خزمەت خۆیدا دەزانێ، خۆیشی لە ئاست هیچ لایەن و ناوەندێکدا بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دانانێ. بەڵام دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ناخی کۆمەڵگە هەڵقوڵاوە و خۆی بەرانبەر بە خەڵکی کۆمەڵگە بە بەرپرسیار و وەڵامدەر دەزانێ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و دابینکردنی ژیانێکی شایان و کۆمەڵگەیەکی سڵامەت بە ئەرکی خۆی دادەنێ و لە پێناویاندا تێ دەکۆشێ.

بەداخەوە لە ئێران دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە ئیدئۆلۆژییەک ئەویش لە جۆری دواکەوتووانەی لەسەر کارە و نە ڕێز بۆ خاک و نە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دانانێ و سەرچاوەی جیاوازیدانان و هەڵاواردن لەنێوان ژن و پیاو، پێڕەوانی ئایینەکان و ئایینزاکانە و مانەوەی خۆی لە سەرکوت و دەست بەدەم داگرتن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی خەڵکدا دەبینێ و ماکەی کردەوەی تێرۆریستی و ڕەفتاری ناسەردەمیانەیە. کۆمەڵگەی ئێران لەدژی وەها ڕێژیمێکی هار و هەوسارپچڕاو و دژیگەلی لە خەبات و تێکۆشاندایە و زۆر جاریش بەشێوەیەکی بەرین و یەکگرتووانە لەپێناو نەمانی ئەو ڕێژیمەدا هەنگاوی ناوە کە نموونەی بەرچاوی شۆڕشی ژینا بوو کە لە کوردستان سەری هەڵدا و ئێرانی گرتەوە و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە گەرووی کوردەوە هاوار کرا و، نەک ئێران، بگرە دەنگدانەوەکەی زۆربەی شوێنەکانی جیهانیشی گرتەوە.

بەڵام ئەوە کە بۆ نەیتوانیوە ڕێژیم بڕووخێنێ؟ ئەمە بۆ چەند هۆی بنەڕەتیی دەگەڕێتەوە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم. شۆڕشەکە سەرەتا هەمەگیر و یەکگرتووانە بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیدانە بەرە بەرە درز لە یەکگرتووییەکەی کەوت. هەر چەند شۆڕشەکە بە نیسبەت بزووتنەوکانی پێشووتر درێژماوەتر بوو، بەڵام ئەوەندە بەردەوام نەبوو کە بە ئاکام بگا کە ئەوەش هۆی تایبەتی خۆی هەبوو، و هاوڕانەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و بێکردەوەیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەشێوەیەکی شوێندانەر، بەشێک لەو هۆیانە بوون کە نەتوانرێ هەنگاوەکان بە ئاکام بگەن. دیارە سەرکوت و کوشتاری خەڵک و زەبروزەنگی ڕێژیمیش بەشێوەیەکی بەرین لەپەنا ئەمانەدا دەوری خۆی هەبوو.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕەوتی پاشایەتیخوازەکان وەک لەمپەر و خنکێنەری شۆڕشەکە دەرکەوتن. کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران چۆن دەتوانێ لەوان تێپەڕێ و وەک پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: لایەنگرانی پەهلەوی و بەگشتی سەڵتەنەتخوازەکان هەر چەند کەمیش بن بەڵام بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئێران و لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئەو مافەیان هەیە داخوازیی خۆیان هەبێت. بەڵام ئەوەی بەکردەوە لەو ماوەیەدا لێیان دیترا ئەوە بوو کە لە بەراوردی دەسەڵاتی پەهلەوی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بە هەڵەچوون کە ڕێژیم لە ئەوان باشتر نەبووە و هەرگیز خۆیان لەگەڵ باشترەکانی جیهان بەراوەرد نەکرد، واتە چونکە خەڵک لە کۆماری ئیسلامی بێزارن کەوابوو حەق و ڕاستی هەر ئەوانن. بەڵێ ئەوان لە گەرمەی شۆڕشی ژینا و یەکگرتوویی خەڵک و کۆمەڵگەدا هەڵوێستی نەشیاو و کردەوەی نادروستی وایان لەخۆیان نیشان دا کە یەکگرتووییەکەیان لە بار برد و دوایە و ئێستاش بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی خەونیان بۆ دەدیت وا دەرنەچوو. جیا لە کردەوە بە دروشمیش هێندی لایەن لە کۆمەڵگەی ئێران بەدژ دەزانن و پێبەپێی دژایەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دژایەتیی ئەوانیش دەکەن وەک موجاهیدین، حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان، نەتەوە زۆرلێکراو و ماف پێشێلکراوەکان. بۆیە بەو سیاسەتە نادروست و بەو کردەوە نەشیاوانە وێناچێ بزووتنەوەی گشتی دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ بەسەر ئەو گرفتەدا هەنگاو باوێ. نێوەڕۆکیشیان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هیچ بەرنامەیەکی ئەورۆیی و پێشکەوتووانەیان بۆ داهاتووی ئێران نییە، و تەنیا قسە و ئیدیعایان ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی باشترن؟! بەڵام بۆ خەڵک ڕوون و ئاشکرایە بەو زمانە ناسپاسی و بێ حورمەتیانەش کە بە هێندێ لایەنی نزیک بە خۆیشیان دەیکەن نێوەڕۆکیان پتر دەرکەوتوە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆژانە دەبیستین کە کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە، بەڵام دەشبینین کە ڕێژیم کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر پێیە. ئەو خاڵە بەهێزانەی گەشبینمان دەکا بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چین؟

**حەسەن شەرەفی**: وتەی میدیاکان کە باس لەوە دەکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری نەماندایە زیاتر دەربڕین و ئاماژە بە لاوازی و لەرزۆکبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ناتەبا لەگەڵ ڕۆحی سەردەم داڵدەدەری تێرۆریزم، خراپیی باری ژیانی خەڵک، فشار و ئەشکەنجە و ئێعدام بۆ هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕەخنەگر و فەساد و دزی و درۆ و ناڕاستی و هەموو ئەوانە و زۆر بابەتگەلی دیکە ڕێگا بۆ دەربڕینی ئەو بۆچوونە دەدەن. بەو حاڵەش وەک ئاماژەت پێدا هەر ماوە و بۆ نەمانی ئەو ڕێژیمە یەکگرتوویەکی بەرینتر، بەردەوامتر و لێکنزیکبوونەوەی پتری

بۆچوونەکان بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەلایەن خەڵک و لایەنە سیاسییەکانەوە دەتوانن شوێندار و کاریگەربن. چونکە ئەگەر هەموو بۆ نەمانی ڕێژیم یەکدەنگ بن و مادام لەسەر داهاتووی ئێرانێکی دێموکراتیک بە مانای واقعی خۆی هاوڕا نەبن، دڕدونگی و نامتمانەیی و لە ئاکامدا نایەکگرتوویی ڕووی دزیوی خۆی نیشان دەدا و ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیم بە هەموو لاوازییەکانییەوەتی. بەم حاڵەش مادام کۆمەڵگە و نەتەوەکانی ئێران سوورن لەسەر نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەک لەمپەرێک لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی ئینسانی دەیبینن، گەشبینی هەر هەیە و هەر دەبێ هەش بێت؛ بەڵام درەنگ و زووەکەی بەستراوەتەوە بەو مەرجانەی ئاماژەمان پێدان.

**شەهرام سوبحانی: ستراتیژی "دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ" وێژمانی سەرەکیی بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانە، ئایا ئەم دروشم و وێژمانە لەگەڵ ویستی خەڵکی نێوخۆدا یەک دەگەرێتەوە، زیاتر کوردستانم مەبەستە؟**

**حەسەن شەرەفی:** لەپێشدا با ئەو ڕاستییە بخەمە ڕوو کە بەشی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکی جیانەکراوەن لە کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستان و وێژمانیان جیاوازی لەگەڵ خەڵک نییە. دروشمی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەستکردی لایەنێک یا چەند لایەنی سیاسی نییە، بەڵکوو لە خواستی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە. لە شۆڕشی ژیناشدا چ ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبووە چ بە کوردستان نە دروشمێکی زۆر جیاواز لەوە نەبیستراوە، خۆ ئەگەر ڕۆژێک خەڵک بە هەڵسەنگاندنی قورسایی و دەرەتانی خۆی و پێکهاتنی هەلومەرجی دیکە هەوڵی گۆڕینی ئەو وێژمان و ستراتیژییە بدات، بەدڵنیاییەوە هێزە سیاسییەکانی لەم کاروانەش بەدوا ناکەون.

**شەهرام سوبحانی: کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارەدا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی چ ستراتیژییەکی گرتووەتە بەر و ستراتیژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟**

**حەسەن شەرەفی:** کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کات کڕین و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات پەنای بۆ زۆر پیلان بردوە. گرتن، کوشتن، بێدەنگکردن، سزادانی چووکەترین دەنگی ڕەخنە، تەنانەت لە ئاستی ناوچەییشدا کڕینی پشتیوانی چەند وڵاتێک بە نرخی هەدەردانی خاک و ئاو و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی وڵات، دروستکردنی تاقمە و دەستەی تێرۆریست و خراپکاری لە دەرەوەی سنوورەکان کە بە خراپ کەلکوەرگرتن لە هەستی ئایینزایی بەشێک لە خەڵک و تەرخانکردنی سامانی وڵات بۆ پڕچەککردن و خۆ تەیارکردن بۆ سەرکوت و... . بەڵام هەبوون ڕێژیم و دەسەڵاتی دیکەی لەو بابەتەش هەر بەو تایبەتمەندییە دڕندانەیەش، کەچی بە خەباتی خەڵکی وڵاتەکەیان بەسەریدا زاڵ بوون و سێبەری وەها ڕێژیمێکیان لەسەر خۆیان لابردوە. خەڵکی ئێران و تایبەتی کوردستانیش چی لەوان کەمتر نییە، بگرە لێبڕاوتر و چاو

نەترس تریشن، ڕەنگە نەکرێ یەک یەک و بەجیا لەگەڵ هەر یەک لە پیلانەکانی ڕێژیم خەبات بکرێ بەڵام خەباتی جیددی، یەکگرتووانە لەپێناوی نەمانی ڕێژیم ئاکامەکەی نەمانی هەر پیلان و باسک و دەست و پێوەندییەکی ئەو ڕێژیمەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ساڵانێکە خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی نای گەورە بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەڵێن. ئایا نەبوونی شەرعییەتی سیاسی ڕێژیم توانیوەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک فاکتەرێک لەسەر هاوکێشەکان کاریگەریی هەبێت؟

**حەسەن شەرەفی**: بە شێوەیەکی گشتی ئەو شانۆیانەی بە ناوی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەڕێوە دەچن لە نێوەڕۆکی هەر هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک بەتاڵە، بەتایبەت دووپات و چەند پاتبوونەوەی ئەو شانۆیانە و تەئید و ڕەدکردنەوەی ئەو سەلاحییەتانەی کە شورای نیگەبان دەیکا و بۆ ئەویش هیچ پێوانەیەک لەگۆڕێدا نییە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵک تێگەیشتوون کە ڕێژیم ئامانجی لەو شانۆیانە تەنیا ڕەکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سەندووقەکان و خۆڕانان بەوەیکە گویا بە جیددی دەگرن و لە سەر چارەنووس شوێندانەرن، بۆیە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕواڵەتسازییەی ڕێژیم لەبەرچاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، پێویستە ئەمجارە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا "نا"یەکی توندتر، گەورەتر و بەرچاوتر بە ڕێژیم بگوترێ و دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە ئەو ڕێژیمە لەلایەن خەڵکی ئێران و کوردستانەوە بێزراوە و بە تەواوەتی ڕەد کراوەتەوە. بەشداری نەکردن، خۆ کاندید نەکردن، نەک شێوەیەکی گرینگ لە خەبات بەڵکوو ئەرکێکی نیشتمانی و ئینسانییشە.

ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## ئایا ئێران خوازیاری شەڕێکە لە ناوچە؟



سالم الکتبی (ئورشەلیم پۆست)

و لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ ساڵح

سەرەتا (وەرگێڕ): لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئێران و هەموو میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەریکن بە شێوەی هەماهەنگ هەموو ناوچەکە بەرەو ئاراستەیەک دەبەن و ئەو باوەڕە ساز دەکەن کە ئەمە واتە شەڕێکی بەرین لە داهاتوویەکی نێزیکدا. هەڵوێستی هێزەکانی دیکەش لە ناوچە، چ هێزی ناوچەیی و چ هێزی نێونەتەوەیی، بەرانبەر بەم کردەوانە جێی تێڕامانن.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتتر هەڵوێستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەکوو گرینگترین فاکتەر لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان، ڕوانینێکی دروست بەرانبەر بەم ڕووداوانە و گرتنەبەری سیاسەتێکی دروست لە تیۆری و کردەوەدایە، هەم کورت خایەن و هەمیش درێژخایەن. خوێندنەوەی هەڵە لەو

ڕووداوانە کە ئەمڕۆ خەریکن لە ناوچە ڕوو دەدەن، دەتوانێ بڕیاری هەڵەی بەدواوە بێت و خەبات بەرەو ئاقارێکی نادیار ببات.

ئەم وتارە لەو دەگمەن وتارانەیە کە لەم ماوەیەدا سەبارەت بەم خاڵە گرینگە نووسراون و ڕوانینێکی ڕیئالیستی و خوێندنەوەیەک لە سەر ئەساسی ڕاستی ڕووداوەکانی هەیە. نووسەر لە کۆتاییدا دەنووسێ: "ئێران هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایە دەکرێ، شەڕ و ئاژاوە ساز بکات و ئەو باوەڕە بەهێز بکات کە خۆی هەم "کێشە"یە و هەمیش "چارەسەری"، و وتووێژ لەگەڵ تاران تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە سەقامگیری و ئەمنییەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە بەر ئەم هۆکارانە، ئێران ڕیسکی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک ناکات". واتە نووسەر شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران بە دوور دەزانێ و ئەمەش خاڵێکی گرینگە کە پێویستە لە بەرچاوی بگرین.

## ئایا ئێران بەدوای شەڕەوەیە؟

هەرکەسێک لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردبێت، ئەو تێڕوانینە لای دروست بووە کە ئێران بەشێوەیەکی خۆکوژئاسا، هەوڵی هەڵگیرسانی شەڕێکی بەرفراوانی لە ناوچە داوە.

بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەش هەڵسوکەوتی بێبەزەییانەی پرۆکسیەکانی ئێران لە ناوچەیە، لە کەرتی غەززە تا باشووری لوبنان، خاکی عێراق تا دەگاتە دەریای سوور و باب ئەلمەندێب کە خەریکن شەڕ و ئاژاوە دروست دەکەن.

سەرەڕای ئەوەش، تاران، خۆی، هێرشی مووشەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بنکەیەکی گوماناوی هەواڵگری لە هەولێر ئەنجامداوە و هەروەها دامەزراوەکانی جەیشئەلعەدلی لە خاکی پاکستاندا کردووەتە ئامانج.

بەکورتی، ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستێکی لە هەموو ناوچە قەیراناوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. پەرەسەندنی قەیرانەکان و بەرزبوونەوەیان بە هەڵکەوت نییە، ئەمەش هەندێ پرسیار سەبارەت بە هەڵوێست و ئامانجی کۆماری ئیسلامی دەخوڵقێنێ.

ئایا ئێران بەڕاستی بەتەمایە تا ئاگرێکی بەربڵاوی ناوچەیی بۆ سەلماندنی کاریگەری و توانایی خۆیی بەرپا بکات؟ هەندێ قسەوباس سەبارەت بە خواستی جیددی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بۆ هەڵوێستی توند بەرانبەر ئێران و پرۆکسیەکانی (لە

ناوچە) پاش شەڕی غەززە، لە ئارادایە.

بەڕای نووسەر ئێران دەرکی بەوە کردوە کە کاتی لێپرسینەوە گەیشتوە.

## ئایا کاتی لێپرسینەوە لە ئێران بۆ ئەو ئاژاوەگێڕییانە سازی کردوون، هاتووە؟

(ئێران) یان پاداشتی بەرهەمهێنانی دەیان ساڵەی خۆی لە پێکهێنان، دابینکردنی ئابووری، ڕاهێنان و پڕچەککردنی میلیشیا وەفادارەکانی دەگرێت، یان مەترسیی لەدەستدانی بەشێک یان هەموو ئەم میلیشیایانە لە یەک کاتدا هەیە.

بەم پێیە، هەڵکێشانی ئاژاوەکان هەنگاوێکی ستراتێژیکی ڕێژیمی ئێرانە بۆ نیشاندانی ئەوە کە توانای دروستکردنی گرژی و بڵاوکردنەوەی ئاژاوەی لە دەوروبەری ئیسرائیل، واتە گرینگترین هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەیە. پەیامەکە ئەمەیە: ئەم هەڕەشانە بە ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکان ڕاناگیردرێن، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ ئێران، بۆ هاوبەشکردنی "بەرژەوەندییەکان" و "کاریگەرییە ناوچەییەکان"، ئیمکانی هەیە. ئێران لەوە تێگەیشتوە کە قۆناغی داهاتوو پێویستی بە چارەسەری گشتگیرە، نەک سازشی ناتەواو و کاتی.

هەموو لایەنەکان لەوە تێگەیشتوون کە کاتی هێورکردنەوەی قەیرانەکان کۆتایی هاتوە و دەبێت چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی بۆ پرسی فەلەستین و تا ڕادەیەکی کەمتر بۆ پرۆکسیە تێرۆریستەکانی ئێران وەک حیزبوڵڵا. حیزبوڵڵا بووەتە کێشەیەکی گەورەی ستراتێژیک بۆ ئاسایشی ئیسرائیل.

لەم چوارچێوەیەدا، دەستێوەردانی زۆری ئێران لە کاروباری ناوچە وەکوو کردەوەیەکی ستراتێژیک و بەرواڵەت بۆ بەرگری خەڵکی فەلەستین سەیر دەکرێت. لەگەڵ ئەمەش، ئێران بە وردی حەسابی بۆ ڕۆڵی خۆی لەم کۆنتێکستە کردوە. تاران نایهەوێ ڕاستەوخۆ لە شەڕ چ دژی ئیسرائیل و چ دژی ئامریکا بەشدار بێت.

بۆیە چاوەڕوان دەکرێ پابەند بێ بەوەی کە پێی دەگوترێ "سەبری ستراتێژیک". باسی شەر نییە، بەڵکوو دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان و کاریگەرییەکانە. هەر بۆیە هەر کارێک ئێران دەیکات، دەسپێک و کۆتاییەکەی بە بەهێزبوونی پێگەی و هەڵوێستی لە دانووستانەکان دەبێت. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات لە وروژاندن و دنەدانی لایەنەکان تا ئاستی شەڕی سەرتاسەری و هەمەلایەنە، خۆی دوور بگرێ.

ئێران ئاگادارە کە دوژمنە ستراتێژیکەکانی، بە تایبەت ئیسرائیل و ئامریکا، بە لەبەرچاوگرتنی کاتی نالەبار بۆ هەر دوولا (ئیسرائیل لە بواری سیاسی و نیزامی سەرقاڵی شەڕی غەززەیە، و ئامریکاش خوازیاری شەڕێکی نیزامی گەورە لە ساڵی هەڵبژاردن نییە)، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، خۆیان دەپارێزن.
لەم ڕۆوە تاران بە پارێزنەکردن (واتە دروستکردنی گرژیی زۆرتر) ریسکێکی زۆر گەورە دەکات. لەگەڵ ئەوەش، ئێران دەزانێ کە دەتوانێ جڵەوی دژکردەوەی میلیشیاکان لە بەرانبەر هێرشەکانی ئیسرائیل و ئامریکای لەدەستدا بێت، هەرچەندیش گەورە و بەربڵاو بن. ئەمە لە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ کوشتنی چەندکەس لە فەرماندەکانی سپای پاسداران بەڕوونی دیار بوو. ئەوکات ئێران بە دەربڕینی "تووڕەیی" و گوتنی "تۆڵە لە کاتی خۆی" قەناعەتی هێنا و بڕایەوە.

هەڵوێستی ئێران لەم بابەتە لە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بەو شەڕە ناڕاستەوخۆوە کە خەریکیەتی. تاران باوەڕی وایە دەتوانێ سەرکەوتنی ستراتژیک لە بەرانبەر ئامریکا و ئیسرائیل بە دەست بێنێ، بەبێ ئەوەی لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان بەشدار بێت. بە لەربەرچاو گرتنی ئەوەی ڕژیم لە نێوخۆ تووشی نارەزایەتیی خەڵک و قەیرانی ڕەوایی بووە، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ مەترسی لەنێوچوونی بەتەواوەتی (ڕێژیمی) بەدواوەیە.

لەگەڵ ئەوەش، جیددیترین سێناریۆ بۆ بڕیاردەرانی ئێران، جێبەجێکردنی ڕێگەچارەیەکی سیاسیی نێونەتەوەییە کە ئەنجامەکەی دەبێتە ئەوە حەماس لە کەرتی غەززە پەراوێز بخرێت. لە حاڵێکدا ئەم سێناریۆیە پێوەندی بە ئەنجامی شەڕی ئێستا لە ناوچە هەیە، بەڵام تاران باش دەزانێ کە لە لێواری وەدیهاتندایە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە ئیسرائیل و ڕۆژئاوا پێویستە سرنجی خۆیان بخەنە سەر بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ میلیشیاکانی ناوچە، بە تایبەت حیزبوڵلای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و کوتلە شیعەکان لە عێراق. ئەمەش واتە ئەگەری پێکهێنانی ئیئتیلافێک لە بەرانبەر ئێران تا ئەگەر تێکەڵی شەڕیش نەبێت، بەڵام لانیکەم لە ناوچە پەراوێز بخرێت و لە کۆتاییدا وردە وردە پاشگەز بێتەوە.

لە سەر ئەم ئەساسە، ئێران هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایەی دەکرێ شەڕ و ئاژاوە ساز بکات و ئەو باوەڕە بەهێز بکات کە خۆی هەم "کێشە"یە و هەمیش "چارەسەری"، و وتووێژ لەگەڵ تاران تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە سەقامگیری و ئەمنیەت (ئاسایش) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە بەر ئەم هۆکارانە، ئێران ریسکی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک ناکات. تاران دەزانێ کە قۆناغی ئێستا پێویستی بە سەبرێکی ستراتێژیک و سنووردارکردنی هەرجۆرە ریسکێکە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەیە کە ساڵەهایە بەدوایاندا بووە.

## ١٥ سەدە دواكەوتوویی لە چلوپێنج ساڵدا




ئەلبورز ڕوویین‌تەن

مێژووی مرۆڤایەتی هەمووی هەر هەنگاو بەرەو پێشەوە نەبووە، بەڵكوو زۆرجار مرۆڤایەتی بەرەو قوڵایی سیاچاڵەكانی دواكەوتوویی و ستەم كێشراوە و ساڵەكانی زۆری لە كیس داوە. لەنێوان دەوری ڕۆشنگەری یۆنانی پێشكەوتووی دێموكراسی تا دەستپێكردنی ڕێنسانیس سەدەی پانزدە زیاتر لە پانزدە سەدەی كێشا، لەو پانزدە سەدەیەدا كۆمەڵگە لە فەلسەفە و زانست و ئاوەزەوە بەرە و حوكمی پاشا و كلیسا ڕۆیشت و دوای پانزدە سەدە جارێكی دیكە هەنگاو هەنگاو بە ئاوەز و ئازادی بەرەو ڕۆشنگەری و پێشكەوتن و دونیای ئەمرۆ هات.

لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەكانی سەدەی نێوەڕاست حوكمی كلیسا و خوڕافە و پێشگری لە هەر پێشكەوتنێك بە ناوی دین و دانانی نوێنەری خودا لەسەر زەوی، كوشتن و بڕین و دوژمنایەتی بە ناوی خودا و فرۆشتنی بەهەشت بە خزمەتكارانی بەوەفای كلیسای ئەوكات بوو، دروست وەک بە نوێنەری خوا دانانی ویلایەتی فەقیهـ لە سەر زەوی و حوكمڕانی جەماران و ئەو هەمووو كوشتن و بڕین و تیرۆرەی كە كۆماری ئیسلامی بە ناوی ئایین دەكات.

سەرکوت و ڕانت و ڕیا و فێڵ و تایبەتمەندییەکی دیکەی پیاوانی ئایینی سەدەی نێوەڕاست بوو کە لە چل و پێنج ساڵی کۆماری ئیسلامیش زۆر بە ڕوونی دەبینین، هەر ئەوەش بە یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی دواکەوتوویی هەژمار دەکرێ کە لە دواکەوتوویی ئێرانی ژێر دەستەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبینین.

زۆرن لەو تایبەتمەندییانەی کە ویکچوونێکی زۆریان هەیە لە نێوان سەدەکانی نێوەڕاست و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڵام ئەوەی وا دەکات کە ئەو دوانە زیادتر لێکبچن، درەندەیی و ستەمی ئەو جۆرە حوکمڕانیانە لە لایەک و کاریگەرییان لەسەر دواکەوتنی مرۆڤ و ئەو وڵاتانە لە هەموو بوارەکانی ژیان لەلایەکی دیکەیە، واتە دواکەوتوویی چلوپێنج ساڵی کۆماری ئیسلامی بە ئەندازەی پانزدە سەدەی حوکمڕانیی سەدەکانی نێوەڕاستە.

هەر زوو ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە چۆن دەتوانرێ چل و پێنج ساڵ دواکەوتن وەک دواکەوتنی زیاتر لە پانزدە سەدە ببینین؟

هۆکاری ئەو لێکچواندنە بۆ دژایەتیی ئێمە بۆ کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە بەڵکوو بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە خێرایی پێشکەوتنی زانستی و بوارەکانی دیکە لە سەردەمی ئێستا لە کاتی دیاریکراودا بە بەراورد لە هەمان کات لە ڕابردوودا زۆر جیاوازە، چونکە ڕێژەی پێشکەوتن لە دونیای ئێستا یەکجار زۆرە هەر بۆیەش دواکەوتنی یەکساڵی ئێستا بەرانبەر بە دواکەوتنی چەند دەیەی سەدەکانی نێوەڕاستە.

لەو ڕۆژەی کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار هەرچی لە دەستی هاتوە بۆ دواکەوتنی وڵاتێکی خاوەن ماتەوزەی گەورە و و دەوڵەمەندی وەک ئێرانی کردوویەتی، تەنانەت ئەو دواکەوتوویە بە ڕادەیەک خەساری بە ئێران گەیاندوە کە بۆ دووبارە چاککردنەوەی لەوانەیە پێویستی بە ساڵانێکی درێژ بێت و هەر ڕۆژێکیش کە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەڕوا ئەو خەسارە گەورەتر و گەورەتر دەبێت.

لە دونیای خێرای پێشکەوتنی ئێستا کە تەنانەت وڵاتانی یەکەمی دونیا فریای پێشکەوتنەکان ناکەون و تەنانەت یاسا و پەروەردەی هەندێک لە پێشکەوتنەکان لە دوای پێشکەوتنی زانستی دەمێننەوە، لە ئێرانێک کە بەرەو دواوە هەنگاو هەڵدەگرێ چۆن دەتوانێ ئەو خەسارە قەرەبوو بکاتەوە جێگای پرسیار و سەرنجە بە تایبەتی کە ئێستاش ئەو حوکمڕانییە بەردەوامە.

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣


بۆ بەراوردی دواکەوتنـی ئێـران لەو چلوپێنج سـاڵە نمـوونەی کـورەی باشـوور دەتـوانێ ڕوونـکەرەوە بـێ. کـورەی باشـووری چلوپێنج سـاڵ پـێش هەژارتـر و هەروەهـا لاوازتـر لە ئێرانـی دەیەی حەفتـای زایینـی بـوو، و هەمـوو ئامارەکـان ئەوە دەسەلمێنن. بەڵام بە پلان و دێموکراسیی پێشکەوتوو کۆرەی باشوور ئێستا بووەتە یەکێک لە جەمسەرەکانی پێشکەوتن لە ئاسیا و تەنانەت دونیاش. هەر ئێستا لە هەر ماڵێکی ئەو دونیایە لە هەر شوێنێکی ئەو دونیـایە لانیکەم براندێکی کورەی باشووری تێدایە، نەک هیچ براندێکی ئێرانی لە دەروەی ئێران نییە، بەڵکوو لەنێو ئێرانیش بە ئەستەمی برانـدی ئێرانـی دەبیندرێ و ئێران بە دەستی سەدان گەورە قەیرانی سیاسی، ئـابووری، ژینـگەی، کۆمەڵایەتی و هی دیکەوە دەناڵێنێ. هەر بۆیەش چل و پێنج سـاڵی دیکتـاتۆرییەت و توتـالیتەرییەت و ئۆتـۆریتەرییەتی کۆمـاری ئیسلامی بە ئەنـدازەی سـەدەکانی نێوەڕاست و تاریکیی ئورووپا کە زیاتر لە پانزدە سەدەی خایاند بگرە زیـاتریش دواکەوتـوویی ئافرانـدوە، بەراوردی تێـرۆر و ستەم و سەرکوت و خووێنرێژییەکەشی زیادتر نەبێ کەمتر نییە.

لە هەمـووی ئەوانە مەترسیدارتر بەردەوامی ئەو حوکمڕانییەیە چونکە تـا دەڕوا خەسـارەکانی کۆمـاری ئیسلامی بە زیـادەوە بەردەوامە، هەر چۆن ڕابردووی سوتـاندوە بەڵکوو داهاتووشی خستووەتە مەترسیی سووتـاندن، مەترسیدارتر ئەوەیە ئێرانـی چلوپێنج ساڵ پێش تەنیـا خۆی دەسوتـاند ئێستـا نـاوچەیەکی گەورەی وەک ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بەرەو سووتـاندن بـردووە بەوەش نەوستاوە بە تێرۆر و کوشتن زیانی بە مرۆڤی ئەو پەڕی دونیاشی گەیاندووە.

چلوپێنج ساڵی کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە دیکتاتۆرییەتی هیتلێری ئەڵمان دواکەوتوویی دروست کـردوە، چونکە ڕاستە شەڕەنگێزی هیتلێر ئەڵمان و ئورووپا و بەشێکی دونیای وێران کرد و بە میلیۆن مرۆڤـی لەنێو بـرد، بەڵام هەنـدێک بونیـادی کۆمەڵایەتی و زانستیی هێشتەوە کە ئەڵمـان و ئورووپـا بتـوانن لە مـاوەیەکی کەمدا وێـرانییەکە ئـاوەدان بکەنەوە و ڕێگەی پێشکەوتن لە کـوێ وەستـا بـوو بەردەوامی پـێ بـدەنەوە. بەڵام کۆمـاری ئیسلامی تەنیـا وێرانیـی شـەڕەکان و ژینـگەی نییە بەڵکوو هەموو بوارەکانی ژیـانی کردۆتە ئـامانجی دواکەوتوویی خۆی و هەر بۆیەش بە سەدەکانی نێوەڕاست دەشوبهێندرێت. بۆیە ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە پانزدە سەدە تـاریکی سەدەکانی نێوەڕاستی ئورووپـا و بگرە زیاترە.

ای ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# قادر وریا: ئەگەر زمانەکەمان لەدەست بدەین، لە کوردبوون دەشۆڕێینەوە و کورد نامێنین



**دیمانە: ئاڤان سنەیی**

## ئاماژە:

زمان گرینگترین ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە و بە شوناسی سەرەکیی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ. زمانی کوردییش وەک گرنگترین شوناس بۆ پێناسەی کوردبوون هەمیشە لە لایەن داگیرکران و نەیارانی ئەو زمانەوە بەشێوازی جۆراوجۆر هێرشی کراوەتە سەر و مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر بووە، بەڵام لە سایەی خەباتی پێشمەرگەکانی سەنگەری زمان و وشیاری نەتەوەیی توانیویەتی نەک بە زیندوویی بمێنێ، بەڵکوو لە ئاست زمانە گرنگ و دەوڵەمەکانی دنیاشدا خۆی ببینێتەوە،.

"کوردستان" لە بەرەبەری ۲ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بە چەند پرسیار و وروژاندنی چەند باسی پێوەندیدار بە پرسی زمان دیمانەیەکی لەگەڵ کاک قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردوە.

**ئاڤان سنەیی: کاک قادر سەرەتا هەروەک گوترا هەر وەک دەزانین گرینگترین فاکتەر بۆ پێناسەی هەر نەتەوەیەک**

**زمانەکەیەتی، بۆچی زمان دەتوانێ ئەو پێناسەیەی هەبێت؟**

**قادر وریا**: زمان ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەکانیش گرنگترین فاکتەری ناسنامە نەبێت، بۆ ئەو نەتەوانەی لە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بێبەشن و، مافە نەتەوەییەکانیان زەوت کراوە، ڕۆڵی گرنگترین فاکتەری ناسنامەی نەتەوەیی دەبینێت. چونکە بەهۆی زمانەوەیە دەتوانن جیاوازبوونی خۆیان لە نەتەوەکانی دەوروبەریان بسەلمێنن. دیارە فاکتەری نەتەوەیی دیکەش هەن، وەک: خاک، مێژوو، کولتوور و...هتد، بەڵام ئەم فاکتەرانە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە ڕەوتی مێژوودا، لە زۆر ناوچە، ئەوەندە تێکتەنراو و شێوێنراون کە جاری وایە ئاسان نییە بە هۆی ئەوانەوە، نەتەوەکان جیاوازبوونی خۆیان لە یەکتر بسەلمێنن. بۆ نموونە کورد و چەند نەتەوەی دیکەی دەوروبەری، ئایینیان یەکە؛ لە ڕووی کولتوورییەوە شتی هاوبەش و لێک نزیکیان یەکجار زۆرە؛ ڕەنگی پێست و شێوە و ڕووخساریان لێک نزیکە؛ تەنانەت سەر زەوی و جۆغرافیای نیشتەجێبوونیان بەتوندی ئاوێتەی یەک بوون. لەم جۆرە حاڵەتانەدا زیاتر بە هۆی زمانەوە، هەست بە جیاوازبوون لە یەکتر دەکەین و ئەگەر زمانەکەمان لەدەست بدەین، بە جۆرێک کە زمانی نەتەوەیەکی دیکە وەربگرین و قسەی پێ بکەین و پشت لە زمانەکەی خۆمان بکەین، لە کوردبوون دەشۆڕێینەوە و کورد نامێنین. ئەگەر زمانمان لەدەست دا، ئەدەبیاتیش و هەروەها هونەرەکانیش بەو زمانە بەرهەم ناهێنین، جگە لەوەی شتێکی نوێ بەو زمانە ناخوڵقێنین، لەو سامانە زمانییەی لە ڕابردووشدا هەمانبووە دادەبڕێین، چونکە لێی تێناگەین و چێژی لێ وەرناگرین؛ بەم جۆرە ناسنامەی خۆمان لەدەست دەدەین. ئەگەر زمانمان لە دەست دا و ئەدەبیات و هونەرمان بەو زمانە بەرهەم نەهێنا و کەوتینە نامۆیی لە ناوی کوردی و پەندی کوردی و کەلەپووری کوردی، بە تایبەتی کە لەگەڵ دراوسێکانیشمان هاوئایینین و، بۆنە فەرهەنگییەکان و شێوەی ژیان و خواردن و جلوبەرگیشمان لە ژێر کاریگەریی بەجیهانی بووندا، ڕۆژ بە ڕۆژ لێک نزیکتر دەبێتەوە، بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین دەبین بە کەسێکی دیکە، دەبین بە هەڵگری ناسنامەیەکی دیکە. بەم هۆیانەوەیە کە دەتوانین بڵێین فاکتەری زمان، لە ڕاستیدا دیارترین کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی و هەر لەو کاتەدا گرنگترین دەستەبەری پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییە.

**ئاڤان سنەیی**: **زمان چەندە کاریگەری لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی هەیە؟ ئایا بەتەنیا زمان وڵامدەرە لە پرۆسەی نەتەوەسازی دا؟**

**قادر وریا**: بە تێگەیشتنی من نەتەوەسازی، زیاتر کێشەی ئەو خەڵک یان خەڵکانەیە کە یەک نەتەوە نین و هەوڵ دەدرێت نەتەوەیەکیان لێ دروست بکرێت. بۆ نموونە خەڵکی ئێران کە لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتوون، بەڵام دەوڵەت -

نەتەوەکانی ئێران لە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوودا، بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە وەک یەک نەتەوە پێناسەیان بکەن و بە زۆر و زۆرداری بیانکەن بە یەک نەتەوە. ئەم جۆرە نەتەوەسازییە، پشتی بە سەپاندنی زمانێکی دیاریکراو و مێژوو و شوناسێکی ساختە و سەرکوت و سڕینەوەی زمان و شوناسە نەتەوەییەکانی دیکە بەستووە. من کۆمەڵناس نیم و لەوانەیە وەڵامی دروست بەم پرسیارە لای شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی بێت. هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر زۆر کەس لەگەڵ لێکدانەوە و بۆچوونەکەمدا نەبن. بە بڕوای من کورد نەتەوەیە و پێویستی بە نەتەوەسازی نییە، بەڵکوو پێویستی بە زۆرترین وشیاریی نەتەوەیی، زۆرترین وشیاریی زمانی، خۆ ئەرکدارکردن لە ئاست نەتەوە و نیشتمان، باشتر خۆڕێکخستن و خەباتی کاریگەرتر بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و هەروەها خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە. لەم پێوەندییەشدا زمان ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. بە خۆشییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم وشیارییە نەتەوەییە لە هەڵکشان و پەرەئەستاندن دایە و خەڵکی ئێمە لە گرنگیی زمان وەک فاکتەرێکی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی ئاگادارە، هەر بۆیە لەو بزووتنەوە فەرهەنگی و ناسنامە پارێزییەدا کە ساڵانێکە بەرەوپێشی دەبەن، پاراستن و بەرگری لە زمانی کوردی و خەبات بۆ مافە زمانییەکان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی داوا و داواکاری و بەرنامەکانیاندایە.

**ئاشان سنەیی**: نێومالی کورد بەدرێژایی مێژوو و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ پەرتەوازەیە. ئایا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پەرتەواز بوونە بۆ نەبوونی زمانێکی ستاندارد ناگەڕێتەوە؟

**قادر وریا**: من شتەکە بە پێچەوانە دەبینم، بەو واتایە کە ئەوە دابەشکراویی کوردستان و بندەستیی نەتەوەی کورد و بێبەشیی ئەو نەتەوەیە لە وڵاتی یەکگرتوو و دەوڵەتی سەربەخۆیە کە وای کردوە نەتەوەی کورد لەجیاتی یەک ئەلفووبێ چەند ئەلفووبێ و لەجیاتی یەک زمانی ستاندارد، لانیکەم دوو زمانی ستانداردی هەبێت. خۆ ئەو دەوڵەتانە هێشتا لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان زمانی کوردییان بەڕەسمی نەناسیوە، هێشتا ڕێگایان بە کورد نەداوە بە زمانی خۆی بخوێنێت و لە کاروباری پەروەردە و بەڕێوەبەری، یاسایی و ... هتددا بەکاری بێنێت. ڕێگایان نەداوە لەسەر ئاستی کوردستان و نەتەوەی کورد، فەرهەنگستانێک بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەو زمانە و خزمەتکردن و پێشخستنی پێک بێت. خودی ئەم دابەشکراوییەی کوردستان و دروستبوونی هەلومەرجێک کە هەر پارچەیەک ناچار بووە بۆ خۆی زۆربەشی بە ناڕەسمی و تەنانەت لەژێر هەڕەشە و سەرکوتدا مشوور لە زمانەکەی بخوات و بڕیار لەسەر ئەلفووبێ و ڕێنووس و نووسین بە کوردی بدا، گەیشتن بە زمانێکی ستاندارد لە ئاستی هەموو کوردستان و نەتەوەی کورددا زۆر ئاڵۆز و تەنانەت ناموکین کردوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لەسەر زمانێکی ستانداردیش بۆ نموونە کوردیی نێوەڕاست یان کورمانجیی ژووروو ساغ بینەوە،

نـاتوانین بیکەیـنە زمـانی سـتاندارد لە هەمـوو بەشەکانی کوردسـتاندا، چـونکە جگە لەوەی کوردسـتان یەکەیەکـی یەکپـارچە نییە، لە زۆربەی بەشەکانیش، دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری و سیستەمی پەروەردە لەدەست کورددا نییە. دیـارە سەرەڕای ئەم چارەنووسە سیاسییە نەخوازراو و ناڵەبارەش، هەر دەبێت هەوڵی لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتن لە سەر زمـانی سـتاندارد بـدەین. دەبـێ تـێ بکۆشین زمـانی کوردی خـاڵی لێک کۆکردنەوە و یەکگرتنمـان بێت، ئەمەش کاتێـک دەکرێت کە بەسـەر دەمـارگرژیی نـاوچەیی و زارچییەتیـدا زاڵ بـین و وێـڕای چـاولێکردنی هەمـوو زارەکـان و شـێوە زارەکـان وەک سـەرمایە و سەرچاوەی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و گرنگیدان بە پاراستنیان، هاوکار و پشتیوانی جێگیربوونی زمانی ستاندارد بین.

**ئاشان سنەیی**: هەوڵەکـان بـۆ ڕێکخسـتن و سیاسـەتی زمـانی دەبـێ چی و چۆن بێت کە ئاکـامەکەی یەکگرتـوویی و یەکڕیـزی نێومالّی کورد بێ؟

**قادر وریا**: هەتا ئەوکاتەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، دەسەڵاتەکەی لەدەست خۆیدا نییە، ناشتوانێ زمـانێکی ستاندارد بەتەواوی جێگیر بکا، بەڵام زمانزانان، ڕۆشنبیران، نووسەران، میدیاکاران، حیزب و ڕێکخـراوە سیاسییەکانی هەر بەشێک، دەتـوانن بە دیـالۆگ و ڕاوێـژی بەرپرسـانە و دووربینـانە لەگەڵ یەکتـر، کۆمەڵێـک ڕێوشـوێن دیـاری بـکەن کە لە لایەکەوە هاندەر بێت بۆ ڕەچـاو کـردن و پابەنـدبوون بە زمـانێکی سـتاندارد، لەلایەکـی دیکەوە، مشـوورخواردن لە سـەرجەم زارە کوردییەکان بەتـایبەتی ئەو زارانەی تێدا بێت کە مەترسیی فەوتـانیـان لەسەرە. وریـاکردنەوەی تاکەکـان و بەرەوژوور بردنی وشیاریی زمانی و هەستکردن بە ئەرکی نەتەوەیی و پێکهێنانی قەناعەت لەم پێوەندییەدا دەتوانێ کارساز و کـاریگەر بێت نەک سەپاندن. لە ڕۆژاوا بەو هۆیەوە کە زۆربەی هەرە زۆری کورد زمانـان، بە یەک دیالێکت قسە دەکەن، پێم وایە کێشەی ململانێ و ناکۆکی لە سەر هەڵبژاردنی زارێکی دیاریکراویـان وەک بنچینـەی زمـانی سـتاندارد نییە. لە باشـوور دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە هەبوونی دەسەڵاتی کوردی، هێشتا نەیانتوانیوە زمانێکی ستاندارد لە هەموو جوغرافیـای ئەو بەشە بکەن بە سەرانسەری. ئەو بەرهەڵستبوونەوەی لەم پێوەندییدا هەیە، مەبەستم پێداگریی بەشە کورمـانجی ئـاخێوەکەی باشـووری کوردسـتان لەسـەر دیـالێکتەکەی خۆیـانە، ناکرێت بە پشـت گوێخسـتن و سـەپاندن و سـەرکوت، وەڵام بـدرێتەوە. ڕێگەچـارە هەر دیـالۆگ و لێـک تـێ گەیشـتنی زیـاتر و گەیشـتن بە ئەنجـامێکی باشـترە، ئەگەر ئەم ئەنجـامە تەنـانەت قبووڵکردنی دوو ستانداردیش بێت. دوو ستانداردی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا ڕاستییەکە و هەیە و نـاتوانین حاشـای لـێ بکەیـن. گرنـگ ئەوەیە بە بـوونی دوو ستانداردیشـەوە، بیـر لە زۆر کردنـی پـردی پێوەنـدیی نێـوان ئەم دوو سـتانداردە و زارەکانی دیکە بکەینەوە، نەک لێک دوورکەوتنەوەی زیاتر.

**ئاڤان سنەیی**: خوێندن لە خوێندنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی قەدەغەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئەسلی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا هاتووە کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە لە تەنیشت زمانی فەرمیی وڵات بە زمانی خۆی بخوێنێ، ئەمە پاڕادۆکسە یان یاسایەک بە جێبەجێنەکردن؟

**قادر وریا**: ئەسلی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت "زمان و خەتی ڕەسمیی ئێران فارسییە". ئەمە بۆ خۆی بەم مانایەیە کە زمانەکانی دیکە ڕەسمی نین و تەنیا زمانی فارسی، زمانێکی ڕەسمییە. ئەم ئەسلە زمانەکانی دیکە بە "زمانە خۆجێیی و قەومییەکان" ناو دەبات، ئاخێوەرانیشیان نەک بە نەتەوە، بەڵکوو بە قەوم دەناسێت؛ وێڕای ئەمەش دەڵێت: خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە. خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان زۆر جیاوازە لەگەڵ خوێندن بەو زمانانە، چونکە خوێندنی ئەدەبیات دەکرێت باسکردن لە شاعیرێک یان دەقێکی داستانی یان فۆلکلۆریی ئەو "قەومانە"(وەک لە یاسای بنەڕەتیدا هاتووە) هەر بە زمانی فارسی بێت و بڕایەوە، یان تەرخانکردنی وانەیەک بۆ باس لە زمان و ئەدەبیاتی ئەوان بێت. ئەمە نابێتە بەڕەسمیناسینی مافی خوێندن بەو زمانانە و ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ دابینکردنی ئەو مافە و جێبەجێ کردنی. ئەگەر باش لەو ئەسلە ورد بینەوە، نەیگوتووە دەوڵەت لەسەریەتی خوێندن بەو زمانانە دابین بکات، بەڵکوو دەڵێ خوێندنی ئەدەبیاتیان لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە! ئەگەر دەوڵەت کات و کتێب و مامۆستا و پێویستییەکانی دیکە بۆ جێبەجێ بوونی ئەم بڕە مافە دابین نەکات، سوودی ئەم ئاوڕدانەوەی یاسای بنەڕەتی لەم زمانانە چییە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک ڕێژیمی شایەتی، دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران دانانێت، باوەڕی بە سەردەستبوونی یەک نەتەوە و یەک زمان لە ئێران هەیە، نەتەوەکە ناوی "ملت ایران" و زمانەکەشی، زمانی فارسییە. لەپێناوی جێکەوتنی ئەم پێناسەیەدا، بۆ سەد ساڵ دەچێت نەتەوەکانی ئێران لە سەرەتایی ترین ماف کە پەروەردە بە زمانی دایکە، بێبەش کراون و بەهۆی سیستەمی پەروەردە هەوڵ دەدرێت سەرجەم دانیشتووانی ئێران بکرێن بە فارس زمان. دیارە ئەمە سیاسەتێکی دژەمرۆیی، ڕەگەزپەرستانە، شۆڤێنیانە و مەحکوومە. نەتەوەی کورد لە ئێران هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەتا ئێستا دژی ئەم سیاسەتە بووە، بە خۆشییەوە ئێستا داوای گۆڕینی ئەم سیاسەتە لەنێو نەتەوەکانی تورک، بەلووچ، عەرەب و ... هتدیش لەزیاد بووندایە کە جێگای دڵخۆشی و هیواداررییە .

**ئاڤان سنەیی**: ناودێرکردنی ٢ی ڕەشەممە وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی هەوڵێک بوو بۆ ڕێزگرتن لە زمان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان لەئاستی دنیادا، بە بڕوای بەڕێزتان ئەم هەنگاوە چەندە توانیویەتی داکۆکی لەسەر مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لە نەتەوە بندەستەکاندا بکات؟

**قادر وریا**: ناودێرکردنی ٢١ی فێبریوەری کە مەرج نییە هەموو ساڵێکیش ببێتە ٢ی ڕەشەممە (جاری وایە دەکەوێتە ٣ی ڕەشەممە)، لە چەند بارەوە گرنگە. یەکەم، لەو ڕوانگەیەوە کە بیرخەرەوەی ڕووداوی گیانبەختکردنی کۆمەڵێک خوێندکاری بەنگلادیشیی زانکۆی داکا لە بەرگری لەزمانەکەیاندایە(ساڵی ١٩٥٢)، هەر بەم بۆنەیەشەوە لە ٢٥ساڵ لەمەوبەرەوە یونسکۆ ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کردوە. دووهەم، ناودێرکردنی ڕۆژێک بەم ناوە و ڕێزلێگرتن و پێشوازی لێکردنی لە ئاستی جیهاندا، نیشانەی بایەخدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە زمانەکان بەتایبەتی ئەو زمانانەیە کە هی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە زمانییەکانن و هەڕەشەیان لەسەرە. سێهەم، گرنگیی ئەم ڕۆژە لەوەدایە کە بووە بە بۆنە و دەرفەتێک بۆ ئەوەی نەتەوە بندەستەکان و ئاخێوەرانی زمانە پەراوێزخراوەکان، بایەخ بە گرنگیی زمانەکەیان بدەن، دەنگی خۆیان دژی سەرکوتی زمانەکەیان و پێشێلکردنی مافە زمانییەکانیان بەرز بکەنەوە وهەستیاری و وشیاری لە ئاست زمانەکەیان لەنێو هاو زمانانیاندا پێک بێنن. بوونی ئەم ڕۆژە وای کردوە داواکارانی بەڕەسمی ناسینی فرە زمانی و پەروەردە بە زمانی دایک، زیاتر هەست بە ڕەوایی داخوازەکانیان و پشتگیریی جیهانی لە پلۆرالیزمی زمانی و کولتووری بکەن.

**ئاشان سنەیی**: لاوانی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە دژ گەلییەکانی ڕێژیم هەتا ئێستا هەوڵی دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی مەدەنی وەکوو "نۆژین" و "بەیان" و ... داوە کە بەشێکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوە مەدەنییانە بە توندترین شێوە سزا دراون نموونەکەشیان زارا محەممەدی، سەیوان ئێبراهیمی، ئیدریس مێنبەری و ....هتد. بە بڕوای بەڕێزتان جگە لەم ڕێکارگەلە بە چ شێوازێکی دیکە دەتوانین بەرپەرچی سیاسەتەکانی ڕێژیم بدەینەوە کە تێچووی بۆ لاوەکانمان کەمتر بێت و ئامانجەکەش مسۆگەر بێت؟

**قادر وریا**: ئەوە کە لاوانی کوردستان بەو پەڕی بێ ئیمکاناتی و لەژێر هەڕەشە و گوشاری دامودەزگا سەرکوتکەرەکاندا، بۆ فێرکردن و خزمەتکردن و پاراستنی زمانەکەیان هاتوونە مەیدان و ئامادەن لەم سۆنگەیەدا بچنە زیندان و ڕووبەڕووی زۆر کێشە و گرفتی دیکە ببنەوە، جێگەی شانازییە و دەیسەلمێنێت کە وشیاریی نەتەوەیی و زمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خۆشییەوە ئاستێکی بەرزی هەیە، دەیسەلمێنێت کە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت- نەتەوەکانی ئێران و سیاسەتی تاک زمانیی ئەوان، نەیتوانیوە لاوانی کوردستان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان داببڕێت. جێگای خۆشحاڵییە کە بزووتنەوەی ناسنامە پارێزی لاوانی کوردستان، ساڵ بە ساڵ زیاتر پەرە دەستێنێت، نەک هەر پارێزگەکانی ڕۆژهەڵات، تەنانەت بۆ نێو کوردەکانی خۆراسان، کەلاردەشت و...هتد پەلی هاویشتووە. ئەم شێوە خەباتە، هەم مەدەنی و ئاشتیخوازانەیە، هەم ڕەوا و پیرۆزە، چونکە بەرگری لە زمان و ناسنامە و پاراستنیان، دژایەتی لەگەڵ زمان و ناسنامە و مافی هیچ کەس و کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە نییە و مافێکی دانپێدانراو لە ئاستی جیهاندایە. من سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ پێشەنگان و بەشدارانی ئەم

بزووتنەوەیە و هەوڵە پیرۆزەکانیان، داواشم ئەوەیە خەڵکەکەمان بە هەموو شێوەیەک پشتیوانییان لێ بکەن، بەتایبەتی ئەو کاتانەی دەکەونە ژێر هەڕەشەی دەزگا سەرکوتکەرەکان، یان دەکەونە زیندان. سەرکەوتنی ئەو خەباتە کولتوورییە لە گرەوی بەردەوامی و هەرچی زیاتر بەرینتربوونەوە و قووڵتربوونەوەی دایە. ئەم خەباتە کە دڵنیام هەروا و تەنانەت بەهێزتر درێژەی دەبێت، جگە لە زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحی بەرگری و مافخوازی و شانازیکردن بە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان لەنێو خەڵکەکەمان، سەرئەنجام دەسەڵاتیش ناچار بە پاشەکشە دەکات.

**ئاڤان سنەیی**: کاک قادر زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.

**قادر وریا**: سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣ ١

# کۆماری ئیسلامی لە بەردەم سۆنامیی ڕق و بێزاریی خەڵکدا



برایم لاجانی

ئەمساڵ لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یادی ٤٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە، لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی هەموولایەنە بەرەوڕوویە. بەهۆی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و بێزاریی چین و توێژە زەحمەتکێشەکان لە سیاسەتە دژیگەلیەکانی ڕێژیم، دۆڵێکی بەرین کەوتۆتە نێوان دەستەڵاتی فەرمانڕەواو و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی وڵاتەکەمان. وەزعێک هاتۆتەپێش کە خەڵک بەئاشکرا و بێپەردە داوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی و بنەڕەتی دەکەن.

هەموو ئەوانەی چاوەدێریی بارودۆخی سیاسیی ئێران دەکەن لەسەر ئەو بڕوایەن ئیدی ئێستا ڕێژیمی ئاخوندی لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری میللەت دەستەویەخەیە. خەڵک بەجۆرێک لەبەرانبەر ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبیدا ڕاوەستاون کە پارسەنگی خەبات و بەربەرەکانی بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران گۆڕاوە. زۆربەی خەڵک هیچ بڕوا و متمانەیەکیان بە ڕێژیم و دارودەستە جۆراوجۆرەکانی نێو دەستەڵاتی ئاخوندی نەماوە. لەلایەک کەس بڕوا بە وادە و بەڵێنی کاربەدەستانی ڕێژیم و فڕوفیشاڵی دەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی ناکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەزموونی

ئەو چەند ساڵەی دوایی نیشانی داوە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و ئێعدامیش، ئیدی کارایی خۆی لەدەست داوە. بەکورتی هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە پێش کە ئیتر گەڕانەوەی بۆ نییە. ئێستا لاوان، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، ڕێبەرانی ئایینی، ڕۆژنامەنووسان، بازاڕیان و هتد سەرتاسەری شەقام و شوێنەگشتی و تەنانەت زیندان و ئەشکەنجەگاکان و ناداگاکانی ڕێژیم و سەرداری سێدارەشیان کردۆتە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی و بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات و بەرخۆدان بەدژی ڕێژیم.

چین و توێژە زەحمەتکێشەکان کە زۆربەی هەرەزۆری حەشیمەتی وڵاتەکەمان پێکدێنن و لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین، کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بە هۆکاری بنەڕەتیی ئەو بارودۆخە نالەبارە دەزانن کە ئەوان و باقی خەڵکی ئێران دەگەڵی بەرەوڕوون. گەلانی ژێرستەمی وڵاتەکەمان کە لەژێر ستەم و چەوسانەوەی چەند قاتدا بەسەردەبەن، سیستەمی سیاسی و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بە کۆسپی سەر ڕێگای گەیشتنی خۆیان بە ئازادی و مافە نەتەوایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان دەزانن. لەوەش زیاتر هەم چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، هەم گەلانی چەوساوەی ئێران و هەم ژنان و لاوان و هێزە پێشڕەوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران، لەوە تێگەیون کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیانەی خۆی، قەت ناتوانێ قازانج و بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکان و ژیانێکی پڕ لە کەرامەت و خۆشبژیوی بۆ خەڵکی ئێران دابین و دەستەبەر بکات.

شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا کە پار لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی زوودا سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە، دەریخست کە خەڵک نەک هەر بەتەواوی پشتیان لە ڕێژیم کردوە، بەڵکوو هەرچەشنە ئومێدێکیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادی و خۆشبژیوی و خێروخۆشیی خۆیان لە سێبەری حکوومەتی ئاخوندیدا لەدەست داوە. ڕاپەڕین و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان لە زانکۆکاندا، لە مەیدانە گشتیەکاندا، لە قوتابخانەکاندا، لە مزگەوت و ناوەندە پیشەشازی و ئابووری و فەرهەنگیەکاندا و لە بازاڕەکاندا، لە بەردەرگای زیندانەکاندا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان و لە چلەی ماتەمینی ئەواندا، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، نیشانی دا کە زۆربەی هەرەزۆری میللەت توانای ئەوەیان تێدایە بۆ ڕزگاری خۆیان و پێکهێنانی گۆڕانکاری سیاسی لە وڵاتەکەیاندا، بەرەنگاری کۆنەپەرستی ببنەوە. ڕاستە حکوومەتی ئاخوندی بەدرێژایی تەمەنی خۆی بە دەیان دامودەزگای جۆراوجۆری سەرکوتی بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی و بۆ خامۆشکردنی هەرچەشنە نارەزایەتییەک لەنێو خەڵکدا پێکهێناون. بەڵام ئێستا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە ئەو هێزە سەرکوتکەرانە، سەرەڕای ئەوەی کە بوودجە و ئیمکاناتێکی زۆر و هەموو لایەنایان لە ئیختیاردایە و بۆ کوشتن و تۆقاندنی خەڵکیش بەتەواوی دەستیان ئاوەڵایە، کەچی لە مەیدانی کردەوەدا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەماوەری

تووڕە و ناڕازیدا، کارایی جارانیـان نەمـاوە و وورەی خۆیـان لەدەست داوە. ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە کە تەنـانەت دارودەستە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش لەڕووی سیاسی و ئەخلاقـیەوە هیچ ئیمـان و بڕوایەکیـان بەو سیستەمە سیاسییە دواکەوتووانەیە نەماوە کە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە دەستەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرتوە و وڵاتەکەمـانی لەگەڵ ئەو چارەنووسە تـاریکە بەرەوڕوو کردووە کە ئێستا بەدەستیەوە گیرۆدەیە.

هەتا دێ ڕێژیم بێزراوتر دەبێت، کار گەیشتۆتە جێگایەک کە تەنانەت ئەو پایەگا جەماوەریەشی لەدەست داوە کە سـاڵانێک بە هەندێک هۆکاری مەزهەبی و جۆراوجۆری دیکە، وەک لایەنگری کۆمـاری ئیسلامی لەقەڵەم دەدرا. ئەوەش بەنۆرەی خـۆی نیشانەی ئیفلاسی سیاسی و فەلسەفیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا.
ئێستا ئیدی خەڵک ڕووی ڕاستەقینەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ماهییەتی دارودەستە جۆراوجۆرەکانی نێو دەستەڵاتی ئاخونـدیان بـۆ دەرکەوتـوە. نە ئیـدیعای ئیسلامپەنایی، نە فڕوفیشـاڵی دژی ئیمپریالیسـتی، نە تەبلیغـاتی لایەنگریـی لە هەژاران و چین و توێژە مەینەتبەشەکان، نە وادە و بەڵێنی بـۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویـاتی ئینسـانی ئێرانی و نە دروشمە بریقەدارەکـانی دیـکەی دەزگـا تەبلیغـاتی و ئیـدئۆلۆژییەکانی ڕێـژیم، نـاتوانن خەڵـک بەگشـتی و بەتـایبەتی نەوەی تازەپێگەیشـتوویی ئێـران کە لە سێبەری حـاکمییەتی کۆمـاری ئیسـلامیدا گەورە بـووە بەفریـو بەرن. ئـاخر جیـا لە نەسلی سـەردەمی سـاڵی ١٩٧٩، دوو نەسـلی دیـکەش لە سـێبەری ئەو ڕێـژیمەدا پێگەیـون کە بەئێسـک و پێسـتەوە، نێـوەرۆکی دواکەوتـووانە و کۆنەپەرسـتانەی ئەو ڕێژیمەیـان بەتەواوی ناسیوە. ڕادەی نـاڕەزایەتی خەڵـک لە دەسـتەڵاتی ئـاخونـدی گەیـوەتە جێگـایەک کە خەڵـک لە هەموو ئەو نـرخ و بایەخـانە بێـزارن کە بڵنگـۆ تەبلیغـاتی و دەزگاکـانی سیاسـەتگوزاری دیکەی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک کاریان لەسەر دەکەن. لە نێو هەمـوو وڵاتـانی ئیسلامیدا، ئەمڕۆ مزگەوتەکـان لە وڵاتی ئێمەدا، بێ ڕەونەوقترین شوێنی خواپەرستی و عیبـادەتن. ئەوە مانـای ئەوەیە خەڵکی ئێران لەوە تێگەیشتوون کە حکوومەتی ئـاخونـدی دیـن و مەزهەبـی کـردوون بە وەسـیلەی بردنەپێشـی سیاسـەتە دژی گەلیەکـانی خـۆی و ئامڕازێـک بـۆ پاراستنی دەستەڵات.

ڕێژیمی ئاخوندی لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسـتەڵاتداریەتی خۆیـدا، بەو هەمـوو ئیمکانـاتەوە کە وڵاتێکی وەک ئێران دەتـوانێ لە ئیختیار هەر حکوومەتێکی بنێت، وڵاتەکەمانی لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەوە تووشی قەیرانێکی قـووڵی هەمە لایەنە کـردوە کە هەروا دێ و ئاسـەوارەکانی پتـر دەردەکەون. هەژاری و مەینەتبەشـیەکی بەریـن، بەرۆکـی خەڵکی گرتـوە، بێکـارییەکی بەریـن لە گۆڕێـدایە، ڕۆژانە پـۆل پـۆل لاوان و خوێنـدکاران وڵات بەجـێ دێڵـن، ئیعتیـاد وەک مۆتەکە بەرۆکـی سـەدان هەزار بنەمـاڵەی گرتـوە، سیسـتەمی پەروەردە و فێرکـردن خەریکە بەتەواوی بێنێـوەرۆک دەبێـت،

شوێنەوارێک لە ئازادی بەیان و چاپەمەنی وەبەرچاو ناکەوێ، دەزگای قەزایی بەئاشکرا دەستوور لە دامودەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکان وەردەگرێ، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی بەریندا پێشێل دەکرێن، هیچ ڕۆژێک نییە ژمارەیەک ئازادیخواز لە دار نەدرێن، زیندانەکان پڕن لە خەڵکی ناڕازی، ژنان و کچان لە لە هەموو شوێنێک لە بەردەم هەڕەشە و تەحقیر و بێبەشی و هەڵاواردن دان، زانکۆکان بوونەتە پایەگای بەسیج و بنکەی جاسووسی، کەمایەتییە فەرهەنگی و مەزهەبییەکان لەژێر شاڵاوی سەرکوتدان، گەلانی ئازادیخوازی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و تورکمەنسەحرا نەک هەر لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەشن، بەڵکوو لەژێر ستەم و سەرکوتێکی چەند بەرانبەردان. لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیشدا، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران دوورەپەرێز بکەوێتەوە و لە کردەوەدا بکەوێتە دەرەوەی سیستەمی سیاسی و ئابووری و بازرگانی دونیا و ناوچەکە. ئەمەش زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بۆ ئێستا و داهاتووی وڵاتەکەمان بەدواوەیە.

ئەو وەزعە کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ بنبەستێکی تەواو بەرەوڕوو کردوە. ماهییەتی دواکەوتووانە و دژیگەلیانەی ڕێژیم بەجۆرێکە کە بە هیچ جۆر توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە وڵاتەکەمان لە ئاکامی دەستەلاتداریەتیی سەرەڕۆیانەی ئەو ڕیژیمەدا، لەگەڵیان دەستەویەخەیە.

ئێستا ئاستی وشیاری خەڵکی وڵاتەکەمان لە چاو ڕابردوو زۆر چۆتە سەر. نەوەیەکی تازە پێی ناوەتە مەیدانی ژیان و خەبات کە چاوکراوەیە و بە ژیانێکی کەمتر لەو ژیانە ڕازی نییە کە مرۆڤایەتی هاوچەرخ بۆ هەمووکەسی بەڕەسمی ناسیوە. یانی ژیان لە ئازادی و دێموکراسی و عیزەت و کەرامەت و شکۆی ئینسانیدا. ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕێوشوێن و پرنسیپیانە ناگونجێ کە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی دەستەڵاتی جەهەننەمیی خۆی تێکۆشاوە بەسەر خەڵکی ئێرانیاندا بسەپێنێ. خۆ لەخۆڕا نییە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئاستەکاندا و لەلایەن هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە، وەک ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرێ کە پێویستە لەسەر دەستەڵات لابرێ.

هەلومەرجێک هاتۆتەگۆڕێ کە ئیتر ڕێژیم ناتوانێ ویستی ئازادیخوازیی خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان و گەلانی چەوساوەی ئێران خەفە بکات. بۆیە چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە هەڵبژاردنەکانی چەند هەفتەی داهاتوودا، سەرەڕای هەموو ئەو فشار و چاوەڕوانییەی کە ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا وەڕێی خستووە، خەڵک سندوقەکانی دەنگدان بایکۆت دەکەن یا بەجۆرێک ئەو دەرفەتە بۆ نیشاندانی بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم و سیاسەتەکانی دەقۆزنەوە.

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ بنبەستی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەرەوڕووە. نە سەرکوتی زۆرتر، نە هەوڵدان بۆ خۆخڕکردنەوەی زیاتر، نە کەڵکوەرگرتنی ناڕەوا لە دین و مەزهەب و نە پەلەقاژە بۆ ناردنە دەرەوەی قەیرانەکانی خۆی لە ڕێگای ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکەدا، ناتوانن ئەو ڕێژیمە لەبەرانبەر ئەو مەترسییە حەتمییەدا بپارێزن کە لە پێشیدایە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقعیەتە سیاسییەدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەی دواکۆبوونەوەی ناوەندی ڕێبەرایەتیی خۆیدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێکهات بۆ جارێکی دیکە یەکدەنگ و بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە پێی لەسەر "بەرزنرخاندنی خەباتی مەدەنی و جەماوەری، یەکخستنی هێز و وزەی خەباتگێڕیی کورد لە ئێران و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و زەروورەتی یەکگرتوویی و هاوکاریی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی" داگرتەوە.

حیزبی ئێمە لەوە دڵنیایە کە سەرەنجام زۆر ناکێشێ کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە بەر سونامیی ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و وەک هەموو ڕێژیمە دژیگەلی و سەرەڕۆکان دەچێتە نێو زبڵدانی مێژوو.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# مەزنتر لە دەسەڵاتی ئینسان و هێزی سروشت




**برایم چووکەڵی**

کاتێک ئیمانی پتەو و ورەی بەرزی پێشمەرگە و فەرماندەری شەهید دەخەمەوە بەر زەین و بیری لێ دەکەمەوە، بەلای من و خەڵکەوە ئەوانە لە خۆری جیهان ڕووناکتر و بەتینترن، لە زەریای بێکۆتایی کاتی تۆفان بەسامتر و لە شەوەزەنگی دارستان بە هەیبەتترن. چونکی دەیاندی هێزی زۆر و پوشتەوپەرداخی دوژمن بە سەدان کەسەوە کە بە مۆدیرنترین چەکی دەستی و توپ و خۆمپارە و کاتیوشا و بە دڕندانەترین شێوە هێرشیان بۆ دەکردی، بەڵام تۆی قارەمان و گلێنەی چاوی کورد و کوردستان قامک لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ وگیان‌لەسەردەست، بەگژ داگیرکەراندا دەچوویەوە و هێرشت دەکرد و بەرهەڵستیان دەبوویەوە. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارە بەسەرهاتی بوێری و گیانفیدایی تۆیە کە وەک چیرۆکێک لە نەبەردی بۆ نەوەی نوێی نیشتمانەکەت دەنووسرێتەوە.

ساڵی ۱۳۲۰ ئەوکاتەی ڕەزاشای ئێران بارگەوبنەی پێچایەوە و لە دەسەڵات دوور خرایەوە، محەممەد کوردنژاد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی گوندی "زمێ" سەر بە شارستانی شنۆ چاوە گەشەکانی بە دنیای پڕ لە ناعەداڵەتی هەڵێنا. بە لەدایکبوونی بزەی خستە سەر لێوی بنەماڵەکەی و هەڵدانی منداڵیی لەگەڵ سەرووەرییەکانی کۆمار بوو. مخابن هەلومەرجی

ژیـان ڕێگـای نـەدا محەممەدی تەمەن ٦ سـاڵ کە تـازە پێشـەوای کـورد لەدار درابـوو ڕوو بکاتـە قوتـابخانە و لـە نێعمەتـی خوێندن بەهرەمەند بێ. بۆیە ئەو ژیانە کە دەبێ لە منداڵییەوە ڕوو لە کار و کوێرەوەری بکا دەستی پێ کرد.

شەهید محەممەد لە کۆتاییەکـان سـاڵەکانی دەیەی ١٣٣٠ و کاتێک پۆلیسـی شـا پەلامـاری ئەنـدامانی حیزبـی دێموکراتی دا، ڕووی لە کوردستانی باشوور کرد. لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا (١٣٤٠) پێوەندی کرد بە پارتی دێموکراتی کوردستانەوە و لە ڕیـزی ئەو حیزبەدا تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد و ماوەی ١٤ ساڵ لە ڕیزی ئەم حیزبەدا خەباتی بێوچانی کـرد. دواجـار لەگەڵ نسکۆی شۆڕشی بـارزانی لە سـاڵی ١٣٥٤ ئەویش گەڕایەوە لای بنەماڵەکەی و لە "زمێ" جێگیربوون.

شـەهید محەمـمەد لـە سـاڵەکانی منداڵییـەوە وەک زۆربـەی منـداڵانی ئـەو قۆنـاغە لەگـەڵ یـادی پێشـەوا قـازی و کۆمـاری کوردستان ئاشنا بوو. کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرت و وەیشوومەیـان خستە وڵات و بە تایبەتی یەکەم تیری نەگبەتیی خۆیان و ڕێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان، ئۆقرەی نەگرت، لە دوژمن هەستاوە و هات بـوو بـە پێشمەرگە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان و وەک زۆربـەی قـارەمانـەکانی کوردسـتان بـەرەنگاری پـەلاماری دڕندانـەی هێـزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم بۆوە.

شەهید محەممەد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد و بەڵێنی فیداکاریی و خزمەت بـە حیـزب و نەتەوەکەی دا. ئەو شێلگیر و وەفادار بە ڕێگای پیرۆزی خۆی هەنگاوی نـا و تەنانـەت تـاوێکیش لـە خـەبات و تێکۆشـان نەوەسـتا. محەممەد لە ڕیزی شۆڕشدا زوو گوڵی کرد. بە ئازایەتیی و زیرەکی خۆی لە شەڕەکاندا ناوبـانگی دەرکـرد. مانـدوویی نەدەناسـی و هـەرچی هەیبوو، هەر وەفا و ئەوینی نەتەوە بەشخوراوەکەی بوو. شەهید محەممەد لە ماوەی ١٦ ساڵ پێشمەرگایەتیی لـە کوردسـتانی عێـراق و ئێـران لە دەیـان عەمـەلیاتی قارەمانانـەدا بەشـداریی کـرد کە بەشێکیان بریتـی بـوون لە شـەڕە بەناوبانگەکـانی ناوچەی شنۆ، وەک: شەڕی سێ مانگە، شەڕی نێوشـاری نەغەدە، سـەر ڕێگـای نەغدە-پیرانشـار، گرتنـی پاسگای کانیسپی، تێکشکاندنی ستوونی ڕێگـای شـنۆ- نەغەدە، گرتنـی گوردانی سنجی، شـەڕی بەنـاوبـانگی ورمـێ و سـەرئەنجام شـەڕی نێـوان حەڵبێ و کوێکان کە دوایین فیداکاریی ناوبراو بوو.

شەهید محەممەد لە ماوەیەکی کورتدا نیشانی دا کە ڕۆڵەی ئازا و بەجەرگی نەتەوەکەیەتی. ئامادەی هەر چەشنە فیـداکاری و گیانبـازییەک بـوو، و لـە گەرمـەی شـەڕی سـێ مانگـەدا ئەرکـی زۆر قورسـی کەوتە سـەر شـان و لـە هەمـوو ئـەرک و مەئمورییەتەکاندا ڕوسوور و سەربەرز هاتە دەر.


ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

ڕۆژی ١٣٥٩\١\٢١ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بردە سەر گوندەکانی "حەڵبێ و کوێکان" لە ناوچەی سندووسی نەغەدە. کاتێک شەهید محەممەد ئاگاداری ئەو هێرشە بوو بڕیاری دا زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن بدەن. بۆیە لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە پێشی بە هێرشبەران گرت و ١٤ سەعات خۆڕاگری بە فەرماندەیی محەممەدی عەلی پێرپێژنە دوایین داستانی لەبیرنەکراوی بۆ نەتەوەکەی بوو. بەداخەوە لە دوایین کاتەکانی شەڕ کەوتە بەر گوللەی شەوپەرستان و گیانی لەپێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەی بەخشی و سەری کردە پردەبازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەی.

بەرزە مەڵبەندی شنۆی ڕازاوە
جێگەی فەخرە بۆ کوڕی ئازاوە
جێگەی سەیرانە دڵە ڕندۆڵە
بەرز و ڕووسوورە تروپکی تۆڵە
کێلەشین سوورە دڵی سەر شینم
ڕادەری ژان وکوڵ و هەر شینم
دەردەخەن ژانی ژیان نامێنێ
ناو و ئاوازە سنوور نامێنێ
پێش قەتاری لەبەر ئاڵی ماڵی
باسکی زەبری لەنەیار هەڵماڵی
نووسی مێژوو کە عەلیپیرێژن
قارەمانێکی کە حەمەی پێ ئێژن
کوردنەژادانە مەکۆی شانازی
کوردنژادی بەورەی گیانبازی

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# بڕوانامەی ددانپزیشکیی خۆمانە




**دارسمە**

**ئەگەر بتوانی بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ ددان بە جەرگت دابگری و یەک ملیارد و دوسەد هەزار تمەنت هەبێت و بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی دوکتۆرای ددان بیدەی، دەبی بە دوکتۆری ددان. پەنجا ڕۆژەکەش ناچیە زانکۆی پزشکی و هەر لە ماڵی خۆت چاوەڕوان دەمێنیەوە هەتا بەڵگەنامەکەت بۆ ئامادە دەکرێت. ئەوانەی ئەو بەڵگەنامەیەت بۆ ئامادە دەکەن، پەنجا ڕۆژ کاتیان بۆ ئەوەیە ئەم بڕە پارەیەی لێت وەردەگرن، بە شێوەیەکی شیاو لەنێوان کاربەدەستاندا دابەشی بکەن و هەموویان بەپێی ئەو کارەی دەیکەن، بەشەپارەی خۆیان پێ بگات.**

**ئەرکی ئەو نێوەندەی لە ڕێکدا دەتکات بە پزیشکی ددان:**

**ئەمە قسەی ڕۆژنامەی ئیعتمادی چاپی تارانە. ئیعتماد لە ژمارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ ڕێبەندانی ئەمساڵدا بەدوای سەرچاوەی ئەم هەواڵەدا چووە و پشتڕاستی کردووەتەوە، لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا و لەبەرانبەر ئەم یەک میلیارد و**

دووسەد میلیۆن تمەنەی لێت وەردەگیرێت، بەڵگەنامەیەکی دوکتۆرای پزیشکیی ددانت بۆ دروست دەکەن هەموو فایل و دۆسیەی پێویستی لە زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵای کۆماری ئیسلامیدا بەردەست دەبێت و پێش بەو بوختانەش دەگیرێت بڵێن بەڵگەنامەکەت دەستکردە و بە ماندووبوونی خۆت پێی نەگەیشتووی.

### ئەرکی ئەو پزیشکەی دەبێتە خاوەنی بڕوانامە:

ئەمەی سەرەوە ئەرکی لایەنی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەوەی بەڵگەنامەکەت بۆ دروست بکەن، بەڵام ئەرکی خۆت وەک دوکتۆری ددان لێرەوە دەست پێ دەکات. بەشیک لە ئەرکەکەت ئەمەیە هەتا ئەوکاتەی دەتخەنە نێو گۆڕیچەی قەبر و بەردانت بە سەردا ڕەیاڵ دەکەن و پاشان دوکتۆرێکی گەورە و گران بە فۆتنی گەوە بە بۆڵدکراوی لە پێش ناوت لەسەر ڕاگەیەندراوی مردن و سەنگی مەزارت دنووسن، مافی ئەوەت نابێت باس لە چۆنیەتیی وەرگرتنی ئەم بەڵگەنامەیە بکەی.
لەماوەی پەنجا ڕۆژی دیاریکراویشدا نابێت لە ماڵەوە دانیشی و چاوەڕوانی ئامادە کردن و هاتنەوەی دوکتۆراکەت بی. بەڵکوو پێویستە لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا خەریکی خۆئامادەکردن بی و هەندێک ئەرک هەن پێویستە پێش ئەوەی نۆڕینگە (مطب)بکەیەوە، ڕایانپەڕێنی:

١- ئەگەر لە شارێکی بچووک دەژی، پێویستە لە شارەکەوە بۆ شارێکی دی لە پارێزگایەکی دیکە بار بکەی و ئەوکاتەی دەگەیە شوێنی نوێ پێویستە ناوی دوکتۆر بخەیە پێش ناوی پێشووتەوە. بەڵام ئەگەر لە شاری گەورەی وەک تاران، شیراز، ئیسفەهان، تاران و مەشهد دەژی، چەند کارێکی وەک بارکردن بۆ گەڕەکێکی دوور لە گەڕەکی خۆت و هێندێک نەشتەرگەریی جوانکاری لە سەر دەموچاوت کارت ئاسانتر دەکات.

٢- پێویستە لە ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژەدا خۆت فێری ناوی هەموو ئەو ئامێرانە بکەی لەمەودوا وەک پزیشکی ددان پێویستت پێیان دەبێت. "سکیلێر" بە هەموو جۆرەکانیەوە، "دریل" بە هەموو ئانگڵەکانیەوە، هەمو جۆرەکانی "پەنس" و "مەقاش" و "ساکشن" و "سەرشاکشن"ی جۆراوجۆر و زۆر کەرەستەی دیکەی کاروباری ژووری نۆڕینگەی پزیشکیی ددان پێویستیان بە فێربوون و لەبەرکردن و تەنانەت لێک جیاکردنەوەش هەیە.

### سوودی وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕوانامەیە:

١- پێویست ناکات بە مەبەستی زانینی ناوی دوازدە ئیمامان و بێبەریبوون لە خزمایەتی دەگەڵ کەسانی دژ بە دەستەڵات لەلایەن دەستەی چاودێریکردن لە زانکۆ تاقی بکرێیەوە.

٢- پێویست ناکات بۆ ماوەی چوارپێنج ساڵان هاتوچۆی زانکۆ بکەی و بەهۆی پشتیوانیکردنی هاوپۆلانت لە پێناو لادانی لەچکە تەسکە کەسەکەیان سزا بدرێی. خۆشت شەڕی قژی ڕووت و کراسی قۆڵکورتی بەرت بکەی.
٣- تەنانەت لە ماوەی ئەو پەنجا ڕۆژەی بۆشت دیاری کراوە، ناچیە "سێڵفسرڤیسی" زانکۆ و سێژمە دەتوانی لەجیاتی "خواردەمەنیی بەپەلە"(فەست فوود) و خواردنی زانکۆ، لە ماڵی خۆتان دۆکوڵیو، حەوتترینگە، شۆرباو هێلکە، بەربەسێڵ، ترخێنە، دۆغەوا، قۆڕمەسەوزی، "گوێزێنە" (فسەنجون) و سەنگەسیریش بخۆی.
٤- هاوسەرت لە درەنگ گەڕانەوەت لە زانکۆ دڵی لێت ناهێشێت و گومانی ئەوەی نابێت لە دەرەوە خەریکی دڵداری و مڵداری بی.

## چێژی خۆشی ژیانی بە دوکتۆربوون:


دوای ئەوەی بەڵگەنامەکەت وەرگرتەوە، نۆڕینگەت دانا و دەستت بە کاری ددان کرد، جگە لەوەی پارەیەکی باش کۆ دەکەیەوە، بە هیمەتی ئەو نەخۆشانەی بە داوتەوە دەبن، زیاتر لە یەک میلیارد و دووسەد ملیۆنەکە پەیدا دەکەی و پارەداریش دەبی و فڕوفیشاڵی بەدوکتۆربوونەکەش هەر مەپرسە و لێی تێر نابی.

جا ئەوکاتەی "کارپوول" دەخەی سەر "سورەنگ" و دەرزیی "لیدۆکاین" لە پووکی نەخۆشی بەردەستت دەدەی و لالێوی دەتەزیت و بە شێوازێکی ناوازە پێت دەڵێت دوکتۆر، هەر شیرنە بیر لەو پارەیە بکەیەوە دوای قیتبوونەوەی نەخۆش بە دەمی پڕلە خوێن و لۆکەوە لە چەنگی دەردەهێنی.

لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئەوانەی بەڵگەنامەکەیان بۆ حازر کردوویە، تەلەفۆنت بۆ دەکەن و دەڵێن جەنابی دوکتۆر لەبەر ئەوەی ڕاستی و دروستیی تۆمان لە خزمەت بە ئۆممەتی هەمیشە دەرسەحەنە بۆ دەرکەوتووە، بە بەربژێری ئەندامەتیی مەجلیس دیاری کراوی و شوڕای نیگەهبانیش نەک هەر هەر شیاویەتیتی پشتڕاست کردووەوە، مسۆگەریشی کردوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەندامی مەجلیسی.

ڕێک لێرەدایە جەنابی دوکتۆر پێویستیی بە لەبەرکردنی ناوی ئامێرەکانی پزیشکیی ددان نامێنێت و لەمەودوا لە سەحنی عەلەنیی مەجلسی جەنابی دوکتۆر بۆی پاڵ دەداتەوە.

# ئایا ئەمریکا دەبێ هێرش بکاتە سەر ئێران؟




**ئانهرد – ڕوئەل مارک گەرەشت**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

حاشای لێ ناکرێ هێزە بەکرێگیراوەکانی ئێران بایەخێکی زۆریان لەچاو تێچووەکانیان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەیان سەرچاوەی داهاتی خۆیان هەیە، پشتگیریی دارایی ڕێژیم لە میلیشیا هاوپەیمانەکانی، لە نێویاندا حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و حوسییەکان، ڕەنگبێ لە چەند میلیارد دۆلار لە ساڵدا تێنەپەڕێ، ڕەنگبێ لەوەش کەمتر بێت. بۆ وێنە حیزبوڵڵا، گەلێک ماددەی سڕکەر دەگوێزێتەوە، کۆنترۆڵی بەسەر هاوردەدا هەیە، بەشێک لە داهاتی بازرگانەکانی لوبنان دەستێنێ و، سیستەمی مافیایی یەک لە دەی بە سەر کۆمەڵگە شیعەکانی وڵاتانی گەشەسەندووەدا سەپاندوە.

ئەو بەکرێگیراوانە گەلێک لە هێزی ئاسایی سەربازیی ئێران هەرزانترن و لە کێشە زۆرەکانی ناوچەدا گەلێک بەکەڵکترن. ئەوان هەروەها لە ڕوانگەی سیاسییەوە کەمتر پەرتەوازەن. شەڕە دەرەکییەکانی ئێران لەنێو لاوەکانیدا، کە هەر ئێستا

حکوومەتی ئایینییان بە ناڕەزایەتی بەربەرین هەژاندوە، لایەنگری نییە و ئەوە شتێکی دژوارە چونکە ئێران بۆ پڕ کردنەوەی لانی کەم نیوەی هێزی سەربازیی خۆی پشت بە لاوانی سەرباز لە ڕیزەکانی سوپای پاسداران دەبەستێ. ناردنی درێژ مەودای سەربازانی ناڕازی بۆ دەرەوەی وڵات، ستراتێژییەکی ڕیسکدارە. بەڵام شەڕی بەوەکالەت تەنیا هەر سیاسەتی باش نییە، بەڵکوو سیستەمی تیۆکراسیی ئێرانیش لەسەر پێ ڕادەگرێ. چونکە ڕەوایی سیاسی و ئایینییان لەنێوخۆی وڵات تێکرماوە، ئێلیتی دەسەڵاتدار چاوی بڕیوەتە دەرەوەی وڵات. مەلاکانی ئێران گەلێک کەیفخۆش بوون کاتێک میلیشیا هاوپەیمانەکانیان لە عێراق شکستیان بە جیهادییە سوننییەکانی عەرەب و وڵاتە یەکگرتووەکان هێنا و سوکناییان بە دڵدا هات کاتێک حکوومەتی سەرەڕۆی سوورییەیان لە ٢٠١٢ لە ڕووخان ڕزگار کرد. ئەگەر دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە تێکشکابا، ستراتێژیی تاران بۆ دژایەتیی ئەمریکا، ئیسرائیل و لاوازکردنی سوننییەکان کە لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بەولاوە برەوی پێداوە، هەرەسی دەهێنا.

لەو دواییانەدا، ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی غەززە بوونە هۆی شاگەشگە بوونی ئێلیتی سیاسیی ئێران و، بانگی فریودەرانەی لایەنەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، کە پێیان وابوو ناتوانن خوێنی جوولەکە برێژن. شەڕەکە، بە ڕێژەی پەرەئەستێنی قوربانییەکانی لەنێو خەڵکی مەدەنیدا و وێرانییە بەربڵاوەکەی لە کەرتی غەززە، ڕەنگبێ ئامرازێک بێ بۆ ڕێژیمی مەلاکان لە ئێران و بەکرێگیراوەکانی لە نێو "بەرەی مقاومەت"دا کە زۆرینەیان شیعەن، تا پێگەی خۆیان لە بڕوادار و سێکولارە سوننییەکاندا وەدەست بێننەوە. لە دوای شەڕی نێوخۆیی سووریە، کاتێک ئێران یارمەتیدەری کوشتاری دەیان هەزار عەرەبی سوننی بوو، ئەو پەیوەندییە گرژیی تێکەوتبوو.

بێتوو ئیسرائیل لە تێکشکاندنی حەماس ناسەرکەوتوو بێ، بێتوو ئەو داوەڵە وەکوو قەقنووس لە وێرانەکانی غەززە، دوای پاشەکشەی ئیسرائیل، سەر هەڵێنێتەوە، ئەوسا ئێران شانازیی بەرگریی سەرکەوتووانە دژی زایۆنیست و ئەمریکاییەکان بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. بەرگرییەکی درێژخایەنی حەماس، کە بێگومان لە ئەگەری داگیرکرانەوەی غەززە لە لایەن ئیسرائیلەوە گەلێک زۆرە، دەبێتە هۆی ئەوە کە تاران سەرچاوەیەکی ئیلهامدەری شانۆی ئۆپەراسیۆنانی بۆ دەستەبەر بێ. کێشەی کەرتی غەززە وا دەکات تاران بەکرێگیراوانی هان بدا زەرەری زۆرتر لە ئیسرائیل و ئەمریکا بدەن. کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکایی لە ئۆردۆن بەهۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە حەوتووی ڕابردوودا، ڕەنگبێ دەستپێکی ئەو ڕەوتە بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا وێناچێ ئەمریکا خوازیاری تۆڵەئەستاندنەوە بێ. دنەدانەکانی مەلایان تا ئێستا لە ورووژاندنی ئیسرائیل و ئەریکا بۆ هێرشی تۆڵەئەستێنانە دژی ئەو بێئاکام بووە؛ ئەوپەڕەکەی، ئەوە بۆتە هۆی هێرش بۆ سەر هاوبەشە

عەرەبەکانی ئێران. هۆیەکەی ئەوەیە واشینگتۆن و ئورشەلیم لە قووڵکردنەوەی گرژییەکان دەترسن، ئەوەی لەپێشدا بۆ ترسی "جەنگێکی بێکۆتایی" دیکە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڕێتەوە و، ئەوەی دواتر، چونکە لە توانایی هێزی ئاسمانی و پاراستنی هێرشی هاژەکی بۆ پاراستنی تەل ئاڤیڤ لە حیزبوڵڵا و ئێران دڵنیا نین. بەڕاستی دابین کردنی هاژەک لە لایەن ئێرانەوە بۆ دۆستەکەی لە لوبنان، ڕەنگبێ ئیسرائیلی لە دەستپێکی هێرشێکی داگیرکاریی زەمینی دیکە لە سنووری باکووری وڵات چاوترسێن کردبێ و لاوازیی بەرپەرچدانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ڕەنگبێ بووبێتە هاندەری خولیا ناوکییەکانی ئێران. ڕێبەری گەوری ئێران، عەلی خامنەیی، دەزانێ کە ئێستا ئەو خاوەندەسەڵاتە.

ئەمڕۆ، بەکرێگیراوانی ئێران لێک جیاوازن: سوننی و شیعەی توندئاژۆ ماکەی سەرەکی "تەوەری مقاومەت" پێک دێنن. ڕێژیمی مەلایان بیرۆکەیەکی بەهێزی پان-ئیسلامیی گەشە پێداوە کە بەڵێنی وەدەرنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لەنێوبردنی ئیسرائیل، بەچۆکداهێنانی ئیمارات دەوڵەمەندە عەرەبەکانی کەنداو کە ڕۆژاوا پشتیوانیانە و، دروستکردنی کولتوورێکی دیکەی ئیسلامی دەدا کە دەتوانێ لە بەرانبەر بە ڕۆژاوایی بوون خۆڕاگر بێ. ئەوە خوازیارێکی باشی لەنێو ڕێژەیەکی زۆر لە عەرەبان و هەروەها شیعەکانی ئەفغانستان و پاکستاندا هەیە. ئەمجۆرە پەیامە دژە ئەمریکایی، دژە زایۆنیستی و دژە جوولەکەیە، برەوێکی زۆری لەنێو لاوانی نێرینەی موسڵماندا هەیە.

بەڵام ئێران تەنیا پشت بە ئایدیۆلۆژی نابەستێ. بیرۆکەی "ئەستاندنەوەی" ملکی دزراو هەمیشە سەرنجڕاکێش بووە: تەنیا سەیری یەکەم داگیرکارییە ئیسلامییەکان بکەن کە بەڵێنی غەنیمەت و هەروەها بەهەشت دەدرا، یان خاچپەرستەکان. وەسفی مارکسیستی فەڕانسەیی لە ئیسرائیل وەک "دەوڵەتێکی کۆلۆنیال - نیشتەجێ" بەتەواوی لە شەنامەی ئیسلامیدا جێگیر کراوە. ئێران هیوادارە زایۆنیزم لە خەباتێکی درێژخایەنی خوێناویدا لە لایەن ئیماندرانەوە، یارمەتیدەری بەهێزتر بوونی متمانە بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچە بێ.

حوسییەکان، ئەو شیعانەی کە لە ڕوانگەی بڕواوە لە سوننییەکان نزیکن و سەردەمێک مەلاکانی ئێران نەفرەتیان لێیان هەبوو، واژۆی بەشداری لەو شەڕەیاندا کردوە و، هەنووکە کێشە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و هاوپەیمانە ئورووپاییەکان لە دەریای سوور دروست دەکەن. تەنانەت ئەگەرچی ڕەنگبێ ئێران لە قووڵترکردنەوەی گرژییەکان لە هەموو کەس زۆرتر بترسێ، نە واشینگتۆن و نە ئورشەلیم کەڵکیان لەو ترسە وەرنەگرتوە و ڕاستەوخۆ هێرشیان نەکردۆتە سەر ئێران. کوشتنی جاروبارەی زانا ناوکییەکان و ئەفسەرە پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران، لە ناویاندا فەرماندەی تاریکی، قاسم سولەیمانی، بەڕاستی نایەنە ئەژمار. واشینگتۆنیش هیچ حەزێکی بۆ لێدان لە کۆماری ئیسلامی لە شوێنێک کە

بەڕاستی لاوازە، واتە سووریە، نیشان نەداوە. ژەنراڵی سوپای پاسداران، حوسێن هەمەدانی، کە لە شەڕی حەڵەب لە ٢٠١٥ کوژرا، زێدەڕۆیی نەکرد کاتێک گوتی لە عێراق و سووریە "بۆ پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی، ئێمە ناچار بووین دەستێوەردان بکەین".

لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل، ئامادە نین سوننییەکانی سووریە چەکدار بکەنەوە. هەڵایسانەوەی شەڕی نێوخۆ لە سووریە لەوە بێزراوترە کە بیری لێ بکرێتەوە: قەیرانی پەنابەران بووە هۆی ورووژان و بەهێزتربوونی حیزبە پۆپولیستەکان لە سەرانسەری ئورووپا و دەستمایەیەکی بەهێزی دا بە سەرۆککۆماری ئیسلامیستی تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەنێو یەکیەتی ئورووپادا. چەکداربوونی سوننییەکانی سووریە کە بەرهەمی خۆ لێ لانەدەرانەی سەرهەڵدانی عەرەبە سوننییەکان بوو، هەروەها بووە هۆی بەهێزتر کردنی جیهادیستە سوننییەکان.

بەڵام تێکڕمانی وردە وردەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشووتر، بۆ ئاسەوارەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم. لەو کاتییەوە، دیکتاتۆرییە سەربازییەکان توخمە سەرکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دروستیان لەنێو برد، واتە ڕێزداریی بنەڕەتی وئابوورییەکی کاریگەر. پاشان سەرهەڵدانە بەربەرینە عەرەبییەکە ناوچەکەی هێندەی دیکەش هەژاند. ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی تاقمی میلیشیا کە بەکردەوە لە شکاننەهاتوون، چونکە ئێستا زلهێزە ڕۆژاواییەکان ئالێرژی هێرشی سەربازیی خاکییان گرتوە و ناتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی ئاسمانی بە شێوەی کاریگەر ڕیشەکێشیان بکەن.

بەڵام، هێشتا لەنێوبردنی بەکرێگیراوانی ئێران کارێکی مومکینە، بەڵام پێویست بە پابەندبوونی سەربازیی بەرچاو دەکات. بیرکردنەوە لە سێناریۆیەک، کە لەویدا ڕێژیمی مەلایان نەمێنێ و بوەستێندری دژوارە، بێجگە لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران و، هەر هێرشێک دەبێ گەلێک وێرانکەر بێ، چونکە هێرشێکی ڕۆژاوا کە ببێتە هۆی زەرەر پێنەگەیشتن بە بەرنامەی چەکی ناوکی ئێران، کارێکی ئاقڵانە نابێ.

ئورشەلیم وێدەچێ ئامادە بێ لە غەززە تێچوویەکی مەزن بدا. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ئۆپەراسیۆنی غەززە بۆتە هۆی لەنێوچوونی تاهەتایی ناوبانگی ئیسرائیل لە لای سیاسەتوانە چەپەکانی ڕۆژاوا، ڕەنگبێ ئورشەلیم نەخوازێ ئەرکێکی قورستری خەساندنی حیزبوڵڵای لوبنان بگرێتە ئەستۆ. جبەخانەی زەبەلاحی هاژەکی ئەو گرووپە کە ئێران بۆی دابین کردوە، دەتوانێ تەل ئاڤیڤ بهەنگێوێ، جا جیاوازیی نییە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و سیستەمی دژە

هاژەکییەکەی چەندە خێرا بن. حیزبوڵڵا تەنیا هێزی بەکرێگیراوی ئێرانە کە لەنێوبردنی دەتوانێ برینێکی کاریگەر و ڕەنگبێ ئیفلیجکەر بۆ خولیاکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

سەرەڕای ورووژاندنە کوشندەکەی ئەو دواییانە لە ئۆردۆن، وێناچێ ئەمریکا لەوبارەوە یارمەتیدەر بێ. وەڵامی بەڕاستی گێژانەی ئەمریکا بەو ڕووداوە، بێگومان ڕەنگدانەوەی سەرلێشێواویی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەمەڕ ئێران، دوای وەڵامی نەرێنی خامنەیی بە بووژاندنەوەی ڕێککەوتنە ناوکییەکە لە هاوینی ڕابردوویە. وتەبێژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، جان کربی، ڕۆژی دووشەممە گوتی، "ئێمە خوازیاری جەنگ لەگەڵ ئێران نین. ئێمە درێژە بە گەڕان بەدوای بژارەکان دەدەین ... ئێمە دەمانهەوێ ئەو هێرشانە کۆتاییان بێ." بەڵام ئەو هێرشانە کۆتاییان نایە. ئەوان زۆر خۆشن و، لە ڕوانگەی ستراتێژیکییەوە کاریگەرن: کۆماری ئیسلامی بۆتە هێزی دەسەڵاتدار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، خامنەیی بە تاقمە کارتێکی لاواز، کایەیەکی ژیرانەی کردوە. تەنانەت بە پشتگیریی ڕووسیە و چینەوە، کۆماری ئیسلامی ناتوانێ خاوەنی هێزی بەرچاوی مەیدانی لە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسرائیل بێ. بەڵام تەنانەت مەزنترین پاشای سەفەوی، عەبباسی یەکەم، کە عوسمانییەکانی لە دووئاوان تێکشکاند، نفوزی ئێستای خامنەیی لەنێو ئاپۆڕای جۆراجۆری لاوانی کەمخوێندەواری عەرەب، کە ڕەنگبێ قەت نەچووبنە ئێران و تەنانەت فارسیکیان نەدیتبێ، نەبوو.

بێگومان تاران درێژە بە زەخت هێنانەکانی تا ئەوکاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان یان ئیسرائیل بەهێزتر وەڵام نەداتەوە، دەدات. ڕێژیمی مەلایان ڕەنگبێ پشوویەک بە ئۆپەراسیۆنەکانی بدا یان ئیدیعا بکات کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر بەکرێگیراوەکانییەوە نییە، بەڵام سەرکەوتنی دەبێتە هۆی شەڕانشۆیی. ئەوە تێگەیشتنی ئێران لە خۆی، وەکوو پاڵەوانێکی ئیسلامی کە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و زایۆنی دەجەنگێش دەگرێتەوە. با گوتەیەکی حوسێن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسداران دووپات بکەمەوە، ڕێژیمی مەلایان "بەدوای شەڕێکەوە نییە" کە دەزانێ دەیدۆڕێنێ.

لە ئاکامدا، بێتوو پەرچەکرداری واشینگتۆن بە هێرشی ئۆردۆن تەنیا هێرشێکی دیکە دژی بەکرێگیراوەکانی ئێران، یان تەنانەت هێزەکانی ئێران لە سووریە بێ، وێناچی ئەوە لێکدانەوەکانی خامنەیی بگۆڕێ. تەنێا شتێکی بەتەواوی پەشۆکێنەر، وەکوو هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئامانجەکانی سوپای پاسداران لە نێوخۆی ئێران و، ب ئاشکرا دەربڕینی هەڕەشەی کەڵک وەرگرتن لە هێزی نەبەزی ئەمریکا، شانسی ئەوەی هەیە مەلاکان دڵنیا بکات کە لۆلۆی ئەوجار لەگەڵ هی پێشوو جیاوازە.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# "نرخی ئازادی"



**حەسەن واژی**

**"گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیە بدا"**
**شەهید د. قاسملوو**

سەرەکیترین و گرینگترین هۆکاری بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ڕەشی کۆلۆنیالیستی نەپچڕانی زنجیری کۆیلەتی لەبیر و هزری گەلانی ژێرچەپۆکدایە.

مرۆڤی ژێری پرۆژەمیحوەر نەک ئاکامباوەڕ بە دیتن و ڕەچاوکردنی دوورە دیمەن و داڕشتنی پلانی تۆکمەی زانستی فرەڕەهەندی کەم تێچووی پڕدەسکەوت بەردەوام دەبێ لە خەبات دژی داگیرکاریی مێشک و وڵات. ئەو باش دەزانێ بەردەوامبوون، سەرەکیترین هۆکاری سەرکەوتنە و بەردەوامی لە خەبات گرێدراوی فۆرمە خۆماڵییەکانی گونجاو لەگەڵ هەر قۆناخێکە نەوەک بە گوریسی ڕزیوی دوژمن چوونە نێوچاڵ.

**با کورتەیەک لەسەر ئۆردوگای هەنووکەیی دوژمنی داگیرکەر ی کوردستانی ڕۆژهەڵات بدوێین:**

**ئەگەرچی وێژمانێکی هاوبەش (یەک وڵات ، یەک ئاڵا، یەک زمان و یەک کولتوور) بە عەقڵییەتی پـواو و هەڵوەریـوی ناوەندگەرایی بەبێ ڕەچاوکردنی گەلانیتر هەموو داگیرکەرانی لە چەند سەدە لەمەوبەر تا ئێستا لێک گرێ داوە و بەردەوام درێژەدەری هەمان تێگەیشتن بوون بە هەر مارک و مۆرکێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناسینی دوژمنی هەنووکەیی (واتە کۆماری ئیسلامی ) پێویستە،**

**دەسەڵاتی زاڵ دەسەڵاتێکی تەواو ئیدئۆلۆژیکی ئایینی پێش مۆدێرنە و هەر پێهاتەیەکی نەتەوەیی یا خود ئاییینیتر بە ئەویتری خۆی و بە هەڕەشە بۆ سەر مان و مەوجوودییەتی خۆی دەزانێ. کۆماری ئیسلامی بە گومانی هەبوونی ئاوەز "عقلانیت" لایان وایە دەسەڵاتێکی ئاوەزمەندانەیان دامەزراندوە کە گەلان تێیدا بەختەوەر دەبن کەچی ڕێک پێچەوانە کۆمەڵێک چوارچێوەی داخراو و نەگۆڕیان دارشتوون کە پشت دەبەستن بە حەق لەبەرانبەر ناحەق و ڕاست لە بەرامبەر درۆدا کە یا سیفر یا سەد و یا ڕەش یا سپین و وڵاتیان لێوڕێژ لە هێڵی سوور کردوە کە بەزاندیان بڤەیە و بە دوژمنایەتی و شەڕ لەگەڵ خوا ناوزەد دەکرێ و سزای لەسێدارەدانە .کۆماری ئیسلامی زۆر شارەزایانە ناشارەزا و پێچەوانەی هێما مرۆییەکان دەڕوا و هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤایەتی.**

**بەڵام لە پەراوێزی شۆڕشی ژینادا پێویستە هەندێ باسی تایبەتتر بکرێت. ئەگەرچی پێناسەکە لەجێی خۆی نەبوو و هەڵگرتنی ناوی شۆڕش ئەرک و چاوەڕوانی لەسەر شانی گەل و ئوپۆزیسیۆن زۆر قورس کرد و وەدیەنەهاتنیان کەمهیوایی و بێمتمانەیی خوڵقاند بەڵام نکووڵی لێ ناکرێ ئەو هاتنە سەر شەقامە و بوونی بە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری ئاکامی خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد بوو. ئەم بزووتنەوەیە یەک شەوە لەدایک نەبوو و تا ئێستاش بە هەر بەهانەیەک بڵێسە دەدا و هیوا دەبەخشێ.**

**ئەم بزووتنەوە و خرۆشانی شەقام بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی پێکا کە بریتین لە:**

- **دروستبوون و نۆژەنبوونەوەی پردی پێوەندییەکانی گەلانی ئێران**
- **شوناسخوازی نەتەوەیی**
- **ڕەوایی شۆڕش**
- **بێهیوایی لە ڕیفۆرم لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی ئێراندا**

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

لە بەرانبەریشدا كۆماری ئیسلامی بۆ نەزۆك كردنی نێوەرۆكی بزووتنەوەكە و ستاندنەوەی ڕۆڵی پێشەنگی گەلانی ئێرانی لە گەلی كورد بێكار نەوەستاوە و هەموو چەشنە كوشتوبڕ و پلانێكی تاقی كردۆتەوە و دەیكا كە پێویستە گەل بۆ نەزۆككردنی هەوڵەكانی دوژمن بە هەست بە بەرپرسیاریەتییەكی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتیمانی چاوكراوەتر لە پێشوو و بەخوێندنەوەیەكی چڕ هاو پێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەنگاوی بەهێزتر باوێ و وەك هێزێكی سەراسەری دەركەوێ.

بۆ وەدیهاتنی ئەو مەبەستە پێویستە زۆر ڕەوان بە كەلكوەرگرتن لە هەموو ڕەهەندەكان بە فۆڕمی گونجاو لەگەڵ دۆخەكە بەردەوام بن لە خەباتێكی چڕ و گشتگیر و لەلایەكیتر پشتی بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و بریندارانی بزووتنەوە چۆڵ نەكەن و لە بایكۆت، مانگرتن، سەرپێچی لە بڕیارەكانی دەسەڵات و لە ڕەفتارە بەڕواڵەت چووكەكان، كە كەمتێچوون، بەڵام ئاماژەی بەردەوامبوونن و دوژمنان وەزاڵە دێنن سڵ نەكەن.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# سووکایەتی بە دێموکراسی




**عەلی بداغی**

**کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا نیزیک بە ٤٠ جار سندووقەکانی دەنگدانی لە بەردەم خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، مەجلسی خیبرەگانی ڕێبەری، مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و شوڕای ئیسلامیی شارودێ داناوە، بەوەش ئیزن بە خۆی دەدا ئیدیعای خاوەندارەتی لە دێموکراسی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی بەردەوام وەک ڕوح و گیانی دێموکراسی بکات. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم دیکتاتۆری و نیزامی سیاسیی ئیستبدادی نییە کە بە هەڵبژاردن بیەوێ سووروسپیاوی حوکمڕانییەکەی بکات. هەمووان چیرۆکی کەسانی وەک مەعمەر قەزافی، محەممەدڕەزا پەهلەوی، سەدام حوسێن، چائوشسکۆ و حوسنی موبارەکمان بیستووە کە هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە سەتا ٩٠ی دەنگەکانیان هەبوو، و دواجار بە ڕاپەڕینی هەر ئەو سەتا ٩٠ی خەڵکە دەسەڵاتەکەیان سەرەونخوون کرا. وەک چۆن لە ئێستاشدا کەسگەلی وەک بەشار ئەسەد، کیم جونگ ئون، پوتین و خامنەیی هەن کە بۆ ڕەواییدانی بەدرۆ بە دەسەڵاتەکەیان پێویستییان بە شانۆگەریی هەڵبژاردن هەیە.**

پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەرعییەتەکەی بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەو سیستمە نەک لە خەڵک بەڵکوو لە ئاسمانەوە وەردەگرێ و بناغەکەی نەک لەسەر ویست و ئیرادەی خەڵک، بەڵکوو لەسەر کۆڵەکەی دین و یۆتۆپیای ئیدئۆلۆژیک و ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ چی کراوە، چ حەوجێیەکی بە هەڵبژاردنە؟ ڕوون و ئاشکرایە کە دیکتاتۆرەکان مەبەستیان لە هەڵبژاردن نەک گۆڕانکاری و ڕێگەدان بە نەواندن و دەرکەوتنی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگە، بەڵکوو هێشتنەوەی خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات و خونکارییە. خامنەیی هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەوە نییە دەسەڵاتەکەی لەگەڵ کەس بەش بکا، یان ڕێگە بە گۆڕانی دۆخی سیاسی وڵات بەپێی هەلومەرج و ویست و بەرژەوەندیی خەڵک بدات، بەڵکوو دەیەوێ تێلبەندەکانی دەوری دەسەڵاتەکەی خۆی قایمتر بکات. نیزارەتی ئیستسوابی، شوڕای نیگابان و کەلکوەرگرتن لە هەموو دەزگاکانی سەرکوتی وەک وەزارەتی ئیتلاعات و ناوەندە ئەمنیەتی و هەواڵگرییەکانی دیکەی دەسەڵات و هەروەها دەزگای بەناو دادیشی بۆ ئەوە دەوێ هەوساری ئەو شانۆگەرییەش هەر لە دەستی خۆیدا بێت. ڕیسکی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ١٣٨٨ کە ڕێژیم ناچار بوو بە ساختە و دزێتی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی ناوکی دەسەڵات بەراوەژوو کاتەوە وای کردوە ڕێژیم لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا بۆ ڕێگەگرتن لە هەرچەشە نارەزایەتییەکی دیکەی خەڵک و ناسەقامگیریی کەشی هەڵبژاردنەکان مۆرەکانی شانۆگەرییەکەی وەها بچنێت و ئەندازیارییەکە بە جۆرێک بێت هیچ چەشنە لەرینەوەیەکی دی لە هەیکەلی گشتیی سیستمەکەشدا ڕوو نەدات.

جیا لە بەهێزکردنی ناوکی دەسەڵات بەو "خالس‌سازی"یەی ڕێژیم گرتوویەتە بەر، هۆکارێکی دیکەی پێویستیی هەڵبژاردنەکان بۆ دیکتاتۆرێکی وەک خامنەیی دەستەبەری مەشرووعییەتە. ئەگەرچی چارەنووسی هەموو دیکتاتۆرییەکان هەر ڕووخان و دارمانە، بەڵام هەر ئەزموونەش دەریخستوە ئەو دیکتاتۆرانەی ڕێگە بە گەمەکانی هەڵبژاردن دەدەن پتر لە پێڕەکانی خۆیان کە ڕێگە بە هەڵبژاردن نادەن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژترە. هەڵبژاردن بۆ دیکتاتۆرەکان هەم دەرەتانی مانۆڕی پتر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیان دەداتێ و هەم لە نێوخۆ دەستیان بۆ پاوانکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتییەکان و سەرکوتی دژبەرانیان ئاوەڵاتر دەکات.

لە سیستمێکی دێموکراتیکدا هەڵبژاردن بە مانای دەستەبەربوونی ماف و دەرەتان و هەلومەرجی هاوبەشی، خۆپاڵاوتن و دەنگدان بۆ هەموو هاووڵاتییەکە، چونکی تاکەڕێگای بەشداری لە چارەنووسی سیاسیی خۆی و وڵاتەکەی و نواندنی ئیرادەی گشتی بۆ هەر گۆڕانکارییەک بە قازانجی کۆمەڵگە و وڵاتە. لە سیستمێکی دێموکرات و کراوەی سیاسیدا مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردن لە هیچ هاووڵاتییەک زەوت ناکرێ و جۆری ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و بیرکردنەوە هۆکاری ئەستاندنەوەی ئەو ماف و هاوبەشییە لە کەس نین. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەموو هەڵبژاردنێک ڕێک بەهۆی ئەستاندنەوەی ئەو

مافە لە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە و ڕاست بەو هۆکارانەی باس کران بەتەواوی نادیموکراتیکە.

خۆ ئەگەر لە چەند هەڵبژاردنێکیشدا زۆرایەتیی خەڵک ملیان بۆ ئەو شانۆگەرییە ڕاکێشابێت، ئەوا بە زێری و پێگەیشتوویی و ڕەفتار و بڕیاری سیاسیی خۆیان هەڵبژاردنەکانیان کردووەتە گۆڕەپانی بردنەژێرپرسیاری ویست و ئیرادەی ڕێژیم و بەرزکردنەوەی داخوازەکانی خۆیان. ئەم ڕەفتاری سیاسی و پێگەیشتووییە لە کوردستان بەتایبەت لە سێ دەیەی ڕابردوودا لە ئاکامی پرۆژەکانی هەڵبژاردندا بەباشی ڕەنگیان داوەتەوە. وەک چۆن ئەو کاتانەش کە زۆرینەیەک لە دەنگدەران لە چەند هەڵبژاردنێکدا بە هەر هۆیەک بە دەنگدان بەشداری هەڵبژاردنەکان بوون، دەنگەکانیان هەڵگری مانای سیاسی و نێوەرۆکی خەباتگێڕانە لەدژی ڕێژیم بووە.

پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو کە ڕێژیم بە فرتوفێڵی جۆراوجۆر و، هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و بەرجەستەکردنەوەی پێکدژییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکە بە سیاسەتی هاندان و کەمکردنەوە لە گوشار و سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بانگهێشت لە هێزە سیاسییە دژەشۆڕشەکانیش هەوڵی ڕاکێشانی پتری خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەدا، بۆچی ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی ڕەشەممەی ئەمساڵ کار گەیوەتە ئەو جێیەی هەڕەشە لە خەڵک بکات و بڵێت ئەوەی بەشداری دەنگدان نەبێت دژی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییە و لێپرسینەوەی لێ دەکرێت؟ بێگومان ئەوە پێوەندیی بە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکەوە هەیە.

هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە لەکاتێکدا دەکرێن کە بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە خراپترین ئاستی خۆیدایە. لە ئاستی دەرەکیدا سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچە و جیهان کەمترین شەرعییەتی بۆ ڕێژیم لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نەهێشتۆتەوە و، لە ئاستی نێوخۆییشدا مودیرییەتی ناکارامە و نابەرپرسانەی ئابووریی وڵات، گەندەڵی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی ڕێژیم و ئابڵۆقە ئابوورییەکان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە لێواری هەڵدێران نیزیک کردووەتەوە. بێهیوایی خەڵک لە هێزە سیاسییەکانی نێو حاکمییەت، تێپەڕین نەک هەر لە ئیسلاحات بەڵکوو لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگەی لە دۆخێکدا ڕاگرتوە کە دەزانن ئەوەی چارەنووسیان دەگۆڕێ نەک سندووقەکانی دەنگدان، بەڵکوو سەرشەقام نێڵدانی کورەی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دژی ڕێژیمە. ڕێژیمیش بە هەستکردن بەو مەترسییە و بەپێی ئەزموونێک کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو وەری گرتوە و کاتێک دەزانێت هەتا خەڵک ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان وەرگێڕن شوێنی دیکە بۆ گەیاندنی دەنگ و ئیرادەی خۆیان هەڵدەبژێرن؛ هەموو زەرفییەت و توانای نەرمئامێری و ڕەقئامێریی خۆی لەسەر یەک داناوە - بە مەبەستی چەندلایەنە کە باس کرا- هەتا خەڵک بێنێتەوە سەر

سندووقەکانی دەنگدان؛ تەنانەت ئەگەر بە هەڕەشە و چاوترسێنکردنیش بێت.

ئێستا کە لە بەرەی دەسەڵاتدا هەموو تواناکان لە خزمەتی ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانە، لە بەرەی خەڵکدا چ باسە؟ ڕەفتاری خەڵک دەرکەوتەیەکی دی لە وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسییانە. ئەوان دەزانن کە شانۆی هەڵبژاردنەکان یەک ڕۆژە و هەتا خولێکی تر دەرگای لەسەر دادەخرێت. ئەوان دەزانن کە ئەو هەڵبژاردنانە لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەکانی بە ئیرادە و ویست و داخوازەکانی ئەوانەوە نییە. ئەوان دەزانن کە هەڵبژاردنەکان نەیانتوانیوە و ناشتوانن سەرچاوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک و وڵات بێت. ئەوان دەزانن کە هەندێ کرانەوەی کاتی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کچان و ژنان و باس و ڕەخنە لە دۆخی وڵات کایە بە شعوور و کەرامەتیانە و پێی تووڕەن. ئەوان دەزانن کە لە نەبوونی حیزبی سیاسیی بەرپرسیاردا کاندیداکان بەرنامە و پرۆژەیان نییە و وادە و بەڵێنیش تووریک ناهێنێ، هەروەها نە ئەو نوێنەرانە خاوەنی ئیرادە و گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی خەڵکدان و نە خەڵکیش میکانیزمێکی بۆ بەدواداچوونی مافەکانی هەیە و ئەوە دەمێنێتەوە نارەزایەتی و خۆپێشاندانە کە وەڵامی ئەوەش گرتن و کوشتن و ئاگر و ئاسنە.

لە ململانێی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەدا سەقبەندییەکە تەواو دیارە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای هەموو پرۆژەکانی خۆی گوتەنی "خالس‌سازی" بەڵام هاوبەشیی خەڵک و بەشداریی ئەوانیشی بۆ پلانەکانی بە هەموو نرخێک پێویستن. حاکمییەتی سیاسی دەزانێت وەرسووڕانی خەڵک لە هەڵبژاردن ڕووتێکردنە لە نارەزایەتی و سەرهەڵدان و خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام. دەزانێت چەندی بەشداریی خەڵک کەم بێت پتر دەبێتە هۆی تینگرتنی خەبات و ملبادانی مەدەنی. دڵنیایە و ئەزموونی کردوە کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان کەلێن و مەودای نێوان حاکمییەت و خەڵک هیندەی‌تر هەراوتر و شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیم لە هاوکێشەی دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی و تەنانەت "مەیدان"یش ئەوەندەی‌تر دادەبەزێنێت. لە بەرەی خەڵکیشدا ڕوونە کە نایانهەوێ دەسەڵات بەکاریان بێنێت و گاڵتە بە فام و شعووریان بکرێت. ئەوان نایانهەوێ بە بەشداریی خۆیان لەو شۆیەدا شەرعییەت بە دەسەڵاتی نەک ناکارامە و گەندەڵ، بەڵکوو دژبە هەموو ماف و بایەخە خەباتگێڕییەکانیان بدەن.

خەڵکی ئێران بەو ئاستە لە پێگەیشتوویی گەیون ئیزن بە ئاسایی‌سازییەکانی ڕێژیم نەدەن و دەیسەلمێننەوە کە دۆخی وڵات بۆ ڕووداوەکانی پێش بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ناگەڕێتەوە. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاقارێکدا ڕێیان بڕیوە کە نە هاندان و ڕێخۆشکەری و نە هەڕەشە و تۆقاندنەکان کاریگەرییان لەسەر

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

**خەڵكی هەیە و نە هەندێ وردەبابەتی ناوچەیی و تایفی و دەتوانن هیوابەخشی ڕێژیم بۆ گەرمكردنی بازاڕی هەڵبژاردن بن.**

**خەڵكی ئێران بە هەموو جۆراوجۆرییەكانیانەوە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە دەیسەلمێننەوە ڕێگە نادەن دەسەڵاتی دیكتاتۆریی كۆماری ئیسلامی سووكایەتی بە دێموكراسی و شعوور و كەرامەتی گەلانی ئێران بكات.**

**٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# مستەفا هیجری: دوورە دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک نزیکتر و بەرچاوترە




**دیمانە: عەلی بداغی**

## ئاماژە:

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا چلوپێنجەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی خۆی بەڕێوە برد و دەیهەوێ لە ١١ی ڕەشەمەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری هەم ڕەواییەتی درۆیین بۆ خۆی وەرگرێتەوە، هەم بە ئەندازیاریی ئەم دوو ناوەندە حکوومەتییە بناغەی دەسەڵاتەکەی قایم بکات. لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییە کەڵەکەبووەکان کۆماری ئیسلامی لە ناسەقامگیرییەکانی ناوچەدا بە سەری مارەکە دادەنرێ و پتر لە هەر کاتێک قەیرانخوڵقێنییەکانی ئەم ڕێژیمە ناوچەی بەرەوڕووی بشێوی و شەڕ کردوەتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەو دۆخە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات، ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان و دوورەدیمەنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەری وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.**

**عەلی بداغی**: کاک مستەفای بەڕێز خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەرەوە چییە؟ ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشانەدایە و کارتێکەریی ئەو دۆخە لەسەر پرسی کورد بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە و چ دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەمێژ ساڵە پڕاوپڕە لە کێشە و ناتەبایی، کێشەی تایفی، ئایینی، گەندەڵی، سەرەڕۆیی سیاسی و هەموو ئەو دیاردانەی لەدژی قازانج و بەرژەوەندیی دانیشتووانەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە. لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە کە بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسڕائیل و تۆڵەکردنەوەی ئیسڕائیل دەستی پێکرد و دەبینین ئێستا گەیشتۆتە کارەساتێکی مرۆڤی؛ وڵاتانی ناوچە زۆر نیگەرانن لەو وەزعەی هاتووەتە پێشێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی جیهانی دەیەوێ شەڕەکە کۆتایی پێ بێ و ئیسڕائیل لە تەنیشت وڵاتێکی فەلەستینی بەڕەسمی بناسرێ و دوولایەن بتوانن بەئارامی و بەئاشتی لە دراوسێیەتیی یەکتریدا بژی، بەڵام هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ڕێگاچارەیە سەر نەگرێ کە لەپێش هەمووماندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. چونکە کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا دەڵێ ئیسڕائیل وڵاتێکی جەعلییە و دەبێ تێکەوەپێچرێ. بێجگە لەوە حەماس کە یەکێک لە دەستپەروەردەکانی ڕێژیمی ئێرانە و چەک و پارە و ئیمکاناتی لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ دابین دەکرێ، ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ ئیسڕائیل لەبەین بچێت. بۆیە لە واقعدا زەمینەی ئەوەیکە وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشتی ئیسڕائیل پێک بێت بۆ ئەوەیکە ئەو کێشانە بۆ هەمیشە کۆتاییان پێ بێت دوورەدیمەنێکی زۆر نزیک نییە، بەتایبەت ئەگەر دیققەتمان کردبێ ئێستا لە ئیسڕائیلیش بۆ خۆی حکوومەتێکی ئێستا دەستی ڕاستی لەسەر کارە و ئەوانیش بەهیچ جۆر هەتا ئێستا ئامادە نەبوون خۆیان لەو ڕێگەچارەیە بدەن. کەوابوو هۆکار بۆ ئەوەیکە ئەو شەڕە درێژتر بکێشێت و لە شکڵی جۆراوجۆردا بەردەوام بێت زۆرن. ئەوەش کە ئێران لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدایە دەتوانم بڵێم ئێران چەقی کێشەکانە. چونکە مەسەلەی ئیسڕائیل و لەبەینبردنی دەوڵەتی ئیسڕائیل یەکێک لە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمە و ئەو گرووپە نیابەتییانەش کە پێکیان هێناوە و ساڵانێکی زۆرە تەیاریان دەکات، وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، حوسییەکانی یەمەن، ئەوانیش ئێستا بە شێوەیەک لە شەڕەکەدا لە دژی ئیسڕائیل بەشدارن. دوای چەندین مانگ لەو شەڕە دەبینین هەتا ئێستا هێزەکانی ئیسڕائیل ژمارەیەکی بەرچاویان کوژراون، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی غەزە تێداچوون و یەکجار زۆر برینداری شەڕ هەیە و وڵاتێک کە وێران بووە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاستیدا بێجگە لە چەند کەسێک لە فەرماندەکانی کە بەهۆی هێرشەکانی ئیسڕائیلەوە کوژراون زەرەرێکی دیکەی ئەوتۆی نەکردووە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی هەتا بەرژەوەندییەکانی بخوازێت ئەوە شەڕە درێژ دەکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەم نین ئەو ستراتیژیست و چاودێرە سیاسییانەی پێیان وایە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە نەزمی جیهانی و نەخشەی سیاسیی وڵاتان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک چەقی ئەو ڕووداوانە لە بەردەم ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیدایە. بەڕێزتان ئەمە بە دەرفەت بۆ پرسی کورد، بەتایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینن یان هەڕەشە؟

**مستەفا هیجری**: لە سەرەتادا کە شەڕەکە دەستی پێکرد ئەو گومانە بەهێز بوو کە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەڕێوەیە، بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی نزیک بە پێنج مانگ لەو شەڕە تێدەپەڕێ ئەوەیکە هەم بە قسە و هەم بە کرداری کۆماری ئیسلامی و لە خودی ئیسرائیل و لە ئەمریکا کە پشتیوانی یەکەمە بۆ ئیسرائیل لە هەمووی ئەوانە بیستوومانە و دیتومانە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربڵاوتر نەبێتەوە و وڵاتانی دیکەی تێوە نەگلێن. ئەوەش کە لە حەماس، حوسییەکان، یا هێندێک لە هێزەکانی نیابەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەشدارییەکی کەمیان بە هاویشتنی درۆن و مووشەک کردوە، بەڵام ئەوانە هیچکام هۆکار نین بۆ ئەوەی شەڕەکە بەربەرینتر بێتەوە؛ چونکە کۆماری ئیسلامی ترسی لەوە هەیە ئەگەر لەوە بەرینتر بێتەوە زەبری قورس بخوا و لە ئێستادا بە هیچ جۆر ئامادەیی ئەو شەڕەی نییە و توانای نییە بیباتە پێشێ. هەڵبەت بۆ ئیسرائیلیش کارێکی بەزەحمەتە کە لەوە زیاتر ئەو شەڕە درێژ بێتەوە، هێزەکانی زۆر ماندوون و حەولەکە ئەوەیە هەر بەو شکڵە بمێنێتەوە. تەنانەت دەگوترێ کە لەوانەیە لە مانگی ڕەمەزاندا شەڕەکە کۆتایی پێ بێ، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئیسرائیل لەو شەڕەدا چەندە بەو مەرجانەی داینا‌وە پێی دەگات. بەڵام بەگشتی لام وایە مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئەو شەڕە بە شێوەیەک کە وڵاتی ئێرانی بەتەواوی تێوەگلێ و ئیسرائیل بەرەیەکی فراوانتر لەو شەڕەدا بکاتەوە بەزەحمەتی دەبینم.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا چەند ڕۆژ لەوەپێش کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی تێپەڕ کرد. لەو پێوەندییەدا پرسیار دەکەم دەستکەوتەکان و خەسارەکانی شۆڕشی ٥٧ بۆ خەڵکی ئێران چی بوون؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ دەسکەوتێک نییە هەتا قسە لێ بکەین، بەڵام خەسارەکانی بێسنوورە. بەشێک لەو قەیران و خەسارانەش کە دەیبینین هێشتا ئەوە تروو‌پکی کێوە سەهۆڵەکەیە و ئەوەی دیکە دیار نییە و تەنانەت ڕەنگە هەتا ڕووخانی ڕێژیمیش نە بۆ خەڵکی ئێران و نە بۆ دنیا دەرنەکەوێ کە ڕەهەندەکانی ئەو خەسارەتە کە لە باری ژینگەیی و مرۆییەوە لە ئێران کەوتووە چەندە زۆر و گەورەیە. لە باری دەستکەوتیشەوە ئەو شۆڕشە نەک هەر دەستکەوتی نەبووە بەڵکوو ئەگەر پێشتر خەڵکی ئێران لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان توانیبوویان هێندێک ماف و دەسکەوت بەدەست بێنن، ئەو دەسکەوت و مافانەشیان لە دەست چوو. بۆ نموونە لە بابەت مافەکانی ژنان، کەمایەتییە

ئایینییەکان و لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیدا کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەوانەشی لە چەنگی خەڵک دەرهێنایەوە.

**عەلی بداغی:** ئەدی جەنابت قەبووڵتە کە بڵێین ڕەنگبێ تەنیا دەستکەوتی ئەم شۆڕشە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، بەڵام بە ئامانجەکانی شۆڕش کە دابینبوونی کۆمەڵێک ماف بوو نەگەیشت؟

**مستەفا هیجری:** ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ناو و عینوانی حکوومەتەکانم زۆر بۆ مۆهیم نییە، گرینگ نێوەڕۆکەکەیەتی. حکوومەتی پاشایەتیی دەتوانێ دێموکراتیک یان دیکتاتۆری بێت، ئەمە هەر ئێستاش لە زۆر وڵاتی دنیادا دەیبینین. بۆیە جمهووریش هەر بەو شکڵەیە. کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکوومەتێکی جمهووری دەزانێ بەڵام هیچ نیشانەیەک لە جمهووریبیەت، لە ئیرادەی خەڵک و هاوبەشیی خەڵک لەو حکوومەتەدا نابینی. بۆیە تەنیا ئەوە کە حکوومەتی شا ڕووخا و حکوومەتێکی بەناو کۆماری جێی گرتەوە ئەوە بە دەستکەوت نازانم. ڕاستە ڕێژیمی پەهلەوی ئازادییەکانی بەرتەسک کردبۆوە و ئازادیخوازانی سەرکوت دەکرد و بەڕاستی خەڵکی ئێران هەڵەی نەکرد لەوەدا کە شۆڕشی کرد، بەڵام مەبەست لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەوی ئەوە نەبوو حکوومەتێکی وەکوو ئەوەی ئێستا بێنێتە سەر کار. خۆ ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش قەبووڵ کرا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببێتە شێوەی حکوومەتداری، ڕاستییەکەی ئەوە بوو هیچ کەس تەجرووبەی لەوە نەبوو. ڕەنگبێ تەنیا دەسکەوتێک لەو شۆڕشەدا ئەوە بێت خەڵکی ئێران کە حکوومەتی پاشایەتییان دیتبوو، حکوومەتی ئیسلامییشیان تاقی کردوە و دەتوانم بڵێم لەوە بەدوا ئیدی حکوومەتی ئیدئۆلۆژیک لە ئێراندا نابینین.

**عەلی بداغی:** پشکی کورد لە ئێران لە ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا چی بووە؟

**مستەفا هیجری:** لە ڕاستیدا بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو خەڵکی ئێران زەرەری کردوە، بەڵام ئەو خەسارەی بەر کورد کەوتوە و قوربانیدانی خەڵکی کورد لە ڕەوتی خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر زیاترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە تەنیا لە یەکساڵەی بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم ٤٩٧ کەس لە خۆپیشاندانەکاندا کوژران کە ١٤٨ کەسیان کورد بوون کە ئەو ژمارەیە لە کوژراوانی کورد بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی کورد لە ئێران ئامارێکی یەکجار زۆرە. لە گرتن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتی خەڵک، بێبەشکردنیان لە بوودجەی گشتی، دواخستنی کوردستان لە ئاوەدانی و پەرەسەندنی ئابووری، لەو جیاوازیدانانەی زۆر بەئاشکرا نەک هەر ئەوانەی لە قانوونی ئەساسیدا بەڕەسمی کراون بەڵکوو لەوەش زیاتر کە بە نایاساییش جیاوازی دادەنرێ لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە؛ بەپێی زۆر فاکتەر کورد لە زیان و خەسارەکانی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاترین بەشی بەرکەوتوە و کورد گوتەنی پشکی شێری پێ بڕاوە. هەڵبەت هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ کورد

بەشێوەیەکی پەیگیر و بەبێ دوودڵی دژی ڕێژیم خەباتی کردوە و ئەو خەبات و تێکۆشانەی درێژە داوە. لەبیرمانە سەردەمانێک هێندێک لە خەڵکی ئێران وێنەی خۆمەینیان لە مانگدا دەدیت و تەقەددۆسێکی ئاسمانییان پێ دابوو و بەو جۆرەی ڕاگەیەندرا لە ڕێفراندۆمەکەدا سەتا ٩٨ی خەڵکی ئێران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا. بەڵام کورد دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و سەنگەری خەباتی هەڵبژارد، چونکی دەیزانی ڕێژیمێکی بەو نێوەرۆکە ناتوانێ ئازادیی گەلانی ئێران و مافە ئینسانییەکانیان دابین بکا. بۆیە لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو خەباتە هەم ڕەهەندی ئاگایی و وشیاریی پتری وەرگرتوە و هەمیش ڕادیکاڵتر بووە کە ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینادا دیت.

**عەلی بداغی:** لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورا و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەبات. گرینگیی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ کۆماری ئیسلامی لە چیدایە؟ ئایا ئەوەندەی ئەو هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم گرینگە بۆ خەڵک مەوزووعییەتی هەیە؟

**مستەفا هیجری:** نەخێر ئەو هەڵبژاردانانە بۆ خەڵک گرینگ نییە، چونکە ئێستا ئیدی کەلێنی نێوان ڕێژیم و خەڵک زۆر گەورە بووەتەوە حاڵەتێکی وا هاتۆتە پێشێ هەرچی لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕێژیم بێت ئەوە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێرانە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا شانۆیەکی هەڵبژاردن بەڕێوە ببات لە واقعدا تەنها بۆ پاراستنی شکڵی ئەوەی کە ناوی ناوە جمهووری بۆ ئەوەیەتی و دەیهەوێ بەتایبەت بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێ لە ئێران هەڵبژاردن دەکرێ و خەڵک نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێردرێن و ڕێژیمەکە پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە. دەیهەوێ کۆمەڵێک خەڵک لەسەر سەندووقەکانی دەنگدان کۆ ببنەوە تەنیا بۆ ئەوەی لە چاوی کامێراکانەوە پێشانی بدا خەڵک ڕەوایی بەو حکوومەتە دەدەن و تێیدا بەشدارن. دەنا بەپێی ئایدۆلۆژیی دینیی خۆیان ئەمە حکوومەتێکی ئاسمانییە لەسەر کارە و خەڵک تەنیا وەزیفەیانە ئیتاعەت بکەن. ئەو دامودەزگایانەش دایانمەزراندونە کە یەک لەوان مەجلیسە، لە واقعدا فەقەت بۆ ئەوەیە ڕەسمییەت بدا بەو بڕیارانەی لە سەرەوەی مەجلیسی شورای ئیسلامی دەدرێن، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی وەلیی فەقیهەوە. تەنیا بۆ ئەوەی بڕیارەکانی ئەوان لایەنی قانوونی پێ بدرێت و بەسەر خەڵکیدا بسەپێندرێ. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنانە بەناو هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنی خەڵک نییە، هەڵبژاردنی حکوومەتە. حکوومەت نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ و نوێنەرەکانی خۆیشی لەپێشدا لە ناوەندێکی دیکە بەناوی شورای نیگابان هەڵبژاردون و لە بەردەم خەڵکی داینـاون هەتا خەڵک لەنێو ئەوانەدا هەڵبژێرن و هەموو ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن نەک هەڵبژاردەی خەڵک، بەڵکوو هەڵبژاردەکانی نیزامی سیاسیین. لەلایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی قەتیان نەشاردۆتەوە بۆ ئەوان دەنگی خەڵک ئەهەمییەتێکی نییە. لەبیرمانە ماوەیەک لەوە پێش کە باسی ڕێفراندۆم هاتبووە گۆڕێ، خامنەیی بەئاشکرا

لە دانیشتنێکدا ڕایگەیاند بۆ مەگەر خەڵکی ئێران ئەوەندەیان تێگەیشتن و لێکدانەوە هەیە بێن لە ڕێفراندۆمدا بەشدار بن؟ پێشتریش بۆ نموونە کاتێک ئەحمەدینژاد بۆ دەورەی دووهەم بە ساختەچێتی لە پۆستەکەی داندرایەوە و خەڵک هاتنەسەر شەقام، بە خەڵکەکە گوترا "خەس و خاشاک!"

بەکورتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ئیحتیاجێکی بە دەنگی خەڵک نییە، چونکە باوەڕیان وایە هەڵبژاردەی ئاسمانن و خەڵک فەقەت دەبێ ئیتاعەت بکەن، بۆیە خەڵک نابێ لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار بن، چونکە ئەگەر بەشدار بن خزمەتیان بە بەرەوپێشچوونی ئەو ئیدئۆلۆژییە کردوە و تەمەنی ئەو کارەساتانەیان درێژ کردووە کە تاکوو ئێستا هەر لەژێر چاوەدێری ئەو جۆرە مەجلیس و ئەو شورای نیگابان و باقی دامودەزگاکاندا ڕوویان داوە. دیارە ئەوەش هەیە کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ڕێژیم لە باری ئەوەی خەڵک زۆرتر بتوانن بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکانی پێشووش گرینگترە. چونکە لەلایەکەوە لە بزووتنەوەی ژیناوە خەڵک بەتەواوی ڕووی قسەیان خستە سەر ناوەندیی بڕیار لە ئێران کە خامنەیییان مەبەست بوو و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دا. بۆیە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە ئێستا بە شێوەیەک بیسەلمێنێ مەشرووعییەت و ڕەوایی دەسەڵاتەکەی هەر لەجێی خۆیەتی و لەوەش بەتەواوی دەترسن و دەزانن کە بەشداریی خەڵک یەکجار لانیکەمی دەبێت.

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردوە؟ بۆچی پێتان وایە بەتایبەت خەڵکی کوردستان نابێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن؟

**مستەفا هیجری**: هەر وەک پێشتریش باسم کرد ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک نین، بەڵکوو هەڵبژاردنی کەسانێکن کە لە مەجلیسدا بڕیارەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بۆیە وەختێک هەڵبژاردنی نوێنەری خەڵک نییە خەڵکیش نابێ بەشداری بکەن. بێجگە لەوە لە بنەڕەتدا دەنگی خەڵک لەو سیستمەدا هیچ کاریگەری و شوێندانەرییەکی نییە و خەڵکیش ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە و لەسەر ئەوە باوەڕن کە نابێ بەشدار بن. بۆیە خەڵک نابێ بەشداری ئەو دەنگدانە بن، تەنانەت ئەگەر قەرار بێت دەنگی سپیش بدەن هەر نابێ بچنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی نەبنە ئامرازی تەبلیغات بۆ ڕێژیم و شانۆگەرییەکەی.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەگەر بابەتی هەڵبژاردنەکان بەجێ بێڵین، شۆڕشی ژینا وەک خاڵگۆڕانێک لە مێژووی نارەزایەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی چ داهاتوویەکی خستووەتە بەردەم خەڵک و حیزبە سیاسییەکان؟ خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان بەتایبەت دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چییە؟

**مستەفا هیجری**: دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ خەڵک هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕێژیمە شارەزا بوون و بەرەبەرە لێی کشاونەتەوە و لێی دوور کەوتوونەوەتەوە. خۆ ئەگەر هەتا جووڵانەوەی ژیناش ژمارەی کەسانێک هەبوون کە باوەڕیان وابوو ئەو ڕێژیمە دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێ، یان کاتێک ڕێژیم لەنێو قۆڵەکانی خۆیدا دوو جەمسەرییان ساز دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، یان لەو شوێنانەی پێکهاتەی حەشیمەتەکەیان لە نەتەوە جیاوازەکان بوون هیندێک بابەتی دیکەیان بۆ دنەدانی خەڵک بۆ بەشدارییان دەوروژاند، ئەمە کۆتایی هاتوە. لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە چەندین شاری ئێران خۆپێشاندان کراوە، خەڵک لە هەموو سینفی جۆراوجۆر ناڕازین. بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو کە بزووتنەوە خەڵکی لەو تەوەهووماتی ئیسلاحتەڵەبی هێنایە دەر. خەڵکی یەکدەست و یەکپارچە کرد و ئەو پەیامەی دا کە هەموو ئەو قەیران و کارەساتەی بەسەر خەڵکی ئێران هاتوە، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کۆتاییان دێت. بۆیە خەڵک ڕەئسی هێرەمەکەی کردە ئامانج و بینیمان لە جووڵانەوەی ژینادا سیمبولەکانی ڕێژیمیان هێنایە خوارێ و شکاندیانیان و ئاوریان تێبەردان. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر پێش بزووتنەوەی ژینا خەڵک لە دڵی خۆیدا دژی ڕێژیم بوو بەڵام بەو سەراحەت و ڕوونییە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و خامنەیی قسەیان نەدەکرد؛ بەڵام لە بزووتنەوەی ژینادا ئیدی ئەو پەردانە نەمان. بزووتنەوەی ژینا هەم بۆ خەڵکی ئێران و هەم بۆ خەڵکی دنیای سەلماند کە تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی ئێران ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک وەدی دێت.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو فۆڕمە لە خەباتی نێوخۆی کوردستان چییە؟ ئەوەی ئێمە لە ناشتنی سێ شاخەوانەکەی نەغەدە و وەرزشکارەکەی خەڵکی سەقز بینیمان، ئەوەی ڕۆژانە لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەیانبینین؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن پێم وابێ لەگەڵ ئەوەیکە ئەو شێوە خەباتە ڕیشەدارە و پێشتریش لە نێو کوردستاندا شکڵی گرتبوو، بەڵام بزووتنەوەی ژینا ئەوەی بەهێزتر کرد بەو مانایە کە بە خەڵکی نیشان دا خەڵک دەبێ یەکپارچە و یەکدەنگ بێ لە هەموو ڕووداوەکاندا. خەڵک بەو قەناعەتە گەیشت تەنیا خۆیەتی کە دەبێ فریای خۆی بکەوێ و پێش ئەوەی چاوی لە وڵاتانی دەرەوە بێ ڕزگاری بکەن یا هەر هێزێکی دیکە یارمەتیدەری بێت، بۆخۆی دەبێ یەکگرتوو بێت. ئێمە لەو ساڵ لە کوردستان ئەوەمان هەم لەو چەند ڕووداوەدا کە ئاماژەتان پێ کرد دیت کە پێشتریش نموونەی ئەوانەمان بۆ نموونە لە بوومەلەرزەکەی کرماشان یان ڕووداوەکانی ژینگەپارێزیدا دیتبوو. ئەمن پێم وابێ ئەوە بەنرخترین دەرس و ئەزموون بوو کە خەڵک فێری بوون ئەوە ڕێگایەکی تازەیە کە بە خەڵکی نیشان دا دەبێ لەوە بەدواش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان

ئەو ڕێگایە بەر نەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێوەندیی نێوخۆیان بەهێزتر و بەتواناتری بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک کۆبەندی باسەکەمان و دواپرسیار، کاک مستەفا بفەرموون لە دۆخی ئێستا و لە فازی نوێی خەبات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی خەڵک، ئەرکی ڕێکخراوەکان، ئەرکی حیزبە سیاسییەکان یان بەگشتی نەخشەڕێی خەباتی ئێستا و داهاتوومان چییە؟

**مستەفا هیجری**: هەروەک باسم کرد ئێستا دوای ٤٥ ساڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران لەو تەوەهۆم و دوودڵی دەرهاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ لە نێوخۆیدا ئیسلاح بکرێت یا بە قازانجی خەڵک ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. ئێستا خەڵک یەکدەنگ دەڵێن ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوات و کۆماری ئیسلام بۆخۆیشی ئەو پەیامەی وەرگرتوە. بۆیە ئەوەندە ترسەی لە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕێ‌نیشتوە کە بە هەموو شێوەیەک خەریکە سەرکوتی دەکات. ئێمە دەبینین لە گرتنەکان، لە ئەشکەنجەدانەکان و جۆرەها سەرکوت کە تەنیا بە عەقڵی ناقسی کۆماری ئیسلامی دەگات کە لەگەڵ خەڵک بیکات، وەکوو ئەوەیکە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان منداڵانی قوتابخانەکانی ژارخوارد دەکرد و زۆر شتی دی کە ناچمەوە سەری. مەسەلەکە ئەوەیە خەڵک ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر و ئەو ڕێگەیە دەبێ درێژە بدات و نابێ کۆڵ بدات.

ئەگەر ئێستا هەموو شانازییەکی ڕێژیم بەوەیە مووشەکی هەیە و بەوە درواسێییەکانی دەترسێنێ، دەمەوێ ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی خۆشەویست و تێکۆشەری کوردستان بدەم ئەوانە هیچی نیشانەی بەهێزی و بەتوانایی ڕێژیم نییە، بەڵکوو هەمووی لە ترسانە و کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە گیانەڵڵا و دوا پەلەقاژەکانی مانی خۆی دەکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان زۆر باش دەزانن کە چەندە لاوازن و فەقەت لە هەمبەر خەڵکدا بە سەرکوت بەهێز دەنوێنن. چونکە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هەموو ئەوەی ئیسرائیل لە غەزە لە دژی حەماس دەیکا و خەریکە یەکێک لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەفروتوونا دەکات، کەچی کۆماری ئیسلامی بەو حاڵەشەوە ئەو جورئەتە بە خۆی نادا بەشێوەی ڕاستەخۆ بچێتە نێو ئەو شەڕەوە. چونکی دەزانێ بەرگە ناگرێ و پشتیوانیی خەڵکی وڵاتی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە من دەگەڵ هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی هاتووە و دەگەڵ ئەو هەموو ژیانە ناخۆشەی خەڵکی ئێران لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە هەیانە؛ بەڵام من لە ئێستادا دوورە دیمەنی سەرکەوتنی خەڵک بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو کاتێک نزیکترە.

٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## ئیسپانیا؛ دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست




**بەڕێز جەنابی سەرۆک!**
**ئەندامانی بەڕێزی دەستەی سەرۆکایەتی!**
**بەشدارانی هێژای کۆبوونەوەی ئینتێرناسیونالی سۆسیالیست!**

خۆشحاڵم لەو کۆبوونەوە گرینگەدا وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێرە لەگەڵ ئێوەم. لە هەمان کاتدا، پێمخۆشە کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرم و بە کورتی دوایین ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و ئێران و پرسی کورد بەتایبەتی لەگەڵ ئێوە باس بکەم.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی دەرەوەی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە پاڵنەری سەرەکیی میلیشیا و هێزی بەکرێگیراوی جۆراجۆرە، دەورێکی حاشاهەڵنەگری لە ناسەقامگیریی هەنووکەیی هەرێمی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە.

لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو سامانەکانی بۆ دەستێوەردان و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ بەکار هێناوە، تەنیا بەو مەبەستە کە ئەجێندای خۆی جێبەجێ بکات کە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژییە بناژۆخوازییەکەی و خولیا مەزنیخوازانەکەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە.

بێگومان، بێتوو ئێران ڕێژیمێکی دێموکراتیکی هەبا، نە تەنیا وڵاتەکە لە هەموو جۆرە قەیرانی نێوخۆییدا نوقم نەدەبوو، بەڵکوو هەروەها نەدەبوو بە سەرچاوەی ناسەقامگیریی ناوچەیی و هەڕەشەیەک بۆ ئاشتیی جیهانی.

## هەڤاڵانی هێژا!

ئەگەرچی نارەزایەتی دژی ڕێژیمی ئیسلامی بە شێوەی بەردەوام ڕوویان داوە، بەڵام جووڵانەی نارەزایەتی لە دەیەی ڕابردوودا و بە تایبەت ئەوەی ساڵی ڕابردوو ڕووی دا کە زۆرتر بە نێوی جووڵانەوەی ژینا ناسراوە، بە دروشمە ناسراوەکەی لە سەرانسەری دنیا واتە ژن، ژیان، ئازادی، بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و گورزێکی مەزنی لە ڕەوایی ڕێژیمی ئیسلامی وەشاند .

داوا سەرەکییەکانی ئەو جووڵانەوەیە دەستەبەرکردنی ئازادیی سیاسی و مافە مەدەنییەکان، دانپێدانان و دەستەبەرکردنی مافەکانی گرووپە ئەتنیکییە سەرکوتکراوەکان و تێپەڕین لە سەرەڕۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتدارییەکی سیاسیی فرەلایەنە. جێگای ئاماژەیە کە وڵامی ڕێژیم وەک هەمیشە سەرکوتی دڕندانە بوو، بەتایبەتی لە کوردستان وەک ناوچەی سەرەکیی جووڵانەوەی ژینا. سەدان کەس، لە ناویاندا لاوانی کەم تەمەن و ژنان کوژران، هەزاران کەس بریندار بوون لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم نزیکەی ٩٠٠ کەسی لە سێدارە داوە، بەشێکیان ئەو کەسانە بوون کە لە ماوەی جووڵانەوەی ژینادا دەسبەسەر کرابوون.

## هەڤاڵانی بەڕێز!

دڵنیام ئێوە هەموو ئاگاداری جووڵانەوەی سیاسیی کوردان لە ئێران بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی هەن. ئێوە هەروەها ئاگاداری ئەو قوربانیدانە مەزنانەی حیزبی ئێمە لە ماوەی خەبات بۆ دێموکراسی و مافەکانی گەلی کورد لە ئێران هەن. ئێمە نە تەنیا دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکمان لەدەست دان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کران، بەڵکوو هەروەها کەوتینە ژێر هەڵمەتی تێرۆرکردن لە وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت لە

ناوجەرگەی ئورووپا. کوردستان لەلایەن ڕێژیمەوە مێلیتاریزە کراوە، لایەنگران و ئەندامانمان دڕندانە سەرکوت، زیندانی و ئیعدام کراون. بنکەی سەرەکیمان لە هەرێمی کوردستان (باکووری عێراق) بە هاژەکی زەوی - بۆ - زەوی و درۆنی خۆتەقێنەوە کەتوونە بەر هێرش و لە ئاکامدا قوربانیمان داوە، کە لە ناویاندا ژن و منداڵ هەبوون.

**نوێنەرانی بەڕێزی حیزبەکانی ئەندامی ئینترناسیۆنال سوسیالیست!**

پێمخۆشە کەڵک لە دەرفەت وەرگرم و داواتان لێ بکەم کە لە بەرانبەر ئەوەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگوزەرێ بێ تەفاوەت نەبن و دەورێکی کاریگەرتر لە پشتگیری لە خەباتی ڕەوای کوردان و گەلانی دیکە بۆ دروستکردنی ئێرانێکی سەقامگیر و دێموکراتیک بگێڕن.

لەبەر ئەو هۆیە، بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، داوا لە حیزبە دەستەخوشکەکانمان لە ناو ئینتێرناسیونالی سۆسیالیست دەکەم، بەتایبەتی ئەو حیزبانەی لە دەسەڵاتدان، کە ئاڵوگۆڕەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە جیددی وەرگرن و پشتیوانی لە جووڵانەوە دێموکراتیکەکان لە ناوچە بەگشتی و بەتایبەتی لە ئێران بکەن.

**سوپاس بۆ کاتەکەتان!**

**نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئینتێرناسیونالی سۆسیالیست**

**٢٤ی فێوریەی ٢٠٢٤**

**٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

## یارانی کۆماری ئیسلامی، لە شاڕلاتانەوە هەتا پەرەستوو" و پۆرن ستارەکان




**ڕەزا دانشجوو**

کۆماری ئیسلامی کە بە بەڵێنی بووژاندنەوەی ژیانی ئەم دنیا و گەیاندنی خەڵکی ئێران بە پلەی بەرزی ئینسانی و دەستەبەری ئەو دنیای دیکەشیان هاتە سەر کار، زۆر زوو نیشانی دا نە لە سیاسەت هیچ دەزانێت نە لە دینداری. خومەینی و ڕێژێمەکەی لەسەر بنەمای تیۆریی "اقتصاد مال خر است" نەک هەر ئێران بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی خستە دونیایەکی ڕەش و تاریک.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا هیچ تێگەیشتنێکی لە جیهانی نوێ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نییە. بارودۆخی ئابووریی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر بوو تا گەیشتە ئەم ئاستە کە بەشێک لەو خەڵکە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە تەنانەت ئینتیمایان بۆ ڕێژیمی پێشوو بێت کە لە ناکارامەیی و جینایەتدا کۆماری ئیسلامی ڕووی ئەوانی سپی کردوە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە شوێن بیانویەک بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکان هەمیشە باس لە هۆکاری دەرەکی دەکات. زەمانێک شەڕ و زەمانێک گەمارۆ و ئابلۆقەی ئابووری.

شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەرفەتێک بوو بۆ ڕێژیم تا بۆ ماوەیەک بە ناوی بەرگری لە خاکی ئێران ئابووریی لاواز و گەندەڵی و ناکارامەییەکانی بشارێتەوە و بە ناو بەربەرەکانی لەگەڵ سەدام خۆپارێزیی ئابووری و سیستەمی کۆپینی بەسەر خەڵکی ئێراندا بسەپێنێت. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ، خەڵک چاوەڕێی باشتربوونی دۆخی ئابووری بوون، بەڵام دەستێوەردانی سپا و کارتێلەکانی هیچ کات دەرفەتیان نەدا تا ئابووری ولات گەشە بکات. ئاشکرابوونی هەوڵە نهێنییەکانی ڕێژیم بۆ بەدەستهێنانی بۆمبی ناوەکی کە بوو بە هۆکاری گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، ژیان و گوزەرانی خەڵکیان زۆر خراپتر کرد و دۆخی ناسەقامگیری ئابووریی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێر برد. ئێستا و لە ٤٥مین ساڵوەگەڕی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه بو هەموو خەڵکی ئێران ئاشکرا بووە کە بەڵێنییەکانی خومەینیی دەجال جگە لە تاقمێک درۆ و قسەی بێبنەما هیچی تر نەبووە. بەڵام بەداخەوە ئەمە تەواوی ئەم چیرۆکە تاڵ و ڕەشە نەبوو، کۆماری ئیسلامی تەنیا دونیا و ئابووریی خەڵکی ئێرانی وێران نەکرد، بەڵکوو باوەڕ و ئیمانی خەڵکیشی تێدا برد.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە یاسای ساختە و دەستکردی حیجابی زۆرەملێ و قەدەغەکردنی بەشێکی زۆر لە ئازادییەکانی گشتی دەستی کرد بە هێرشکردن بۆ سەر ژیانی ئاسایی خەڵک. کەشوهەوای تاریک و ڕەش و ململانێی کۆمەڵایەتی لە دەیەی شەستی هەتاوی لە ئێراندا ناتوانرێت بەراورد بە هیچ وڵاتێکی دیکە بکرێت. بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی "ثارالله" و "خواهران زینب" کە لەلای وان هەر شتێک لە مەشروب تا کایەی وەرەق دژایەتیکردنی حکوومەتی ئیسلامییە و زیندان و قامچیلێدان ئاکامەکەیەتی، تەنیا کەسانی نێو شەقامە سارد و تاریکەکانی ئەو کاتی ئێران بوون. لە یادی زۆرێک لە منداڵانی ئەو سەردەمەدا قامچیلێدان و لە سێدارەدان لە شەقامەکانی شار تاکە یادەوەرین. مرۆڤ لە چاوی کۆماری ئیسلامیدا بوونەوەرێکی بێئیرادە و بێمافی نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە حکوومەتە. شیعەی دەستووری ئاخوندی تەنیا ئەو گێڕانەوەیەیان قبووڵ بوو کە خۆیان پێناسەی کردبوو. نەک هەر کەسانی بێباوەڕ بە دین ، بەڵکوو زۆرێک لە باوەڕدارانی ئایینەکانی تر یان تەنانەت موسڵمانانی سوننە و ئەو شیعەیانەی کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی وەلایەتی فەقی نەبوو، خرانە ژێر فشار، زیندانیکردن و لەسێدارەدان.

سەرەتای حەفتاکانی هەتاوی خاڵی وەرچەرخانێک بوو لە کۆمەڵگەی ئێراندا، لە سایەی هەندێک بزووتنەوەی نارەزایەتی لە زانکۆکان، خەڵکی ئێران توانیان کەسایەتیی ئینسانیی خۆیان پێناسە بکەنەوە و بەرەنگاری نۆرمە ساختەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. بەرە بەرە کۆماری ئیسلامی ئاگاداری ئەم واقیعە بوو کە ناتوانێت چی تر کۆمەڵگە بە تاقمێک یاسا و نۆرمی ساختەی داسەپاو ئیدارە بکات. هەڵبەت ئەمە بە مانای پاشگەز بوونەوەی ڕێژیم لە سیاسەتەکانی ڕابردوو نەبوو، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی توانایی بەربەرەکانی زیاتری خەڵکی نەمابوو. ئێستا کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە جاران خۆی بە

تەنیا دەدیت. کۆماری ئیسلامی ئەم جار بێهیوا لە خەڵک دەستی ڕەفاقەتی بۆ لات و چەقۆکێشەکان درێژکرد.
بەکرێگیراوانێک کە جگە لە پارە هیچ شتێکی تر لەلایان گرینگ نەبوو، و دیارە هیچ مەترسییەکیشان بۆ ڕێژیم نەبوو. سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ سەرەتای هاوکاریی ڕێژیم لەگەڵ ئەم بەکرێگیراوانە بوو. ئەگەرچی ئەو دۆستە نوێیانە باوەڕیان بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵام لە کاتی تەنگانەدا دەتوانن یارمەتی کۆماری ئیسلامی بدەن هەڵبەت بۆ سەرکوتکردن و کوشتنی خەڵکی بێتاوان.
چ لە کاتی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ و چ کاتی خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی ژینا، بەکرێگیراوە لات و چەقۆکێشان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە سەرکوتکردنی و کوشتنی خەڵکی نارازیی سەر شەقامەکان هەبوو.
ئەو وێنانەی کە دواتر بڵاو کراونەوە و ڕوونکردنەوەکانی تاقمێک کەسی نزیک لە دەسەڵات دەریانخست کە دۆستایەتیی جەماعەتی شارڵاتان و کۆماری ئیسلامی نە تەنیا کاتی نییە بەڵکوو لەسەر بنەمای پلانێکی درێژخایەن و پێشوەختە دامەزراوە. بەشێکی تری ئەم هاوکارییە لە کاتی شەڕی نێوخۆ لە سوریە ئاشکرا بوو. کاتێک کۆماری ئیسلامی تاقمێک ئەفغانیی نێو زیندانەکانی ناوخۆی ئێرانی لە لیوایەکی تایبەت لەژێر ناوی لەشکری" فاطمیون" بۆ شەڕ و وەک بەکرێگیراوانی بەوەکالەت بە بەڵێنی ئازادکردن و پێدانی ڕەگەزنامەی ئێرانی ڕەوانەی سووریە کرد.

هاوکارییەکی دیکەی جەماعەتی شارڵاتان (اراذل و اوباش) لە کاتی یارییەکانی تۆپی پێدا لە ڕۆڵی لیدێری لە یاریگاکاندا دەبینرێت. بارودۆخی ساڵانی ڕابردوو لە زۆرێک لە یاریگاکانی تۆپی پێ، زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ کۆماری ئیسلامی، کە ئەو یاریگایانە بوونەتە شوێنێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕێژیم و گوتنی ئەم دروشمانەی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە وەک هێڵی سووری دیاری کردوون. ئەم پرسە زیاتر لە یارییە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت لە دەرەوەی ئێراندا دەرکەوت، کاتێک کە کۆماری ئیسلامی لە ترسی گرتنی کەشوهەوای یاریگاکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، هەوڵی دا بە ڕێکخستنی هاندەرانی حکوومەتی و هاوکاری ئەم لات و بەرەڵڵایانە وەک لیدەر وێنەیەکی ساختە لە نێوخۆی ئێران پیشانی جیهان بدات.

دەیەی نەوەدی هەتاوی سەرەتایی هەوڵێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ نیشاندانی وێنەیەکی بەڕواڵەت دێموکراتیکانە و شانۆیەکی تازە لە ئازادی خەیاڵی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی. ئەم جار ڕێژیم پەردەی لەسەر "پەرەستوو"ەکانی حکوومەتی لادا. کچانێک بە ڕوخسارێکی جیاواز، بە ماکیاژێکی زۆر و بە حیجابێکی ناڕاست و هەندێک جار بێحیجاب، کە لە زۆربەی بۆنە حکوومییەکان لەبەردەم کامێرای کاناڵە جیاوازەکاندا دەردەکەوتن تا نیشان بدەن کە لە ئێران ئازادی پۆشین و هەڵبژاردن هەیە و ئەوان نیشانەی ئەم ئازادییەن! بەشداری لە ڕێپێوانی حکوومییەکان چالاکیی سەرەکی ئەم بەکرێگیراوانەیە. ئەم کەسانەی کە زۆربەیان زیندانیی تاوانبار بوون و بە بەڵێنی هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئازاد

کراون. بەشداریکردن لە ڕۆژانی هەڵبژاردن بۆ وروژاندن و ڕاکێشانی گەنجان لە ڕێگەی هاندانی سێکسییەوە بەشێکی دیکەی چالاکیی ئەم "پەرەستوو"یانەیە. بەڵام ئەمە تەواوی ئەرکی ئەم جەماعەتە بەکرێگیراوە نەبووە و نییە. گرینگترین ئەرکی پەرەستووکانی حکوومەتی تەڵە دانانەوە بۆ نەیارانی کۆماری ئیسلامییە کە دوو دەستەی تەواو جیاواز لەخۆدەگرێت. دەستەی یەکەم نەیارانی و کەسانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامین کە زۆربەیان لە دەرەوەی ئێران بوون و کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ئەم پەرستووانەوە بیانخەنە نێو تەڵەوە. ڕەنگە بتوانین ڕوحوڵڵا زەم، سەرنووسەری پێشووی کەناڵی تلێگرامی "آمدنیوز" وەک گەورەترین قوربانیی ئەم پیلانە چەپەڵە دابنێین. عەلی جەوانمەردیی ڕۆژنامەنووس یەکێکی تر لەو کەسانە بوو کە ڕێژیم لە ڕێگەی ئەو بەکرێگیراوانە هەوڵی دا لە داوی بخات، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا. دەستەی دووهەمیش کەسانێکن کە بەشێک بوون لە جەستەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەڵام ئێستا نیزام هەوڵی نەهێشتنیان دەدات یان لانیکەم دەیهەوێت بە هەر هۆکارێک لە سیاسەت دووریان بخاتەوە و خانەنشینیان بکات. محەممەد عەلی نەجەفی سیاسەتمەداری پێشووی ڕێژیم لەو کەسانە بوو کە بەپێی پلانێکی لەپێشدارێژراو کەوتە داوی پەرەستووی حکوومەتی و بە ناچار خۆی خانەنشین کرد.

پەرەستووکان دواییترین هاوڕێی کۆماری ئیسلامی نین. نوێترین هاوڕێی کۆماری ئیسلامی پۆرنستارەکانن! ڕێژیم بەردەوام لە دۆزینەوەی هەڤاڵانی نوێ و دوای لات و چەقۆکێش و پەرەستوو، گەیشتە دونیای پۆرنوگرافی و پۆرنستارەکان! پاڵپشتی پۆرنستاری بە ناوبانگی ئەمریکایی عەرەب "میا خەلیفە" بۆ فەلەستین و ڕەنگدانەوەی سەیر و سەمەرەی پاڵپشتییەکەی لە میدیاکانی سەر بە گرووپی تیرۆریستی سپای پاسداران دەریخست کە پشتیوانی لە ڕێژیمی ئاخوندی تاکە مەرجی پێویستە بۆ دۆستایەتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه و ئایدۆلۆژیای ئایینی تەنیا ئامرازێک بۆ پروپاگەندە لەلای خەڵک. لە تازەترین ئاڵقەی ئەم شانۆ لە گاڵتەجارییەدا، "ویتنی ڕایت"، ئەستێرەیەکی دیکەی پۆرنۆی ئەمریکی، لە ساڵیادی دەستبەسەرداگرتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ڕژێمەوە بانگهێشتی تاران کرا و بە حیجابێکی ئیسلامییەوە سەردانی شوێنە مێژووییەکانی کرد و دواجار باسی لە ئازادی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد.

بەڵێ! ئەمە تەواوی حەقیقەتی کۆماری ئیسلامییە. ئەو ڕێژیمەی کە بڕیار بوو دونیا و قیامەتی خەڵکی ئێران ئاوەدان بکات، لە سایەی ساڵانێک حوکمڕانیی خۆسەپێنانە و گەندەڵیی سیستماتیکدا، دونیای خاپوور کرد و ئایینی ناشت! ئێستا و لە ٤٥ مین ساڵوەگەڕی هاتنەسەرکاری، کۆماری ئیسلامی لە گۆمێکی وەها قووڵدا نوقم بووە کە. هاتنەدەر و دەربازبوون لێی مەحاڵە. دەسەڵاتێک کە کۆمەڵانی خەڵک بە دوژمن دەزانێت و گرینگترین هاوڕێکانی تاقمێک شارلاتان، چەقۆکێش، پەرەستوو و پۆرنستارن، بەدڵنیاییەوە مەحکووم بە لەنێوچوون و ڕووخانە.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# پەیامی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەدا




**ناسر ساڵحی‌ئەسڵ**

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە هەڵبژاردنەکانی خولی نوێی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەچێت.
لە وڵاتانی ئازاد و دێموکڕاتیکدا بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، بە مانای هاوبەشی لە پروسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتە. هەر بۆیە لەو وڵاتانەی بنەماکانی دێموکراسی تێدا پراکتیزە کراوە و خاوەن یاسای بنچینەیی دێموکراتیک و وڵامدەر بە خەڵکن و دەزگاکانی یاسادانان، بەڕێوەبەری و دادوەری لێکجیا و سەربەخۆن، نوێنەرانی دەزگای یاسادانان لە دۆخێکی ئازاد و دێموکراتیک و بەشداریی حیزب و ڕێکخراوەی جۆراوجۆردا، بە دەنگی ئازاد و نهێنی و ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن. لەو وڵاتانەدا چونکە "خەڵک" ڕەوایی بە دەسەڵات دەدەن و ڕۆڵ و نەخشیان لە حیزب و ڕێکخراوەدا هەیە، هەم ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە و هەم ئەو کەسانی مافی خۆ بەربژێرکردنیان هەیە، لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا دەوری خۆیان دەبینن. بەڵام لە سیستەمی داخراو و ئیدئۆلوژیکی کۆماری ئیسلامیدا ئەو نیزامە لەلایەک ڕەوایی خۆی لە ئاسمانەوە دەزانی و "خەڵک" لە ڕەواییدان بەم سیستەمە هیچ ڕۆڵ و نەخشیکیان نییە، و لەلایەکی دیکەوە بەشداریی لە هەڵبژاردن تەنیا بە ئەرکی شەرعی، پەیمان نۆیکردنەوە و ڕەواییدان بە دەسەڵاتی وەلی فەقیه بۆ خەڵک دەزانێت!

سیستەمی كۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم هیچ سنووریكی یاسایی بۆ حكوومەتكردن نییە و فراوانبوونی بەستێنی دامووەدزگای ناوەندگەرا و سەروەریی ملهوڕانەیە، بۆیە ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا، بۆ ڕەوایییدان بە دەسەڵاتی نادێموكراتیك و دژەگەلیی خۆی، هەمیشە لە "هەڵبژاردن" كەڵكاژۆی ئەبزاری وەردەگرێت. شیكارییەكی پێویست:

**یەكەم**: پێكهاتەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، پێكهاتەیەكی ئیدئۆلۆژیكی دۆگم و ئەمنییەتی-نیزامییە. لەو سیستەمە ئیدئولوژیكەدا، كەسێك بە ناوی وەلیی فەقیهـ لە سەرەوەی یاسایە و خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانێ و هیچ دەزگایەكی یاسایی مافی لێپرسینەوەی لەو كەسە نییە. هەروەها بەپێی بنەما فكرییەكانی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ، ئەو سیستەمە باوەڕی بە پڕەنسیپەكانی هەڵبژاردن نییە. چونكە لەو نیزامە فكرییەدا دانانی ئیمام "ڕێبەر" كە كەسی یەكەم و بڕیاربەدەستی سەرەكییە لە دەستی خەڵكدا نییە. هەروەها لەو سیستەمەدا دەزگا ئەمنییەتی و نیزامییەكان لەلایەك دەسەڵاتێكی بەرفراوانی ئابووری، فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە و لەلایەكی دیكەوە بە كەلكوەرگرتن لەو ئامراز و دەسەڵاتە ڕۆڵ و نەخشیان لە توقاندن و ترساندن و ڕەشەكوژیی گەلانی ئێراندا هەیە.

هەروەها چونكە لە كۆماری ئیسلامیدا یاسای بنەڕەتیی مودێرن و ناوەندە دێموكراتیكەكان و چوارچێوەیەكی سیاسی- یاسایی بۆ بە دواداچوون بۆ ویست و داخوازییە نەتەوەیی و مەدەنییەكان نییە، لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا مافە نەتەوایەتی- سیاسییەكانی گەلانی ئێران، مافە مەدەنییەكانی شارۆمەندان، مافی تاك و كۆمەڵی گەلانی ئێران سیستماتیك پێشێل كراوە. هەربۆیە هەركات نەتەوەیەك، یان ئێتنیك و ئایینزایەك لە ئێران داوای مافە سیاسی، مەدەنی و ئایینییە پێشێلكراوەكانیان كردوە، بە توندترین شێوە سەركوت كراون. ڕێژیم هەروەها هەر لە ساڵەكانی سەرەتای دامەزرانیدا هەموو حیزب و ڕێكخراوەكانی ئۆپۆزیسیونی بە هەڵوەشاوە و قەدەغە ڕاگەیاند و ئەندامانی ئەو حیزب و ڕێكخراوانەیان سەركوت كرد و لە درێژەی تەمەنیدا خۆیدا تەنانەت كەسانی جیابیری نێو بازنەی دەسەڵاتدارەتیی خۆشیان پەراوێز خست.

**دووهەم**: لە چوارچێوەی ئەم سیستمەدا هەڵاواردنی ئیدئولوژیك - یاسایی - گەندەڵی ڕەگێنی هەیە. لەو سیستەمەدا گەلانی ئێران چ لە ئاستی گەشەی ئاسۆیی و چ لە ئاستی گەشەی ئەستوونیدا پەراوێز خراون و لە مافی بەشداریی لە دەسەڵات و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی بەرز بێبەش كراون. واتە لە بازنەی داخراوی كۆماری ئیسلامیدا گەلانی ئێران بە "خودی" و "ناخودی" دابەش كراون و خودییەكان لە گەندەڵی ڕێگەپێدراودا دەستیان بە سەر سەروەت و سامانی نەتەوەیی داگرتوە و لەو سۆنگەیەوە گەلانی ئێران چ لە ئاستی پەرەپێدانی ئابووری، فەرهەنگی و كۆمەڵایەتیدا و چ لە ئاستی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی لە دەسەڵاتدا بێبەش كراون.

**سێهەم**، لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە دەستنیێژن. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا هەم سەرکۆمار و هەم سەرۆکی دەزگای دادوەری، لەلایەک دەستنیێژی ڕێبەرین و لەلایەکی دیکەوە بەپێی یاسا کەسانی غەیرەشیعی، ژنان و پێڕەوانی ئایینزاکان لە خۆ بەربژێرکردن بۆ سەرکۆماری و بەربژێربوون بۆ سەرۆکی دەزگای دادوەری بێبەشن. هەروەها ئەگەرچی دەزگای یاسادانان لەو سیستەمەدا بەڕواڵەت سەربەخۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرۆکەکەی لەلایەن ڕێبەریی ڕێژیمەوە دادەنرێت. هەروەها هەموو بەربژێرەکان سەرەڕای ئیستعلام لە دەزگا ئەمنییەتییەکان دەبێ لە دوو پاڵوێنەی هەیئەتەکانی چاودێری لە دەزگای بەڕێوەبەری لە وەزارەتی نێوخۆ و هەیئەتەکانی چاودێریی شوڕای نیگابان تێپەر بن. لەلایەکی دیکەوە بەپێی بەندەکانی ٩٣، ٩٤ و ٩٦ی یاسای بنەڕەتی پەسەندکراوەکانی مەجلیس بۆ بوون بە یاسا دەبێ هەم لە بواری ئایینییەوە و هەم لە بواری یاساییەوە بە پەسەندی ئەندامانی شوڕای نیگابان کە دیاریکراوی ڕێبەری ڕێژیمن بگات! تەنانەت ڕێبەری دەتوانی بە ناوی حوکمی حکوومەتی پەسەندکراوەکانی مەجلیس هەڵوەشێنیتەوە! کەوابوو هەڵبژاردن لە وەها سیستمێکدا جگە لە ڕەواییدان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی وەلیی فەقیهـ، هیچ مانایە دیکەی نییە. ئەوە جیا لەوەی بەشێکی هەرەزۆری ئەوانەی لە فیلتیرەکانی ڕێژیم بۆ بەربژێربوون دەرەچن، "خودی" و کەسانی دەستنیێژ و تاقیکراوە بۆ خزمەت و سەرلەپێناویی ڕێژیمن.

هەر بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی باس کران، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان لە سیستەمی داخراو و مافیایی کۆماری ئیسلامیدا قازانجەکەی هەمووی دەچێتە گیرفانی دەسەڵات و ناتوانێ سەرچاوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێت، چونکی ئەم ڕێژیمە هیچ باوەڕێکی بە ئازادی، دێموکراسی، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئازادیی حیزب و ڕێکخراو و بە تایبەت بە هەڵبژاردنی شەفاف نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زور جار خەڵک بە "نا" گوتن بە لایەن یان باڵێک لە بەربژێرەکانی جێی باوەڕی ڕێبەری و دەنگدان بە باڵێکی دیکەی ڕێژیم، بە تایبەت لە خولی شەشەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی (١٣٧٨) نارەزایەتییان لە شێوەی هەڵبژاردن نادێموکراتیک لەو سیستەمە پیشان داوە، بەڵام چونکە کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکی داخراو، مافیایی و نادێموکراتیکە و هەڵگری چاکسازیی نییە، ئەو هەوڵدانەی خەڵکی ئێران بێئاکام مایەوە و تەنیا بووە هۆی بەفیرۆدانی هێز و وزەی ئێعترازیی کۆمەڵگە.

ئێستا پاش شۆڕشی ژینا کە ڕێژیم بە قوناغیکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و لەگەڵ زۆر قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرەووڕوو بۆتەوە؛ کەلێنی سیاسی - کۆمەڵایەتیی نێوان کۆماری ئیسلامی و گەلانی ئێران بەرینتر لە هەموو کاتێکە. هەروەها فاکتەرەکانی دیکەی وەک: دۆخی نالەباری ئابووری، بەردەوامیی گەندەڵی، ململانەی جیددی نیوان باڵەکانی ڕیژیم لەپێناو "خالس‌سازی"، لێکەوتەکانی شەڕی نیابەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دۆخی ڕێژیمی لە هەموو کاتێک هەستیارتر کردوە. لەو قۆناغەدا بۆ ڕێژیم گرینگە خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکانیدا بەشدار

بن، بۆ ئەوەی ئاهێکی بێتەوە بەر. لێرەدایە کە خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان ئەو سیاسەتەی ڕێژیم مایەپووچ دەکەنەوە و قەیرانەکانی لەسەر زیاتر دەکەن.

شۆڕشی ژینا خاڵوەرچەخانی مێژووی سیاسی و نارەزایەتییەکانی ئێرانە. پاڕادایم، ئامانج و هێڵەکانی شۆڕشی ژینا وەک دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، ئازادیی تاک و کۆمەڵ، ئازادیی بڕوای ئایینی و ڕێزگرتن لە ئایینزاکان و ئازادی بیر و باوەڕ دەخوازێ خەڵک بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان ئەوندەی دیکە لە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا نزیکتر ببنەوە.

## پوختەی مەبەست:

پەیامی شۆڕشی ژینا "ژن، ژیان ئازادی"، هەڵگری وانە و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە. چونکە لەلایەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پاشخانی گوتاری خودئاگایی نەتەوەیی و ڕووناکبیری و کوردایەتییە و لەلایەکی دیکەوە خاوەن حیزب و ڕیکخراوە و کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێز بە خۆیەتی. هەروەها حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم چالاک و پێشەنگی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی و بزوتنەوەی نەتەوایەتییە و هەم ئەزموونی پەیدا کردوە و پشتیوانیەکی گشتگیری جەماوەریشی لەگەڵە کە لە شۆڕشی ژینادا توانیی بە شێوەیەکی باش فەزای کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەمجۆرە هەم هەستی نەتەوایەتی کورد زیندوو ڕابگرێ و هەم بزوتنەوەیی دێموکراسیخوازیی و خەباتی جەماوەری - نەتەوەیی گەلانی ئێران پێکەوە گرێ بدات. کەوابوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو ناوەندە بەهێزانەی هەیەتی و توانیی شکڵ و قەوارە بە ڕاپەڕینی شۆڕشی ژینا بدا و ببێتە چاو و چرای گەلانی ئێران، دیسان دەتوانی، هەڵبژاردنی ڕوالەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکا بە بڵقی سەر ئاو و ببی بە ڕێنوینی گەلانی ئێران کە فریوی فێڵ و تەڵەکەی بانگەوازی درۆینەی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی نەخۆن و ئەو هەڵبژاردنانە بکەن بە ڕێفراندۆمێک لەدژی کۆماری ئیسلامی. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو تایبەتمەندی و پیشەنگایەتیەیی کە لە خەباتی شار" ژن - ژیان - ئازادی"دا هەیەتی، دەبێ بە "نا" گوتن و بە بەشداری‌نەکردن لە هەڵبژاردنی ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا بە یەکگرتوویی، بە وشیاری، بە دەروەست بوون بە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا و بە شێوەیەکی لێبڕاو، پێشەنگایەتی بایکۆتی هەڵبژاردنی چالاک لە کوردستان و ئیراندا بکا و بیسەلمێنێ و دووپاتی کاتەوە کە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەک هەر مانا و مەفهومی نییە، بەڵکوو دژی ئامانجە ڕەواکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و نیزیک بە سەدەیەک خەبات و قوربانیدانی گەلە. هەروەها هیچ لە قازانج و بەرژەوەندیی مافە نەتەوایەتییەکان و ئازادی و دێموکراسی گەلانی ئێرانیشدا نییە.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# قازانجی خۆی تێدایە!



**ئاسۆ مینبەری**

پرسی هەڵبژاردن یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەیە هەمیشە لە کۆمەڵگەی ئێراندا جێگای مشتومڕ بووە. لەوەتەی ڕێژیمی ئێران هاتووەتە سەر کار و دەسەڵاتی ئیسلامیی شیعەی دوازدە ئیمامیی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ کردوە، هیچ هەڵبژاردنێک لەم چوارچێوەیەدا ئازاد نەبووە و ئازادانە بەڕێوە نەچووە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مافی دەنگدان بۆ تاکەکان یەکێک لە گرینگترین مافە سیاسییەکانە، چونکە وا دەکات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە داهاتووی وڵات و ژیانی خۆیاندا بەشدار بن و هەست بە گرینگیی ڕۆڵی خۆیان لەو کۆمەڵگەیەدا بکەن، هەر بۆیە گەیشتن بە تەمەنی دەنگدان ڕەنگە بە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ژیانی هەر تاکێک دابندرێت، بەڵام ئەمە لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا زۆر جیاوازە، زۆرن ئەو لاوانەی کاتی گەیشتن بەم تەمەنە بەپێچەوانەی لاوانی وڵاتانی دیکە، ژێردەستەبوونیان زیاتر لە پێشوو هەست پێ کردوە و بڕیاریشیان داوە لە یەکەمین دەرفەتی ژیان و تەمەنیان بۆ دەنگدان کەڵک وەرنەگرن، چون لە هەر حاڵەتدا تێگەیشتوون کە دەنگی ئەوان هیچ لە پرسەکانیان ناگۆڕێ و زۆرجار خودی

بەشداریکردنەکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بژاردەکانی نێو پەڕەی دەنگدانەکە، بەڵگەی ڕەواییدان بە دەسەڵاتێکی خوێنمژ و مۆری هاوڕابوون بۆ بەردەوامیی ستەم و سەرکوتە!

وەک هەموو ڕووداو و پرسەکانی دیکە، دیسانەوە پرسی هەڵبژاردن بۆ ژنانیش لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر جیاوازە! لە ڕۆژانی داهاتوودا بڕیارە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بۆ مەجلیسی خێبرگان و مەجلیسی شورای ئیسلامی بەڕێوە بچێ، هەرچەند کە بەپێی پێشبینییەکان بەشداریی خەڵک لەم شانۆیەدا دەتوانێ ڕێکۆردی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا بشکێنێ بەڵام هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەردەوامە.
لە ڕۆژانی ڕابردوودا، فەرماندار‌ی شیراز سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ، گوتی هیچ ڕێگرییەک بۆ بەشداریی هاووڵاتییان بە هەر چەشنە پۆشش و حیجابێکەوە نییە و باسی لەوە کردوە کە هێزەکانی ڕێژیم تەنیا دەتوانن بەشێوەی زارەکی هۆشداری بەو کەسانە بدەن کە حیجابی ئیسلامییان ڕەچاو نەکردوە، بەڵام ناتوانن پێش بە دەنگدانیان بگرن!

سەرنجدانێکی زۆر سادەی ئەم قسانە دەری دەخات کە ڕێژیم وەک ڕابردوو و بە مەبەستی قەرەباڵغ نیشاندانی بنکەکانی دەنگدان، دیسان سیاسەتی نەرمی‌نواندنی گرتووەتە بەر، هەروا کە لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵیشدا کردی! لە کاتی هەڵبژاردنەکان و ڕێوڕەسمەکانی ڕێژیمدا، پرسی حیجاب ئیتر گرینگ نییە و دەسەڵاتەکەیان ناخاتە لەرزەوە، چونکە جیا لەوەی بە بردنی مۆرەکانی خۆیان بەو جۆرە حیجابەوە بازاڕگەرمی بۆ کارەکەی خۆیان دەکەن و کەسانی کاڵفامیش بەم نمایشە گاڵتەئامێزە ڕاکێشی ڕێوڕەسم و بۆنەکانیان دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بە جیهانی دەرەوەی ڕادەگەیەنن کە چەندە دەسەڵاتێکی کراوەیان هەیە، وەک بڵێی ژینا ئەمینی نە لەسەر تاڵە قژێک و نە لەسەر حیجابی دڵخوازی ئەوان کوژراوە! لە ڕاستیدا ئەمجارە بێ‌حیجابییە کە قازانجی ئەوانی تێدایە!

هەرچەند ئەم ڕەفتارە لە ڕێژیمی ئێراندا شتێکی تازە نییە و لە ساڵانی ڕابردووشدا و لە کاتی باقی هەڵبژاردنەکاندا کراوە بەڵام ئەوەی ئەمساڵ بڕێک جیاوازترە! ڕێژیم لە ئێستادا لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو جیاوازیی هەیە، لەلایەکەوە ئاستی دڕندەییەکەی بەرانبەر بە خەڵک و بەتایبەت جیابیران زۆرتر بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە باوەڕی خۆی بە نەمان و ڕووخانی!

ئەوەی کە لە بەرەبەری هەڵبژارنەکانی ئەمساڵدا لە تەلەویزیۆنی فەرمیی کۆماری ئیسلامیدا لە ژنان دەبینرێ و ئەوەی کە لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ و لە ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی لەلایەن

ڕێژیمەوە لەلایەن ژنانەوە نمایش کرا، هەمووی دوایین پەلەقاژەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ درێژکردنەوەی لانیکەم یەک ڕۆژی تر لە دەسەڵاتەکەیە.

لەرزۆکبوونی دەسەڵاتی ئاخوندی وای کردوە کە بەرپرسەکانی ناچارن لە ڕێوڕەسمەکانیاندا گرینگی بە چوارچێوە و باوەڕە ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆیان نەدەن تاکوو بە هەر نرخێک بووە، هەوڵی ڕاکێشانی کەسانی کاڵفام بۆ لای خۆیان بدەن.

هەڵبژاردنی ئەمساڵ، یەکەم هەڵبژاردنی پاش شۆڕشی ژینایە، شۆڕشێک کە خاڵی بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک، بەتایبەت ژنان و دەسەڵات بوو، خاڵێکی وەرچەرخان کە ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەرخست و نیشانی دا کە بۆ ڕێژیم مانەوە بە هەر نرخێک گرینگە. هەر بۆیە ڕێژیم هەوڵ دەدات شانۆی ئەمساڵی بە هەر شێوازێک کە بووە بەڕێوە ببات و لەم پێناوەشدا هەوڵ دەدات بە پێدانی ئیمتیاز و هەڕەشە و گوڕەشە، خەڵک ڕاکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدان بکات و ڕەوایی لەدەستچووی خۆی بگەڕێنێتەوە، بێئاگا لەوەی کە مێژووی ٤٥ ساڵەی و ڕووداوەکانی ئەم ساڵانە و کوشتوبڕ و بێڕەحمییەکەی بەرانبەر بە خەڵک، وای کردوە کە خەڵک فریوی هیچ هەوڵێکی نەخۆن و بێگومان ناچنە بەرەی دوژمنانی گەلەوە.

ژنان لە یەک ساڵی ڕابردوودا تێگەیشتن کە دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ لە گرینگترین هۆکارەکانی وەلەرزەخستنی دەسەڵات و لە بەرانبەریشدا دڕندەبوونی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵک بووە، بۆیە بە بەشداری‌نەکردن لە شانۆی هەڵبژاردنەکان، پێداگری لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا دەکەن.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# هەڵبژاردنەکانی ئێران؛ لە سڕینەوەی بیری جیاواز هەتا تیروپشکی نێوان مۆرەکانی ڕێژیم




**پێشەوا عەلیپوور**

هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک، مێکانیزمێکی بەشداریی خەڵکە لە ئیدارەی وڵات و پڕۆسەیەکە کە تێیدا خەڵک ئازادانە و بە شێوەی نهێنی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن و نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەرکی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرن تا لە ئیدارەی وڵاتدا نوێنەرایەتییان بکەن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا ئەم چەمکە و سەرجەم چەمکە گرێدراوەکان بە دێموکراسی لە واتای ڕاستەقینەیان بەتاڵ کراون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زستانی ساڵی ١٣٥٧، تاقمێکی ئاخندراو بە بیری ئیسلامیی شیعە و بە ڕێبەرایەتیی خومەینی لەژێر ناوی دروستکردنی حکومەتی خوا و ئیسلام، کەڵکاژۆیان لە زێهنییەتی ئایینیی خەڵک وەرگرت و سواری شەپۆلەکانی شۆڕش بوون و دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی حکومڕانیدا گرت. دامەزراندنی حوکمڕانیی ویلایەتی فەقیه لە ئێران کە مەبەست لێی نوێنەرایەتیی حوکمی خوا لەسەر زەوی بوو و یاساکانی شەرعی جێبەجێ دەکرد، نەک هەر حوکمڕانی بوو بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا، بەڵکوو گشتاندنی ئەو شۆڕش و حوکمڕانییە بۆ وڵاتانی دەوروبەر (صدور انقلاب)

لە بەرنامە سەرەکییەکانی بوو و هەر کەسیش لەگەڵ ئەم سیستمە بەربەرەکانی بکردبایە و بیکات، واتا دژایەتیی خوای کردوە و بە "مفسد فی الارض" دەناسرێت و سزای مەرگی هەیە.

لە تەنیشت ئەم سیستمە ئیسلامییەدا کە دەسەڵاتێکی ڕەهای بۆ بەڕێوەبەرەکانی داتاشیبوو، سیستمێکی لە نێوەرۆکدا بێدەسەڵات و ڕواڵەتیش دامەزرا کە تێیدا هاوتەریب لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان کابینەی حکومەت و پارلەمان بۆ خاڵینەبوونی عەریزە هەبێ، کە هەنگاو بە هەنگاو ئەو ئۆرگانانەش پاکسازی و خۆیان گوتەنی "خالس‌سازی" کران و بوونە مەیدانی تەراتێنی مۆرەکانی ویلایەتی فەقیه و واتایان بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسی نەهێشت.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سەرجەم بڕیارەکانی تایبەت بە ئیدارەی وڵات دەبوا بچنەوە لای خومەینی و شورای ئینقلاب، چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران و داهاتووی حوکمڕانیی ئێران بە کەسێک و شوڕایەک ئەسپێردران کە لەگەڵ مافی ئینسان و مافی نەتەوەکان و مافی ژنان و ئایین و ئایینزاکان نامۆ بوون! هەموو ئامانجیان ئەوە بوو کە بە زووترین کات کۆڵەکەکانی حوکمڕانی ویلایەتی فەقیه سەقامگیر بکەن و هەنگاو بە هەنگاو جیابیران و هێزە پێشکەوتوو و دێموکراتەکان لە مەیدانی سیاسی دەرباوێن.

مێهدی بازەرگان دەستنیشانکراوی خومەینی و سەرۆکوەزیری دەوڵەتی کاتی، لە یەکەمین قوربانییەکانی حوکمڕانیی ئیسلامی بوو لە ئاستی باڵادا. بازەرگان کە کەسێکی خوێندەوار و تەکنۆکڕات بوو و دنیای پێشکەوتووی دیبوو، نەیتوانی لەکاتی ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم لەبەرابەر خومەینیدا، تەنانەت پێشگری دێموکراتیک بە ئیسلامییەکەی زیاد بکات و سیستمی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی بخاتە دەنگدانەوە و، بەتوندی لەلایەن خومەینی بەرپەرچ درایەوە و پێی گوترا کە "کۆماری ئیسلامی" نە یەک وشە زیاد نە یەک وشە کەم!

پاسدار موحسێن ڕەزایی لە وتووێژێکی خۆیدا لەگەڵ مێدیای سپای پاسداراندا دەڵێ: "ئەگەر خومەینی مێهدی بازەرگانی لە دەسەڵات دانەنابا ئەوە شۆڕش بە ئاکام نەدەگەیشت. مێهدی بازەرگان گەورەترین کڵاو بوو کە خومەینی لەسەر ئامریکای نا، خومەینی ستافێکی لە ئیدارەی حکوومەت بەکارهێنا کە ئامریکا هەست بە نیگەرانی نەکات!"

دیارە نەتەوەی کورد بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات کە ماهییەتی نادێموکراتیک و دژەئینسانی ڕێژیمی نوێی ناسیبوو، بەتەواوی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەم ڕێفراندۆمە مەجالی هەڵبژاردنی جۆری حوکمڕانی لە خەڵک ستاندۆتەوە، هەر

بۆیە ڕێفراندۆمەکەی بایکۆت کرد.

پاش ئەم ڕێفراندۆمە نادێموکراتیکە، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان لە هاوینی ١٣٥٨ بوو بە مەیدانێک کە تێیدا خەڵک بتوانێ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن. دیارە مۆرەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا کە نوێنەرانی کورد بە تایبەت دوکتور قاسملوو لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ نەهێننەوە. بەڵام ئاکامی دەنگدان بوو بەوەی دوکتور قاسملوو بە ١١٣،٧٧٣ دەنگ، بە نوێنەری پارێزگای ورمێ بۆ مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرا. بە ناسینێک کە دەسەڵاتدارانی تاران لە دوکتور قاسملوو هەیانبوو، دیار بوو تەحەمولی کەسایەتیی سێکولار و دێموکراتی دوکتور قاسملوو ناکەن چونکە لەگەڵ سیستمە ئیسلامییەکەیان ناتەبا بوو، هەربۆیە ویستیان بە پیلانێک پەلکێشی تارانی بکەن و لەبەینی ببەن، بەڵام دوکتور قاسملو نەچوو.

پاش بەڕێوەچوونی یەکەم کۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگان بەبێ بەشداری دوکتور قاسملوو، خومەینی فتوای جیهادی لە دژی کورد دا و شەڕی بەسەر کوردستاندا سەپاند! ئەگەرچی ئاکامی ئەو شەڕە شکستی کۆماری ئیسلامی و کۆنترۆڵی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان بوو لەلایەن هێزی پێشمەرگە و ڕێژیم پاشەکشەی کرد، بەڵام ئەوە هیچی لە ماهییەتی ڕێژیم نەگۆڕی و ڕێژیم خەریکی کات کڕین بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هێز.

هەر لەو سەروبەندەدا لە تاران لە ڕەوتی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا کە قەرار بوو ٥ی ڕێبەندان بەڕێوە بچێ، ڕێگە لە کاندیداتۆریی کوردەکان گیرا و تەنانەت مەسعوودی ڕەجەوییش کە قەناعەتی بە مافی کورد هەبوو کەوتە بەر تیغی حوکمی خومەینی و لە چوونە نێو کێبەرکێی سەرکۆماری دوور خرایەوە، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بەشداریکردن لەم دەنگدانەشی بایکۆت کرد و پاشان ئەبولحەسەنی بەنی سەدر بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. چارەنووسی بەنی سەدریش وەک هەموو جیابیران و ناخودییەکان، بە دەرهاویشتن لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هات و نەک هەر لە سەرۆک کۆماری دەرکرا، بەڵکوو پەڕیوەی دەرەوەی ئێران بوو.

ئەو سەردەم دوایین دەرفەت بۆ بەشداریی سیاسی لە ئیدارەی وڵات هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی بوون. ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە زۆربەی شار و ناوچەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە نوێنەرانی ڕاستەقینەیان بۆ مەجلیس بنێرن، بەڵام تێکۆشانی حیزبەکانیان واتا حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە یاساغ کرابوو. هەر بۆیە هەرکام لەو حیزبانە کە نوێنەرەکانیان بەڕووی خەڵکەوە ڕوون بوون، لەژێر ناوی کاندیدی سەربەخۆ نوێنەرانی خۆیان بەربژێر کرد.

ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پێگەی حیزبی دێموکراتی بە دۆست و دوژمن نیشان دا و دەریخست کە لە شارە کوردییەکان و ئەو شوێنانەی کە هەڵبژاردن تێیدا بەڕێوە چووبوو، نوێنەرانی حیزبی دێموکرات ڕێژەی لە سەدا ٥٧ تا ٩٧ی دەنگەکانیان مسۆگەر کردوە. هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی کە دڵنیابوو لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ناتوانێ دەسەڵاتی کوردستان بەدەستەوە بگرێت، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە و دەستی بە شەڕەنگێزی کرد. ئەمە سەرەتای حوکمڕانی ویلایەتی فەقیه بوو کە دواتر لە ساڵی ١٣٦٨ ئەویش کرا بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه! شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەی کورد و نوێنەرانی سیاسی ئەم نەتەوەیە و نەتەوەکانی دیکەش هەر بە شەڕ و کوشتاری خەڵک و وێرانکردنی شار و گوندەکان کۆتایی نەهات، تێرۆری ڕێبەرانی سیاسیی کورد و ڕێبەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە دەرەوەی وڵات، نمونەی دیاری ڕێژیمێکی جینایەتکار و خۆسەپێنە، کە لە دەرەوەی سنوورەکانیش تەحەمولی بیری جیاواز و مافخوازانە ناکات.

بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنەکان نەک هەر مەیدانێک نەبوون بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک، بەڵکوو مەیدانێک بوون بۆ کێبەرکێی مۆرە نزیکەکانی دەسەڵات، تا زیاتر سەرلەپێناویی خۆیان نیشان بدەن. هەستیاری ڕێژیم لە دانانی پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان ئەوەندە ورد بۆتەوە کە شیاوییەتی بەربژێرەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و مەجلیسی خیبرەگان و مەجلیسی شورای ئیسلامی تا ئەو ئاستەیە کە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو ڕەد دەکرێتەوە و، بەربەرەکانیی نێوان باڵەکانی دەسەڵات گەیشتۆتە شوێنێک ئەوانەش کە لە سەرەتاوە پشتیوانی ویلایەت بوون، ئەمڕۆژانە بە جۆرەها شێواز حەزف کراون.

دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه ، پشتئەستوور بە فەرماندەکانی سپای پاسداران هەنووکە بازنەیەک لە دەسەڵاتیان دروست کردووە کە هەرچەشنە نارەزایەتییەک بە ئاگر و گوللە وەڵام دەدەنەوە؛ نموونەکەشی ڕاپەڕینەکانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران و کوردستان بوو کە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان دوابەدوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە درووشمی ژن ژیان ئازادی هاتنە سەر شەقام، بەڵام وەڵامی ڕێژیم بۆ داخوازی و مافە ڕەواکانی خەڵک بە تایبەتی لە کوردستان ئاگر و باڕووت بوو. بینیمان کە بەسەدان کەس لە پیاوان و ژنان و لاوان شەهید کران و بە هەزارانیش بریندار و دەسبەسەر و ئەشکەنجە کران و هەروەها بنکەی سەرەکی هێزە کوردییەکان بە تایبەت ناوەندی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندین جار لەلایەن سپای پاسدارانەوە مووشەک باران کرا.

## هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و مەجلیسی خێبرەگان

ئەزموونی حوکمڕانیی خۆسەپێن و ملهووڕانە و شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان لە ئێران پێمان دەڵێ خەڵکی سەرجەم ناوچەکانی ئێران و کوردستان تا ئەو ئاستە لەم ڕێژیمە بێزار بوون کە هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی نییە و دڵنیان کە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران تازە باش نابێت و بگرە خراپتر دەبێت. خەڵک تێگەیشتوە کە هەڵبژاردن شانۆگەرییەکی ئەوەندە لەوس و سواوە لە ڕێژیمدا کە ئیتر خەڵک بیر لە بەشداریکردن ناکەنەوە و بۆیان گرینگ نییە ئاخۆ کێ بەربژێرە و کێ ناوی لە سندووقەکانی دەنگدان دێننە دەرێ. پاشخانی نوێنەرانی پێشووی مەجلیس ئەوەندە پیسە کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە مەجلیس نەک هەر نوێنەرایەتی ئەوانی نەکردوە، بەڵکوو ئامرازی سەرکوت و تاڵان بووە.

ئەوی ئێستا بۆ خەڵک گرینگە ئەوەیە کە ١١ی ڕەشەمە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و نەچوونە دەرەوە لە ماڵەکانیان بکەنە ڕێفراندۆمێکی دیکەی نا بۆ کۆماری ئیسلامی و، پێویستە کە خەڵک هێزی جەماوەر بە دەسەڵات نیشان بدەن و لە یەکگری و یەکخستنی وزەی شۆڕشگێرانەیاندا چارەنووسی خۆیان و ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە، هۆکارەکانی گرینگیی بەشداریی خەڵک بۆ ڕێژیم




**هومەن سمکۆ**

هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ هاندانی بەشداریی گشتی لە هەڵبژاردنەکاندا لە چەند ڕەچاوکردنی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەم ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی-ئابووری ڕەنگ دەدەنەوە. مەبەست لەم نووسینە، تاوتوێی پاڵنەرەکانی پشت پاڵنەرەکانی ئێران بۆ ڕاکێشانی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا و خستنەڕووی سێ پرسیاری بنەڕەتییە.

### گرنگیی پشتیوانی گشتی بۆ نیزام

حکوومەتی ئێران ڕێژەی بەرزی بەشداریی دەنگدەران بە نیشاندەرێکی گرینگ بۆ پشتیوانیی گشتی لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار دەزانێت. زۆرجار بەشدارییەکی بەرچاو وەک پشتگیرییەک بۆ سیستەمی سیاسی سەیر دەکرێت، ئەمەش شەرعیەتی حکوومەت چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکات. ئەم پشتیوانییە بە تایبەتی لە بەرانبەر تەحەددای جیۆپۆلەتیکی و لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیدا زۆر گرینگە. سەرکردایەتیی ئێران هەوڵ دەدات بەرەیەکی یەکگرتوو پێشان بدات کە جەخت لەسەر سەقامگیری نێوخۆیی و پشتیوانی جەماوەری بکاتەوە، کە دەتوانێت لە دانوستانە دیپلۆماسی و

جیۆپۆلەتیکیەکاندا سوودبەخش بێت.

## ئامادەیی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن

هەڵسەنگاندنی ئامادەیی ڕاستەقینەی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا پرسێکی ئاڵۆزە. لە حاڵێکدا کە حکوومەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هانی بەشداریکردن دەدات، لەوانە هەڵمەتی میدیایی و دەستپێشخەریی مەدەنی، بەڵام لە نێو ئێرانییەکان هەستی تێکەڵاو هەیە. ڕەنگە بەشێک لە هاووڵاتیان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئارەزووە سیاسییەکانیان بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، هەندێکی دیکەش بە هۆی فشارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە بە دوودڵییەوە بەشداری بکەن. لێکۆڵینەوە لە پاڵنەرە هەمەچەشنەکانی پشت بەشداریی دەنگدەران، تێڕوانینێک بۆ ئاڵۆزییەکانی دیمەنی سیاسی ئێران دەدات.

نیشاندانی پشتیوانیی گشتی بۆ ڕێژیم بۆ حکوومەتی ئێران لە بەرەی جۆراوجۆردا گرینگییەکی بەرچاوی هەیە. بەشداری بەهێزی دەنگدەران تەنیا نمایشێکی ژمارەیی نییە، بەڵکوو وەک پشتگیرییەکی بەرجەستە بۆ ئەو سیستەمە سیاسییە سەیر دەکرێت کە شەرعیەتی ڕێژیم چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکات. ئەم پشتیوانییە زۆر گرینگ دەبێت بە تایبەتی لەکاتی چڕبوونەوەی ئاستەنگە جیۆپۆلیتیکییەکان و زیادکردنی چاودێری نێودەوڵەتی.

ڕێبەرایەتیی ئێران لە ڕووی ستراتیجیکەوە ڕێژەی بەرچاوی دەنگدەران بۆ وێناکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو کەڵک وەردەگرێت و جەخت لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی و پشتیوانی بەرفراوانی جەماوەری دەکاتەوە. ئەم وێنەیە وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی بەهێز کاردەکات و دەتوانێت لە دانوستانە جیۆپۆلیتیکییەکاندا کاریگەری دروست بکات. ڕێژێم بە نیشاندانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو کە لە پشت سەرکردایەتییەکەیەوە وەستاوە، ئامانجی پرۆژەکردنی وێنەیەکی خۆڕاگر و ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی دەرەکی و بە ئەگەرێکی زۆرەوە کاریگەری لەسەر بیروڕای نێودەوڵەتی هەیە.

لە چوارچێوەی داینامیکی سۆشیال میدیا و هۆکارە ئابوورییەکانی وەک هەژاری، ڕێژەی هەڵاوسان و ڕێژەی بێکاریدا، ئەم نیشاندەرانە دەتوانن بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەحەدای گێڕانەوەی پشتیوانی بێوچان بۆ ڕێژیم بکەن. زۆرجار پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا دەبنە کەناڵی ناڕەزایەتی و ناڕەزایەتی، ئەمەش سەکۆیەک بۆ دەنگەکان دابین دەکات کە لەگەڵ گێڕانەوەی حکوومەتدا ناگونجێت. ئەو کێشە ئابوورییانەی کە لە ڕێژەی بەرزی هەڵاوسان و بێکاریدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، دەکرێت وەک نیشانەیەک لێکبدرێتەوە کە ڕەنگە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران بە تەواوی پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم

نەکەن. بۆیە لە کاتێکدا ڕێژەی بەرزی دەنگدەران وەک سیگناڵێکی ئەرێنی بۆ ڕێژیم کاردەکات، بەڵام گرینگە کە زەمینەی فراوانتری کۆمەڵایەتی - ئابووری لەبەرچاو بگیرێت. پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و نیشاندەری ئابووری لەوانەیە جیاوازی لە کۆمەڵگای ئێران ئاشکرا بکەن کە تەنیا بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دیاری نەکراوە. یارییەکی ئاڵۆزە لە نێوان نمایشکردنی پشتیوانی دەرەکی لە ڕێگەی هەڵبژاردن و داینامیکی کۆمەڵایەتی-ئابووری بنەڕەتی کە هەستی گشتی لە قاڵب دەدات.

## گەمارۆ ئابوورییەکان و خۆشگوزەرانی گەلی ئێران

کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر حەشیمەتی ئێران هۆکارێکی گرینگە کە کاریگەری لەسەر تێڕوانینی ئەوان لەمەڕ سیاسەت و هەڵبژاردنەکانی حکوومەت هەیە. سەختی ئابووری کە بەهۆی سزاکانەوە دروست دەبێت دەتوانێت هەستی گشتی لە قاڵب بدات و کاریگەری لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن هەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئایا دۆخی ئابووریی باو، لەگەڵ وەڵامدانەوەی حکوومەت بۆ سزاکان، کاریگەری لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ نیزام و ئامادەیی ئەوان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە یان نا.

گەمارۆ ئابوورییەکان کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر پەیکەری ئاڵۆزی کۆمەڵگەی ئێران هەیە و لە داڕشتنی هەست و سۆزی دەستەجەمعی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکوومەت و داینامیکی هەڵبژاردن ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. دەرئەنجامە فرەلایەنەکانی ئەو گەمارۆیانە زۆر لە کایە ئابوورییەکان تێدەپەڕن و دەچنە ناو پەیکەری ژیانی هاووڵاتیانەوە. لەکاتێکدا ئێرانییەکان لەگەڵ کاریگەرییە بەرجەستەکانی سەختی ئابووریدا دەجەنگن، تێڕوانینەکانیان بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتدار دەگۆڕێت و یارییەکی ئاڵۆز لە نێوان ناخۆشی و هۆشیاری سیاسییدا دروست دەکات.

ئەم توێژینەوەیە قووڵتر دەچێتە ناو داینامیکی ئاڵۆزەوە، نەک تەنها دەرئەنجامە ئابوورییەکان بەڵکوو وەڵامەکانی حکوومەت بۆ سزا سەپێنراوەکانیش دەکۆڵێتەوە. شێوازی بەڕێوەبردنی تەحەددیاتی دەسەڵاتداران دەبێتە توخمێکی گرینگ لە پێکهاتنی تێڕوانینی گشتیدا. هاووڵاتیان، لە بەرامبەر ناخۆشیەکاندا، نەک تەنها فشارە دەرەکییەکان، بەڵکوو کاریگەریی ستراتیژییەکانی حکومەتەکەیان لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەڵدەسەنگێنن. لە ئەنجامدا بارودۆخی ئابوری زاڵ لەگەڵ توانای حکوومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەحەددیایانەی کە بەهۆی گەمارۆکانەوە دروست دەبن، دەبێتە خاڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە نیزام. جگە لەوەش ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوون بۆ پەیوەندییە وردەکانی نێوان سەختی ئابووری و بەشداری سیاسی دەکات و تا چەند ویستی خەڵکی ئێران بۆ

بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لەژێر کاریگەری ئەزموونە دەستەجەمعییەکانیان لە گوشاری داراییدا دەکۆڵێتەوە. تۆڕی ئاڵۆزی هۆکارگەرایی لە نێوان هەڵمەتە ئابوورییەکان، وەڵامەکانی حکوومەت و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وەک خاڵێکی سەرەکی سەرهەڵدەدات و یارییە ئاڵۆزەکانی ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کە دیمەنی کۆمەڵایەتی - سیاسی لە ئێراندا لە قاڵب دەدەن. لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوە لە گەمارۆ ئابوورییەکان و دەرئەنجامەکانی لە کایەی ئابووری تێدەپەڕێت و خۆی دەخزێنێتە ناو کایەکانی هۆشیاری سیاسی و بەشداری مەدەنی و سەمای ئاڵۆزی نێوان نەرمی خەڵک و چاوەڕوانییەکانیان لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدار. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات تاڵەکانی ئەم تابلۆ ئاڵۆزە هەڵبکاتەوە و تێڕوانینێک بۆ پەیوەندییە فرەلایەنەکانی نێوان تەحەددای ئابووری، وەڵامەکانی حکوومەت و خۆشگوزەرانی گەلی ئێران بخاتەڕوو.

لە ئاکامدا جەختی حکوومەتی ئێران لەسەر هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕەگ و ڕیشەی لە خواستی نیشاندانی پشتیوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ڕێژیمەوە هەیە. لەکاتێکدا حکوومەت گێڕانەوەی یەکێتی و سەقامگیری بەرەوپێش دەبات، بەڵام تێگەیشتن لە پاڵنەرە نوانسییەکانی خەڵک و ڕەچاوکردنی چوارچێوەی ئابووری زۆر گرینگە. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە، خستنەڕووی گەڕانێکی هەمەلایەنە لەم داینامیکیانە و ڕوونکردنەوەی سروشتی فرەلایەنەی دیمەنی هەڵبژاردنەکانی ئێرانە.

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# هەڵبژاردن و ئیرادەی "نا"وتن




**شەماڵ تەرغیبی**

هەڵبژاردن لە دنیای ئازاددا وەک دەرفەتێکی سیاسی دەبینرێ کە یاسا بە خەڵکی دەدات بۆوەی چارەنووسی دەسەڵات و داهاتووی سیاسی خۆیان دیاری بکەن، بەپێچەوانەشەوە بەشدارینەکردن لەو چەشنە هەڵبژاردنە لەڕاستیدا کەڵکوەرنەگرتن لە دەرفەتە سیاسییەکەیە.

بەپێی ئەم پێناسەیە هەڵبژاردن لە ئێراندا ناکرێ وەک دەرفەتێکی سیاسی چاوی لێ بکرێت بەڵکوو بەپێی ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردوو هەڵبژاردن لە ئێران تەنیا پرۆسەیەک یان نمایشێکە بۆ وەرگرتنی ڕەوایی کە دەسەڵات بۆ بەردەوامیی ژیانی سیاسی خۆی پێویستی پێیەتی.

ئەزموونی ئێمە لە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی بۆی دەرخستووین ئامانجی سەرەکیی هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی کەس یان کەسانێکی تایبەت نییە و ئامانج و ویست بردنە سەری ئاستی دەنگدەران و گەرمکردنی ڕواڵەتی کۆمەڵگایە لە ماوەی هەڵبژاردن. بەڵام کۆماری ئیسلامی چی دەکات بۆ ئەوەی بەم ئامانجەی بگات؟

**بەکورتی و لە چەند خاڵدا دەتوانین بڵێین ڕێژیم ئەم ڕێکارانە دەگرێتە بەر تاکوو نمایشی هەڵبژاردنەکەی بە گەرموگوڕی نیشان بدات:**

١- برەودان بە هەستی ناوچەگەری. ئەگەر ڕوونتر باسی بکەین دەبێ بڵێین کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی شارەکانی دوو پاڵێوراو هەیە بە تایبەتمەندیی دژبە یەک وەک: شارستانی و دێهاتی، ڕێژیم هەوڵ دەدا بەو تایبەتمەندییانە کەسانێک بە دڵسۆزی شار دانێ و هێندێکیش وەک پارێزەری بەرژەوندییەکانی دێهات و لە پاشان بە تایبەتمەندی وەک کوڕە فەقیر و کوڕە دەوڵەمەند و خوێندەوار و نەخوێندەوار کۆمەڵگا و دەنگدەران بەرورووی پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز بکاتەوە و لەو نێوانەدا دەنگێکی پتر لە کۆمەڵگا وەرگرێ.

٢- کەڵکاوەژوو لە هەستی نەتەوەیی. بەشێک لە شارەکانی کوردستان بە دێهاتەکانیانەوە هەڵگری دوو ناسنامەی ئێتنیکلی یان نەتەوەیین. بۆ نموونە شارەکانی وەک نەغەدە، میاندواو، ورمێ، سەڵماس، تیکاب، خۆی، ماکۆ، سونقوڕ و....
لەم شوێنانەدا دوو نەتەوەی تورک و کورد بە دوو ئایینزای جیاوازی شێعە و سوونی پێکەوە دەژین. لە کاتی بەناو هەڵبژاردنەکاندا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات کەڵک لە هەستی مەزهەبی و هەستی نەتەوەیی دانیشتووانی ئەو جوغرافیا تایبەتانە وەر بگرێت و لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی تێکچڕژاودا بە گژ یەکیاندا بکات و ڕکەبەرییەکی ناسالم بخاتە نێوانیانەوە تاکوو کوردەکان بەشدارییەکی زۆرتر بکەن یان تورکەکان بۆ وەرگرتنی پۆستێکی بەناو پارلمانی بۆ هاوزوانەکەیان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بە پرۆسەکەوە بێئاگا لەوەیکە دواجار قازانجە گشتییەکە دەچێتە گیرفانی خودی ڕێژیمەوە و ڕەواییەکە بە شێوەی ڕواڵەتیش بێ وەرگیراوە!

٣- دەسەڵات لە ماوی دیاریکراو بۆ پروپاگەندایان ڕێگە بە پاڵێوراوەکان دەدات کە لە چەمکی جوداواز بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی دەنگدان کەڵک وەرگرن بۆوێنە لە کوردستان بە بەرینی و بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک دروشمی کوردایەتی دەدن و مافی کوردان بە ڕەوا دەزانن بەچەشنێک کە تەنانەت لە ناوەندی پەروپاگەندی هەڵبژاردنی پالێوراوەکان بەبەردەوامی ئەو پاڵێوراوە لە گەڵ شاعیر و ڕۆشنبیر و ناودارانی کورد بەراورد دەکەن و بە ڕێرەوی ئەوانی دەناسێنن، ئەوە سەرەڕای ئەوەیکە لە سەرجەمی ناوندەکانی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردن، پالێوراوەکان بە دڵسۆزی کورد و کوردپەروەر دادندرێن و کەڵک لە دروشم، پووستێر و پلاکاردی کوردی وەردەگیرێ.

٤- تێخزاندنی ڕواڵەتی نوێ لەنێو پاڵێوراوەکاندا. ڕێکارێکی دیکەی ڕێژیم بریتییە لەوەیکە کەسانێک تەئید دەکات و بە

خەڵکیان دەناسێنێ کە پێشتر لە گۆڕەپانەکەدا نەبوون و بە پڕوپاگەندا کردن بۆیان هەوڵ دەدات خەڵک فریو بدات کە ئەگەر ئەوانەی پێشوو هیچ نەبوون و هیچیان پێ نەکرا ئەوەتا کەسانێکی تازەمان بۆ هێناون و ئەمانە کاربەڵەد و شارەزان. زۆر جاران بینراوە کە لەم بەناو کەسە کاربەڵەدانەدا خەڵکانی نەخوێندەواریشیان تێدا بووە بەڵام پاشگر و پیشگری وەک دوکتور و موهەندیسیشیان پێ بەخشیون.

٥- تەمەنی دەنگدان بۆ ئاستێکی کەم، نزم دەکرێتەوە تاکوو لە هەستی پاکی مێرمندالان کەڵک وەربگیرێ. ڕێژیم لە ڕاگەیاندراوە سەرانسەرییەکانیدا زیاتر ئەو چینە دەدوێنێ و پالێوراوەکانیش بەڵێنی دابینکردنی یانە و جلوبەرگی وەرزشی و شتی وا بەو چینە دەدەن؛ سەرەڕای ئەوەش بۆ ڕاکێشانی ئەو چینە بۆ ناوەندەکانی هەڵبژاردن کەڵک لە مۆسیقا و هەڵپەرکێ وەردەگرن و زۆر جار بینیومانە کە تەنانەت ڕێگەیان پێ دەدرێ لە ئاستی شاردا کاری دژەنۆرمیش بکەن بێ ئەوەیکە کەس بتوانێ ڕەخنەیان لێ بگرێ.

٦- دابەشکردنی کەلوپولی و شتومەکی خواردن بە چینی هەژار و خوارەوی کۆمەڵگە و وەرگرتنی پێناسە و پێملکردنی ئەو چینە بۆ دەنگدان ئەو ئاکارە لەلایان پالێوراوەکانەوە دەکرێ.

٧- بەڵێندان بە خوێندەوار و بۆ دامەزراندنی و دانی پلەوپایەی بەرز بە ئەو چینە لەلایەن پاڵێوراوەکانەوە.

لە کاتی هەڵبژاردن بەگشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان دەسەڵاتداران و پاڵێوراوەکان هەوڵیان ئەوە بووە لەو ڕێگایانەی کە باسمان کرد خەڵکێکی زۆرتر بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ڕاکێشێ و ڕەوایی و مەشروعیەتێک بۆ خۆی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی وەدەست بهێنێ.

ئێستە پرسیارێکی جەوهەری کە دێتە پیش ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک بەشداریی ئەم چەشنە شانۆگەرییانە نەبن چی دەبێ؟ لە یەک ڕستەدا و بەکورتی دەتوانین ئەم دەرەنجامەی لێوەربگرین کە بەشداری نەکردن دوو ئەنجامی سەرەکی دەبێ: یەکەم پێنەدانی ڕەوایی بە ڕێژیمێک کە ڕۆژانە قوتمان دەبرێ و ڕۆڵەکانمان لە شاخ و لە شار وەبەر گوولله دەدات و دووهەم سەلماندنی ئیرادەیەک کە وەک مرۆڤ خاوەنداریێتی لێ دەکەین بەڵام ڕێژیم هەوڵ دەدات لێمان بستێنێتەوە ئەویش ئیرادەی "نا"وتنە!

٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# هزری پێشمەرگانە فەرمانڕەوای شەقامەکانە



**جاقل**

گەشتێکی مەیدانی بە سەر بارودۆخی ئەم ڕۆژانەی شەقامەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، مرۆڤ دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە یەکەم گوتاری زاڵ لە پانتایی کۆمەڵگەی کوردیدا گوتاری نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیە. لە حاڵێکدا کە تاران بە توندترین شێوە و بە تەواوی ئیمکاناتەوە پاڵپشتی لە هەڵبژاردن و بانگەشە بۆ هەڵبژاردن دەکات، هەڵسوکەوتی شارۆمەندانی شەقامەکانی جوغرافیای ئێران بە تەواوی بەپێچەوانەی خواستی سیاسی حاکمییەتی دیکتاتۆری تارانە. سەرەڕای ئەوە کە ڕێژیم لە هەموو پوتانسیەلەکانی حەساسیەت دروستکردن بۆ دنەدانی خەڵک بە نیسبەت هەڵبژاردنەوە کەڵکی وەرگرتوە و ئیزنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەدناوترین مۆرەکانی خۆی داوە هەتا لەم ململانێ بێئاکامەدا بە قازانجی دەسەڵاتی ئاخوندی بازاڕگەرمی بکەن؛ کەچی نە ئەو مۆرانە ئەو تواناییەیان هەبووە و نە خەڵکیش کەوتوونەتە ئەو داوانەوە. فۆرمە جۆراوجۆرەکانی جیاوازی نەتەوەیی و دینی و فەرهەنگی و جۆرەها دووبەرەکی و چەندبەرەکیی ڕەگەزی و ماڵی و تایەفەیی و هتد و تەنانەت کەڵکوەرگرتن لە باند و باندبازی نێو ئیداراتی حکوومەتی بۆ گەرمکردنی تەنوری بانگەشە، هەتا ئێستا هیچ ئاکامێکی دڵخوازی ڕێژیمی لێ شین نەبووە.

ڕێژیم كه لانیكەم دەیزانی بەشداریی خەڵک لە ڕۆژی هەڵبژاردندا کەم دەبێ و وەک هەمیشە ناچارە ئامارێکی دەسکرد و ساختە بۆ ئەو ڕۆژە دیاریکراوە ڕوو لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابگەیێنێت، ئێستا ئاوات دەخوازێ لە ماوەی یەک حەوتووی بانگەشەدا فەزایەکی وەها لە شارەکاندا بخوڵقێ کە هەم میدیاکانی بێخۆراک نەبن هەم فەزای تووڕە و تووش و بێدەنگیی شارەکانی جوغرافیای ئێران لە دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بە جۆرێک بگۆڕێ کە بە گشتی چیدی خەڵک دڕندەیی ڕێژیمیان لە چەند ساڵی ڕابردودا لەبیر نەمێنێ و ڕێژیم بتوانێ بە سیما و دەمامکێکی نوێترەوە خۆی پیشانی خەڵکی ساویلکە و کۆمەڵگەی بەرژەوەندیخوازی نێودەوڵەتی لە فورمێکی دیکەدا بدات.

له کەشی بەناو هەڵبژاردنەکاندا کوردستاندا هەندێ جیاوازی و هەندێ پێشکەوتنی زیاتری لە باری ئازادیخوازی و خەباتی مەدەنیەوە لە چاو بەشەکانی دیکەی جۆغرافیای ئێران پێوە دیارە. بە جۆرێک کە ئینسان وا هەست دەکات ئەمە هەرێمێکی جیاوازتر لەم جوغرافیا بەیەکەوە لکێندراوەیە و دیسانەکەش کوردستان پێشەنگ و پەلکێشکەری باقیی نەتەوەکانی نێو ئێرانە بۆ نا وتن بە حاکمییەتی خۆسەپێن و بێبڕەوشتی تاران .کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری بنچینەیی و مێژویی کە خۆیان لە ڕۆحی ئازادیخواز و بوێری تاکی کورددا جێ کردووەتەوە.

ئەگەرچی هەر وەک گوترا ڕێژیمی ئاخوندی دەستی بەربژێرەکانی بۆ بانگەشە بە هەموو شێوەیەک ئاوەڵا کردوە و بۆ خۆیشی بە تەواوی توانای ئەمنییەتی و ماڵی و تەبلیغاتی پشتگیری گوتاری بەناو هەڵبژاردن دەکات، بەڵام هەر لە چوارچێوەی سەرەتایی بانگەشەیشدا ئەم پرۆسە توشی شکستی جیددی بووە. چاوپێکەوتنە مەیدانییەکان و بەراوردکردنی ئەم بانگەشانە لەگەڵ بانگەشەکانی شانۆکانی هەڵبژاردنی پێش شۆڕشی ژینا جیاوازییەکی یەکجار زۆریان بە قازانجی خەڵکی جوغرافیای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەلات هەیە. هەروەک بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک مستەفا هیجری لە دوایین لێدوانیدا فەرمووی: شۆڕشی ژینا خەباتی ئازادیخوازانی ئێرانی قەڵەمبازێک بردە پێشەوە.
له ڕۆژانی ڕابردودا وەتاغەکانی فیکری پارێزەری ڕێژیم بۆ بازاڕ گەرمی ئەم بانگەشانە چەندین گۆرانیبێژ و مەڵحەکەویژیان لە دەرەوەی کوردستان هێنایە نێو کوردستان بەڵام ئەم شتانە هیچیان لە واقعییەتی ساردوسڕی شەقامەکانی کوردستان بە نیسبەت شانۆی هەڵبژاردن نەگۆڕی. زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ناوەندەکانی شارەکاندا تەنانەت بە پارەیەکی زۆریش حازر نەبوون دووکانەکانیان بە مۆرەکانی ڕێژیم تەنیا بۆ حەوتوویەک بەکرێ بدەن. ئەگەر بە شەقامەکانی ناوەندی شارەکانی کوردستاندا پیاسەیەک بکەین دەبینین کەمتر کەسێک حازر بووە تەنیا یەک وێنەی خۆفرۆشێکی پاڵێوراو لە شیشە و درگای دوکانەکەی بدات. کچان و ژنانێک کە لەم ڕۆژانەدا بێ ڕوپۆش و زۆر ئازادانە و شارستانیانە بە گۆڕەپانی شارەکاندا تێپەڕ دەبن، سیمایەکی جیاواز و موتەمەدنانەیان بە شار بەخشیوە کە نیشانەیەکی جوانە لە نا وتن بەو غەلبەغەڵبە کە ڕێژیم دەیهەوێ پەرەی پێ بدات.

لە نێو ستادە ناوەندییەکانی بانگەشەکردن تەنیا یەک ئینسانی دیاری شارەکانی تێدا نییە بەڵکو سێ هەتا پێنج کەس خەڵکی ڕەش و ڕوت و بێکارە کە بۆ خواردنی چاییەک یان پۆرسێ خواردن لە ژەمەکاندا، لەو شوێنانە مۆڵیان خواردوە دەبینرێن. ئەو خەڵکانەی لە پیادەڕەوەکانەوە تێپەڕ دەبن بە نەفرەتەوە لەو جاشانە دەڕوانن و بۆ داهاتوو شناساییان دەکەن، قسەی سارد و سووکیان تێدەگرن و ئەوەی خۆی کەڕ دەکات ئەو بێڕەوشتانەن کە هیچ کەرامەتێک لە ناخیاندا نەماوە .تەنانەت ستادە ناوەندییەکان دەنگی باند و بڵیندگۆکانیان زۆر بەرز ناکەنەوە و لە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و وێنەی بەناو پاڵێوراوەکان خۆ دەبوێرن، چونکی باش دەزانن هیچ دەسکەوتێکیان نابێم بۆیە کات دەبژێرن بەڵکوو هەرچی زووە ئەم ڕۆژانە تێپەڕ ببێت.
گەڕەکەکانی پەراوێزی شارەکان کە جاران مەیدانی خۆتاقیکردنەوە و یەکلاییکردنەوەی هەڵبژاردنەکان بوو ئێستا بەتەواوی بێدەنگە و تەنانەت بەناو پاڵێوراوەکان و لایەنگرەکانیشیان ناوێرن زۆر لە ناوەندی شارەکان دور بکەونەوە. خەڵکی تووڕە و شۆڕشگێڕی کوردستان لە هەموو پوتانسیەلەکانی خەباتی مەدەنی کەڵک وەردەگرن و ناهێڵن خۆفرۆشەکان شار بکەنە مەیدانی تەڕاتێنی خۆیان.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بانگەشەکانی ئەمجارەی مۆرەکانی ڕێژیم لە چاو جارانی پێشووتر ئەوەیە سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیم هەوڵی دا بە موهەندیسیکردنی تەئیدکراوەکان فەزایەکی ڕکابەری لە نێوانیاندا بێنێتە ئاراوە کەچی ئەوان هیچ ڕکابەرییێک ناکەن و لە بەرانبەر یەکدا زۆرتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن. پاڵێوراوەکان خۆیان بەو حەقیقەتە جەوهەریە گەیشتوون کە ئەوان واتە تەواوی ئەوانەی هاتوونەتە نێو گەمەی بانگەشە و هەڵبژاردنی نمایشیەوە لە یەک بەرەی دۆڕاوی واحیددان و خەڵکی ئازادیخواز و داخ لە دڵی چاوەڕێی دەرفەت، لە بەرەیەکی زۆر گەورەتری سەرکەوتوواندان.

مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی بڵیندگۆی مزگەوتەکانیان ناخەنە ئێختیاری پاڵێوراوەکان و لە ئاخرین نموونەی ئەم ڕوداوەدا، مۆحسین بیگلەری بەناو نوێنەری ڕێژیم لە شاری سەقز کە بە بیانوی نوێژی هەینی خۆی خزاندبووە ڕیزی باوەڕمەندانەوە لە مزگەوتی جامێعەی قەوخ، جیاواز لەوە تریبونی پێ نەدرا بە قسەی سارد و سووک و بێحورمەتی لەنێو مزگەوتەکە کرایە دەرەوە.
کۆی ئەم ڕاستییانەش کە باس کران دەرخەری ئەوەیە خەباتی مەدەنی لە کوردستاندا چووەتە قۆناخێکی زۆر پێشکەوتووەوە و لە واقعدا ئەوەی ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی شەقامەکانی کوردستان دەکات هزر و ئەندێشەی ئازادیخوازانەیە کە پێشمەرگەی کوردستان نوێنەرایەتیی دەکات.

٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و مافی یاسایی و سیاسیی ژنان




**کەنێرە مێهفەر**

هەروەک دەزانین هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک یەکێک لە دادپەروەرانە و ئازادترین ڕێگاکانی بەشداری لە دەسەڵاتە کە تێیدا خەڵک بە دڵخواز نوێنەری خۆیان بۆ ماوەی ٤ ساڵ بۆ کاروباری یاسادانان و بەڕێوەبەریی وڵات هەڵدەبژێرن. نوێنەرانێک کە دەنگی مافویستی و ئازادیخوازیی خەڵک بن و لەئاست چاوەڕوانی و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان بن، نەک نوێنەرانێک کە خاوەن بیری سەپێنراو و لەژێر چاودێری لایەنی دەسەڵاتدار بێ و نەتوانن بێ ئیزنی ئەوان پەل باوێن و تەنانەت بگرە بیری فاشیستیی نەتەوەی باڵادەست ڕەچاو بکات.

پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کە بە ڕوانگەیەکی ئیدۆئۆلۆژیکی و فاشیستی و دژە مرۆڤانە لە ماف و پێگەی بەشێک لە کەمایەتیە نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزی... دەڕوانێ و سیاسەتی داگیرکەرانەی بەرانبەر بە نەتەوە نافارسەکان هەیە، تەنیا ئامرازێکە بۆ هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، تا بە دونیای دەرەوە نیشان بدات، سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات بەشداری پرۆسەی سیاسین و ڕێز لە مافی هەموو پێکهاتەکان دەگرێ.
هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە زۆر ڕووە دەکرێ فوکووسی بخرێتە سەر، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ لەو بابەتە بیخەینە بەر

باس، ڕۆڵی ژن و مافە یاسایی و سیاسیەکانی بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامییە و ئەوە کە ژنان تا چ ڕادیەک توانیویانە بێنە ناو گۆڕەپانی سیاسی و مافەکانیان جێگیر کراوە؟

لای هەمووممان ئاشکرایە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، یەکەم هەنگاو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتیانەبەر دارشتنی کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا بوون کە هەموویان بەدژی ژنان بوون. یەکەم بڕیار سەپاندنی سەرپۆشی زۆرەملی بۆ ژنانی فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حکوومەت، جیاکاری ڕەگەزی لەنێو قوتابخانە و زانکۆکان و شوێنە گشتیەکان، قەدەغەکردنی گۆرانیگوتن لە ژنان و بڵاوکردنی گۆرانی بە دەنگی ژنان، هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی پشتیوانی لە بنەماڵە و زۆرشتی تر.

بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە یاساکانیان لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی بە بیرێکی توندئاژۆانە دارشتووە کە تێیدا کەمترین پێگە و کەرامەتی ئینسانی بۆ ژنان تێدا جێگیر کراوە، یاساکان پڕن لە توندوتیژی و هەڵاواردن و بێبەشکردنی ژنان لە مافەکانیان لەسەرجەم بوارەکاندا.

گرینگترین ماف کە لە ژنان زەوت کراوە، مافی سیاسیی ژن لە کۆمەڵگەیە، چونکە یەک لە ڕێگاکانی پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەشداریی ژنانە لە سەرجەم بوارەکاندا بەتایبەتی ڕۆڵگێرانی ژن لە پێگەی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردا؛ چونکە ژنانی ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ڕابردوو زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وشیارتر، خوێندەوارتر، بەئەزموونترن و داخوازیەکانیشیان لەگەڵ ژنانی ڕابردوو جیاوازترە.

لە هەر وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن ڕێگرییە یاسایی، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە بەردەم بەشداریی سیاسیی ژنان هەڵبگرن و بوار بۆ سەرخستنی تواناکانی ژنان لە بواری سیاسیدا بخوڵقێنن. بەڵام دەبینین کە لە کۆماری ئیسلامیدا نەک بۆ بەشداریی سیاسی ژنان ڕێگر هەن، بەڵکوو هەر بەپێی یاسا بێبەشکردنی ژنان لە مافە سیاسییەکانیان قانونمەند کراوە. بەپێی ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سیاسی وەک سەرۆککۆماری و بەدەستەوە گرتنی پۆستەکانی دەسەڵاتی قەزایی ئەوەیە پیاو بیت و بەوەش نیوەی کۆمەڵگە لەو مافە بنەڕەتییەی بێبەش کراوە. تەنیا ژنێکیش کە توانیبێتی لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ببێتە وەزیر "مەرزیە دەستجەردی" بوو کە لە کابینەی ١٠ی دەوڵەتدا وەک وەزیری تەندرووستی بوو و خۆی یەکێک لە دژەژنترین بەرپرسانی ڕێژیم بوو و بە سەرسەختترین لایەنگرانی جیاکردنەوەی ڕەگەزی و دژبەرانی پێوەستبوونی ئێران کۆنڤانسیۆنی نەهیشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردنێک بوو. بۆیە لە ڕووی سیاسییەوە ژنانی ئێران بەگشتی تەنیا توانیویانەی خۆیان لە ئەندامەتیی مەجلیسی شورای ئیسلامیدا ببیننەوە کە ئەویش لەڕووی ڕێژەییەوە ئەندازیاری بۆکراوە.

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

ئەزموونی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم لە کۆماری ئیسلامیدا پێمان دەڵێ جیا لە زۆر هەڵاواردن ڕەگەزیش فاکتەرێکی سەرەکیی وەرگرتنی بەرپرسایەتییە سیاسییەکانە و ژن وەک ڕەگەزی دووهەم هەموو ڕۆڵی لە یەکەی بنەماڵەدا پێناسە دەکرێ.

بە ئاوڕدانەوەیەکیش لە خولەکانی هەڵبژاردنەکانی پێشووش ڕێژیم هەموو کات هەوڵی داوە لە ڕێگەی هاندان، هەڵخەڵاندن و بەفریوبردنی خەڵکەوە بۆ بەشداری لە دەنگدان هانیان بدەن یان تەنانەت لە ڕێی هەڕەشە و سەرکوتەوە خەڵک ناچار بە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بکەن. ئەم دەورە جیا لەوە دەبینین کە بەهۆی قەیرانی ئابووری و گرانییەوە دابەشکردنی سەبەتەی خۆراک و زۆر پاڵنەری ئابوورییش هاتووەتە نێو پیلانەکانیانەوە و هەموو ئەوانەش تەنیا بۆ شانۆگەریی کۆکردنەوەی خەڵک لەسەر سندووقەکانی دەنگدانە، ئەگینا نیزامی سیاسی هیچ باوەڕێکی بە هەڵبژاردن و پرۆسەی بەشداری سیاسیی خەڵک نییە و دواتر کێیان مەبەست بێت وەکوو نوێنەری هەڵبژێردراو لە سندووقەکانی دەنگدانی دەردەکێشن.

ژنان لە ئێستادا بە وشیارییەوە لە گەمەکانی ڕێژیم دەڕوانن و لە خۆیان دەپرسن پاش ٤٥ ساڵ کام یاسا و بڕگەی یاسایی لە بەرژەوەندی ژنان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری بەشداریی سیاسیی ژنان چ چاکسازییەکی تێدا کراوە و جیا لە هەوڵەکان بۆ زیاتر پەراوێزخستنی ژنان لە بازاڕی کار و پێگەی ئابووری چ هەوڵ و ڕێکارێک بۆ هاوبەشیی زیاتری ژنان لە کۆمەڵگەدا گیراوەتە بەر؟ بۆیە ئەو هەڵاواردن و توندوتیژییە سیستماتیکانەی لە کۆمەڵگەدی ئێرانا دژ بە ژنان دەکرێ، بە هەموو وجوودە هەست پێ دەکەن و ئامادە نین و نابن کە بە بەشداریی خۆیان شەرعییەت بەو نیزامە بدەن.

ژنانی کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەت دوای شۆڕشی ژینا کە لەسەر دەرکەوتنی چەند تاڵ قژی کوژرا، ئەو کرانەوە ڕێژەییەی بەر لە هەڵبژاردنەکان کە بە ڕووی ژناندا دەکرێتەوە بە سووکایەتیی بۆ سەر خۆیانی دەزانن و گەیشتوونەتە ئاستێک لە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی سیاسی و نەتەوەیی کە چیتر ناتوانن ئەم غەدر وجینایەتانەی دەرحەقیان دەکرێ قەبووڵ کەن و نایانهەوێ چیتر لە پەراوێزدا بمێننەوە. لە ئێستادا ژنان بە بەرخۆدان و بەردەوامیان، هاتنە مەیدانیان و بەخشینی گیانیان، کەمئەندامبوون و گرتن و ئەشکەنجەدانیان، توانیویانە سیمای ڕاستەقینەی دژەژنیی کۆماری ئیسلامی بە دونیای دەرەوە بناسێنن و هەتا ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شۆڕشەدا دەمێننەوە.

**٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

## هەڵبژاردنەکان و ئەو پرسیارانەی خەڵک هەیانە!


آبان ۱۵، ۱۴۰۱

رادیو فردا

۲۲۷ نماینده مجلس شورای اسلامی خواستار اعدام معترضان شدند

در حالی که مردم معترض به دفتر یکی از نمایندگان مجلس شورای اسلامی حمله کرده‌اند و برخی نمایندگان دیگر از ضرب‌وشتم خود توسط مردم خبر می‌دهند، ۲۲۷ نفر از نمایندگان در بیانیه‌ای، با «محارب» خواندن معترضان در ایران، از قوه قضائیه خواستند حکم «قصاص» (اعدام) را در مورد آنان اجرا کنند.

### مەنسوور مروەتی

ڕۆژی جومعە ۱۱ی ڕەشەمە دوو هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ. ئەوەی دیارە بەیانی زیاتر لە ململانێییەکی توندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران و پیاوەکانی کۆماری ئیسلامی دەچێ هەتا هەڵبژاردن. چونکە لەمێژە خەڵک بڕیاریان داوە ۱۱ی ڕەشەمە دیسان بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بە دنیا بڵێن ئەم حکوومەتە سەرکوتکەرە مرۆڤکوژە نوێنەری ئەمان نییە و لەلای خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە هیچ شەرعیەتێکی نەبووە و نییە. لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی کە جگە لە هێزی سەرکوت هیچ هێز و نفووزێکی لە نێو خەڵکدا نەماوە، لە هەوڵی ئەوەدایە بەهەر فرت و فێڵێک بووە خەڵک بهێنێتە سەر سندووقەکان، تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە حەیای ڕژاوی خۆی کۆ بکاتەوە؛ کارێک کە زیاتر لە مەحاڵ دەچێ.

گەورەترین پرسیاری خەڵک ئەم ماوەیە ئەوە بووە کە بۆچی ڕەئی بدەین؟ بۆ مەگەر ڕەئیدانی کەم و زۆر لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا چ دەسکەوتێک و چ خێروبێرێکی بۆ خەڵکی ئێران هەبووە؟ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بە هیچ پێوەرێکی دێموکراتیک بەڕێوە ناچێ و جگە لە خۆیان هیچ کەس و لایەنی دیکە بۆی نییە بەشداری هەڵبژاردن بکا با لە لایەک بمێنێ، بەڵام ئایا هەر ئەم پاوانخوازنە توانیویانە لە ماوەی ٤٥ ساڵدا کەمترین پێشوەچوون و ئاسایش لە ژیانی خەڵکدا پێک بێنن؟ بۆچی چارەنووسی یەکێک لە دەوڵەمەنترین وڵاتانی سەرگۆی زەوی گەییشتووەتە جێگایەک ئەوڕۆ پارەی وڵاتەکەی بێقیمەتترین پارەی دنیا و ژیانی خەڵکەکەی بە ڕۆژێک گەیشتووە لە جیاتی سفرەی ڕازاوە سەر لە زبڵدانەکانەوە دەردێنن؟

پاش ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی چارەنووسی خەڵک وەهای لێ هاتووە ڕێژەیەکی کەمی سەناخوان و ماستاوچیی دەروبەری ڕێژیم و بەیتی خامنەیی کە بە میلیاردها میلیارد پارەی دزیەتی ژیانێکی خەیاڵییان بۆ خۆیان دروست کردوە، باقی خەڵکەکە بۆ نانی شەو موحتاجە و لە سایەسەری ئەم ڕژیمەوە ئەوڕۆ بێکاری و هەژاری و نەداری و ئیعتیاد و دەیان و سەدان دەردی دیکە بڕستی لە ژیانی میلیۆنان بنەماڵەی ئێرانی بڕیوە و هیچ چارەسەرێکیان پێ نییە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش بەرەو خراپتر بوون دەڕوا. لەم نێوەشدا نوێنەرانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی نەک نوێنەری خەڵک نەبوون و لە دەرد و مەرگی خەڵکیان نەپرسیوەتە، بەڵکوو خۆیان شەریکە دز و مافیاکانی سپای پاسداران بوون بۆ تاڵانکردن سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران و لە سەرکوتی خەڵکی بێ دەرەتانیشدا هەنگاوێک لە پێش هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بوون. دەی ئەگەر دۆخەکە پاشی ٤٥ ساڵ وەهایە، خەڵک حەقیەتی پرسیار بکا، بۆچی ڕەئی بدەن و بۆچی بەشداریی ئەم هەڵبژاردنانە ببن؟

ئێستا با ٤٥ ساڵی ڕابردوو و کارنامەی پڕ لە جەور و جینایەتی حکوومەت لە لایەک دانێین و باسی ئەم دوو ساڵەی دوایی و بەتایبەتی شۆڕشی ژینا بکەین.

لەم ناڕەزایەتییانەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم بە سەدان و هەزاران کچ و کوڕی ئەم وڵاتەیان لە شەقامەکان و لە نێو زیندانەکان خەڵتانی خوێن کرد، ئایا یەک نوێنەری مەجلیس متەقی لێوە هات؟ ئایا وەکوو نوێنەری خەڵک بە دەوڵەت و هێزە سەرکوتکەرەکانیان گوت، مەکەن و منداڵی خەڵک مەکوژن؟ نا، نەە هەر ئەمەیان نەگوت و نەکرد، بەڵکوو ٢٢٧ نوێنەری مەجلیس بە کۆکردنەوەی ئیمزا داوایان لە حکوومەت کرد ناڕازیان و دەسبەسەرکراوان ئێعدام بکەن. کارەسات ئا لێرەدایە. دەی خۆی زۆربەی کاندیداکانی ئێستا هەمان نوێنەرەکانی ئێستا و پێشووی مەجلیسن،

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

دەی ئەگەر وایە بە چ ڕوویەکەوە دێن داوای ڕەئی لە خەڵک دەکەن؟ بە چ ڕوویەکەوە چاو لە چاوی ئەو بنەماڵە و ئەو دایک و باوکانە دەکەن کە هەر ئەم بەناو نوێنەرانە داوای ئیعدام کردنی ڕۆڵەکانیان کردبوون؟ کوا لەم یەکساڵ و نیوەی ڕابردوودا کوا لە کوێ بوون نوێنەرانی مەجلیس و ئەوانەی ئێستا خۆیان بۆ ئەم مەجلیسە لە دەسکناوە؟

خۆ هێشتا خوێنی کچان و کوڕانی شەهید و برینداری شۆڕشی ژینا بەسەر شەقامەکانەوە وشک نەبووەتەوە، و دایکان و باوکانی ئازا بەڵام دڵبرینداری وڵات هێشتا کراسە ڕەشەکەیان لەبەر دانەکەندووە. لەم دۆخەدا ئایا ئیتر هەڵبژاردن و ڕەئیدان و نوێنەر و هەڵبژاردنی نوێنەر و مەجلیس هیچ مانایەکی بەلای خەڵکەوە هەیە؟ بێگومان نا. ڕۆژی جومعە خەڵک بەتێکڕا بە بێدەنگی و بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، بە شکۆیەکی تەواوەوە ئەو "نا"گەورەیە بە کۆماری ئیسلامی دەڵێنەوە. بەیانی خەڵکی ئێران بۆ جارێکی دیکە بە دنیا دەڵێنەوە، ئەم ڕێژیمە دز و گەندەڵ و ئینسانکوژە لە لای ئێمە هیچ ڕەوایی و شەرعیەتێکی نەبووە و نەماوە.

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# دەنگدان لە ئێوە و کوشتن لە من




**حەسەن ساڵحزادە**

وەختێک کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی نیزامی پەهلەوی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا سەرکەوت، ئاخوندەکان لەچاو حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیکەی مەیدانی خەبات، لە هەمووان زیاتر تینووی دەسەڵات بوون. ئەوەشیان لێ ڕوون بوو کە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی نوێ و لە پەراوێزخستنی تێکڕای لایەنەکانی دیکەی بواری ڕاپەڕینەکان کارێکی وەها سانا نییە. لە وتاری ئاخوندەکان و شەخسی خومەینیدا پەیامگەلێک ڕوو لە خەڵک بڵاو دەکرانەوە کە تێیاندا مژدەی عەدالەت و یەکسانی، گەیشتن بە پلەی مرۆڤایەتی، ئاسایشی گشتی، ئازادی و خۆشبژیویان لە ئەگەری جێگیرکردنی حکوومەتی ئیسلامی، بە گوێچکەی کۆمەڵگەی ئێراندا دەدا. کەچی دوای ئەوەی دەرگای کۆشکی دەسەڵات بە ڕوویاندا کرایەوە، پشتیان لە پەیام و بەڵێنەکانیان کرد و دەرکەوت کە ئامانجی سەرەکی ئەوان تەنیا گەیشتن بە دەسەڵات بووە.

خومەینی لە ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا لە تویێ نامەیەکدا موهەندس بازەرگانی وەکوو سەرەکوەزیری "دەوڵەتی کاتی" ڕاسپارد هەتا کابینەکەی خۆی دابمەزرێنێ. خومەینی لە نامەکەیدا باس لە شوڕای شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی دەکا و

جەخت لەوە دەکاتەوە کە بازرگان لە باری ئایینی و نەتەوەییەوە کەسایەتیەکی جێگەی بڕوای خەڵکی ئێرانە، هەربۆیە ئەرکی پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی تا ڕێکخستنی ئیدارەی کاروباری وڵات، بەتایبەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و گەڕانەوە بە دەنگە گشتییەکانی میللەت سەبارەت بە گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵات بۆ کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەر لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بە مەبەستی پەسەندکردنی دەستووری سیستەمی نوێ تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێنەرانی میللەت بە پێی دەستووری پێدەسپێرێ.

ئەگەرچی خومەینی و ئاخوندە هاوبیرەکانی لە ڕێگەی پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی و ئەرکدارکردنی کەسایەتیگەلێکی جێمتمانەی خەڵک، توانیان تا ڕادەیەک بەستێنی کۆشکی دەسەڵاتداری خۆیان بنیات بنێن و لە پیلانی بەلاڕێدابردنی دەسکەوتەکانی خەڵک و سڕکردنی داخوازەکانیان سەرکەوتن وەدەست بێنن. بۆ دڵنیابوون لەم مەبەستە پێویستیان بە بەرنامەیەکی درێژ خایەن و بەردەوام هەبوو هەتا داهاتووی خۆیانی پێ مسۆگەر بکەن.

دەوڵەتی کاتی بە سەرۆکایەتی موهەندس بازەرگان، بڕگە بە بڕگە سیاسەتی ئاخوندە دنیاپەرەستەکانی بە جێهێنا تا هەرچی زیاتر لە لوتکەی دەسەڵات نزیک ببنەوە. بڕگەی هەرە گرینگ و بنەڕەتی، بە ڕێفراندۆم لە ڕێگەی سندووقە فێلاوییەکانەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لە جۆری دڵخوازی خۆیان، ئەویش کەمتر لە دوو مانگ دوای ڕوخانی دەسەڵاتی پەهلەوی و دامەزرانی حکومەتی کاتی بە ئەنجام گەیشت. خەڵکی ئێران بە بەشداریکردنیان لە سیناریۆی نێوان ٢ بژاردەی "بەڵێ" یان "نەخێر" بۆ حکومەتی ئیسلامی، لە لایەک زەمینەیەکی لەباریان بۆ دەسەڵاتداری ئاخوندەکان ڕەخساند کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و لە لایەکی دیکەش، چاڵێکی ڕەشیان بۆ ژیان و چارەنووسی خۆیان هەڵکەند کە ئێستاش هەر پێوەی دەناڵێنن.

ئەوجار خومەینی و ئاخوندە هاوبیرەکانی، چەند مانگ دواتر لە سێبەری "دەوڵەتی کاتی" دا توانیان یاسای بنەڕەتیی حکوومەتی ئیسلامی لە نێو سیناریۆیەکی تەماوی دیکەدا بە ناوی ڕێفراندۆم بچەسپێنن. لە دوای ساخکردنەوەی دوو قۆناخی گرینگی دەوڵەتداری و پاش ٩ مانگ سەرۆکایەتیی دەوڵەتی کاتی، موهەندس بازەرگان ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرا و دەسەڵاتەکانی بە شورای شۆڕش سپێردران. هەر لەوسانەدا پرسی سەرکۆماریی حکومەتی ئیسلامی و مەجلسی شۆڕای ئیسلامی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دڵخوازی ئاخوندەکانەوە یەکلایی کرانەوە.

ئەمڕۆ ٤ دەیەونیو لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە نێوەڕۆکدا هەمان حکومەتی ئاخوندییە، تێدەپەڕێ. هەروەک

گوترا، ئەوان بەردی بناخەی دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگەی ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنە فۆرمالیتەکانەوە دامەزراند کە توانیان هەتاکوو ئێستا درێژەی پێ بدەن. لە خۆڕا نییە کە ئاخوندەکان، بە تایبەتی نوێنەری جینایەتکاری وەلی فەقیهـ، لە میانەی چەند دەیە دەسەڵاتداریدا بەردەوام پێداگری و داواکاری لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردن و بەشداری خەڵک دەکەن. بەرپرسانی ڕێژیم ئەوەندەیان نان لەم پرسە خواردووە کە نە تەنیا مانەوەی خۆیان، بەڵکوو تەنافەکانی سێدارە و قامچی جەلادەکانیش بە خێرو مۆهیبەتی هەڵبژاردن دەزانن.

بەرپرسانی دەسەڵات دەرفەتی حازربوونی خەڵک لە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەوێنی دەمڕاستی خۆیان دەگوازنەوە. بۆ وێنە، لەکۆڕو کۆبوونەوە جیهانییەکاندا هەروەخت بە تاوانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەرهەق بە خەڵک، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە، دیسان وەکوو بەڵگە، ئاماژە بە سندووقەکانی دەنگدان دەکەن و هەموو برِیارە زاڵمانەکانی خۆیان بە خواستی خەڵکەوە نیسبەت دەدەن. دەبێ خەڵک ئەو ڕاستییە بزانێ کە ئاخوندەکان ئەگەر ئێستاش هەروا بە شێوەی ئاسایی و بەردەوام درێژە بە حکومەت و جینایەتەکانی خۆیان دەدەن، بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە خەڵک لەداوی سندووقەکە نگریسەکانیانەوە دەکەوێ.

ئەگەر ئاورێک لە ڕابروودی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و جۆری سازماندانی هەڵبژاردنە کاناڵیزەکراوەکانیان بدرێتەوە، بۆ هەمووان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕێژیمە لە نێوەڕۆکی خۆیدا هیچکات ڕەوایی و مەشرووعیەتی لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتداری خۆی وەدەست نەهێناوە. هەوەک دەزانین، گەلی کورد لە ڕێگەی بایکۆتی چالاکانەوە بەشداری لە یەکەمین ڕێفراندۆمی ساختەی "بەڵێ" یان "نەخێر" بۆ حکومەتی ئیسلامی دا نەکرد. بایکۆتێک کە بنەمای ئیرادەی نەوەکانی گەلی کوردی تەنانەت هەتا ئەمڕۆش ڕاگرتووە. ئاخوندەکان بە ڕواڵەت خۆیان لەو ڕاستییە بوارد کە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگ بە حکومەتە پێشنیارکراوەکەیان نەدراوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا گەلی کورد شکۆو هەیبەتی خۆی پاراستووە. لانیکەم، جێگەی شانازییە کە کورد بەشێک لە دەزگای ستەم و دواکەوتووی حکوومەتی ئاخوندی نییە.

ئامانجی ئاخوندەکان لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەت و دۆخی ئەمڕۆیان زۆر لێک نزیکن. هەر وەکوو ٤٥ ساڵ لەمەوبەر، جارێکی دیکە بە تەمان لە ڕێگەی وەرگرتنی مەشروعیەتی ڕواڵەتی، داهاتووی دەسەڵاتەکەیان بپارێزن. ئەگەر ٤٥ ساڵ لەمەوبەر بیریان لە هێزی سندووقە جادووییەکان دەکردەوە هەتاکوو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی پێ قایم بکەن، ئەوەتا ئێستاش بە تەمان جارێکی دیکە لاشەی نیوەگیانی حکوومەتەکەیان لە سێبەری سەناریۆی هەڵبژاردندا ببووژێننەوە و بێخەمتر لە هەمیشە ئەسپی تاوان و جینایەتی خۆیان تاوبدەن.

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

ساڵی پار کە ئاگری شۆڕشی ژینا بە مەبەستی لەگۆڕنانی حکوومەتی جینایەت و سێدارە لە کۆردستان هەڵگیرسا و دواتر تێکڕای ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە، کۆماری ئیسلامی بە ماناو کردەوە ڕەوایی خۆی لە دەست دا. ئەگەرچی دوای ساڵو نیوێک دەنگی ئەم بزووتنەوەیە بە ڕواڵەت کپکراوە، بە لام لە زاتی خۆیدا هەروا زیندووە. بزووتنەوەیەک کە بتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا ڕەوایی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی لە گۆڕ بنێ، هەروا بە ساناهی دانامرکێتەوە. ئەگەر چاوێک لە دۆخی ئێستای حکومەتی ئاخوندەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هێزەکانی پارێزەرانی دەسەڵات لە بەرانبەر هێزی خەڵکی ڕاپەڕیودا خۆیان بە ڕیسواو پەشیمان دەزانن. ڕێژیم بێجگە لەوەی کە لە سیاسەتی ناوخۆیی خۆیدا تووشی قەیران و دارمانی بێوێنە بۆتەوە، لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیشدا لەگەڵ تەریک کەوتنەوەیەکی جیددی ڕووبەڕووە. قەیرانی ئابووری بە ڕادەیەک بەرۆکی گرتووە کە توانای ئیدارەی وڵاتی لە دەستدا نەماوە. پرسەکانی خزمەتگوزاری، فێرکاری، بەرهەم هێنان، کشتوکاڵ، پیشەسازی و هتد لە کردەوەدا لەکارکەوتوون و هەروا لە ڕەوتی داکشان دان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە خولی نوێی هەڵبژاردنە نمایشییەکانی مەجلسی شووڕای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەریی نۆبەیان هاتۆتەوە.

لەم نێوەدا، بە پێچەوانەی هەموو یاساو ڕێساکان، ڕێژیم تەنیا بیر لە دوو مەسەلە دەکاتەوە. یەکەم، سەرکوت و کوشتن، دووهەم، بەڕێوەچوونی سەناریۆی هەڵبژاردنەکان. ئێستا پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ڕێژیم بۆچی ئەوەندە پرسی هەڵبژاردن بە گرینگ دەزانێ؟ وەڵامەکەی ڕوونە، ئاخوندەکان هەروەک چۆن ٤٥ ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگەی سندووقەکانەوە شۆڕش و دەسەڵاتیان خستە پاوانی خۆیانەوە و دواتر بە ناوی نوێنەرانی خەڵک دەستیان دایە کوشتارو جینایەت، ئێستاش دیسان خەریکی زیندوو کردنەوەی یارییەکن بە ناوی "دەنگدان لە ئێوە و کوشتن لە من."

کەواتە خەڵک دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن کە نزیک بوونەوە لە هەر سندووق یان بنکەیەکی دەنگدان، ڕێخوشکەرە بۆ کوشتنی لاوێکی دڵسۆزی ئەم نیشتمانە، نیشتمانێک کە ئەگەری ئازادبوونی لە هەردەم نزیکترە.

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# ١١ی ڕەشەمە تفەنگەکان پڕ دەکەنەوە، قامکەکان خوێناوی دەکەن




مستەفا فەقێ

ڕێژیمی تاران بۆ ڕەوایی‌پێدان بە حکوومەت و سیستمی خۆی لە شانۆی هەڵبژاردن کەڵک وەردەگرێ و وەک هەمیشە پیلان دەگێڕێ و لە حەولی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک دایە. هەموومان ئاگادارین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەمەنی ٤٥ ساڵەی خۆیدا، جگە لە توندوتیژی، کوشتن و بڕین، هەڵاواردن و جیاوازیدانانی نێوان نەتەوەی باڵادەست و ژێردەست، گرتن، بێکاری، هەژاری، گرانی، گیرۆدە بوونی لاوان بە مادده هۆشبەرەکان، تەنانەت ژنان و مێرمندالانیش تووشی ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە بوون، لە سێدارەدانی ئازایخوازن، تاڵان کردنی سامانە گشتییەکان، لە ناوبردنی ژێرخانی ئابووری، کانگا ژێر زەوییەکان، هەروەها تاڵان کردنی ئاسەوارە مێژووییەکان و داڕمانی ژینگە و وشک کردنی زریاکان و ماڵوێرانی چ دەسکەوتێکی ئەرینی بۆ گەلی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بووە؟

ڕێژیمی تاران تەنیا مەبستی ئەوەیە لە شانۆی هەڵبژاردن کەڵک وەرگرێ و ئەو پەیامە بدا بە جیهان کە خەڵکی ئێران پاڵپشتی لە حکوومەت دەکەن و ڕازین و شەرعییەت بە سیستم و دەسەڵاتدارە ناڕەواکەی بدا.

**ڕەشەمەی: ۲۷۲۳**

**۱۱ی ڕەشەمە قامکەکانتان خوێناوی مەکەن و تفەنگەکان پڕ مەکەن لە ساچمە و فیشکی جەنگی، بەشداری لەو شانۆیە و چوونە سەر سەندووقی دەنگدان تەنانەت بە بەرگی سپیشەوە، خەیانەتە بە خوێنی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی شۆڕشی ژینا و شەرعییەتدانە بە دەسەڵاتدارییەتی بە ڕێژیمی نگریس و دیکتاتۆری تاران، خەیانەتە بە شۆڕشگێرانی سەر شەقام، ئەوانەی وا شەلاڵی خوێن بوون، خەیانەتە بە منداڵە هەتیوەکانی وەک باوان...... و خەیانەتە بە دایکانی نیشتمان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، خەیانەتە بە کەمئەندامان و شەهیدانی ئەشکەنجە دراو، هەروەها دەسبەسەرکراوانی ئەو شۆڕشە کە زیندانی درێژخایەن و تەنانەت حوکم و سزای لە سێدارە دانیان بەسەردا سەپاندوون.**

**ئەگەر ئێمە بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردن ۱۱ی ڕەشەمە نەکەین، درێژەدان بە دەیان ساڵ خەبات و شۆڕشی ڕابردوو و هەروەها بەردەوامی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیە، بەپێچەوانە دەنگدان واتای پەرە گرتنی فەساد، تیرۆر، توندوتیژی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکوتی ئازادیخوازان و خۆپێشاندەران، وێران بوونی زیاتری وڵات، فەوتاندنی ژینگە، تواندنەوەی دابونەریت و کەلتور و زمان نەتەوە ژێر دەستەکان بەتایبەت گەلی کوردە.**

**بەگشتی بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردن نە تەنیا تاوانبارن لە ئاست خوێنی شەهیدان و ئێش و ئازاری بریندار و دەسبەسەرکراوەکان، بەڵکوو دەبنە هۆی دامەزراندنەوەی قووڵتری بناغەی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران.**

**بەشداری نەکردن لە شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەرکێکی شۆڕشگێرانە و نیشتمانییە.**

**۱۰ی رەشەمەی ۲۷۲۳**

# گوڵاڵە شەرەفکەندی: وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**لەکاتێکدا پرسی هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی هاندان و هەڕەشەی ڕێژیم بۆ بردنەسەرێی ئاستی بەشدارییەکان گەیوەتە تروپکی خۆی، چەند پرسیارێک گرینگ دەنوێنن، وەک: ژنان و پرس و مافەکانیان لەکوێی هاوکێشەکانی هەڵبژاردنەکاندا جێ دەگرن؟ هەڵبژاردنەکان لە چل و پێنج ساڵی ڕابردووی حوکمڕانیی ڕێژیمدا چ شتێکی لە بەرژەوەندیی پرسی ژنان گۆڕیوە و بەوپێیە ژنان بۆچی دەبێ بەشداری هەڵبژاردنەکان بن؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەمان لەگەڵ زۆر بەڕێز خاتوو گوڵاڵە شەرفکەندەی، جێگری سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنال هێناوەتە گۆڕێ.**

**شەهرام سوبحانی: چل و چوار هەڵبژاردن لە ئێران کراوە، ئەم هەڵبژاردنانە چ ئاڵوگۆڕێکیان لەسەر پرسی ژنان بە قازانجی ئەوان بووە؟**

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: واقعییەت ئەوەیە کە لە تەواوی تـوولی ئەو سـاڵانەدا بێجگە لە یەک دوو جار کە ئەوانە هەوڵیان داوە کە مەسایلی ژنان بە جۆرێکی باسی بکەن یا لزوم و زەروورەتی وایان دیتووە کە هێندێک خۆیان مۆدێڕن نیشان بدەن یا بە عیبارەتێکی لەو مەسەلەی بڕوانێ تەبلیغاتێک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیستفادە بکەن یەک دوو مەورد بووە ئەو پەڕی سێ مەورد بووە کە لەو حاڵەتانەشدا هیچ وەخت ئەو مەسەلەیە لە مەسەلەیەکی زاهێری تەبدیل نەبووە بە مەسەلەیەک یا باسێکی ئەساسی یا ئێختساسی زەروورەت، ئێمە دەزانین کە میزانی ژنانێک کە ئێستا نوێنەرن لە پەڕلەمانی ئێران، ٦ دەرسەدە یانی لەو ٢٩٠ نەفەرە شتێک لە حدودی ١٦ یا ١٧ ئەندام ژنن لە دەورەهایەکی کە ئەوانە سەعیان کردوە کە ڕێکلامی پێوە بکەن تەنیا مەسەلەکە ئەوە بووە کە سرنجی پێ ڕابکێشن و نیازەکەش بۆ ئەوە نەبووە کە گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە کۆمەڵگەدا پێک بێنن یا ئیحساسی نیازیان کردوە سەبارەت بەوەی کە بەڵێ ژنانی زۆرتر لە مەجلیس دانیشن هیچ یەک لەوانە قەزییەکە نەبووە قەزییەکە زۆرتر بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی بووە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە کە بڵێن بەڵێ ئێمەش ئەو ئەرجەعییەتە لە نەزەر دەگرین یا ئەو مەسەلەیە گرینگە بۆمان. بەڵام خۆدی ژنان لە ئێران یەک دوو دەورە وا هەبووە کە ژنانیش ئەو بەحسەیان بە عیبارەتێکی لە نەزەر گرتووە و سەعیان کردوە و هەوڵیان داوە گوتوویانە تەنانەت ئەگەر ژنانێکە دەچنە مەجلیس باوەڕیان بە مەسایلی بەرابەری و یەکسانی جنسییەتیش نەبێ بەڵام با ڕێژەکەی بچێتە سەرێ با تیعدادەکە شەڕ بکەین بۆ ئەوەیکە ڕێژەکە بە ڕێژەیەکی قابلە قەبووڵ بگاتێ بەعێبارەتێکی، لەو مەواردەدا هەبووە کە ژنان زۆرتر بەپیری ئەوە باسەوە چۆن یا سەعیان کردوە بازێک لە ژنان چونکی بە هەرحاڵ بۆ خۆت دەزانی کوردستان قەتی مەشرووعییەتی ئەو نیزامەی قەبووڵ نەبووە و قەتیش لەو شانۆانەی ڕێژیمدا بەو شێوەیە بەشداری نەکردوە بەڵام بە تەوری کولی دورەهایەک هەبووە کە لەو دەورانەدا ژنان هەوڵیان داوە کە تێعدادی ئەندامانی ژنی ئەو مەجلیسە زیاتر بکردرێ سەرەڕای ئەوەیکە دەیانزانی زیاد بوونی ئەو تێعدادە هیچ تەسیرێکی لەسەر کۆالێتی یا لە سەر بڕیارهایەک کە لەو مەجلیسە دێتە دەرێ دانانێ چونکێ ئەو بڕیارانە ناتوانن بە دژی شەریعە یا ئەو تەفسیرە لە شەریعە بن کە لە حەقیقەتدا دژایەتی هەیە و بە تەوری سیستماتیک هەڵاواردنی ڕەگەزی ئیعمال دەکا بە دژی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاکامدا ئەوان ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی بگرن بە دژی ئەو شەریعەیە، تەنانەت ئەگەر کوو ئەندامانی ژنی پەڕلەمانیش زیاتر بێ هیچ فەرقێکی لەو قەزییەدا ناکا ئەوە یەک، دووهەم ئەوەیکە خودی سیستمیش قەت هەموو غەمی نەبووە کە ڕێژەی ئەو ژنانە بەرێتە سەرێ مەگەر ئەو یەک دوو مەوردەش بەحسەکە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە و ئەبەدەن بۆ ئیحساسی زەروورەت و نیاز و ئەو نەبووە یا باوەڕ بەو شتە نەبووە بە هەرحاڵ چوونە مەجلیسێک بەرنامەی هەڵبژاردن یا بەرنامەکەیان ئەوە نەبووە کە لە ڕاستای تەسیرگوزاری یا بەهبوود بارودۆخی ژنان عەمەل بکەن خۆدی ئەو ژنانە لە مەجلیسی ئێرانێ بارەها پاڵپشتیان لە بەرنامەهایەک کردوە کە بۆ خۆشیان دەزانن کە یەکەمین زەربە یا قوربانیان ئەسڵی ئەو بڕیارانە بە عیبارەتێکی ژنان بوون گەرچی مەجلیس لە ئێران بە جۆرێکی

قۆدرەتی ئان چۆنانیشی نییە کە ئێمە دەزانین هەر شتێکی کە لەو مەجلیسەش بە عیبارەتێکی تەسوویب بکردرێ قۆدرەتی ئیجرایی نییە تا وەختێکە بە تەئید دەگا و ئەو تەئیدەش بە قەوڵی وان فوقەها عۆلەمایەک دەبێ تەئیدی بکەن کە دیسانەکانە بەر ئەساسی شەریعە چاوی لێ دەکەن.

**شەهرام سوبحانی: ژنان بۆ دەبێ لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگاندا بەشداری بکەن کە چەند مەلایەکی پیاو بنێرنە ئەو مەجلیسە هەتا ڕێبەرێکی پیاوی مادامولعومر بە سەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بسەپێنێ؟**

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: ئەوەیکە ژنان بۆ دەبێ بەشداری بکەن! کولی قەزییەکە خۆ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا قەزییەی موشارەکەتی ژنان بەحسەکە ئەوە نییە کە لە سەر حەق دیفاع بکەن بە کێ دەنگ بدەن هیچێک لەو قەزییانە نییە نە بۆ نیزام نە بۆ خەڵکەکە مەگەر مەواردێکی دیکە مەسەلەن کابرا خزمی خۆی بۆ جێگایەکی کاندیدە لەو مواردەی دا فەرق دەکا غیرە ئەو سوورەتەی لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا باسی ئەوەی نەبووە کە ئەو کەسەی دەچێت مەسەلەن پیاوە یا ژنە یا چ بەرنامەیەکی هیچ تەکیدێکی لە سەر ئەوە نەبووە تەنانەت هەتا ئێستاش کە خراپترین حاڵەت دایە مەعمووڵەن ئەسڵی ترین پەیام بۆ ئەوە بووە کە بڵێن لە دنیای دەرەوە بڵێن ئەوەتا ئێمە خەڵکمان لەگەڵە دوای ئەویش ئەوانە دەیانهەوێ عەدد دروس بکەن خۆ بۆ مەبنای ئەوەیکە بتوانن عەدد دروس بکەن دەبێ نمایەشێک پایەیەک هەبێ لەو پایەیەیدا تەبیعییە ئەوان هەوڵ دەدن کە بڵێن ژن و پیاویشمان لەگەڵە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا زۆر گرینگە کە ئەوان ژنان نیشان بن نمایش بدەن بە دنیا بڵێن کە نە شۆڕشی ژینا شۆڕێک بوو هیچ شتێک نەبوو و ئێمە ئێستاش مەحبووبین بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە مەحبووبین بۆیە دەبێ کەسانێک هەبن کە بچنە سەر سەندووق کە ئەوان ئەوەی بکەنە فیلم و نمایش بە دنیای بفرۆشن ئەوە بەشێکی دیکە وەک هەمیشە بە عیبارەتێکی مەشرووعییەت کڕینە یانێ نمایشە لە بەرچاوی دنیا بەڵام ئەو شتەی کە ئەو هەڵبژاردنەی ئەو جارەش جیاواز دەکا لەگەڵ جارهای پێشوو ئەوەیە کە ئەوانە بە هەرحاڵ پێویستیان بەوە هەیە کە میزانی لەنێوخۆیان دا موشکیلیان هەیە و تیکە کەمەی میزانی ئەو کەسانەی کە ئێستاش باوەڕیان بە سیستەم ماوە یا بەجۆرێکی بەرژەوەندییان گرێدراوە بە سیستم زۆر زۆر لە خوارە، تەنانەت یەک ڕەقەمییە، ئەو یەک ڕەقەمییەش بۆ ئەوەیکە بتوانێ پشت نەکاتەوە دەستی بەر نەدا لە حیمایەت لە ڕێژیمێکی کە لەسەر پایەی حیمایەتی وی ڕاوەستاوە تەبیعییە ڕێژیم پێویستی بەو هەیە کە بە هەرحاڵ موشارەکەتێک هەبێ لە هەڵبژاردندا کە بتوانێ ئەوی قانع بکا کە ئێستاش خەڵکەکە جا لە ترس بێ جا بە هەر دەلیلێکی بێ ئێستاش کەسانێک دەچنە سەر سەندووق لێرەدایە کە بەهەر حاڵ نەچوونی سەر ئەو سەندووقەی دەتوانێ دەوری ئەساسی بگێڕێ لەو بابتەیەوە کە ئەوەیکە ئێستاش بەجۆریکی چ لەڕێگەی بەرژەوەندییەوە چ لە ڕێگەی ترسەوە چ لە ڕێگەی هەر شتێکەوە ئێستاش ئەو حکوومەتە کۆڵەکەکەی لەسەر ئەوەیە لە سەر ئەوەی بە قەوڵێکی ئەو ۷ دەرسەدەیە ئەویش دەبێ بتوانێ ئیحساس بکا کە

شتێک ماوە یانێ ئەوەندە لە ڕووخان نزیک نییە کە بەهەر حاڵ ئەویش بەجێی بێڵێ بۆ ویش بێ ئەوان پێویستان بە ئەوە هەیە کە خەڵک بچێ و دەنگ بدا لە ئاکامدا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوان لە هەر حەربەیەک ئیستفادە بکەن و بەتایبەت ئەوان تەکیدیی تایبەت دەکەن لەسەر بەقەوڵی خۆیان ژنەکان، بنەماڵەکان لەو بابەتەیەوە کە خەڵکەکە بنێرێ یا بنەماڵە مەجبوور بکا یا هەر شتێکی دیکە بۆیە نەتبیستووتە کە ئەو ژنانەی کە دەڵێن بەهەر حاڵ شناسنامەکەی منی وەرگرتووە بەڵێ قەوڵی گۆشتیان پێ دوام نازانم قەوڵی غەزایان پێ داوم قەولی چیان پێ داوم شتێکی دیکەش کە ڕەنگە زۆر جالب نەبێ ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیکە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی دا مەعموولەن دۆنباڵەڕەوون ئێستاش ساحێبی بە نەزەری وان  یا ئەوانیکە حەمایەت لەو سیستەمەی دەکەن ئێستاش ساحێبی نەزەری ئیدەی خۆیان نین و تەبیعییە ئەوان ئەو ژنانەیان بەعینوانی سیاهی لەشکەر دەوێ و غیەرز وی شتێکی دیکە نییە بێجگە لەوە شتێکی دیکەیان لەو ژنانە ناوێ ئەو بۆیان گرینگە پەس سێ خاڵ بوو، یەکەم ئەوەیکە دوای شۆڕشی ژینا وانیشان بدەن کە ژنان بەهەر حاڵ شۆڕشی ژینا سەمبوولی ژنانی وان نییە و تەنیا شۆڕشێک بوو کە مەهار کراوە و ئەلعانەکە هیچ موشکیلەیەک نییە و هەموو شتێک فرید و فرۆیدە یەک دووهەم، ئەوەیکە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سێهەم ئەوەیکە، ئەوانەیکە ئێستاش وەفادارن بەو سیستەمەی نیشان بەن کە  آب از آب تکان نخوردە و هەموو شتێک ئارامە و ئێوە دەبێ حیمایەت بکەن و ئەو ڕێژیمە دەبێ بمێنێتەوە، و بەو جۆرە نییە کە ئێمە هیچ پایەگایەکمان نەمابێ.

**شەهرام سوبحانی**: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چەندە ڕوانگەی ژنانی کوردستانی بە نیسبەت پرسی هەڵبژاردنەکان گۆڕیوە؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەبڕوای من کوردستان لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا تەکلیفی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی دا زۆر مەعلووم تر بووە چ سەبارەت بە کوردستان، چ سەبارەت بە ژنان، بەڵام لە دەورەهایەکی جیاواز بە بەهانەیایەکی کە ڕەقابەتەکان بەعیبارەتێکی زۆر بکرێ لە بەینی بەعزە بنەماڵەیەکدا بە جۆرێکی ژنان تێ وەردراون کە ئاوری موشارەکەت لە هەڵبژرادن دا بەهەر حاڵ خۆش بکەن بەڵام سەبارەت بە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەوە شتێکی تازە نییە کوردستان فەزایەکە کە بەهەر حاڵ لەگەڵ خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمەی ئاشنایە بەڵام ئەوەیکە دوو خەبات لێک گرێ دەدرێن یەکیان ئەوەیکە خەباتی شوناسی نەتەوەیە، یەکیان خەبات بە دژی سیستمێکی کە هەڵاواردنی ڕەگەزی تا ئەو ئاستەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە تەنگتر دەکاتەوە و حازرە بە کوشتاری ژنان بە شێوەهای جۆراوجۆر وەختێکی ئەو دوو خەباتە لێک گرێ دەدرێ لە کوردستان کە هەر دووکی ئەو قەزیانە پاشنە ئاشیلی ڕێژمێکی بە عیبارەتێکی ئەوە دەبێتە باعیسی ئەوەیکە وێژمانێک دروس دەبێ کە ئەو وێژمانی شۆڕشی "ژن. ژیان. ئازادی"، وێژمانێکە کە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە، دروستە کە لەو حاڵەتەی ئەسڵی گەرم و گۆڕی خۆیدا نەماوە، دروستە کە حیمایەتێکە پێویستییەتی لە کولی ئێران وەری ناگرێ، بەڵام ئێستاش بە هەرحاڵ بەجۆرێک مەسئوولی ڕۆنێسانسێکە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا و ئۆمێدێکە کە تەواوی حەولی ئەو

ڕێـژیمە ئەوەیە کە دەریـچەی ئەو ئۆمێدە ببەستێ و خەڵـک لە نائۆمێدیدا بە عیبـارەتێکی دیسـان مۆنفەعیـل بکـاتەو بـێ هەڵوێست بکـاتەو بەڵام کوردستان ئێستـاش سـەرچاوەی ئەو ئینـرژییە و ئەو ئۆمێـدە دەڵـێن نێوخـۆی کوردسـتان کـامڵەن تەبیعییە کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێ دەسکەوتێکی هەبێ یا نمایشێکی لەو نـاوچەیە یـا بە لە حزووری ژنـان لە سـەر سـەندووق هەبـێ گەورەتـرین فەخـر فرۆشی هەم بە ئێـران و هەم بە دنیـا و هەم بە کوردسـتان دەکـا بە وەسیلەی ئەو نمایشە بـۆیە گرینگتر دەبێ کە تەبیعییە ئەو ژنـانەی کە بە هەرحـاڵ لە شۆڕشدان ئـازیزانیـان لە دەست داوە کـامڵەن تەبیعییە کە ئەوان ناچن بەڵام ئەوانەی دیکەش کە بە هەر بەهـانەیەکی ڕازیـان دەکەن گرینـگ ئەوەیە کە ئەوانەش خیـانەت نەکەن بە هەموو ئەو دایکانەی کە جەرگیان سووتاوە خوێنی منداڵیان ڕژاوە بەڵام تەنـانەت نەیانهێشتووە ئەو ڕێـژیمە فرمێسکیشیان ببینـێ یـانێ ئەوەنـدە بەهێـزن لە بەرانبەر ئەوە ڕێـژیمەدا ڕاوەستـاون گرینـگ ئێـرەیە کە ژنـانێکی کە بە هەرحـاڵ ڕۆڵەکانیـان لە دەست نەداوە و مومکینە بە تەمع یا بە مەجبووری بچنە سەر سـەندووقی دەنگدان بە هەرحـاڵ ئـاوڕێـک بـدنەوە لە وانەی کە چـۆن لە مـاوەیەدا بە تـایبەت ئەو یەک دوو سـاڵی ڕابـردوودا چـۆن و بە چ شـانازییەکی بە چ وەزعییەتـێکەوە وەختێـک ڕۆڵەکانیان فیدای ئەو شۆڕشە کردوە نەیانهێشتووە فرمێسکیشیان ئەو ڕێژیمە تەنانەت ببینێ.

**شـەهرام سـوبحانی: ئایـا مەجلیس ئەو شـوێنە کە بتوانـدرێ بە گـۆڕینی یاسـاکانی هەڵاواردن و جیاییخسـتن پرسـی ژنـان هەنگاوێک بەرەوپێش بچێ؟**

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: مەجلیسی ئێران هیچ کات ئەو هێزەی نەبووە کە بتوانێ شتێک بۆخۆی بە دەسپێکەری خۆی بە ئەساسی بڕێک بەرژەوەندی خەڵک بەرێتە مەجلیس یا تەسویبی بکا، یەکەم مەحدوودییەتی قـۆدرەتی وی کـۆنتڕۆڵ لە سەر قـۆدرەتی وی، ئەوە بەشێکە دووهەم، ئەوەیکە ئەو کەسانەی کە توانیویانە کاندیدی هەڵبژاردن بن بەهەر حاڵ لە فیلتێر گـوزەراون و مەعموولەن کەسانێک نین کە باوەڕی خەڵکیان لە پشت بێ یا مەسایلی ویست و خواستی خەڵکیان بۆ گرینگ بـێ، ئەوە دوو، سـێهەم ئەوەیـکە بەتـایبەت ئەوە دەورەیە ئەو دەنگـۆیە هەیە و چەنـدین نمـوونەش هـاتۆتە دەرێـکە بڵـێ تەنـانەت کاندیدبوونیش بە پووڵ دەکردرێ ئێستا کە کۆماری ئیسلامی هەموو شتێکی کردۆتە پـووڵ و پـووڵی لـێ دەردێنـێ ڕۆژ بە ڕۆژ یـانێ خرابتـر بـووە یـانێ ئەو کەسـانەیکە کە دەتـوانن خـۆ کاندیـد بـکەن ئەسڵەن پێویسـت نییە کە تەنـانەت لە نەزەر ئینسانییەوە تەنانەت لە نەزەر بە هەر حاڵ لانیکەمی بارودۆخیشیان پێ بێ و شتێکی بە پووڵ دەکرِدرێ دەر نەتیجە ئەوە بەشێک لە وانەی کە خۆ کاندید دەکەن بەشێک لە سەر دەسەڵاتی مەجلیسەکەیە کە دەسەڵاتێک بوونی نییە، ئەوەیکە هەموو شتێک بڕیـارێکە هەر بڕیارێک بارهـا و بارهـا فیلتێر دەکرێتەوە لە کۆتـاییدا هەموو ئەو بڕیـارانەی کە تـا ئێسـتا گیـراون واقعییەت ئەوەیە قەت قازانجی ئەوە میللەتەی تێدا لە بەرچاو نەگیراوە دەنگی نـاڕازی لە مەجلیس مەعموولەن نەیتوانیوە بە هیچ جێگـایەک بگـا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنـانە تەنگتر بـووە لە باشترین حاڵەتـدا کە مەجلیس بە قەولـی خۆی دەنگی

ئیعترازی تێدا بووە چ تەسیریکی توانیوە لە سەر بارودۆخی ئێران، لەسەر مەسایلی ئێران، لە سەر بە هەرحاڵ چ وەزعییەتی خەڵکی لە نێوخۆی ئێران چ بارودۆخێکی کە بە هەرحاڵ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوروو نەقشێکی کە ئێران دەیگێڕێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە عیبارەتێکی بتوانێ تەسیر دابنێ یا لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ یا لە سەر مەسەلەی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری خەڵکەکە یا مەسەلەن ئەو سەرمایە و داهاتەی کە بە هەرحاڵ لە ئێران هەیەتی چۆن بتوانێ لە بەینی خەڵکەکەیدا دابەشی بکا ئێمە دەبینین کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک لە ئێران فەقیرتر بووە، دەست تەنگتر بووە، مەحدوودتر بووە، زوڵم و زۆر لە سەری زۆرتر بووە، یانێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیاتی ئەگەر وابایە کە مەجلیس بتوانێ جێگایەک بێ کە تەسیری لە سەر ژیان و بڕیارێکی سەبارەت بە ژیانی ئەو خەڵکەدا دەگیرێ دابنێ دەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ ئێمە بە هەرحاڵ شاهیدی باشتر بوونێک یا حەرەکەتێک بەرەو باشتربوون چووباین لە حاڵێکدا لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دیتوومانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخ لە ئێراندا خراپتر بووە و خەڵک دەستتەنگتربووە و سفرەی خەڵک بە قەوڵی مەعرووف خاڵی تر بووە و خەڵک لە بەرچاوی منداڵەکانی خۆی شەرمەندە بووە چونکە نەیتوانیوە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی کە ڕۆژانە دەدیدا نەیتوانیوە ئەو نانەی کە دەبێ بیهێنێتە سەر سفرەی، یا منداڵی خۆی بەو جۆرەیکە دەتوانێ بنێرێ بەر ئەساسی لیاقەت بۆ مەدرسە بۆ دانشگاە و بۆ درێژەدان بە خوێندن تەنانەت لە کاتێکدا کە لە زانکۆی تەواو کردوە بتوانێ هەلی کاری بۆ بڕەخسێنێ، هیچێک لەوانە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە مەحدوودتر و مەحدوودتر بووە ئەوان توانیویانە منداڵەکانی خۆیان بنێرنە دەرەوی وڵات لە باشترین زانکۆکانی دنیا خوێندنیان پێ بکەن باشترین خانووها و بارودۆخی باشتریان بۆ دابین بکەن ئەوانەیکە بەرپرسانی دەوڵەتین بەڵام خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ مەحدوودتر و بێ دەرەتانتر بووە و بارودۆخی ئابووری کە بۆ خۆمان دەیبینین لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە دەرنەتیجە ئەوە نییە کە تۆ چاوەڕوانیت هەبێ لەو مەجلیسە کە تەنها شتێکی کە ڕێژیم پێویستی پێ هەیە ئەویش ئەوەیە کە شتێکی ساختەگی بە ناوی مەجلیس دەنا خۆ تەنانەت بچن پێشنیاریش بدەن خۆ قانوون لە مەجلیس ناکردرێ لە ئێران بە عیبارەتێکی ئەتۆ بە قەوڵی مەعرووف دیسانەکانە لە شەریعەی دەدەی کە زۆرتر لە شەرعییە ئەوەیە کە چەندە قازانجی وان چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەو حکوومەتە یەک دەستەی کە ئەوان دەیانهەوێ یا چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەوەی دابنێ یا چۆن دەتوانێ بە عیبارەتێکی لەگەڵ بۆچوونی بە قەوڵی خۆیان خامنەایی هەماهەنگ بێ یا ئەو شتانەی کە ئەوان دەیانهەوێ دەستبەر بکا.

**شەهرام سوبحانی: ژنان نیوەی کۆمەڵگەی ئێران پێکدێنن، ئایا نیوەی ئیرادەی کۆمەڵگەیەک بەس نییە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە هیچ مافێکی بە ژنان نەداوە؟ کەواتە ژنان بۆچی دەبێ دەنگ بدەن؟**

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەحسەکە لە سەر ئەوەیە کە تۆ باسی کۆمەڵگەیەک دەکەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر فەلەج کراوە، فەلەج کردنەکەی لەو بابەتەوەیە کە تۆ باسی ژنان دەکەی ژنان لە هەموو کۆمەڵگەیەکیدا فەقیرترین ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەن لە کۆمەڵگەی ئێرانی نە تەنیا ئەوەیکە ژنان مافی دەسپێڕاگەیشتن بە کار، مافی ئەوەیکە لە بواری ئابوورییەوە بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، ماڵ بەڕێوەبەرن لە بواری قانوونییەوە لە بەر دەستی پیاوەکاندان بۆ ئەوەیکە بە عیبارەتێکی بۆ خۆیان بڕیاردەری ژیانی خۆیان نین کەواتە ئەوە هەموو دەست و باڵی لێ ئەستاندوون ئەتۆ باسی ژنانێک ناکەی کە ساحێبی ئیرادەی خۆیانن بە خاتری ئەوەش ساحێبی ئیرادەی خۆیان نین کە ئەو هەموو مەحدوودییەتەی کە لە سەر ئەوان ئیعمال دەکردرێ جاروبار مەجبووریان دەکا بە هێندێک کار، ناڵێن هەموویان بە تایبەت بۆ نەسڵی میان سال بۆ باڵا سدق دەکا کە بەشێکی زۆریان بەخاتری بارودۆخی ئابووری بنەماڵە مەجبوور دەبن کە بە هەرحاڵ لە بارودۆخێکدا لەو شانۆوانەی کە ڕێژیم بە هەر حاڵ بەرپای دەکا بەشداری بکەن بە قەوڵێکی جا بە تەمای ئەوەیکە بتوانێ هێندێک بارودۆخی ئابووری بنەماڵە باش بکەن سەری قەوڵیان پێ درابێ و ئەو جۆرە شتانە دەتوانێ هۆکار بێ بەڵام ئەو نەسڵە جەوانەی کە ئێستا باوەڕی ڕەهای بەو سیستەمە بەو چوارچێوەیە، بەو ڕێژیمە نییە و داوای ژیانێکی عادی و نۆرماڵ دەکا ئەو تەحتی هیچ بارودۆخێکی ئەو نەسڵە جەوانە ناچێ دەنگ نادا بەو ڕێژیمە، ئەوە هین نەسڵی جەوانەکە، دەمێنێتەوە میان ساڵەکە یا ئەوەیکە بە هەرحاڵ هێندێک باڵاترە بە هەر دەلیلێکی ئەو ژنە کە دەچێ بەشداری دەکا جگە لە ئەو ٧ دەرسەدی کە ئێستاش بە عیبارەتێکی باوەڕێکی بەو ڕێژیمە ماوە یا بەرژەوەندی گرێدراوە ئەوەی دیکە بە دەلایلێکی دوو دڵە، دوو دڵیەکەی لە چییە؟ لە ئەوەیکە خەڵک هێزی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەی نییە، کەواتە من دەتوانم چی بکەم لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا کە باوەڕی بەوەی نییە کە ئەگەر نەچوونە سەر خۆدی ئەو حەرەکەتە چکۆلەی ئێعترازییەی کە نەچی دەنگ بدەی تەسیرێکی حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە کە بە عیبارەتێکی نیگەرانی کارەکەی منداڵەکانی یا بەجۆرێکی ئەو شتانەی کە سبەینێ تەسیر دابنێ ناڕاستەخۆ لە سەر ژیانی وی، سێهەم ئەوەیکە بەعیبارەتێکی داهاتوو ڕوون نییە، ئاسۆیەکی ڕوون بوونی نییە، تەسیر دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو ژنە مۆنفەعێل بێ مۆنفەعێل لەگەڵ مەسایلی ئەو کۆمەڵگە ڕەفتار بکا، چوارەم ئەوەیکە ئەوە موشکیلی ئەوانی دیکەیە و موشکیلی من نییە، ئەمن نە کارم بە ڕێژیم داوە نە کارم بە سیاسەت داوە بەڵام وەختێکی دەچێ دەنگ دەدا لە حەقیقەتدا ئەو هەڵوێستی گرتووە و لەو هەڵوێستەدا هەڵوێستی بە دژی ئەو دایکەی کە جەرگی سووتاوە تەنانەت جەسەدی منداڵەکەشی نادەنەوە کە تەنانەت بۆ خۆشی بینێژێ و قەبرێکە بچێتە سەر ئەو قەبرە و بەعیبارەتێکی ئارامش پەیدا بکا ئەو ژنەی کە بڕیار دەدا من هیچم پێم ناکردرێ جا دەنگی من بە چ کەڵک دێ، و دەچێ دەنگ دەدا بە دژی خۆشکەکەی خۆی هەمان خۆشکی کە منداڵەکەی بە دەستی ئەو ڕێژیمە کوژراوە دەتوانین بڵێین هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕێژیمە دەکا بۆ کڕینی ئەو گوللەیە کە ئەولادی خۆشکەکەی دەکوژێ خوێن دەڕژێ و بۆ هەموو ئەو دایکانەی کە جەرگیان دەسووتێ جۆرێک نائاگاهی سیاسی، بێ باوەڕی، نائۆمێدی، هۆکارهای ئابووری، و بڕێک مەسایل

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

دەتوانێ ببنە هۆکار کە ئەو ژنە بێ ئەوەیکە بزانێ ببێتە دارەدەستی ڕێژیمێکی یا مۆهرەی شانۆیەک بۆ ئەو ڕێژیمە کە ئەو ڕێژیمە پێی زیندوو دەمێنێتەوە و بە عێبارەتێکی پێ لە سەر ئەو هەموو خوێنانە دادەندرێ کە تا ئێستا ڕژاون.

١١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مستەفا هیجری: لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بەبێ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری چیتر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە



**(دەقی وتاری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە سیمیناری "ئێران لە ڕوانگەی کوردەکان، بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داهاتووی کورد لە ئێراندا" لە پارلمانی وڵاتی دانمارک)**

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی باڵادەست، پرسی نەتەوەیی و پرسی دێموکراسی لە جوغرافیای ئێران، وەک دوو پرسی سەرەکی خراونەتە پەراوێزەوە. ئەم دوو بابەتەش، پرسی سەرەکیی پێکهاتە نەتەوەییە بندەستکراوەکان بووە.

لە ڕوانینێکی گشتیدا، خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و ژیانێکی سەردەمیانە، چەقی هاوکێشە و ململانییەکانی نێوان ناوەند - پەراوێز بووە. ئەگەرچی سەرکوت و ستەمکاریی ناوەند لە ماوەی دەسەڵاتی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بەردەوام بووە، بەڵام نەیتوانیوە خەباتی نەتەوە بندەستەکان لە پێناو مافەکانیان کەمڕەنگ بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، وشیاریی سیاسی و گەشەی بیری نەتەوەیی لە لووتکەی خۆیدایە.

بەڵگەی زیندووش بۆ ئەم ئیدیعایە، بزووتنەوەی ژینایە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بزووتنەوەی ئازادیخوازیی پەراوێزخراوەکانی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد. بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و بەربڵاوترین و ڕچەشکێنترین بزووتنەوەی بەگژ ناوەد دا کردەوە.

ناسنامەی نەتەوەییی کورد بنەمایەکی بابەتیی هەیە، لەوانە خاک، زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەش. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، نەتەوەی کورد ئیرادەیەکی گشتیی بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی هەبووە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ئەکتەرێکی چالاک و دانەبڕاوی مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی ناوەند بووە. چوارچێوەی فکری و ئەو فەلسەفەیەی ئەم حیزبەی لەسەر دامەزراوە، دژی هەر جۆرە سەرەڕۆیی و پاوانخوازی و دیکتاتۆرییەکە. پێبەندی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی سەر جوغرافییای ئێران. نەتەوە بندەستەکان بە هاوپەیمانی سەرەکیی خۆی دەزانێ و لەگەڵ هەموو هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی دیکەی ئێران کە باوەڕیان بە پرنسیپەکانی مافی نەتەوەیی و دێموکڕاسی هەبووە لە پەیوەندی دۆستانەدایە. ئەم حیزبە کە دامەزرانی لە ئەنجامی گەشەی بیری سیاسی و ڕێکخستنی نەتەوەیی بووە، هەموو تێکۆشانی لەپێناو دابینکردنی مافی نەتەوەییی کورد بووە لە ئێراندا.

حیزبی دێموکڕات، لە هەر دوو سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، بە حیزبێکی نایاسایی ناسێندراوە و بەردەوام لە ئێران و دەرەوەی سنوورەکان کراوەتە ئامانجی پیلان و هەڕەشەی بەربڵاو و هەمەلایەنە. هەر لە سەرەتای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئەم حیزبە هەوڵی دا لە ڕێگای وتووێژەوە، چارەسەرێکی ئاشتییانە و دێموکڕاتیک بۆ پرسی نەتەوەیی کورد ببینێتەوە. بەڵام لەگەڵ دەنگی "نا"ی دەسەڵاتی ناوەندی بەرەوڕوو بۆوە. تەنانەت وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لەگەڵ نوێنەرانی تاران ئەنجامێکی نەبوو کە حیزبی دێموکراتیش تیایدا ئەندام بوو. دەنگی "نا"ی ڕێژیم، سیاسەتی" شەڕ لە کوردستان"ی بەدواوە هات. ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی "فەرمانی جیهاد"ی لە دژی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی ڕاگەیاند.

لە ئەنجامی سیاسەتی دژەمرۆیی و پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامیدا، جوغرافیای هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکان، بەتایبەتی کوردستان، دەقاودەق جوغرافیای سەرکوت و داگیرکاری بووە. هۆکارەکانی ئەم دژایەتییەی کورد و نەتەوەکانی دیکە و ئیرادەی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ناوەند دەبێ لە دووتوویی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، هەڵسەنگێندرێت و لێک بدرێتەوە. لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی سەرکوت لە ئاست داواکاریی مافی مرۆڤدا پەیڕەو کراوە. لە هەرێمی نەتەوە

غەیرەفارسەکان، بەتایبەت لە کوردستان، لە هەموو شێوەکانی ئەمنییەتیکردنی ژیان و سیاسەتەکانی مەرگ کەڵک وەرگیراوە تاکوو دانیشتووانی لە مافەکانی خۆیان بێبەش بن. سیستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی مافی نەتەوەیی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ئایینی و هەر جۆرە بیرۆکەیەکی سیاسیی جیاواز ساز بووە. بەتایبەت لەم ماوەیەدا، نەتەوەی کورد و جوغرافیای کوردستان زیاترین پشکیان لە ڕووی کۆمەڵکوژی، بەتاڵانبردنی سامان و سەرچاوەکان، کۆچی زۆرەملێی دانیشتووان و هەوڵ بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان، سڕینەوەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە، نکۆڵی لە ئایینی یارسان و گوشار خستنە سەر باوەڕدارانی سوننە مەزهەب و، بەئەنقەست دواخستنی ئابووریی کوردستان بەرکەوتوە. ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەڕوونی نیشانی دەدەن کە بەنیسبەت ژمارەی دانیشتووانی، نەتەوەی کورد زۆرترین ڕێژەی ئێعدام، زیندانیکردن، تەبعید، ئەشکەنجە و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزانی لە ئێراندا هەبووە، بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا ٨٣٩ کەس لە سێدارە دراون، کە ١٩٩ کەسیان کورد بوون.

کوردستان خاوەنی کولتوورێکی فرەچەشنە و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بە هەر جۆرە بیر و باوەڕ و ئایینێکەوە پێکەوە هەڵ بکەن. بەڵام سیاسەتە نادێموکراتیکەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دژ بە کۆمەڵگەی فرەچەشنی کوردستانن. کوردستان هەمیشە نیشانی داوە کە بە نیسبەت ژنانەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر بووە و هەربۆیەش مەکۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا ئەمینی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بووە. بزووتنەوەی ژینا کە بە درووشمی" ژن، ژیان، ئازادی" مەشرووعییەتی لە ڕێژیم وەرگرتەوە، هەوڵێک بوو بۆ لابردنی ڕێژێمیک کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی مافی ژنانی سەرکوت کردوە. ئەم سەرهەڵدانە هەر بەخێرایی و بە پێشەنگایەتیی ژنان و لاوان، هەموو ناڕەزایەتییەکانی لە کوردستان و ئێران یەکدەنگ و هاوڕا کرد کە تا ئەم ڕێژیمە مابێ، هیچ مرۆڤێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی ئازاد و بەکەرامەت بێ. ئەگەرچی لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ بزووتنەوەی ژیناشدا بینیمان زیاترین کوشتن، سەرکوت و زیندانی هەر لە کوردستانن. لە کوردستان، تاکوو ئێستاش چالاکانی مافی مرۆڤ و مافی زمانی و ژینگەپارێزان بە تاوانی داکۆکی لە ئازادی و مافی ژیان، لەسێدارە دەدرێن یا زیندانیی درێژخایەنیان بۆ دەبڕدرێتەوە و سزا دەدرێن.

ئەم ستەمە نەتەوەییە، لە بنەڕەتدا بە ڕێگەی دانانی سنوورەکانی نابەرابەری لەنێوان ناوەند و پەراوێز پێک هاتوە کە ڕەهەندی جوغرافییایی، ئابووری، سیاسی، دامەزراوەیی، فەرهەنگی، زمانی، ژینگەیی و ئایینیی هەیە. پێناسەیەک کە لە ئێران سەبارەت بە نەتەوەکان دەکرێ لەگەڵ واقعی مێژوویی، جوغرافیایی و سیاسیی ئەم وڵاتە نامۆیە. ئێمە پێمان وایە سڕینەوەی سیستەماتیکی نەتەوەی کورد، درێژەدان بە سیاسەتی داگیرکاری، میلیتاریزەکردنی ژیان، و بێدەنگکردنی بیری

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

جیاواز و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان هیچ ڕێگایەکی نەهێشتووەتەوە کە ئێمە وەک کورد بتوانین بیر لە سیستەمێکی سیاسی بۆ ئێرانی دواڕۆژ بکەینەوە کە لەسەر بنەمای یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئایین ساز بووبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر جۆرە ئایدیۆلۆژییەک کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ ساز بووبێ، ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی ئێران و بەتایبەت پرسی کورد بکا. ئێمە وەک کورد پێمان وایە لە جوغرافیای فرەنەتەوەی ئێراندا، بێ پێناسەکردنەوەی پرسی سەروەری لە ئێران چی تر ناکرێ بیر لە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە بکەینەوە. ئەگەر بڕیار بێ سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر بنەمای سەروەریی نەتەوەی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بێ، دیسان بازنەی بێئەنجامی سەرکوت و سڕینەوە دووپات دەبێتەوە کە تیایدا نەتەوە غەیرەفارسەکان بێبەش دەبن و بنەماکانی دێموکراسیش بوونی نابێت. دەبێ نیشانەکان و بنەماکانی ئێرانی داهاتوو سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. ئەمەش بێگومان لە هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی ناوەندەوە بەرەو بنیاتنانی سەروەریی هاوبەش و مافی یەکسانی هەموو نەتەوەکان تێپەڕ دەبێت.

شۆڕشی ژینا وەک ڕووداوێکی مێژوویی فرەڕەهەند لە زۆر ڕووەوە کاریگەری داناوە. دابڕانی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی ژینا لە نەریتە دواکەوتووەکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، گۆڕانکارییەکی قووڵی بەدوادا هاتوە کە بەستەر و ژێرخانی گۆڕانکاریی گەورەتره. سەرکوت ڕەنگە بتوانێ ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو توندوتیژی ببات، بەڵام ناتوانێ بەربەستی بۆ دروست بکات. ئەم گۆڕانکارییە فکری و ڕیشەییيە لەسەر بنەمای ئەزموونێکی پڕتێچوو لە ستەم و بێمافی و هەست بە نەبوونی کەرامەت پێکهاتووە. بۆ ئێمەی کورد، بەو ڕادەیە کە وەلانانی کۆماری ئیسلامی ئامانجمانە، بەو ڕادەیەش پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دوو هێڵی سەرەکی و پرنسیپی نەگۆڕن. گرینگتر لەمانە، تێپەڕین لە هەر جۆرە عەقڵییەتێکی پاوانخوازە کە بیهەوێ ئەزموونی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی دووبارە بکاتەوە.

ئێمە داوا لە وڵاتانی ئازاد و دێموکڕاتیک دەکەین کە بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکڕاتیک، لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری، یارمەتی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکانی ئێران بدەن. سیستەمێک کە بە تێپەڕین لە نەریتی دواکەوتووانە، کەرامەت بۆ ژیانی تاک و کۆی ئەم نەتەوانە مسۆگەر بکات.

١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب: دیسانەکەش دەنگی بەرزی "نا"ی خەڵک بەسەر تەواوەتیی ئیرادە و دەسەڵاتی ڕێژیمدا سەرکەوتەوە




**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**کۆمەڵانی ئازادیخوازی ئێران!**
**وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان!**

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی هەینی، ١١ی ڕەشەمە گرینگترین بەناو هەڵبژاردنەکانی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی خۆی، ئەویش لە هەستیارترین دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا بەڕێوە برد. ئەم بەناو هەڵبژاردنانە کە ساڵێکوچەند مانگ دوای شۆڕشی ژینا و چەند مانگ دوای فازی نوێی قەیرانخوڵقێنییەکانی ڕێژیم لە ناوچە کران، بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگی و بایەخێکی ئێجگار زۆری لەڕووی دەستەبەری شەرعییەتی نەبووی و هەروەها گەڕانەوە بۆ دۆخی لانیکەم پێش ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی هەبوو. بۆیە بەولاوەتر لە ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکان و ڕێژەی بەشداریی خەڵک کە لە حەوتووەکانی پێش ١١ی ڕەشەمەوە بە ڕاپرسیی جۆراوجۆر ئامادەیی زەینییان بۆ ساختەکاری و ئامارسازی دروست دەکرد؛ پێشاندانی چوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە شاشەی کامێراکانەوە لە سەرەوەی هەموو شتێک بوو.

کۆماری ئیسلامی کە پێشتر لە ڕێگەی لەپاڵاوتنەدانی بەربژێرەکان لە شورای نیگابانـدا هەڵبژاردنەکانی زیاتر لە جارانیش لە نێوەرۆکێکی خۆی بەتاڵ کردبوو، بەڵام هەموو هەوڵ و توانای خۆی بە مەبەستی وەڕێخستن و گەرمکردنی ملبەملەی بەناو هەڵبژاردن و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان وەگەڕ خست.

**بەشێک لەو هەوڵانە بریتی بوون لە:**

هانـدان و دنەدانـی خەڵـک بە دوو جەمسـەریکردنی هەڵبژاردنەکـان لە هەمـوو شـار و ناوچەکـان بە مێتۆدەکـانی لەبەریەکڕاگرتنی کەسەکان یـان کەڵکـاژۆوەرگرتن لە پرسی جۆراوجۆریی زمـانی و ئـایینی و نەتەوەیی، هەزینەکردنێکی خەیاڵی بۆ کاندیداکان بۆ دەستئاوەڵایی زیاتریان بۆ کڕینی دەنگ و بانگەشەکانیان، پێکهێنـانی کەشێکی کـاتیی کراوە بۆ ڕادەربڕینی ئامانجدار، خستنەخزمەتی هەموو ئیمکاناتێکی دەوڵەتی و حکوومەتی و ئەرکدارکردنی هەموو ئۆرگـانە ئیـداری و نیزامییەکان بۆ تینوتاودان بە کەشوهەوای هەڵبژاردنەکـان، وروژانـدنی هەنـدیک بـابەتی شوناسـتەوەر و کەڵکـاژۆوەرگرتن لەو بابەتانە، گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێک بـۆ ئاسـانکاری دەنگدانـدا بـۆ نموونە وازهێنـان لە مۆرکردنی ناسنامە کە لە هەموو چلوچەند هەڵبژاردنی ڕابردوودا خەڵکیـان بـۆ خوێنـدنی زانکۆ، دامەزران و بەردەوامییـان لە کـارە ئیدارییەکانـدا پێ دەترساند و. ...

ڕێژیم هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی هاندان و دنەدان، سنوورەکانی بەتەکلیفـدانان و بە ئەرکی شەرعی زانینیشی تێپەڕانـد و هەوڵـی دا بە ترسـاندن و تۆقانـدنی خەڵـک لە ڕێگەی گوتـاری سیاسی لە هەمـوو ئاستێکدا تەنـانەت چەنـد جـار لە زاری خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و دواتر ناردنی کورتەنـامە بۆ خەڵک بەشدارینەکردن بە مانـای دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ ئیسلام و نیزام پیشـان بـدا، هەتـا بەهـۆی هەڕەشەوە بەشکم خەڵکانێک بێنێتە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام نە سیاسـەتی هانـدان و پـاڕانەوە، نە تیغی هەڕەشە و ترسـاندن و نە هیچکـام لە فرتوفێڵ و سیناریۆسـازییەکانی دیکەیـان نەیـانتوانی پێش بە نواندنی ئیرادەی یەکگری و خەباتخوازیی خەڵکی ئێران و کوردستان بەتـایبەتی دژبە کۆمـاری ئیسلامی و گەیانـدنی هەڵوێست و پەیامی سیاسیی خۆیان نەک بە ڕێژیم، بەڵکوو بە کۆمەڵگەی جیهانی بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حەماسەی ١١ی ڕەشـەمە لە سـەرجەم چینوتوێژەکـانی مافویست و خەباتکـاری کوردسـتان دەکـات کە بە بـایکۆتی بەنـاو هەڵبژاردنەکـان پێداگرییان لەسەر خەباتی مافخوازانەیان کردەوە و هەروەها لەرزۆکبوونی پایەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بێپێگەبـوونی ئەم نیزامەیان بەتـایبەت لە کوردستان دەرخستەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ناردنی سڵاو و ڕێز و پێزانین بۆ زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بە نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەرگرییان لە ماف و ئازادی و ویستە نەتەوایەتییەکانیان کرد، پێزانینی بۆ ئەو بەربژێرانەش هەیە کە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ململانێی بانگەشە و هەڵبژاردنەکان کشانەوە.

حیزبی دێموکرات ڕۆڵی هەموو ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسی، ڕووناکبیری، ئایینی، ئاکادیمییانە بەرز دەنرخێنێت کە لە سەرخستنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا هەڵسووڕ و چالاک بوون. هەروەها تایبەتی سپاسی ئازایەتی و هەڵوێستی جوامێرانەی ژنانی بوێر و ئازادیخوازی کوردستان دەکات کە تابلۆیەکی زیندووی دیکەیان لە ئیرادەی بەردەوامیی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و پێشەنگایەتیی خۆیان لەو خەباتەدا پێشان دایەوە. هەروەها سڵاو و ماندوونەبوونی لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەکات کە لەو ماوەیەدا بە ئازایەتی و بوێری و ئەرکوەخۆگریی بێوێنەیان بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ڕاگەیەندراو و وێژمانی حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرخستنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و دەستەبەری ئەو دەسکەوتە خەباتگێڕییەدا هەڵسووڕ و چالاک بوون.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

ئەرک و هەڵسوڕان و خەبات و مافخوازیی ئێوە لە دوای ١١ی ڕەشەمەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و، لە قۆناغی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانەوە تێدەپەڕێ و لە بایکۆتی بەردەوامی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا بەردەوامیی دەبێت.

ئێوە جارێکی دیکە بە هەڵوێستی ژیرانە و، پێکەیشتوویی سیاسی و ئازایەتیی بەکردەوەتان و بەو دەنگە بەرزە "نا"یەی لە هەستیارترین کاتدا بە ڕێژیمتان گوتەوە و بە سەرکەوتن بەسەر ئیرادەی ڕێژیم کە هەموو هێز و توانای خۆی بۆ چنینی بەرەکانی ئەو بەناو هەڵبژاردنە وەگەڕخستبوو؛ توانیتان وێنایەکی زیندووی دیکە لە حەماسەیەکی پڕشکۆ لە یەکگری، پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستیی خەباتگێڕانە بخوڵقێنن. ئێوە جارێکی دیکە بە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانیتان سەلماندەوە کە ڕێژیمی قەیرانخوڵقێن و شەڕەنگێزی کۆماری ئیسلامی کە ئارامی و سەقامگیریی لە ناوچە هەڵگرتوە، لە نێوخۆی وڵاتدا چەندە زەبوون و دارماوە و بناغەکانی دەسەڵاتەکەی چەندە سست و لەرزۆکە و پێویستە جددیتر دەنگ و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لەو ڕێژیمە ببیستن و پشتی خەباتی مافخوازیی گەلانی ئێران بگرن. بۆیە یەکگری و هاوهەڵوێستیی ئێوە و مەیدانداریی بەکردەوەتان لە خەبات و تێکۆشان و "نا"گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە بۆ حیزبە سیاسییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا هەتا دەرووەستانە و شێلگیرانە

دەسکەوتەکانی ١١ی ڕەشەمەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەن بە دەسمایەی هاوپێوەندییەکی سەرانسەری و بنەماکانی ئاڵترناتیڤێک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی.

بەو هیوایەی دوای ڕێفڕاندۆمەکەی ١١ی ڕەشەمە، بە یەکیەتیی بەکردەوەی زیاترەوە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە و فرەڕەهەندمان بۆ سەرکەوتنی یەکجارەیی بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شێلگیرتر و بەگوڕتر ببێت.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٢

١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# حەماسەی بایکۆت پیرۆزە!




**شەماڵ تەرغیبی**

پاش ماوەیەکی دوورودرێژ و هەڵدوورینی کیسە بۆ بەناوهەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی مەجلیس لە ئێراندا و هەروەها دانی وادە و بەڵێنی زۆر و هەڕەشە لە مووچەخۆرانی حکومەتی و گرتنەبەری ڕێکار و فرتوفێڵی جۆربەجۆر بۆ پەلکێشکردنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی جادوو، ڕێکەوتی یازدەی ڕەشەمە ئەم نمایشەش بەڕێوە چوو. هەروەک وەک چاوەڕوانیش دەکرا لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی خەڵک ئاگایانە نەچوونە سەر سندووقەکان و جارێکی تر بە کردەوە سەلماندیان کە بەرەی خەڵک لە بەرەی دەسەڵات جیایە!

شانۆگەری ئەمجارە کە بە یەکێک لە ساردوسڕترین شانۆگەرییەکان لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەژمێردرێ لە کوردستاندا جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو؛ گەلی کورد حەماسەیەکی کەموێنەیان خوڵقاند کە شیاوی ناوی کورد و کوردستانە! حەماسەی بایکۆت؛ حەماسەیەک لە ڕەنگ و ڕەگەزی حەماسەکانی مانگرتنی ٢١ی خەرمانان و هاوکاری کردنی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان و لێقەوماوانی لوڕستان کە تێیدا بێدەنگی بووە بەرزترین هاوار بۆ مافخوازی.

بەپێی دوایین ڕاپۆرت و هەواڵە مەیدانییەكان، كوردستانیانی دەرەوەست ڕۆژی هەینی، بە مانەوە لە ماڵەكانیان و نەچوونەدەر و دەنگنەدان لە دوو ڕەهەندەوە كۆماری فرتوفێڵیان بەچۆك داهێنا و دیكتاتۆری زەمانەیان ڕاچڵەكاندەوە و وەبیریان هێنایەوە كە كوردستان هێشتا هەر سەنگەری ئازادیخوازییە و لەدژی جەماران قورس و قایم بەپێوە ڕاوەستاوە. ڕەهەندی یەكەم كە خاوەن گرینگی تایبەتی خۆیەتی، بریتی بوو لە سەلماندنی ئیرادەی بوون و نەتوانەوە كە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لەلایەن ڕێژیمەوە هەوڵی بۆ دەدرێت؛ كوردستانیان سەلماندیان كە "نا"وتن لەبەرامبەر زۆردار و داگیركەر، ئیرادەیەكە كە ئەوان خاوەندارەتی دەكەن. دووهەم ڕەهەندیش بریتییە لەوەیكە كۆماری ئیسلامی لای خەڵكانی ئێران هیچ ڕەواییەكی نەماوە و ئەمەش لە حەماسەی بەشدارینەكردنی خەڵك لە شانۆگەرییەكەدا بە تەواوی دەردەكەوێ.

دوایین ئامارە فەرمی و نافەرمییەكانیش دەریدەخەن كە ڕێژەی بەشداری خەڵك لە هەموو ئێراندا، لە بەناوهەڵبژاردنەكانی یازدەی ڕەشەمەی مەجلیس نەگەیشتووەتە ٢٠٪ كە ئەمە دەریدەخات تەنانەت هەندێك لە تاقمە نیزیكەكان لە دەسەڵاتیش ئامادە نەبوون دەنگی ڕەوایی بە ڕێژیمێك بدەن كە هۆكاری نەهامەتییە ڕۆژانەكانی خەڵكانی ئێرانە و ئەو كەتوارەیان سەلماندەوە كە ڕەوایی و مەشروعییەت نە بە پارە دەكڕدرێ و نە بە زۆر و ستەم دابین دەكرێ.

ئەوەیكە ڕوونە كۆماری ئیسلامی لە گشتییەتی خۆیدا لەگەڵ قەیرانی شوناس بەرەوڕوو بووەتەوە؛ قەیرانێك كە سیگناڵی كۆتاییەكانی تەمەنی دیكتاتۆرێكی تری سەردەم ئەدا بە دەستەوە و دەڵێ: ڕووخانی دیكتاتۆرێكی تر بەڕێوەیە!

**بەگشتی ٨٠٪ی دانیشتووانی یەكەی سیاسی - جوغڕافیایی ئێران بەڕاشكاوی دژی ڕێژیم ڕاوەستان.**

هەرچەند كە ڕاگەیەنە فەرمییەكان و میدیاكانی سێبەری ڕێژیم هەوڵ دەدەن وەها پیشان بدەن كە خەڵك بە حەماسەتەوە بەشدارییان لە شانۆگەرییەكەیان كردووە و بە دنیای دەرەوە بڵێن كە ڕێژیم ڕێژیمێكی مەشرووعە بەڵام بەپێی زانیارییە بڕواپێكراوەكان، لەسەرتاسەری ئێراندا نزیك بە ٢٠٪ی خەڵك بەشدارییان لە دەنگداندا كردووە. ئێستە لەوە گەڕێین كە ڕێژەیەكی زۆری بەشداربووان تەنیا لە ترس و لەبەر هەندێ بەرژەوەندیی عەشیرەییدا بەشدار بوون یان ڕێژیم بێ گوێدان بە تەمەنی دەنگدەران و تەندرووستی عەقڵانی دەنگدەران ڕێگەیان دا كە هەموو كەس بەشدار بێت، بەڵام زیاتر لە ٨٠٪ی كۆمەڵگەی ئێران، شانۆگەریی ئەمجارەی ڕێژیمیان بایكۆت كرد.

لەڕاستیدا زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵك بەڕاشكاوی و بێ ترس دژی ڕێژیم و قسەكانی خامنەیی هەڵوێستیان گرت و پێیان وت:

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

**"نـا". ئەمە کەتـوارێکە کە ئەزمـوون کـراو! کەتـواری نەمـانی ڕەوایـی دیکتـاتۆر و نیزیکبـوونەوە لە کۆتـاڕۆژەکـانی تەمەنـی! کەتـواری ڕووخـانی یەکجـارەکی ڕێژیمێـک کە هۆکـاری نەهامەتییەکـانی خەڵکـی خـۆی و خۆشـبژێوی تـاقمی گـوێ لەمسـتی خۆیەتی! ئەو ڕێـژیمەی کە بەتـایبەت لە ڕەوتـی شۆڕشـی ژن،ژیـان، ئـازادیـدا چیـدیکە نەیتـوانی چییەتـی ڕاستەقینەی خـۆی بشارێتەوە و بە پانەوە لە دژی خەڵکی بێدیفاعی مافویست وەستا.**

**١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢



**سمایل شەرەفی**

ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی (٤٥ ساڵ پێش ئێستا) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "میتینگی سەدهەزار کەسی" لە شاری مەهاباد و لە دوای شۆڕشی ٥٧، خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی ڕاگەیاند و لە دەقێکدا بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە، هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ئێران و ڕێبەرانی شۆڕش ڕاگەیاند. دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی وەک؛ "تجزیه طلبی" و "بەستراوە بە بێگانە" کە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات درابوون و دەدران، ڕاشکاوانە باسی لە پێویستیی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات لە تاران و دەستەبەرکردنی مافە بەڕێوەبەرایەتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و زەروورەتی یەکگرتوویی و پووچەڵکردنەوەی پیلانی ناکۆکینانەوەی نەیاران و، لە کۆتاییدا چێکردنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات کرد. هەر لەم میتینگەدا سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو تۆمەتە ناڕەوایانەی دەدرێتە پاڵی، حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە ناگرێ و نەتەنیا لە سەر داواکارییەکانی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو بە هەموو هێزێکەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەدات.

له درێـژەی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی سـەرەتای سـاڵەکانی شۆڕشـی ٥٧دا، هەر زوو دەرکەوت ڕێژیمـی تـازە بەدەسەڵاتگەیشـتوو نەتەنیـا ئامـادە نیـیە گـوێ لە ویسـت و داخـوازییە ڕەوا و دێموکراتییەکـانی حیزبـی دێمـوکرات بگرێـت، بەڵکـوو لەگەڵ خۆگرتنەوەی، سیاسەتی هێرش بۆسەر کوردستان و نایاسایی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی گرتە بەر و دواتـر لەژێـر نـاوی وتووێژدا دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد.

ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە شاری مهاباد لە چوارچێوەی میتینگێکی سیاسییدا و بە مەبەستی ئاشکراکردنی خەبـاتی خۆی و ئاشکرا ڕاگەیانـدنی ویستەکانی خۆی بە ئامادەبوونی حەشیمەتێکی سەدهەزار کەسیی پێکهاتوو لە سەرجەم چین و توێژەکـانی خەڵکی ئێـران و شـار و نـاوچە دوور و نزیکەکـانی کوردستـان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان کردی، خۆ دەرخستنێکی جەماوەریی مانادار بوو.

حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کە لە سەر ئەساسی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، خۆی بە ڕەوتێکـی جەمـاوەری و خـاوەن پێگەی گشـتی لە کـۆمەڵگەی کوردستـان دەزانـێ. ئەم حیـزبە کە کۆمـاری کوردستانیشـی لە کارنەڤـاڵێکی جەماوەریـدا لە چـوارچرای مهابـاد ڕاگەیانـد، پشـتی بە گەلـی خـۆی بەسـتووە و جەمـاوەریبوون بەشـێک لە پێناسـەی حیزبـی دێمـوکراتە. بـۆیە کـارکردن لەسـەر درووسـتکردنی هەڵوێسـت و ڕەفتـاری گشـتیی کـۆمەڵگە کە جیـا لە گرۆتینەبەخشین بە بـزووتنەوەکە، نیشـاندانی هێـز و قورسـایی بـزووتنەوەی کوردسـتان بە بەردەنـگە جۆراوجۆرەکـانیەتی، بەشێک لە ماهییەتی کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی و گوتاریی حیزبی دێموکراتە.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، خەڵکە. خەڵک بە مانا گشتی و جەماوەرییەکەی و ئەمەش تەنیـا بە تێگەیشـتن لە ویسـتی کـۆمەڵانی خەڵـک و ئاراسـتەکردنی لەسـەر ئەساسـی گەیانـدنی پەیـامی درووست و ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدیی گشتی دێتە خەملانـدن. بۆیە لە دوای میتینگی مهابـاد، حیزبـی دێمـوکرات بە ناسـینی نێـوەرۆکی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەک و تێگەیشتن لە ماهییەتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" ڕێفرانـدۆم بـۆ جـۆری دەسەڵات لە ئێرانی بایکۆت کرد و کوردستان هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوت.

ئەگەر ٤٥ ساڵ پێش ئێستا نفووزی جەماوەریی حیزب و خەباتی نەتەوایەتی، قووڵایی و بەرینایی ئەمڕۆی نەبوو، و حیزبی دێمـوکرات تـوانی لە شـاری مهابـاد متیتینگێکی سـەدهەزار کەسـی پێـک بێنـێ، هـیچ گومـانی تێدا کە ئێسـتا هەم نفووزی جەماوەریی حیزب چەند هێندەی ئەو کات بەرینتر بۆتەوە و هەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان پەل و پۆی

زیاتری بۆ هەموو شار و ناوچەکانی نیشتمان هاویشتووە.

جەماوەریبوونی ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵک لە کوردستان کە لەم ١٠ بۆ ١٥ ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەمیشە لە بۆنە و دەرفەتەکاندا دەبیندرێ، بەرهەمی گەشەی سیاسی لە کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی شعوری نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە کە وێڕای دامەزراوەیی‌بوونی کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی لە کوردستان کە بەرهەمی حیزبە سیاسییەکانە، جۆرێک لە ڕێکخراوبوونی پێوە دیارە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان لە دوو دەیەی ٨٠ و ٩٠ی هەتاویدا – سەرەڕای بڕینی قۆناغی پڕ لە بەربەست و سەرکوت – ڕۆڵی کاتالیزۆریان لە بەرینبوونەوەی ڕەفتاری جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گێڕاوە.

یەکێک لە وێستگە دیار و شوێندانەرەکانی دیاردەی جەماوەریی بزووتنەوەی کوردستان، شۆڕشی ژینا بوو. کوردستان لەم قۆناغە لە خەباتی نەتەوایەتی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، سنوورەکانی خۆی بڕی و دوای خۆنیشاندانێکی جەماوەری لە سەرشەقامەکان، بۆ بەشێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بوو بە نموونە و وەک ئۆلگوویەکی ڕەفتاری سەیری دەکرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نفووز و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی لە جەماوەریبوونی ڕەفتاری خەڵک لە سەرشەقامەکان و درووشمەکانی خەڵکدا دەدەدیت، هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لە ناوەندی ئەم هێز و تێفکرینە بدات، ئەوە بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێش لە شۆڕشی ژینا و چ دوای شۆڕشی ژینا - بەتایبەت کە ڕیزەکانی وەسەریەک کەوتنبوونەوە و هیواوهومێدێکی لەڕادەبەدەریان بە شەقام بەخشیبوو – هەموو هەوڵێکی بۆ نەهێشتنی ئەو ئادرەسە بوو. ڕووداوەکانی یەکساڵ و نیوی ڕابردووی ڕەوتی شۆڕشی ژینا و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەریانخست کە کوردستان لە نواندنی ڕەفتاری یەکگرتووانە و جەماوەریدا هەنگاوەکانی لێبڕاوانەتر لە جاران.

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ تازەترین و بەڵگەمەندترین ڕێکەوتە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایانە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو هێز و نفووزی خۆی و تەنانەت پاڕانەوەی چەندین جاری خامنەیی ڕێبەری نیزام، ویستی لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و خوبرەگانی ڕێبەریدا بە هاندانی خەڵک بۆ هاتنەسەر سندوقەکەکانی دەنگدان لە ١١ی ڕەشەممەدا، بیسەلمێنێ کە ڕەوایی لە دەست نەداوە و خەڵک وێڕای ناڕازیبوونیان دیسان دڵیان لای ئەم ڕێژیمەیە! بەڵام

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

**ئەوەی ڕووی دا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێبەر و پارلمانەکەی جیا لە ناڕەوابوونیان، ڕیسوایی و شەرمەزارییەکی مێژوویی بوو.**

**لە ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاویدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان و بایکۆتێکی گشتگیری هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، بۆ جارێکی دیکە و ئەم کەڕەتەیان بەرینتر لە جاران ڕەفتارێکی دیکەی جەماوەری و یەکگرتووانەیان تۆمار کرد. بەجۆرێک کە سایتی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم تەنانەت بە پێوە زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانیش نەیتوانی حاشا لە سڕوساردتربوونی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بکات.**

**هێزی کوردستان لە بەردەوامیی خەڵک لە خەبات بۆ ویست و داخوازییەکانیان و یەکگرییان لە هەڵویست و ڕەفتارەکانیاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ئیرانی لە کوردستان هەراسانی کردوە جێکەوتنی ئەقڵیەتی ڕەفتاری گشتی و چوونە قۆناغی جەماوەریبوونی خەباتی خەڵکی کوردستانە. لەم پێوەندییەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم بارەوە ئەزموون و پاشخانێکی دەوڵەمەندی فکری و کردارییان هەیە، پێویستە بە دەرکێکی درووست لە ڕۆحی سەردەم و تێگەیشتن لە جۆرەکانی هەڵسووکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵگە، خوێندنەوە و بەرنامەیان بۆ تەقوییەتی ئەم فازە لە خەباتی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان هەبێت.**

**١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

---

# بڵێی تورکیە و ئێران لە سەر ئازەربایجانی ڕۆژاوا لەسەر ڕێچکەی پێکدادان بن؟



**ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست – شوکریە برادۆست**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، مانگی ڕابردوو، واتە ٢٤ی جانیوەری بۆ وتووێژ لەسەر ناسەقامگیریی پەرەئەستێن و قووڵتر بوونەوەی گرژییەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی شەڕی غەززەوە سەردانی تورکیەی کرد. ئەگەرچی سەردانەکە نیشانەی توانایی ئێران و تورکیە بۆ هاوکاری یان لانی کەم هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر لەسەر پرسەکانی جێگای سەرنجی هەردوو لایە، بەڵام پەیوەندیی دوولایەنە وەکوو پێشوو ئاڵۆز دەمێنێتەوە.

بۆ ماوەی سەدان ساڵ پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیە لەسەر کێبڕکێ بۆ دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی ناوچەیی بەردەوام خەریکی بەرفراوان بوون و بەرتەسک بوونەوە بووە. ئەو پەیوەندییە دژکاوییە تا ئێستاش بەردەوامە و ئەوە لە هێندێک دۆخدا بە پشتگیریی تاران و ئانکارا لە هاوبەش و هاوپەیمان، لە دوو بەرەی دژ بە یەک لە کێشە بیانییەکاندا خۆی دەر

دەخات، لە ناویاندا لە سووریە، عێراق و باشووری قەفقاز. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی لەو شێوەیە کە هەمیشە ئەگەری گرژ بوونیان هەیە، تەنیا بە کێبڕکێ هەرێمییەکان لە لایەن بریکارەکانیانەوە سنووردار نەکراوە؛ ئەوان بە هەمان شێوە گەیشتوونە ئاستی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتریش. ئەوە بە تایبەتی لە ناوچەی باکووری ڕۆژاوای ئێران، خاڵێکی جیۆپۆلیتیکی یەکلاکەرەوە کە سنووری ڕاستەوخۆی تورکیەیە، هەستپێکراوە. لێرە، لایەنی تورک جاروبار هەوڵی داوە گژرییەکانی ئاڵۆز و کۆنی نێوان کورد و ئەتنیکی ئازەربایجانی (کە هەروەها لە ناوچەکە بە تورکی ئازەربایجان ناسراون) پەرە پێ بدا. لە بەرانبەردا، ئێران هەوڵی داوە کایە بە کارتی کوردەوە بکات و هەنووکە پشتیگریی لە کوردە عەلەوەییەکان دژی تورکیە دەکات.

## دینامیزمی ئەتنیکی لە باکووری ڕۆژاوای ئێران

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، دالانێکی هەستیاری ئابووری و بازرگانیی نێوان ئێران و تورکیە، بۆتە بەرەیەکی خاوەن ئالنگاری بەلام سەرنجراکێش بۆ هەوڵەکانی تورکیە بە مەبەستی کەڵک وەر گرتن لە پۆتانسیەلەکەی دژی تاران. ئەو ناوچەیە خاوەن حەشیمەتێکی تێکەڵاوە کە بە گشتی کوردی سوننی و تورکی ئازەربایجانیی شیعەن؛ بەڵام دەیان ساڵە تاقمە ئەتینکییەکەی دواتر دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی پێشووتردا هەیە کە بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی تاران بە مەبەستی "دابەش کردن و حوکمڕانی کردن" -ی ئەو ناوچەیە مسۆگەر کراوە. بە گوێرەی هێندێک مەزەندە، تورکی ئازەربایجانی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن یان نزیکەی ٢٤٪ی کۆی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن. ڕێژەیەکی هاوشێوە بۆ ئەتنیکی کورد لە تورکیە، دەکاتە نزیکەی ١٩٪ حەشیمەتی ئەو وڵاتە؛ لە کاتێکدا لە ئێران، حەشیمەتی کوردان لە نێوان ٨ بۆ ١٢ میلیۆن کەس مەزەندە دەکرێ. بەڵام، پلەی ئەتنیکی ئازەربایجانی لە ئێران لە هی کوردی هەر کام لەو دوو وڵاتە جیاوازە. تورکانی ئازەربایجانی سەدان ساڵە یەکێک لە کۆڵەکەکانی حوکمڕانی لە ئێرانن و؛ لەو دواییانەدا بە خزمەتکردن لە نێو سوپای ئێران و سوپای پاسداران دا دەسەڵاتی بەرچاویان بۆخۆیان مسۆگەر کردووە.

ئەوەی ئێستا ئازەربایجانی ڕۆژاوایە، شوێنی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، مەڵبەندی دامەزرانی یەکەم حیزبی سیاسیی مودێرنی کوردی بووە و ئەوە لەوێ بوو کە لە ١٩٤٦، یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیدەری دامەزراندنی دەسەڵاتی کورتماوەی کوردی (کۆماری کوردستان) بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردانەی لەو پارێزگایە دەژین بەرەورووی هەلاواردن لە دوو پلەدا دەبنەوە: لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیی لە تاران و لە لایەن کاربەدەستە خۆجێییەکانی تورکانی ئازەرییەوە. وەک نموونەیەکی بەتایبەتی بەرچاو، لە پەیوەندی لەگەڵ کێبڕکێیەکانی هەڵبژاردن، ڕێژەیەکی زۆر لە بەربژێرەکان کە لە لایەن تارانەوە بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردن دا پەسەند کراون، دواتر لە لایەن کاربەدەستە هەرێمییەکانی ئازەربایجانی

ڕۆژاوا، کە لە هێندێک دۆخدا، سەربەخۆ لە تاران هەڵسوکەوت دەکەن، ڕەت دەکرێنەوە. بۆیە، گرژییەکانی نێوان دوو تاقمە ئەتنیکییە سەرەکییەکانی ئەو پارێزگایە، لە ئاستێکی مەترسیدار دایە، بە تایبەتی لە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی وڵات.

## دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی تورکیە لەنێو حەشیمەتی تورکی ئازەربایجانی دا

سروشتی ئاڵۆز و گرژی دینامیزمی نێوان ئەتنیکی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، لەگەڵ سۆزداریی ئەتنیکیی نێوان تورک و ئازەربایجانییان سەرەڕای جیاوازیی ئایینزایی، کۆمەڵگای ئازربایجانی کردۆتە ئامانجێکی گرینگ بۆ تورکیە، کە بۆتە هۆی نیگەرانیی بەرچاوی ئێران. کەڵک وەرگرتنی بەربڵاو لە وەرگری ساتەلایتی و دەست ڕاگەیشتن بە کاناڵە تورکییەکان لە نەوەدەکانی زایینییەوە، یارمەتی بەرچاویان بە بەهێزتر کردنی دەسەڵاتی نەرمی تورکیە لە نێو تورکە ئازەربایجانییەکان داوە: زۆرێک لە خێزانەکانی باکووری ڕۆژاوای ئێران، بە تایبەتی تورکە ئازەربایجانییەکان، بەردەوام سەیری کاناڵە تەلەفزیۆنییەکانی تورکیە دەکەن. بێجگە لەوە تورکیە ڕاهێنان و پشتگیریی بەرچاوی، بە جەخت کردن لەسەر بووژانەوەی کولتووریی، پێشکەشی چالاکان و ڕۆژنامەوانانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە ڕێگای کۆنسولخانەی تورکیە لە ورمێ کردووە. ئەو بەرکەوتنە و سیاسەتە گشتییە دەبنە هۆی گەشە کردنی هاوپشتیی تورکی و هەروەها یارمەتیدەری باشتر بوونی زمانەوانیی تورکی دەبێ و ئەوەش بۆتە هۆی ئاشکرا بوونی پەرە ئەستاندنی دەستڕۆیشتوویی تورکیە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ی زایینییەوە. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا، کاربەدەستە خۆجێیە ئازەربایجانییەکان لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، زمانی ئازەربایجانییان بە نێوە فارسییەکانی سەر تابلۆکانی ورمێ پێتەختی ئەو پارێزگایە زیاد کردووە. بێجگە لەوە، کاربەدەستە خۆجێیە ئازەربایجانییەکان ، هەوڵی بەکارهێنانی زمانی ئازەربایجانی، لە جیات فارسی لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا داوە کە بۆتە هۆی دروست بوونی گرژیی لەگەڵ کوردان. بۆ وێنە، کێشەی نێوان ئەندامانی کورد و ئازەربایجانیی شاری ورمێ لەسەر بەکار هێنانی زمان، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی، بۆتە هۆی جێهێشتنی کۆبوونەوەکان لە لایەن کوردانەوە. ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی دەستپێکی مشتومڕی بەرچاو و تووڕەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بیروڕای گشتی دا.

هاوکات لەگەڵ ئەو بووژانەوە کولتوورییە کە بە هاندان و بەستێن خولقاندنی (ڕێژەیی) تورکیە هاتۆتە ئاراوە، توندئاژۆیی ناسیۆنالیزمی ئازەربایجانی - تورکی لە پارێزگاکە لە بەرهەڵستکاریی دژی کوردان تێپەڕیوە و فارسانیش دەگرێتەوە. لەو ساڵانەی دواییدا و لە کاتی زۆربەی کێبڕکێیەکانی کایەی تۆپی پێ لە شارە ئازەرییەکانی ئێران، دیتراوە لایەنگرەکان، ئاڵاکانی کۆماری ئازەربایجان وتورکیەیان بۆ ستادیۆمەکان هەڵگرتووە و دروشمی "فارس، کورد، ئەرمەنی- دوژمنانی تورک"-ن یان گوتۆتەوە کە لە مێدیاکانی تورکیەدا دەنگی داوەتەوە. تاران هەوڵی داوە لە گرینگیی بەشداریی

جەماوەریی لەو خۆپیشاندانانە کە زۆرینەیان لاوانی کەم تەمەن دگرێتەوە کە گرینگییەکی کەمتر بە شوناسی ئایینی لە بەراورد لەگەڵ شوناسی ئەتنیکی دەدەن، کەم بکاتەوە. بەرپرسیاریی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ، بە هۆی شکست لە دابین کردنی شایستەی مافە ئەتنیکییەکان، دەکەوێتە ئەستۆی ڕێژیمی ئێران. لە دوای گۆڕانی ئێران لە ئیمپراتوریەتەوە بەرەو دەوڵەت-نەتەوەی بنیاتنراو لەسەر شوناسی فارسی لە ١٩٢٠ـەکانەوە و لە ئاکامدا حاشا کردن لە مافەکانی ئەتنیکەکانی دیکە، کە لە سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەریی، پەروەردە، ئازادیی ئایینی و پرۆسە سیاسییەکانەوە بگرە تا جەختی دەوڵەت لەسەر بە تالانبردنی سامانە گشتییەکانی ناوچەکانی خاوەن حەشیمەتی کەمینەکانی گرتۆتەوە، جووڵانەوەی بەرهەڵستکارانە لەنێو بەشێکی زۆر لە تاقمە ئەتنیکییە نافارسەکاندا، بۆ مسۆگەر کردنی مافە سیاسی، کولتووری و، کۆمەڵایەتییەکانیان، بوونی هەبووە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پاشخانە، ناوچەکانی خاوەن حەشیمەتی کورد، کە لە نێوان ئێران و تورکیە بە هۆی جەنگەکانی نێوان ئیمپراتوریەتەکانی عوسمانی و سەفەویدا دابەش بووە، بوونە هۆی ئالنگاریی بۆ تورکیە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشە تورکییەکەی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران. زۆربەی شار و گوندە سنوورییەکانی هەر دوو لای ئێران و تورکیە، وەکوو زۆربەی گوندەکانی نێوان سنووری تورکیە لەگەڵ عێراق و سووریە، زۆرینەی دانیشتووانیان کوردن. و لەوەش گرینگتر، کوردە ئێرانییەکانی سەر سنووری تورکیە هەمان زاراوەی کوردیی کورمانجیی کوردەکانی تورکیەیان هەیە، لە کاتێکدا ئەو کوردە ئێرانییانەی دوورتر لە سنووری تورکیە دەژین بە شێوەزاری سۆرانی دەدوێن. تورکیە ئیددیعا دەکات کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا خەریکی شەڕی چەکداریی دژی دەوڵەتی تورکیە بوون، لە شارە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی ئێران بوونیان هەیە و کەڵک لەو خزمایەتییە سەر سنوورییە و پەیوەندییە کولتوورییە - ئەتنیکییە وەردەگرن. لە ساڵی ٢٠٢٠، وەزیری نێوخۆی تورکیە، سولەیمان سۆیلو، ئیددیعای کرد کە ١٠٠ شەڕکەری پەکەکە لە شاری ماکۆ، هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژاوای ئێران هەن و هەڕەشەی کرد، بێتوو ئێران ڕایاننەگوێزێ، تورکیە ئەو کارە دەکات کە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە دەستێوەردانی تورکیە دژی هێزە چەکدارەکانی کورد لە باکووری سووریە بوو.

لە ئاکامی سیاسەتە ڕەچاوکراوەکانی هەر دوو ئێران و تورکیە، گرژییەکانی نێوان ئەو دوو ئەتنیکەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، دوو ساڵ لەوەپێش بە شێوەی بەرچاو و توندوتیژانە قووڵ بوونەوە. لە جولای ٢٠٢٢، پێکدادان لە نێوان قاچاخچییانی کورد و ئازەربایجانیی ماکۆ هاتە ئاراوە. دوای قووڵتر بوونەوەی کێشەکە، تاقمێک لە تورکە ئازەربایجانییەکان، بە کوتک و گۆپاڵ و چەکی دیکە، هێرشیان کردە سەر خێوەتەکانی هاوینە هەواری ئاقاجیکی ناوچەی

ماکۆ و لەناو چوونی خێوەتی شوانە کۆچەرە کوردەکان، بە هۆی ئاگر تێ بەردانیان. بە داخەوە، هێرشبەرە ئازەربایجانییەکان، کوردێکی تەمەن ٤٣ ساڵەیان کوشت و لە تۆڵەی ئەو ڕووداوە، کوردەکان دوو تورکی ئازەربایجانییان کوشتن. لە ئاکامدا، ١٢٠ ئەندامی خێزانە کۆچەرە کوردەکان و ٢٠ هەزار سەر مەڕوماڵاتیان بە زۆرەملیی لە لایەن کاربەدەستە خۆجێیە ئازەربایجانییەکان ، بە بێ شی کردنەوە و قەرەبوو کردنەوە، ڕاگوێزران. بە مەبەستی قووڵتر کردنەوەی گرژییەکان، ڕۆژنامەی یەنی شەفەقی تورکیە نووسی ئەو ڕووداوە بە هۆی هێرشی پەکەکە بۆ سەر ئەتنیکی تورک لە ئێران ڕوویداوە و دەوڵەتی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هاوکاریی گرووپە کوردییەکەی داوە تا ناوچەکە پاکتاوی ئەتنیکی بکات.

## بڵێی ئێران بتوانێ بەرپەرچی دەستڕۆیشتوویی تورکیە لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا بداتەوە؟

تاران کە ئاگاداری هەڕەشەی پەرە ئەستێنی پشتگیریی ئانکارا لە تورکە ئازەربایجانییەکانی نێو سنوورەکانی ئێرانە، بە درەنگەوە هەوڵی سەپاندنی کۆنترۆڵی زیاتری ناوەند لەو ناوچانەی کورد و ئازەربایجانی هەستیان بە گرژیی کردووە یان تووشی کێشەی ئاشکرا بوون، داوە. بۆ یەکەم جار دوای دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە، دوو کوردی شیعەی پارێزگاکانی خۆراسان (محەممەد مەهدی شەهریاری، کە لە سێپتەمبەری ٢٠١٧ تا ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ خزمەتی کرد) و کرماشان (محەممەد سەدیق موعتەمێدیان، کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بەولاوە بەرپرسە) وەک پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژاوا (شوێنێک کە زۆرینەی حەشیمەتە کوردەکەی بڕوایان بە ئایینزای سوننی هەیە) دەستنیشان کراون. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا تورکە ئازەربایجانییەکان زۆرینەی پلەکانی بەڕێوەبەریی ئەو مەڵبەندەیان بە دەستەوەیە. لە نێوان چوار جێگری پارێزگار، کە بە کۆ بەرپرسی کاروباری سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری، ئاوەدان کردنەوە و هەروەها سامانە مرۆییەکانن، هەموویان تورکی ئازەربایجانین. بە هەمان شێوە، لە ١٧ نووسینگەی بەڕێوەبەریی پارێزگاکە، ١٤ بە دەست تورکی ئازەربایجانییە، دووانیان بە دەست کوردانن و یەکیش بە دەست فارسێکە.

هەروەها جێگای سەرنجە کە سەرۆک کۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، لە سەردانەکەیدا بۆ ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە ٢٠١٩، لە جیات ئازەربایجانی ڕۆژاوا، گوتی "ورمێ"، نێوێک کە کوردەکان بۆ ئەو پارێزگایە زۆرتر بە دڵیانە. بەڵام، کەڵک وەرگرتن لەو نێوە بۆ ئەوە نەبوو زەختی سەر کوردان کەم بکەنەوە بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئانکارا کە ئازەربایجانی ڕۆژاوا وەک بەشێک لە "دنیای تورکی" دەنوێنێ.

پشتیوانیی تورکیە لە ئازەربایجانییەکانی ئێران لە چوارچێوەی گەشە پێدانی دنیای تورکە، کە لەو ساڵانەی دواییدا لە

لێدوانەکانی ڕێبەرانی تورکیەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٠، کاتێک ڕێژەیەکی سەربازیی لە باکو کە بە بۆنەی ڕیزگرتن لە سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمەنستان دا لە جەنگی ٤٤ ڕۆژەی نێوانیان لەسەر ناوچەی قەرەباخ بەڕێوە دەچوو، سەرۆک کۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆغان پارچە شێعرێکی خوێندەوە کە بە شێوەی سیمبۆلیک داوای لە سەرجەم تورکان دەکرد ئازەربایجانی ڕۆژاوای ئێران "ڕزگار" بکەن. کاردانەوەی پڕ لە تووڕەیی بەرانبەر بەو شێعرە بووە هۆی بانگ کرانی نێردەی هەر دوو لا لە ئانکارا و تاران. وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە لەو کاتەدا، مەولود چاوش ئۆغڵو، پێداگر بوو کە ئەردۆغان ئاگاداری هەستیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێعرەکەوە نەبووە و وەڵامی تارانی مەحکوم کرد کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە بێڕێزیکارانە بوو.

لە هەمان کاتدا، ئێران درێژەی بە سیاسەتی چەند ساڵەی پشتگیریی لە پەکەکە داوە، نە تەنیا بۆ لاواز کردنی حیزبە بەرهەڵستکارە کوردییەکانی ئێرانی لە نێوخۆ وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، بەڵکوو هەر کات پێویست بووبێ بۆ تووڕە کردنی ڕکابەرە لەمێژینەکەی لە ناوچەدا، واتە تورکیە. پەیوەندیی تاران لەگەڵ پەکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢، کاتێک ئێران زەختی هێنایە سەر ڕێبەری پارتی دێموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی تا ڕێگا بە پەکەکە بدات بنکە و بارەگا لە باکووری عێراق بکاتەوە.

بەڵام، دۆخەکە کاتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات کە لە ١٩٩٩، دوابەدوای دەستبەسەر کرانی ڕێبەری پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە لایەن تورکیەوە، لە شارەکانی کوردستانی ئێران پشێوی بەربڵاو ڕوویدا. خۆپیشاندانەکان بۆ پشتگیریی لە ئۆجەلان، خێرا بوونە نارەزایەتی دژی ڕێژیمی ئێران و بۆ مافەکانی کورد. دەوڵەت بە توندی وەڵامی دایەوە، سەدان خۆپیشاندەری کوشت و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی لە چەند شاری کوردستان دەستبەسەر کردن. بێجگە لەوە، لە کاتێکدا ئێران لە ١٩٨٧ بەولاوە ئیزنی مانەوە و دامەزراندنی بنکەی بە پەکەکە دابوو، داوای لێ کرد خاکی ئێران چۆل بکات.

لە نارەزایەتییەکانی کوردەکانی ئێرانی لە ١٩٩٩، پەکەکە سەرکەوتووانە توانایی خۆی بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی بەربەرین لە نێو کوردان و ورووژاندنیانی نیشان دا. بەڕاستی، ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردانی ئێران دوای ١٩٩٩ چوونە نێو ڕیزەکانی پەکەکە، ئەوەش بووە هۆی دروست کردنی لقێکی هەرێمی بە نێوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک). لە ئاکامدا، ئێران ڕێچکەکەی گۆڕی و سیاسەتی پشتگیریی لە کوردانی عەلەوی گرتە بەر (کە لە ئایینزای ئیسلامی شیعەوە سەرچاوەی گرتووە)، کە بە ئاشکرا شوناسی ئایینییان وەپێش شوناسی کوردییان دەدەن. ئەوە ڕێگای بە ئێران داوە تورکیە تووشی ئالنکاری بکات، بێ ئەوەی جووڵانەی نەتەوەیی کوردی لە ماڵەوە بورووژێنێ.


## دەرئەنجام

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کە وەربەرهێنانێکی چڕی لە سەر ئیسلامی شیعە وەک کۆڵەکەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و هەروەها دەرەوی کردووە، ئێستا تووشی ئالنگاریی ناسیۆنالیزمی پەرە ئەستێن بووە، هەم لە نێوخۆ و هەروەها لە وڵاتانی دراوسێی. و دەر کەوتووە کە ئەو هێزە ناسیۆنالیستییە ئەتنیکییانە، لە شوناسی هاوبەشی شیعی، کە ڕێژیم هەوڵی چاندنی داوە بەهێزترە، ئەوە ڕاستییەکە کە بە تایبەتی لە نێو تورکە ئازبایجانییە لاوەکاندا بەرچاوە. ئەو دیمۆگرافییە، کە زۆرتر مەیلی بەرەو پەسەند کردنی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی تورکی دایە، ئەگەری خولقاندنی ئالنگاریی بۆ ڕێژیمی ئێرانی هەیە. بێتوو گرژییە هەنووکەییەکانی نێوان ئەتنیکەکان بەردەوام بن و ئانکارا و تاران لە وەستاندنی دەستێوەردانەکانیان لە کاروباری نێوخۆیی هەر دوو لا ناسەرکەوتوو بن، ڕەنگبێ مێژوو دووپات بێتەوە و ببێتە هۆی شەڕێکی ساردی درێژخایەنی تورکی-ئێرانی یا خود یەکی گەرم. هەتا ڕەوتی ئێستا نەوەستێندرێ، میراتگرە هەنووکەییەکانی دوو ئیمراتورییەکانی پێشووی ناوچە، واتە عوسمانی و پارس، ڕەنگبێ لە سەر سنوورەکانیان خۆیان لە دوژمنکارییەکی چەکدارانەدا ببیننەوە. بەڵام ڕەنگبێ جیاوازییە تایفییەکانی نێوان ئازەربایجانییە شیعەکانی ئێران و تورکە سوننییەکانی تورکیە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی نەچنە پێش، ئەگەرچی لە سەرەتای ساڵانی ١٥٠٠، ئەو جیاوازییە بە قازانجی ئیمپراتوریەتی سەفەوی دژی ئیمپراتوریەتی عوسمانی تەواو بوو، کاتێک عەلەوییەکانی ئیمراتوریەتی عوسمانی چوونە بەرەی سەفەویە شیعەکانی ئێران.

ئەمجار پێگەی لاوازی نێوخۆیی ئێران و پەراوێزخرانە نێودەوڵەتییەکەی پێش بەوە دەگرن بیهەوێ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تورکیە بێتەوە، ئەگەرچی ئەوی دواتر پشتگیریی خۆی لە ئەتنیکی ئازەبایجانیی ئێران نەشاردۆتەوە یان هەڕەشەی ڕاودوونانی سەربازیی هێزەکانی پەکەکەی لە نێو سنوورەکانی ئێراندا کردووە. دیسانیش، ئەوە لە بەرژەوەندیی هەر دوو تاران و ئانکارا دایە پێش بە پەرە پێدانی گرژییە ئەتنیکییەکانی خاکی یەکتر بگرن؛ پێشبینی ئاسەوار و درئەنجامەکانی ئەو گرژییانە، بە لەبەرچاو گرتنی سروشتی فرە ئەتنیکی و فرە ئایینی کۆمەڵگاکانی هەر دوو وڵات، گەلێک دژوارە.

١٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە: وتاری ١١ی ڕەشەممەی دوکتور قاسملوو مانیفێستێکی داوەتە دەست نەوەکانی ئێستا و داهاتوو



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

### ئاماژە:

١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتە. لەم ڕۆژەدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو ڕاگەیاندرا و جارێکی دیکە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ گرتنەدەستی جڵەوی چارەنووسی خۆیان هاتنە مەیدان و دەنگی متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکرات دایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بایەخی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە خەباتی سیاسی نەتەوەکەمان وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیاسەتمەداری کورد و خەباتکاری لەمێژینەی کورد کردوە کە بۆخۆی یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو ڕۆژە مێژووییە بووە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا وتووێژەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ دەکەم، بۆچی ١١ی ڕەشەممە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک یەکێک لە گرنگترین و مەزنترین ڕووداوەکانی مێژوویی نەتەوەیی ناو دەبرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوای تێپەڕینی پتر لە ٣٣ ساڵ لە دامەزرانی حیزبی دێموکڕات و زیاتر لە ٣٢ ساڵ لە پاشەکشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان و گرتنەبەری تێکۆشانی نهێنیی حیزب کە دەورانێکی سەخت و پڕکەندولەند و هەورازونشێو و قوربانیدان بوو، ئەمە یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکڕات، ئەویش لە زمانی ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک دوکتور قاسملووەوە ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدوا و ڕوانگەکانی خۆی بۆ باس دەکردن. بۆیە بەجێیە قبووڵ بکەین کە ئەم ڕووداوە پاش ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ حیزب و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری خۆشترین و گەورەترین ڕووداوی مێژوویی تا ئەو وەختە بوو. هەقە ئەوەش بگوترێ کە میتینگی ١١ی ڕەشەمە نەک‌هەر بۆ کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، بەڵکوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێرانیش هەڵکەوت و دەرفەتێکی مێژوویی بوو. هەربۆیە بێجگە لەوانەش کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بانگهێشتن کرابوون، بە هەزاران کەسی تینووی ئازادی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران بە تایبەتی لە تارانەوە بۆ بەشداری لەو میتینگەدا خۆیان گەیاندبووە مەهاباد.

**شەهرام سوبحانی:** گرنگترین دەسکەوتەکانی میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان چی بوون؟ پێتان وایە ئەو دەسکەوتانە چەندە کاریگەرییان لە سەر وشیاریی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە و ئێستاش داناوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەتوانم بڵێم گەورەترین دەسکەوتی ئەو ڕۆژە پێکهاتنی میتینگەکە خۆی بوو. گاڵتەی پێ ناکرێ پاش پتر لە ٣٠ ساڵ زەبروزەنگ کە کۆبوونەوەی زیاتر لە دە کەس و جاری وابوو کەمتریش دەخرایە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و تێک دەدرا یان خەڵکی لەسەر دەگیرا، ئێستا پتر لە سەد هەزار کەس -و بە ڕیوایەتی ڕۆژنامەی «اطلاعات» دووسەد هەزار کەس- بە ئاشکرا لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و گرنگترین مەسەلە چارەنووسییەکانیان باس دەکرد. بەڕاستی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دێمانەی قۆناغێکی هیوابەخش لە مێژووی خەباتی هەقخوازانەی گەلانی ئێران بوو.

دەسکەوتی گرنگی دیکە بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەرچاوڕوونیی سیاسی بوو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەم قسەیە لەسەر زاروزمانان بوو کە «هەموو کەس دەزانێ چیی ناوێ. بەڵام کەس نازانێ چیی دەوێ». دیارە کەسانی ئاگا و وشیار زۆر بوون کە دەیانزانی چییان دەوێ، بەڵام نەک لە هەموو ئێران، لە کوردستانیش یەکدەنگییەک لەئارادا نەبوو. کەچی ئێستا حیزبێکی بە ئەزموون ئەویش لەسەر زمانی ڕێبەری لێوەشاوەی خۆی نەخشە ڕێگای خەباتی درێژخایەنی کورد و تەنانەت دوورەدیمەنی دواڕۆژی هەموو ئێرانی دەخستە بەرچاوی ئەوانەی چاوی دیتنیان هەبوو.

ئەگەر بەوردی گوێ بۆ وتاری ١١ی ڕەشەمەی دوکتۆر قاسملوو بگرین بێ دەمارگرژی دەبینین کە ئەو مانیفێستێکی داوەتە دەست کە نەکەهەر بۆ ئەوکات و بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی دواڕۆژیشمان لە هێڵە گشتییەکاندا ڕوونکەرەوەی بەرچاوی خەباتگێڕانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا بەڕێزتان وەک یەکێک لە بەشداربووانی میتینگی ١١ی ڕەشەمە، یان یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم میتینگە، پێمان خۆشە لە زمانی خۆتانەوە ببیستین قورسایی قسەکانی دوکتور قاسملوو لە پەیامەکەیدا چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** باوەڕ بکەن ئاسان نیە بەشێکی دیاریکراو وەک قورسایی وتارەکەی دوکتۆر قاسملوو دەستنیشان بکەین. هەمووی هەر قورس و هەمووی ئامۆژگاری و نەخشەڕێگا و شیاوی لێفێربوون بوو. خستنەبەرچاوی ڕابردووی خەباتی خەڵکی کوردستان و پێویستیی یەکڕیزیی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد و لەوەش زیاتر یەکدەنگیی نێوان هەموو گەلانی ئێران و نیشاندانی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵات بە کاربەدەستان و پێشنیاری سالمترین سیاسەت بۆ پەیوەندیی دیپلۆماسیی دەوڵەت و خوێندنەوە و ڕێزدانان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و تێکڕای گەلانی ئێران و زۆر بابەتی بەسوودی دیکە لە وتارێکی کورتی نیوسەعاتیدا تەنیا لە توانای بلیمەتێکی وەک قاسملوودا هەبوو.

**شەهرام سوبحانی:** یەکێک لەو تەورە دیارانە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا پێداگرییان لەسەر دەکا یەکیەتیی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ یەکترییە. بۆچی ئەو پێشمەرجە گرنگە لە خەبات بۆ سەرکەوتن هەتا ئێستاش لە ئاستی خۆیدا نییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەدا زۆرجار دەگوترێ دوژمنان ناهێڵن ڕێک کەون. ئەمن هیچ وەخت لەو باوەڕەدا نەبووم و نابم. تەنانەت ئەم قسەیە بە سووکایەتی دەزانم. چونکە مانای ئەوەیە ئێمە گوێ بۆ دەنگی خەڵک و بانگی ویژدان ڕاناگرین و چاومان لە زاری دوژمنان و ناحەزانە چیمان پێ دەڵێن. بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئەمە هەڵاتن لە بەرپرسایەتی و گەڕان بە دووی تاوانبار لە دەرەوەی خۆماندایە. ئاخر ڕاستە دوژمنان هەوڵی لێکترازانمان دەدەن، بەڵام ئەوان لە پەرشووبڵاویمان قازانج دەکەن خۆمان چی؟ کەوایە خەتایەکە لەخۆمانە و دەتوانێ زۆر هۆکاریشی هەبن کە گرنگترینیان بەرچاوتەنگی و هەستنەکردن بە بەرپرسایەتی بەڕادەی پێویستە. ڕەنگە لەو نێوەدا بتوانین ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بەتایبەتی بۆ کوردی خۆرهەڵات و هێزی سیاسییە ئێرانییەکان بکەین کە ئەمانەن:

**یەکەم**، تاراوگەنشینی و نەبوونی بڕیاربەدەستانی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی فشاری کۆمەڵانی خەڵک و نەدیتینی ڕاستەوخۆی ئێش و ئازارەکانی هاونیشتمانان. ئەوانەی دەورانی شەڕی سێ مانگەیان دیوە لەبیریانە کە دامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد (هیئت نمایندگی خلق کرد) بەشێکی زۆری لە ئاکام و تەنانەت لەژێر فشاری ئەو دەستە و کۆمەڵە خەڵکانەدا بوو کە لە شارەکانەوە دەهاتنە لای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان.

**دووهەمیش**، سەرسەختیی زۆرایەتی و زێدەخوازیی کەمایەتی لە نێو هێزە سیاسییە کوردستانییەکاندایە. ئاشکرایە کە هێزە کوردستانییەکان لە دەرەوەی ئیددیعای خۆیان هێندێکیان زۆرترن و خەڵکی پتریان هەیە و بەشێکیان کەمتر. جا زۆرایەتییەکە پێی وایە ئەگەر نەختێک بۆ کەمایەتی دابشکێنێ لە سام و هەیبەتی کەم دەبێتەوە و کەمایەتییەکەش بە کەمتر لە «مساوات مطلق» ڕازی نابێ. غافڵ لەوەی کە ئەگەر ڕێک کەون زۆرایەتی و کەمایەتییەکە بەوە تێک ناچێ و ڕێز و خۆشەویستیی هەردوو لاشیان لەلای گەلەکەیان دەچێتە سەرێ.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کاریگەرترین ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە سەردەمی خۆی بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو خەباتە و دەربازبوون لە ناکۆکی و ناتەبایی و چەند بەرەکیی نێومالی کورد چ شتێکی بە پێویست دەزانی و بۆخۆی لەو پێوەندییەدا چیی کرد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە داوای لێبووردنەوە دوکتۆر قاسملووش دەگەڵ هەموو گەورەیی و لێبووردەیی خۆی وەک هەمووومان کورد بوو و خوێنی کورد لە دەمارەکانیدا دەجووڵا. بەو حاڵە هەوڵێکی زۆری دا کە بەلای دووبەرەکی لە یەخەی بزووتنەوەی کوردی ئێران بکاتەوە. بەڵام هەموو کاتێک هەوڵەکانی دەگەڵ ئەو دوو هەستە دژبەیەکە بەرەوڕوو دەبوون کە لە وەڵامی پرسیاری پێشتردا ئاماژەیان پێ کرا. باسی ئەو تۆمەتە زۆرجار ناڕەوایانە کە لایەنەکان لە یەکتریان دەدان و ئەو ناووناتۆرە ناشیرنانە ناکەم کە دەرهەقی یەکتر بەکاریان دەبردن، هەرئەوەندە بەسە کە بڵێین زۆرایەتی دەیەویست کەمایەتی «خڕکاتەوە» و کەمایەتی هەوڵی دەدا «هەیبەتی زۆرایەتی بشکێنێ.«

**شەهرام سوبحانی**: چۆن دەتوانین نێوەرۆکی پەیامەکانی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧ لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان لێک گرێ بدەین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە باوەڕی من پەیامی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بۆخۆی لە هێڵە گشتییەکاندا درێژکراوەی پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ بووە و ئێستاش و دواڕۆژیشمان گرێدراوی هەردووکیانن و بێ ئەوەی مافی داهێنان و نوێ

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

بوونەوە لە خۆمان و نەوەکانی دواترمان بستێنینەوە هەموومان پەیڕەوی ئەو پەیامانە و هەڵگری ئەو ئاڵایەین کە لە دامەزرانی حیزبەکەمانەوە تا ئەمڕۆ لەنێو ڕێبوارانی ڕێگای دێموکڕاتدا دەستاودەستی کردوە.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا بەڕێزیشتان یەکێک لە وتاربێژانی ئەو میتینگە بوون. ٤٥ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە چۆن یادی ئەو ڕۆژە دەکەن، بەتایبەت چۆن لە پەیام و وتارەکەی ئەو ڕۆژەتان دەڕوانن.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** وتاری من لەو ڕۆژەدا پتر پەیامی بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگەکە بوو، چونکە لەوکاتەدا بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە مەهاباد و بە مانایەک خانەخوێ بووم. ئەگەر قەراریش بێ هەڵسەنگێندرێ ئەوە کاری من نیە و دەبێ کەسانی دیکە نەزەری لەسەر بدەن.

**شەهرام سوبحانی:** مامۆستا گیان ماندوو نەبن و زۆر سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و لەم دیمانەیەدا بەشداریتان کرد

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** سپاس ئێوەش ماندوو نەبن

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



## ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، دەرەفەت و پرسیارەکان لەسەر ڕۆژەڤی کورد لەو ڕێکخراوەیەدا




کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەوتووی یەکەمی مانگی ڕەشەمەدا سەرۆکایەتیی شاندی حیزبی دێموکراتی لە کۆبوونەوەی ساڵانەی "ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست"دا کرد. بەڕێزیان لە وتووێژێکدا دەگەڵ "کوردکاناڵ" هەوڵی دا لە چەند ڕوانگەوە باسی ئامانج و کاروچالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بکات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێیدا وەک ئەندامی سەرەکی بەشدارە.

**کاک خالید عەزیزی لە باسکردنی ئامانجی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیەدا گوتی:** ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هەم کۆنگرەکانی خۆی دەگرێ هەم کۆبوونەوەی ساڵانەی. لەبەر ئەوەی نزیک ساڵ و نیوێک پێش ئێستا کۆنگرە گیرابوو و لە کۆنگرەدا کۆمەڵێک پرسی هەڵاوەسراو مابوو کە پێویست بوو باسی لێ بکرێتەوە. هۆکارێکی دیکە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو، لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هێندێک کێشەی نێوخۆیی هەبوو و هێندێک حیزبی ئورووپایی وازیان لێ هێنابوو کە دواتر هێندێکیان گەڕانەوە. تێڕوانینێک هەبوو کە چۆن ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە چاو لە کاروباری خۆی بکاتەوە و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامین بانگهێشت کراین و هەوڵمان دا تێبکۆشین لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرین و پرسی تایبەت بە کوردستانی

ڕۆژهەڵات، ئێران و حیزبی دێموکراتیشی تیدا باس بکەین. ئەوەندەی پێوەندیی بە کێشەی نیوخۆی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە هەیە ئێمە تێبینیمان هەبوو، لەبەر ئەوەیکە ئەحزابی جۆراوجۆر لە ئەمریکایی لاتین، ئاسیا، ئورووپا، ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێیدا هەن و کە پێویستە بە چاوێکی هەمەلایەنە چاو لە ڕێباز و بیروبۆچوونی خۆی بکا بۆ ئەوەیکە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا ببینێتەوە و تێکۆشان لەو بوارەدا تا ڕادەیەک تێبینییەکانی حیزب لەوێدا باس بکەین.

**لە بەشێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید لەهەمبەر پرسیاری چۆنیەتیی چالاکییەکانی حیزب و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی زیاتر ئاشناکردنی ئەحزابی جیهانی بۆ دۆزی کورد و دەوری حیزب لەو ڕێکخراوەیە، گوتی:** دیارە ئەگەر بڕێک بێینەوە دواتر لە سەردەمی شۆڕشی ئێران پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر ناسرا بوو و ئێمە لە شەڕێکی داسەپاوی بەربەریندا بووین، دوکتور قاسملوو وەک کەسێک کە لە بواری جۆراوجۆری دیپلۆماسیدا ئەزموونێکی زۆری هەبوو هەوڵی دا مەسەلەی کوردستان زۆر قەتیس نەبێ لە ئێراندا و تێبکۆشێ دۆست پەیدا بکا. لەو سەردەمدا مەسەلەی سۆسیال دێموکراسی ئیبتکارێکی گەورە بوو و دەکرێ بڵێین شتێکی نوێ بوو لەنێو کورددا و بە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو ئێمە لەو بەرەیە نزیک بووینەوە و دۆستێکی زۆریش بۆ ئێمە پەیدا بوون. ئێمەش ئێستا هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا لەو شوێنە کەڵک وەردەگرین دەنگی خۆمان بە دنیا دەگەیەنین. ئەو بەرەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەحزابی چەپ و سۆسیال دێموکرات پێ کهاتووە و ڕەنگە بەشێک لەو ڕەوتانە کە لە ئۆپۆزیسیۆندان هەڵوێست و بۆچوونیان لە زۆر بواردا ڕادیکاڵ بێ و کاتێک بە دەسەڵات دەگەن بە تەبیعەتی دەسەڵاتی خۆیان و مەوقعییەتی جۆراوجۆر وەک سەرۆکوەزیران، سەرۆککۆمار یا زۆرینەی پارلەمانی دەکەونە نێو بەرەژەوەندیی وڵاتەکەی خۆیان لەگەڵ ئێران. جا بۆیە ئێمە دەبێ ئاوای چاو لێ بکەین کاتێک چاوەڕوانیمان هەیە و کاتێک داوا دەکەین لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و مەسەلەی کوردستاندا هەڵوێست بگرن لەباری ئینسانییەوە بەگشتی هەڵوێستیان باشە بەڵام خۆ لە سیاسەتدا هەر هەڵوێستە ئینسانییەکە کافی نییە و دەبێ هێندێک کرداری مەیدانی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا بکەن. ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین و تێبکۆشین بەنیسبەت پرسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستمان هەبێ. دوکتور سادق شەرەفکەندی کاتی خۆی کە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستی بەجێ هێشت لە میکۆنووس لەلایەن ئێرانەوە تێرۆر کرا، پێش دوکتور شەرەفکەندی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات کە چوونی ئێمەی بۆ ئەو شوێنانە بەدی هێنا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا. ئێمە کاریگەریی ئەخلاقیمان دەخستە سەر ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست کە لەو پێوەندییەدا وەفادار بوو بە هەڵوێست بوو و کاری بۆ کرد بە هەرحاڵ ئێمە هەوڵمان کردوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین، بەڵام یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی بەرەژەوەندی دەوڵەتەکان لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا زۆر جار بۆ ئێمە کێشەی خوڵقاندوە، بەڵام ئێمە کۆڵ نادەین و بەردەوام چالاکی خۆمان دەکەین.

**بەڕێز عەزیزی لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەی کە دەڵێ؛ زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەندامانی نێو ئەو ڕێکخراوەیە ئەحزابێکی چەپی سۆسیالیستی باوەڕمەند بە هێندێک ئیدئۆلۆژی تایبەتن لە حاڵێکداا حیزبی دێموکرات لە پێناسەی خۆیدا خۆی وەکوو حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک ناناسێنێ و ئایا ئەمە دژوازی نییە حیزبێک کە ئیدئۆلۆژیک نییە، بەڵام لەنێو ڕێکخراوێکدا بێ کە زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەندامەکانی لە بەرەی سۆسیالیستی و چەپن؟ ئاماژەی بەوە کرد** کە ڕاستە حیزبی دێموکرات حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک نییە، حیزبێکی سیاسییە و بۆچوونی جۆراوجۆری تێدا هەیە و هۆیەکەشی ئەوەیە حیزبی دێموکرات ئاوێنەیەکی جوانی کۆمەڵگەی کوردستانە. جا دەکرێ بڵێین لێرە وەک حیزبێکی سیاسی ئێمە لە ڕاستیدا هەوڵمان نەداوە خۆمان وەک حیزبێکی چەپ و سۆسیالیست بناسێنین هەر چەند ئەو بەرەیە بەرەیەکی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراسییە و، ئێمە زۆرتر کەڵک وەردەگرین لەو شوێنە دەنگی خۆمان بە دنیا بگەیەنین. مادام حیزبی دێموکرات حیزبێکی سیاسییە ئێمە تێدەکۆشین خۆمان لە جەمسەربەندییەکانی دنیا ڕزگار بکەین و بەرەیەک لەو قوتبانە نەبین بۆ ئێمە زۆر پێویستە لە دنیادا دۆستی زۆرتر پەیدا بکەین، ئێمە ناچینە نێو کێشەی سۆسیالیست و کۆنسێرواتیڤەکان، سۆسیالیست و لیبڕاڵەکان، سۆسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپا یا ئەمریکا و ئەوانە، پرسیی ئێمە میللی دێموکراتیک و ئینسانییە. زۆرێک لە ئەحزابی کۆنسرڤاتیڤ و ڕاست لە ئورووپا و ئەمریکا هەڵوێستان بەرانبەر بە ئێران توندتریشە هەتا ئەحزابی سۆسیال دێموکرات یا بەرەی سۆسیالیست ئینتێرنەشناڵ، بەڵام ئێمە لە خەبات و تێکۆشان داین. مادام ئەسڵ ئەوەیە لەنێو هەموو ئەو لایەنانەیەدا دۆستمان هەبێ هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتەدا حەزوورمان هەیە و ئەوە هیچ بەو مانایە نییە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سۆسیالیست، چەپ یا حیزبێکی لیبڕاڵ و کۆنسێرواتیڤە. ڕەنگە لە هێندێک کاری ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا جیاوازیی بۆچوونمان هەبێ بەڵام ئەوەمان بە دروست زانیوە بوونمان هەبێ و تێبکۆشین لە سەر وەزعی خۆمان زانیاریان پێ بدەین و زۆرتر ڕەخنەیان لێ بگرین بۆچی بەرانبەر بە ئێران هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نییە لە حاڵێک حیزبێکی ئەندام لەو بەرەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە و تەنانەت یەکێک لە ڕێبەرەکانی لەو پێناوەدا لەدەست داوە و ڕێبەرەکەی دیکە لەو کەسانە بوو کە باوەڕمەند بوو ئەو ئەدەبیاتە دێموکراتیکە تێبکۆشێ لە ئێراندا پەرە پێ بدا زۆر بێ هەڵوێستن.

**کاک خالید لە وڵامی ئەوەیکە، دوای پێشکەشکردنی دوو وتاری ئێوە وەک نوێنەری حیزب، کاردانەوەی بەشداربووان چ بوو ئایا ئاخۆ دەبێ ئەو پەیامەی ئێوە وەرگیرابێ، باسی لەوە کرد:** لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی پێشووشدا ئەوەندەی من لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشدار بووم هەمیشە باسم لەوە کردووە، ئێوە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو ناوچەیەی ئێستا بووەتە مەکۆی ئاژاوەنانەوە لەلایەن ئێرانەوە لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا زۆر بێ هەڵوێست و پاسیڤ بوون، ئەو ناوچەیە لە ئاڵوگۆڕدایە و بووەتە پرسێکی سەرەکی بۆ ئەمنییەتی ناوچەیی و ئەمنییەتی جیهانی و ڕاستییەکەی یەکێک لە هۆیەکانی ئەو نائەمنییە ئێرانە بە هۆی دارو دەستەکەی لە ناوچەکەدا. بۆیە

بێهەڵوێستیی ئێوە دەتوانێ زەرەر بگەیەنێ و داوامان کردووە چی دیکە بێ تەفاوەت نەبن. بەشێک لەو حیزبانە بەشداری دەسەڵاتن بەشێکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنن و دەتوانن دەوریان هەبێ. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە ئەوەمان بینیوە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هەڵوێستێکی زۆر چالاکی نەبووە بە تایبەت سەبارەت بە پرسی کورد و ئێران. دەبێ ئەوەندەش بڵێم؛ ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ئایدیایەکی ئورووپایی بوو کە زۆربەی ئەحزابی چەپی ئەمریکای لاتین و ئەحزابی چەپی ئەفریقا چوونە نێو ئەو بەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە خاوەرمیانەدا دەکرێ بڵێم حیزبی دێموکرات. هەروەها ئاماژەم بەوەش کردوە کە جووڵانەوەی یەک ساڵی ڕابردووی ئێران بە تایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی بابەتگەلێکی جیددی هێنا گۆڕ و سەرنجی جیهانیشی بۆلای خۆی ڕاکێشا و چاوەڕوانیشمان هەیە بە نیسبەت ڕووداوەکانی ئێران و مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ئاژاوەگێڕییەی ئێران بێ هەڵوێست نەبن.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەسەر پەراوێزی کۆبوونەوەکە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیش باسی لەوە کرد؛** سروشتییە لە پەراوێزی ئەو دانیشتنانەدا باسی جۆراوجۆر دەکرێ و ئێمەش وەک نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەرکمان ئەوەیە خەڵکێکی زۆر لە پرسی خۆمان تێبگەیەنین بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ ئەوان زۆرتر تێدەکۆشن لە ڕوانگەی سۆسیال دێموکراسی و چەپی خۆیەوە چاو لە دنیا بکەن. هەروەک ئاماژەم پێدا کاری زۆرتری دەوێ ئێمە بتوانین سەرنجی ئەوان زیاتر بۆ سەر ئێران ڕابکێشین، نایشارمەوە بە ڕاشکاوی بەرانبەر بە ئێران و ڕووداوەکانی ئێران زۆر چالاک نەبوون و بێهەڵوێستن، ئایا ئێمە و لایەنەکانی دیکەی دەتوانین وردە وردە وابکەین لە داهاتوودا بیر و بۆچوونیان زۆرتر ڕابکێشین؟ هەروەکی ئاماژەم پێدا کاری زیاتر و حەوسەلەی دەوێ. ئێمە پێویستیمان بە دۆستی زۆرە و دیسان دەڵێمەوە بۆ ئەو کارە ئێمە خۆمان مەحدوود ناکەینەوە بە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تەنانەت پێویستیمان بە بەرەی جۆراوجۆر وەک لیبراڵەکان و دێموکراتەکان و کۆنسێرواتیڤەکان یان بەرەی سەوزەکان لە ئورووپا.

**دوا پرسیار لەسەر ئەبوو کە، وەک باس کرا و پێداگریتان کردەوە ئەوان زۆر بێهەڵوێستن، هۆکاری ئەو ناچالاکییە بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا ڕێژیم کاری دیپلۆماسی بۆ کردوە؟ کاک خالید گوتی:** ئەوە بەهێزبوونی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی نیشان نادا چۆن ڕێژیم زۆر خۆشناو نییە بەڵام دەکرێ دوو هۆکاری هەبێ، یەکیان دەکرێ بەرژەوەندیی ئابووریی بێ و دەبێ دان بەوە دابنێین پێوەندی نێودەوڵەتی لە سەر بەرژەوەندی پێک هاتووە و تەواوی یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتیش دەگەڕێتەوە سەر ئابووری. دوو؛ خودی ئەمریکا کە لەگەڵ ئێران زۆر لە کێشەدایە، ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تا ئەندازەیەک هەڵوێستان هەیە بەرانبەر بە ئەمریکا و مادام هەڵوێستیان هەیە کاریگەری دوو قوتبیبوونی پێشووی دنیا بەرەی سۆسیالیستی و بەرەی ئەمریکا لەنێو هێندێک ئەو حیزبانەدا بە تەواوی دەبیندرێ ئەوان بە عەقڵییەتی خۆیان و وڵاتەکەی خۆیان و مێژووی ئەو سۆسیالیزم و چەپە بۆ پرسەکان دەچن، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی


ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

ئێران عەمەلەن ڕۆژانە لە مەیدانی خەبات و تێكۆشان داین و خوێندەویەكی دیكەمان دەبێ. ئێمە هەموو جار پێیان دەڵێین ئێوە دەبێ بەرگری لە بەها دێموكراسییەكان و مافەكانی مرۆڤ بكەن، ئێوە بەرانبەر بە ئاشتی جیهانی بەرپرسیارن، كۆماری ئیسلامی هەم دژی دێموكراسییە، هەم دژی مافی مرۆڤە و هەم دژی ئەمنییەتی جیهانییە، دەی ئێوە دۆستێكی باشتان هەیە وەك حیزبی دێموكرات و زۆر لایەنی دیكە پشتی بگرن و لەگەڵی دابن و بۆ ئەوەیكە ئەو دیاردانە لەئێراندا جێ بكەوێ بەهێز بێ.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید خورشید عەلیزادە)




**پشکۆ پشکۆ داگیرسان لەپێناوی نیشتمان**

**برایم چووکەڵی**

خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاریی خۆیان و سەربەستیی نیشتمانەکەیان لە یەک سەدەی ڕابردوودا هەوێنی خوڵقاندنی زۆر حەماسە و شانازیی گەورە بووە. خەڵکی کوردستان بۆ سەرخستنی ئەو خەباتە زۆر ڕۆڵەی بەوەجی خۆیان پێشکەشی بارەگای ئازادیی نیشتمان کردوە، بە واتایەکی دی کەم جێگای ئەم کوردستان هەیە بە خوێنی لاوانی ئازا و بوێری کورد نەنەخشابێ و لاوێکی کورد تێیدا سەری نەنابێتەوە. هەربۆیەش نەتەوەی کورد بە شانازییەوە دەتوانێ بڵێ بە خوێنی لاوانی داری ئازادیی ئاو دەدات و گەورەترین نرخ بۆ ئازادی دەبەخشێت.

ئەوە کە ئەم نەتەوەیە توانیویەتی بۆ دەیان ساڵ لە پێناو مافەکانیدا بێ پسانەوە ئاڵای خەبات و تێکۆشانەکەی بە شەکاوەیی ڕابگرێ، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ. گەلی کورد تا گەیشتن بە لووتکەی ئازادی لە خەبات ڕاناوەستێ،

ئەگەرچی نرخی ئەو ئازادییەش خوێن و ژیانی ڕۆڵەکانی بێ. بێگومان ئازادی نرخی گرانە و هەروا بە سانایی وەدەست نایە. ئەو گەلانەی ئێستا زنجیری کۆیلەتییان پساندوە و نیری یەخسیرییان لە ئەستۆ دادڕیوە و بە ئازادیی دەژین و چارەنووسیان لەدەستی خۆیاندایە؛ لە درێژەی خەبات و بەربەرەکانییەکی قارەمانانە و شۆڕشگێڕانەدا توانیویانە سەربەستیی خۆیان لەئامێز بگرن.

خەبات و بەربەرەکانیش لەبەرامبەر داگیرکەران و دیکتاتۆراندا بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین هەوڵ و تێکۆشانو فیداکاری دەوێ. بە خوێندنەوەی مێژووی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزی و لە هەمان کاتدا پڕ لە فیداکاریی ئەو نەتەوانەی قۆناغی ژێردەستەیی و کۆیلەتییان تێپەڕاندوە و ئێستا لە قۆناغی گەشەکردندان، ڕوونتر مانای ئەم وتە بەناوبانگەی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوومان بۆ دەردەکەوێ کە:" گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا." لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا ڕێز لە یاد و ناوی یەکێک لەو جوامێرانە دەگرین ئامادەبوون بۆ ئازادی نرخێکی گران بدەن کە ئەویش گیانیانە. باسی شۆڕشگێڕێک دەکەین کە تەنیا ۳۱ساڵ ژیا و لەو تەمەنە کورتەدا یادگاری و بیرەوەریی گەلێک بەنرخی لە پاش خۆی بەجێهێشت و بۆ هەتاهەتایە یادی لە دڵماندا زیندوە. ئەو مرۆڤە گەورەیە کەسێک نییە جگە لە "خورشید عەلیزادە."

خورشید عەلیزادە ساڵی ۱۳۳۰ی هەتاوی لە گوندی "جێرمێ" سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕ لە دایک بوو، قۆناخی منداڵیی خورشید وەک منداڵیی هەموو هاوتەمەنەکانی لادێیی بە کایە و کاری مووچەومەزرا تێپەڕ بوو. هەژاری و فەقیری بەر دەرگای بە ماڵی خورشید گرتبوو و بەناچار لە تەمەنی لاویدا دەستی بە کار و ئارەقەڕشتن کرد. خورشید لەنێو ئاوایی جێرمێدا خۆشەویست بوو. ئەو تازەلاوێکی هێدی و لەسەرەخۆ بوو.

کوێرەوەری و مەینەتبەشی ڕووی لە خورشیدی زەحمەتکێش کردبوو. ئەو لە درێژەی ژیانیدا چەرمەسەری و تاڵی و سوێریی ژیانی بە هەموو وجوودیەوە هەست پێ دەکرد، بۆیە خولیای ڕزگاری لە چنگ فەقیری و هەژاری ببوو بە ئاواتێکی بەرزی. لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ۱۳۵۷ی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی شانبەشانی خەڵک بەشداریی چالاکانەی کرد. بەڵام زۆری نەکێشا ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی مافە سەرەتاییەکانی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کوردی بە تایبەتی، پێشێل کرد و پەلاماری خەڵکی کوردستانی دا.

خورشید عەلیزادە بە دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساند و بە لەبەرکردنی بەرگی

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ڕیزی تێکۆشەرانی مەڵبەندی شوماڵی کوردستان تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کرد و لە ماوەیەکی کورتدا بەکردەوە سەداقەت و دڵسۆزیی خۆی نیشان دا. ئەو لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا زۆر کردەوەی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، لە بەرانبەر دوژمندا ئازا و نەترس و لە بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی و خەبات و تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا زۆر بەنەزم ودیسیپلین بوو.

شەهید خورشیدی عەلیزادە بە هۆی لێهاتوویی سەرەتا بە سەرپەل و دواتر بە فەرماندەری لک دیاری کرا. هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر سەرکەوتووانە ئەو قۆناغەشی بڕی و چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی لە ناوچەی شوماڵی کوردستان بەڕێوە برد. ئەو وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن ئەزموون و بەتوانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. کەسایەتیی لەسەرەخۆ، خۆشناو، خۆشمەشرەف، خاکی و خەڵکی و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە ناوچەکانی شومالی کوردستان ناووناوبانگێکی زۆریان بۆ دەستەبەر کردبوو. ئەو لە شەڕە حەماسییەکانی ئەو ناوچەیەدا ڕۆڵی سەرەکیی بوو. لاوێکی ئازا و فیداکار و بەجەرگ بوو و دەریخستبوو کە باوەڕی حیزبییانەی قایموقۆڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاری و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی خورشید بووە بەوێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی.

ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٦١ ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرەوە هێرشێ بۆ جوگەی ئەنبار لە ناچەی شوماڵی کوردستان هێنا کە لەگەل بەربەرەکانیی تێکۆشەرانی دێموکرات ڕووبەروو بۆوە. پێشمەرگەکان لە شەڕێکی قارەمانانەدا دەرسێکی باشیان بە هێزی داگیرکەر دا، بەڵام بەداخەوە لەو بەربەرەکانییە ئازایانەدا فەرماندەری قارەمان و لاو خورشید عەلیزادە کەوتە بەر گوللەی کۆنەپەرستان و گیانی بە نەتەوەکەی بەخشی و دڵی پڕ لە هیوا و تاسەی قارەمانی کورد  بە دنیایەک ئاواتەوە چووە ژێر گڵ.

**ڕوحی شاد و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.**

**١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# گرینگترین کۆد




**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاویدا و پاش چەند ساڵ هەوڵ و دانی نرخی قورس لەلایەن گەلانی ئێرانەوە، تاقمێکی کۆنەپەرست توانییان باڵی نگریسیان بەسەر شۆڕش و بەشێکی بەرچاو لە شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕیو لەدژی سیستمی سەرەڕۆی پاشایەتیدا بکێشن و هەوڵ و نرخی ئەوان بەفیڕۆ بدەن؛ ئەمە تەنیا سەرەتایەک بوو بۆ تاڵانکاری و تاوانی زیاتر لە هەموو ئاست و ڕەهەندەکانی ژیانی دانیشتووانی ئەو جوغرافیایەی کە پێی دەوترێ "ئێران."

زۆرجار گوتراوە کە شۆڕشی ساڵی ٥٧، دوایین شۆڕشی کلاسیکی سەدەی بیستەم بوو کە گۆڕانکاری بنچینەیی لەسەر گرێچن و گشتییەتی ئەم وڵاتەدا پێکهێنا؛ گۆڕانێک کە بە چاوخشاندنێکی سەرەپێیی دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەیکە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەی گرتەوە بەڵام هەموو جەمسەرەکانیشی بەرەو پاش بردەوە!

یەکێک لەو ڕەهەندە گرینگانە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران داناوە،

بیاڤی "سیاسەتی دەرەکی" ئێرانە کە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی دەوڵەتە یەکلەدوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە و بەپێی سرووشتی کاری حکومەتداریش، ڕێکخستن، بەرینایەتی و ئاستی دیپلۆماسی هەر وڵاتێک گرێ دراوە بە بنەما فکرییەکانی ئەو حکوومەتەوە؛ کە ئەم ڕاستییە کاریگەریی لەسەر پێوەندییە ئابووری، فەرهەنگی و ئینسانییەکانی نێوان وڵاتانیش دادەنێت و کاریگەرییان لێ وەردەگرێ!

لەدوای شۆڕشی ساڵی ٥٧، تازەبەدەسەڵاتگەیشتووانی تاران، بناغەی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامییان لەسەر چەمکێکی ناڕوون دامەزراند؛ چەمکی "استکبارستیزی!"

دواتریش بۆ پێناسەی ئەم چەمکە ناڕوونە ڕاگەیەندرا کە ئامانج، داکۆکیکردن لە مافی هەموو موسوڵمانانی جیهانە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بەشێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام کە بۆخۆشیان هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی دژی ڕۆژاوا بوون، لە لیستی دژی کۆماری ئیسلامیدا جێیان گرت و ئەم سیاسەتە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی تەمەنیدا لەگەڵ شکستی جەوهەری بەرەوڕوو بوویەوە و لە نێوەڕۆک بەتاڵ کرا.

بەبارمتەگرتنی کارگێڕانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لە ساڵی ٥٨، شەڕی ئێران و عێراق، ڕووداوە پێوەندیدارەکان بە فیتوای کوشتنی سەلمان ڕۆشدی، پەلامارە تێرۆریستییەکان لە خاکی وڵاتانی ئورووپایی، بەرنامە ناوکی و مووشەکییەکانی تاران، تەقینەوە و تیرۆرەکان لە لوبنان و کوەیت و ئەمارات و عەرەبستان و کێشە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ عەرەبستان و عێراق، وڵاتانی کەنداو، وڵاتانی دەوروبەری زەریای خەزەر و ئاسیای ناوەندی، دژایەتیی ئیسرائیل و پشتگیری لە گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، گرووپە توندڕەوەکانی سەر بە سوپای پاسداران لە عێراق و .... تەنیا بەشێکن لەو سیاسەتە گشتییانەی کە تاران لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا ڕەچاوی کردوە.

کۆماری ئیسلامی لەژێرناوی "ئیسلام" پشتیوانی لە ڕەوتە شیعە توندئاژۆکان دەکات تاکوو بە خەونە دێرینەکەی واتە سازکردنی ئیمپڕاتووریەتی شیعەی ویلایەتی بگات و بە خستنەژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی ناوچە بە نەخشەی "هیلالی شیعی" خۆی ببێتە سەرکردەی بەرەیەکی پانوبەرینی ناوچەیی و دواتریش جەمسەرێکی بەهێز بۆ دژایەتیکردنی ڕۆژاوا. لەم ڕاستایەشدا و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش شۆڕش، شەڕێکی ئابووریی سەختی لەگەڵ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران وەڕێ خست کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و ڕوونە کە دووکەڵی ئەم ئاگرە بێبەزەییە تەنیا و تەنیا دەچێتە چاوی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا سیاسییە.

ئەگەرچی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتادا دژایەتی و دوژمنایەتییەکانی خۆی تەنیا لەگەڵ ئامریکا و ئیسرائیل دەهێنایە سەر زمان، بەڵام زۆری پێ نەچوو دەرکەوت ئەم دژایەتییانە کۆی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە هاوتەریب لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێژیم نین؛ ئەم ڕاستییەش لە هەموو ئەم ساڵانەدا بەڕوونی خۆیان پیشان داوە بەچەشنێک کە تەنانەت عەلی خامنەیی وەک جێگری خومەینی و بڕیاردەری سەرەکی بۆ دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی ڕێژیم لە ساڵی ٢٠١٣، بەفەرمی سەبارەت بە گەلانی ئورووپایی گوتی: "نژادە ئورووپاییەکان وەحشین. ئەوان ڕواڵەتیان جوانە، کراوات دەبەستن و ئۆدکلۆن لێ دەدەن بەڵام ناخیان هەر ئەو جەوهەرە وەحشییەیە کە لە مێژوودا هەبووە و ئێستەش هەیە".

لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم مژارە لە دوو ڕەهەندەوە باسەکە شرۆڤە دەکەین؛ یەکەم "دیپلۆماسی فەرهەنگی" وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەکی و دووهەم، "دیپلۆماسی هەڵخەڵەتاندن و فریودان."

سرووشتییە کە هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ئاستی دەرەکی یان بۆ جێگیرکردنی سیاسەتە دەرەکییەکانی پێویستیی بە هەندێک ئامراز هەیە؛ وەک چۆن ئابووری، پرۆپاگەندە، هێزی سەربازی، کەلتوور و ئایدیۆلۆژی، وەک ئامرازی سیاسەتی دەرەوە بەکار دێن، دیپلۆماسییش ئامرازێکە یان میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە؛ بەڵام دیپلۆماسیی گشتی، بەرفراوانترە لە دیپلۆماسیی فەرمی و هەموو ئامرازە فەرمی و نافەرمییەکانیش دەگرێتەوە، بەتایبەت ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی و تەنانەت یەکلاکەرەوە دەگێڕن کە بۆ کاریگەریخستنە سەر ڕای گشتی، جێبەجێکردنی بەرنامەی ستراتیژی، بەرنامەی پەروەردە و کەلتووریی وڵاتێکە بە مەبەستی دروستکردنی پشتیوانیی دەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم ڕاستایەدا هەموو ئامراز و جۆرەکانی هێزی (ڕەق و نەرم) بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی بەکار هێناوە و بەکار دێنێت.
لە ساڵانی پاش شۆڕش و هاوکات لەگەڵ شەڕی ٨ ساڵە، ڕێژیم هەوڵی دەدا لە ئامرازی ڕەق بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کەڵک وەربگرێت، بەڵام لە پاش فڕکردنی جامی ژەهر و کۆتاییهاتنی شەڕ، تاکتیکەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕووی لە هێزی نەرم کرد و بەتەواوی درکی بەو ڕاستییە کرد کە تواناییەکانی هێزی نەرم هەم کەمتێچووترن و هەم کاریگەری و شوێندانەرییان زیاتر و تەمەندارترە بۆیە هاوتەریب لەگەڵ هێزی ڕەق و بەهێزکردنی ئەم بەشە کەڵکیان لە هێزی نەرم و دیپلۆماسی فەرهەنگیش وەرگرت؛ لە ڕوانگەیەکی ترەوە هەنووکە ڕێژیم بەباشی دەزانێ کە "هەناردەکردنی شۆڕش"، کە سەرەکیترین ئامانجی ڕێژیم لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکییە، تەنیا لە ڕێگەی سەربازییەوە

بەئەنجام ناگات، بەڵکوو چەندین ڕێگە و ڕێوشوێن و میکانیزمی جۆراوجۆری دیکەش بوونیان هەیە کە دەبێ بیگرێتە بەر. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژی و بەها و پێوەرە کولتوورییەکانی خۆی، لە هەوڵی ئەوەدایە کولتوور و پەیامی خۆی بۆ شوێندانەری و کاریگەری دروستکردن و نفووز پەرە پێ بدات. بەشێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی ئەم دیپلۆماسییەیش بریتین لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکان کە لەنێوان کۆمەڵگەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە ناحکوومییەکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەمەیش بۆ دروستکردنی وێنەیەکی خوازراو یان ڕواڵەتێکی ئەمڕۆییانە و خەڵکپەسندە بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێزی نەرم. لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تەکنەلۆژیدا، یەکێک لە ڕەگەزەکانی هێزی دەوڵەتان دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و کاریگەریدانانە لەسەر فەزای مەجازی.

گرنگیدان بە ڕەگەزە بەهایی و کولتوورییەکان لە کایەی دیپلۆماسیدا، یەکێکە لەو ئامرازانەی کە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان کەڵکی لێوەردەگیرێ. لێرەوە دیپلۆماسی، چیتر فەرمی و لەنێوان دەوڵەتان نییە و بوارەکانی زانیاری و پەیوەندی و بازرگانی و زانستی و مەعریفی و پەروەردە و فێرکردن و... لەخۆدەگرێت.

ئەوەیکە لێرەدا هێمای بۆ کرا تەنیا بەشێکە لەو هەوڵانەی ڕێژیمی تاران کە بەناوی دیپلۆماسییەوە لە نیزیک بە پێنج دەیەی ڕابردوودا لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکی خۆی ئەنجامی داوە بەڵام بەگشتی ئەوەیکە لە ئاکار و کرداری کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەردەکەوێ ئەو ڕاستییەیە کە هاوشێوەی هەموو بیاڤەکانی تر، لە پانتایی سیاسەتی دەرەکیشدا ڕێژیمی تاران لەسەر بنەمای دژایەتی کردن سیاسەت دەکات؛ دژایەتی ئامریکا، دژایەتی ئیسرائیل، دژایەتی دنیای عەرەب، دژایەتی ئورووپا، دژایەتی چەمک و جیهانبینییە نوێکان، دژایەتی بڕیارنامە و میساقە نێونەتەوەییەکان، دژایەتی مافەکانی مرۆڤ و....

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر، ئاماژە بە قسەیەکی ئادۆڵف هیتلێر دەکەین کە دەڵێ: "تەنانەت ئەگەر هیچ دوژمنێکیشت نییە، وەها بنوێنە کە وڵات لە مەترسیدایە. چوونکە کاتێک خەڵک بترسن، ئامادە دەبن ببنە کۆیلەت و بۆ ڕزگاربوون لەو ترسەی خراوەتە زەینیان ئامادەن پێڕەوی لە سیاسەتوانان بکەن و ملکەچ بن"!

ئەم قسەی هیتلێر بەتەواوی مانا لە سیستمی دەسەڵاتداری ئێستەی ئێران وەڕاست دەگەڕێ؛ بەو واتایە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی لەڕاستای دامرکاندنەوەی ویستە ڕەواکانی گەلانی ئەم وڵاتە و خۆدوورگرتن لە جەوهەری ڕاستەقینەی باس و بابەتەکان ناچارن خەڵک بە پرسە لاوکییەکانەوە سەرقاڵ بکەن و بە سازکردنی دوژمنی فەرزی و زەینی بۆیان، کە دەچێتە

خانەی دیپلۆماسی هەڵخەڵەتاندن، هەوڵ بدەن ئاراستەی بیرکردنەوە و کردارەکانی کۆمەڵگە بگۆڕن. بۆ نموونە پاش سەرهەڵدانەکانی وڵاتی سووریە و تەنگەتاوبوونی دەوڵەتی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی بە وەڕێخستنی هەندێ سیناریۆ و یەک لەوان سازکردن و دنەدانی گرووپگەلی تیرۆریستی وەک داعش، هەم ڕەوایی بە پرسی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە دا، هەمیش خەڵکانی ئێرانی ترساند کە ئەگەر "مدافعین حرم" نەبن ئەوا تیرۆریستەکان دەگەنە تاران و دەبێ لەوێ شەڕیان لەگەڵ بکرێ! لەژێر سێبەری ئەم پاساوەش خەڵکێکی زۆریان هەڵخەڵەتاند تاکوو مەجالێک بدۆزنەوە بۆ تاڵانی زیاتری سامانەکانی وڵات، سەرقاڵکردنی خەڵک بە دوژمنە فەرزییەکان، پەرەدان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و هەوڵدان بۆ قایمکردنی جێپێی تاران لە ناوچە و لە ئەنجامدا سازکردنی "هیلالی شیعی."

بە دیوێکیتردا "دوژمن" بۆ کۆماری ئیسلامی "کۆد"یکی گرینگە کە بەهۆیەوە خەڵک و داواکارییەکانیان لە کۆڵ دەکەنەوە و لەهەمان کاتیشدا ڕێگە بۆ دیپلۆماسی شەڕ خۆش دەکەن و ڕەوایی بە دەستێوەردان و خوێنڕشتنەکانیان دەدەن.

بەکورتی ئەوەیکە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە ٤٥ ساڵ لە ئێران و لە پانتایی سیاسەتی دەرەکی سیستمی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتەدا دەبینرێ، نەمانی ڕەنگی خەنەیەکە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆیەوە تەمەنی خۆی پێ درێژ کردووەتەوە؛ سەلمێنەری ئەم وتەیەش ئەوەیە کە ڕێژیم چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکی و بەتایبەت لای خەڵکانی وڵاتانی دەورووپشت هیچ ڕەواییەکی نەماوە و دڕاندن و سووتاندنی وێنە و بەنێر و پووستێرەکانی خامنەیی و ئاڵای کۆماری ئیسلامی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ئیدیعایەیە!

١٦ی ڕەشەمەی ۲۷۲۳

# ئاوا دەبێت ئەندازیاریی هەڵبژاردن!




**دارسمە**

دوازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەشەممە لەنێو پێشوازیی شلەتێنی لایەنگرانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چوو.

ئەم هەڵبژاردنە دەگەڵ تێکهەڵچوونی گەرمی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە لایەک و بەرەی خۆڕاگریی ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە سەرۆکایەتیی شلەتێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات بوو. هیچ بە دووری مەزانن خوێنەری هێژا بپرسێت هەڵبژاردن لە ئێران چ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیل و ئەمریکا و بەرەی خۆڕاگرییەوە هەیە.

دوو لە ڕووی ئێوە، پەرژینێک بە گوڵ بێت، بەرەی خۆڕاگری زۆر سەیر خۆی ڕادەگرێت.

پەیوەندییەکە زیاتر لێرەدا دەردەکەوێت، حیزبەکانی دژی کۆماری ئیسلامی و نزیکەی سێ چوار یەکی خەڵکی ئێران سەر بە

سەهیۆنیزم و ئەمپریالیزمن و ئەم هەڵبژادنەیان بایکۆت کرد. بەڵام ئەندازیارانی (انقلابی)ی بەڕێوەبەری هەڵبژارن مستێکی توندیان لە دەمی دوژمنان و بەکرێگیراوانی نێوخۆ و دەرەوە دا.

ئەندازیارانی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەم جارە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەڵبژاردندا جەنابی ئاغای خامنەیی، کاکە ئەحمەدی جەننەتی، عەلیئەکبەر ویلایەتی، کاک موحسینی قەرائەتی (پیاوە قسەخۆشەکەی جارانی سەر تەلەفزیۆن) و کاکە حەدادی عادل و ئەحمەد عەلەمولهودایان وەک کەسانی یەکەمی دەنگدەر لە سەر سندووقی دەنگدان پێشانی خەڵک دا. بە دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵە لاوە، بە تایبەت دەرکەوتنی کاکە ئەحمەدی جەننەتی وەک مێرمنداڵێکی خاوەنئەزموون و "پووشەک" (موشەمما) لە پشت و گۆچان بەدەست، مستێکی توند بەر دەمی زۆربلێییانی دژی "نظام مقدس" کەوت و "ضد انقلاب"یش بۆی دەرکەوت بە نوێبوونەوە و گەنج بوونەوەی ئینقلاب و بەشداریکردنی ئەم لاوە خاوەن ئەزموونانە، خەونی لەنێوچوونی ئەم نیزامە دەگەڵ خۆیان دەبەنە نێو گۆڕی تەنگەوە.

دوای دەستپێکردنی هەڵبژاردن بە دەنگدانی ئەم کۆمەڵە لاوە، وەک لە تەلەفزیۆن و ماڵپەڕانەوە پێشان درا خەڵکیکی زۆر بە گوڕوتینێکی شلەتێنەوە بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد. بە چاوی خۆتان لە وێنەکاندا دیتتان بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە لە سەردەمی هەڵبژاردنی پێشوو واتە لە ۲۹ی بانەمەڕی ساڵی ۱۳۹۶ـەوە لە ماڵەوە دەستیان لە ڕەش و سپی نەدابوو و هەتا ۱۱ی ڕەشەممەی ئەمساڵ بە جلوبەرگی چوارپێنج ساڵ لەمەوبەرەوە لە سەر مۆبڵ و قەنەفان پاڵیان دابۆوە، بە پەلە خۆیان بەسەر سندووقەکانی ئەمساڵیش داکرد و دەنگی شۆڕشگێڕانەی خۆیان خستە سندووقی دەنگدانەوە. ئەوانە لەبەر ئەوەی بە دڵێکی گەرم بەشدارییان کرد، باکیان بە سەرما و کڕێوەی ئەم زستانە نەبوو و هەر بە تویێ ئەو کراسانەی لە بەهاری خولی ڕابردووی هەڵبژاردن بۆ دەنگدان کردبوویانە بەریان، ئەمساڵیش هەڵمەتی سەر سندووقی دەنگدانیان دەست پێکرد.

ئەمە لەکاتێکدا بوو ئەندازیارانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەوانەی هەڵبژاردنیان بایکۆت کردبوو، بیریان لە چارەسەری دیکەش کردەوە. لە بەر ئەوەی بەشی زۆری خەڵک لەبەر کار و کاسبیی ڕۆژی هەینی و بەشداریکردن لە نوێژی هەینی و پاک کردنەوەی بەفری سەربان و کۆڵانان وەک کاک ئەحمەد جەننەتی وعەلی ئەکبەر ولایەتی دەخۆیان ڕانەدیت سەر لەبەیانی بەشدار بن، تەمەنی ڕۆژی هەڵبژاردنیان هەتا کاتژمێر ۱۲ی شەو درێژ کردەوە و بۆ بەیانیش لە هەموو قوتابخانەی سەرانسەری وڵات کردیانە پشووی ڕەسمی.

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

**ڕاگەیاندنی ئەم پشوویە چەند سوودێکی باشی هەبوو. دیارە لەبەر کەمیی کات لێرەدا بە کورتی و لە چەند خاڵێکدا سووکە ئاماژەیەک بەم سوودانە دەکەین:**

١- دیارە هەزاران کەس لەو کارمەندانەی سەر سندووقی دەنگدان ئەمڕۆ هەریەکەیان دوو یان سێ کەبابی چەور و تەماتەی برژاویان لەسەر حیسابی ستادی هەڵبژاردن خواردوە و ئەوانی مامۆستا و فەرمانبەری قوتابخانانەن لە سەردەمی گرانیی گۆشت و کەبابدا ددان و قوڕگ و سورینچک و گەدە و تەنانەت ڕیخۆڵەی بچووک و گەورەشیان تووشی سەرسووڕمان بووە. لەبەر ئەو دۆخەی ئەم کارمەندانە تووشی هاتوون، ڕاگەیاندنی ڕۆژێک پشوو کارێکی زۆر باشە.

٢- دەستنیشانکردنی ڕۆژێک پشوو دوای ئەو هەڵبژاردنەی بەرادەرانی بەسیج و "ئاتەش بە ئیختیار" زۆر پێویست بوو. ئەو برادەرانە ناچار بوون هەتا کاتژمێر ١٢ی شەو بێ ئەوەی پەنجەیان ڕەنگ بکرێت یان مۆڕ لە ناسنامەیان بدرێت، سەردانی چەندین بنکەی دەنگدان بکەن و ڕێژەی دەنگدەران لە سەرانسەری ئێراندا بگەیەننە چل لەسەد.

٣- ئەوانەی شەوی ڕابردوو لە وەزارەتی نێوخۆ بەدوای کۆدی خەڵکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بە کۆدی ئەوان دەنگ بەو پاڵێوراوانە بدەن لۆ پەزی زەرەریان نیە، ئەوانیش پێویستیان بە حەسانەوە بوو.

٤- یەک ڕۆژ پشوو دوای دەنگدان بۆ قوتابخانانەش زۆر بە پێویست زانرا و پێویست بوو ئەندازیارانی هەڵبژاردن هەموو زبڵ و زاڵی دوای هەڵبژاردن بە چەشنێک پاک بکەنەوە، پاککەرەوەی قوتابخانە و جادە و شەقامان لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە سەر دەرنەکەن.

* مانای وشەی "شلەتێن": شلەتێن بە پێی هەستی چێشتنی پێستی مرۆڤان دەناسرێتەوە.

** "پووشەک" یان "موشەمما" قوماشێکی ئاونەدەڵێنە بۆ پێشگرتن بە دزەکرانی پاشەڕۆی منداڵ و پەک کەوتان.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# ئەركی قوورستر




**ئاسۆ مینبەری**

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن دەکەینەوە کە ژنانی کوردستان بەگوڕ و بەتینتر لە جاران کەوتوونەتە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەیەوە.

لە ڕاستیدا دیاریکردن و ناودێرکردنی ٨ی مارس، لە بنەڕەتدا نەک بۆ پیرۆزبایی لە ژنان بەڵکوو بۆ وەبیرهێنانەوەی ستەمەکانی دژبە ژنان و هاوکات هەڵسەنگاندن و نوێکردنەوەی مێتۆدەکانی خەباتی ئەو توێژە لە کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمە. هەر بۆیە بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو، بەباشی تێدەگەین کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانییان لەم پێناوەدا هەنگاوی کردەیی هەڵ بگرن.

لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، خەباتی ژنان لە کوردستان، چووە قۆناغێکی نوێوە و هاوتەریب لەگەڵ ئەم خەباتە نوێیە، شتی نوێشیان ئەزموون کرد.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەبێ بە بایەخەوە چاو لە ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لە درێژەی شۆڕشی ژینادا بکەین، نابێ لە بیرمان بچێ کە پێش لە دەسپێکی ئەم شۆڕشەش، ژنان بەپێچەوانەی خواستی دەسەڵات بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت بەم ڕۆژە هەستیار بوون. لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جار نەک تەنیا ژنان، بەڵکوو پیاوانی یەکسانیخوازیش ئەم ڕۆژەیان بەرز نرخاندووە و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە چاویان لێ کردوە.

ئەگەرچی ڕەوتی سەرکوت لەلایەن ڕێژیم و ناوەندەکانییەوە لەمبارەوە بەردەوام بووە بەڵام، هیچکات ژنان کۆڵیان نەداوە و لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان پاشگەز نەبوونەتەوە.

هەرچەند کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی جیهانی لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێبایەخ بکات و بە ناودێرکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا، بۆنەیەک هاوتەریب لەگەڵ ئەم بۆنە جیهانییە لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکات، بەڵام ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی ژنان لە پیلان و ئامانجەکانی ڕێژیم تا ڕادەیەکی باش ئەم هەوڵانەی پووچەڵ کردنەوە.

پرسی ژنان کاری بەردەوام و هەوڵی شێلگیرانەی پێویستە، بەڵام ڕۆژی ۸ی مارس وەکوو ڕۆژێکی جیهانی، بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستە بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کار لەسەر پرسەکانی ژنان بکرێت.

بەڕێوەبردنی سێمینار و ڕێکخستنی کەمپەین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی بەرنامەی تلویزیۆنی و نووسینی وتار و بەگشتی ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، دەبێ وەکوو ئەرکێکی گشتی بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەک وەکوو کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوی لێ بکرێت. گرینگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی خەڵک بۆ ڕۆشنگەری سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و هەوڵدان بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک و بەتایبەت لە مافەکانی ئەم توێژە، هەوڵەکانی ڕێژیم و دامودەزگا زەبەلاحەکانیشی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم هەوڵانە بەردەوامە، بەو جیاوازییەوە کە تەنانەت ئیمکانات و دەرفەتی زیاتریشی بۆ سەرکوتی هەر چەشنە هەوڵێک لە بەردەستدایە.

ئەگەرچی خەباتی ژنان لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام بووە بەڵام لانیکەم لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتیش لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، ئەم تێکۆشانە زیاتر و لە شێوازی جیاوازتردا خۆی دەرخست.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر، کردەوەی پێکهاتەشکێن، دژایەتیی ئاشکرا و هەنگاوی بەکردەوە لەم شۆڕشەدا لەو خاڵە گرینگانە بوون کە وەک ئەکتی کاریگەر لەلایەن ژنانەوە بینران. هاتنەدەر لە چوارچێوەی ماڵەکان و پەیوەستبوون بە ڕیزی خەڵکی خرۆشاوی سەر شەقام و زۆر جاریش پێشەنگایەتیی جەماوەر، نیشانی دا کە ژنان لەپێناو دابینکردنی مافەکانی خۆیاندا، تا چەند هەست بە بەرپرسایەتی ئەکەن و تا چ ڕادەیەکیش ئامادەن نرخ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن.

خوێندنەوە و ئانالیزی خەباتی ژنان لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا دەتوانێ نیشاندەری گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕوانینی ژنان هەم سەبارەت بە خودی خۆیان، هەم ئەرک و ڕۆڵیان و هەم پۆتانسییێلی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بێت؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو شۆڕشە بەبێ بوونی ژنان نەیدەوانی تا ئێستا بخایەنێ! لە ڕاستیدا ژنان لەو بزووتنەوەیەدا جیا لەوەی کە هەندێ جار ئەرکی ڕێبەرایەتییان لەئەستۆ دەگرت، توانییان بزوێنەری باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ هاتنە مەیدان و شەڕ لەگەڵ داگیرکەر بن. هەر بۆیە دەتوانین ئاوا لە بابەتەکە بڕوانین کە خەباتی ژنان لە دوو بواری جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، خەباتێکی ڕەوا و لە هەمانکاتدا جێگای ڕێز و پێزانینە، بەرەوپێشبردنی هاوتەریبی ئەم دوو خەباتە، ئەرکی قورستری خستووەتە سەر شانی ژنان و بێگومان کاریگەریشی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان، دیار و هەستپێکراو دەبێ.

لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا وێڕای پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خەباتی ژنان لە کوردستان و ڕێزگرتن لە قوربانیدانیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پێویستە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە خەباتی نەتەوایەتی بەبێ بوونی ژنان سەر ناکەوێ و ئەرکی ژنان لەم ببوارەدا زۆر قورسترە. هەروەها ٨ی مارس دەبێ لەلایەن ژنانەوە ببێتە دەرفەتێک بۆ لەئەستۆگرتنی ئەرکێکی قورستر، پێداگرتنەوە لەسەر مافەکانیان و هاوکات دیاریکردنی سنووری نێوان خۆیان و دەسەڵاتێکی خۆسەپێن کە ساڵانێکی زۆرە لە مافی ژیان بێبەشی کردوون.

٨ی مارس دەتوانێ لەمەبەدوا جیا لە ڕۆژێکی جیهانی، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی خەبات و شۆڕشی ژنانی کوردستان دژبە چەقبەستوویی و بێمافی بێ.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنەوە




**ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران!**
**خەباتکارانی یەکسانیخواز!**

بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، بەگەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین و سەرکەوتنی خەباتی ڕەواتان دژی چەوسانەوە، هەڵاواردن و نایەکسانی، بە ئاوات دەخوازین.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڕەپانی وەرێکەوتنی نوێترین و گەورەترین ڕاپەڕین دژی ستەم و تاوان بەرانبەر ژنان و، لانکەی دروشمی جیهانداگری "ژن، ژیان ئازادی"، مێژوویەکی تایبەتی لە خەبات و بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. لەم پێوەندییەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژنانی ئێران، مێژوویەکی هاوشێوەیان هەیە. ئەگەر نەتەوەی بندەست و مافخوازی کورد لە ئێران، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامی، شایەدی دژایەتیی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ماف و داخوازەکانی بوو، ژنانی ئێرانیش هەر لە دوای ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧(١٩٧٩)ەوە، ڕووبەڕووی زەوتکرانی ماف و ئازادییەکانیان بوونەوە. لە ماوەی ٤٥ ساڵ تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەو ڕێژیمە هیچ کات لە سەرکوت و هێشتنەوەی نەتەوەی کورد و ژنان لە بێ مافی و بێبەشیدا غافڵ نەبووە؛ هاوکات نەتەوەی کورد لە ئێران و ژنانی ئەم وڵاتەش بە کۆڵنەدان و خۆڕاگری و شێلگیربوون لەسەر مافەکانیان، هەموو کات چقڵێک بوون لە چاوی دەسەڵاتدارانی وڵات و دامودەزگا جۆراجۆرەکانیاندا.

چڵەپۆپەی یەکگرتوویی هاوخەباتانەی خەڵکی کوردستان و ژنانی ئێران لە دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە لایەن گەشتی ئێرشادی ئەو ڕێژیمە بوو. هەر لە ساتەوەختی گیانلەدەستدان و بە خاکسپاردنی ژینا ئەمینی لە سەقز و خرۆشانی خەڵکی کوردستان دژی ژنکوژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، بە بەشداریی چالاکانەی کچان و ژنانی ئازا لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران، ڕاپەڕینێکی گەورە، سەرانسەری وڵاتی داگرت، ڕاپەڕینێک کە دژایەتیی نێوەرۆکی دژەژنی کۆماری ئیسلامی و داواکردنی یەکسانیی ژن و پیاو، لە سەرووی دروشمەکان و داخوازەکانی بوو؛ ژنان و کچانی وشیار و بوێریش لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەیدا بوون. ژمارەی زۆری ئەو ژنانەی لەسەر شەقامەکان کەوتنەبەردەسڕێژ و شەهید کران، یان دوای برینداربوون و گیران لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا، هەروەها دەستبەسەرکرانی سەدان کەس لەو ژنانە کە هێندێکیان هەتا ئێستاش ئازاد نەکراون، شایەدی بۆ لێبڕاویی ژنان لە کوردستان و ئێران لەسەر خەبات بۆ مافەکانیان دەدەن. لاپەڕەیەکی پڕشنگداری دیکە لە خەباتی ژنان لە کوردستان و ئێران، خۆڕاگریی ئەو دایکانەیە کە کچان و کوڕانیان لە ڕەوتی ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەهۆی هێزە تاوانکارەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران، یان لاوە شۆڕشگێڕەکانیان لە بەندیخانەکان بە ئازار و ئەشکەنجە و پەتی سێدارە گیانیان لێ ئەستێندرا.

مێژووی ٤٥ ساڵەی خەباتی ژنانی ئێران لەگەڵ یاساکان و دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تایبەتی بەشداریی پێشەنگانە و بەرینی ئەوان لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، هەڵگری ئەم پەیامە ڕاشکاوانەیە کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئێران، بێ دانانان و بەڕەسمی ناسینی یەکسانیی ژنان و پیاوان و، بێ هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنە قانوونییەکانی سەرچاوەگرتوو لە دەستووری ئێران، سەرکەوتوو نابێت. ژنان بەردەوام لە دوو بەرەدا شێلگیرانە تێکۆشاون: لەلایەک هەوڵیان داوە سەرەڕای هەموو بەربەست و کۆسپە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکان خۆیان پێ بگەیەنن و لە ڕووی فکری و ناسینی پێگە و جێگەی ئینسانیی شیاوی خۆیان لە ژنانی جیهان بەجێ نەمێنن، لەلایەکی دیکە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی داسەپاو و هێنانەدیی هەلومەرجێکی دڵخواز خەباتیان کردوە.

دیارە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم و میدیا و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانیان، زۆریان هەوڵ داوە کە پرسی ژنانی ئێران، بە سەرڕووتکردن و خۆڕووتکردنەوە پێناسە بکەن. ئەم جۆرە هەوڵانە، بەر لە هەموو لایەک خودی ئەو ڕێژیمە و بەتایبەتی، شەخسی خامنەیی، ڕێبەری ئەو دەسەڵاتە جەهەننەمییەیان تووشی ئابڕووچوون و گەورەترین کێشە و گرفت کردوە، چونکە حیجابی زۆرەملێیان کردوە بە مەسەلەیەکی "حەیسییەتی"، کردوویانە بە هێمای باڵادەستبوونی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامی و کولتووری کۆنەپەرستانەکەی بەسەر کۆمەڵی ئێراندا. لەخۆڕا نییە ژنانی ئێرانیش ڕاست ئەم هێمایەیان کردوە بە ئامانج و بەئاشکرا ڕەتی دەکەنەوە. ئەوە کە ژنانی ئێران، سەرەڕای بڕیارە سەیر و سەمەرەکانی دەزگای قەزایی و هەموو هەوڵێکی تۆڵەستێنانەی مەجلیس و دەزگا و دامەزراوە سەرکوتکەرەکان لە بارەی پێشێلکەرانی حیجابی داسەپاو، بەبێ حیجابی زۆرەملی دێنە سەر شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان، هەر تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە حیجابە نییە، بەڵکوو دژایەتی و ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و کۆی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەیە.

بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەگشتی، جێگای شانازییە کە شانبەشانی خەبات بۆ کۆتاییهێنانی ستەمی نەتەوەیی، پرسی ژنان هەموو کات جێگە و بایەخێکی تایبەتی هەبووە. ئەگەر لە ئێران، خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکەی و میراتگرەکانی ٤٥ ساڵی تەواوە هەوڵی دابەزاندنی پایەی ئینسانیی ژنان دەدەن و بە ناوی دین، ماف و ئازادییەکانیان لێ زەوت کردوون، لە کوردستان ٧٨ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان، هاندەری ژنان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان و هاتنیان بۆ نێو کاروباری سیاسی و پەروەردە و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی بوو. دەیان ساڵە ژنان لە کوردستان، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕەکاندا، لە ڕیزی هێزی پێشمەرگە و هەروەها لە خەباتی مەدەنی و جەماوەریدا، بەشدارییەکی چالاکانەیان هەیە. یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٥ی مارسی ١٩٤٦) دامەزراوە و هەتا ئێستا لە تێکۆشان و خەبات بۆ مافەکانی ژنانی کوردستان بەردەوامە، یەک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی کوردستانە.

### ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان و ئێران!

٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، بۆنەیەکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەرکەکانمان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان لە کوردستان و سەرانسەری ئێران؛ دەرفەتێکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ گیانی ئەو ژنە قارەمانانەی بەگژ دێوەزمەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی دەسەڵاتداردا چوونەوە تا ڕایبگەیەنن سەردەمی ڕێژیمی پیاوسالار و هەڵاواردنی ڕەگەزی بەسەر چووە. ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەم ڕۆژەدا وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆی لە خەباتی

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

ژنان لە کوردستان و ئێران دژی ستەم و نایەکسانیی ڕەگەزی، بە ئەرکی خۆی و سەرجەم ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب و تێکڕای ئەندامانی ئەم حیزبە دەزانێ وێڕای ڕێخۆشکردن بۆ بەشداری و ڕۆڵی زیاتری ژنان لە تێکۆشان و بەڕێوەبردنی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی حیزبی دیموکراتدا، گرنگی بە پرسی ژنان لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و وڵاتی ئێراندا بدەن و پشتیوانی داخوازە ڕەواکانیان بن.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٨ی مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٢ی هەتاوی

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# بڵێی خامنەیی دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستبێت؟!




**عەلی بداغی**

هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە بۆ جارێکی دیکە تەپڵی ڕیسوایی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لێدا. کاربەدەستانی ڕێژیم لە کاتێکدا لە بەیانییەوە بنکەکانی دەنگدان پەپوویان لێ دەخوێند، بەڵام بە درۆی بۆ هەموو کەس سەلماوی شاڵاوی چوونی خەڵک بۆ بنکەکانی دەنگدان، کات و ماوەی دەنگدانیان بۆ ١٢ی شەو درێژ کردەوە؛ بۆوەی بەیانیی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان ئاستی بەشداریی خەڵک سەتا ٤٠ ڕابگەیەنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا ئاستی بەشداریی خەڵکی سەتا ٤٠ ڕاگەیاندوە کە بۆخۆی باشتر لە هەموو کەس و لایەنێک دەزانێت نیوەی ئەوەندەش دەنگ نەخراوەتە سندووقەکانەوە. ئەوەش با بمێنێت کە خامنەیی پێشتر لە هێرشێکی توند بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاواییدا گوتبووی نەنگ و عارە لەو شوێنانەی هەڵبژاردنەکان بە بەشداریی سەتا ٤٠ی خەڵک بەڕێوە بچن و لەو شوێنانە دەسەڵات هیچ ڕەوایییەتێکی نییە! خۆ ئەگەرچی ئاستی بەشداریی سەتا ٤٠ و کەمتر لەوەندەی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی کراوەی دێموکراتیکدا بەهۆی متمانەی خەڵک بە نیزامی سیاسی تەواو ئاساییە، بەڵام

بۆ وڵاتانی دیکتاتۆریی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران سروشتییە لە زار تفینی بەشداریی سەتا ٤٠یش ببێتە هۆی شایی و لۆغانی دەسەڵات، کە وەک گوترا ئەو ئامارە ئەسڵ و ئەساسی نییە و بەشداریی ڕاستەقینە زۆر لەوە کەمتر بووە کە پێوەی نراوە.

بەڕێوەچوونی ساردوسڕترین هەڵبژاردنەکانی هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی پەیامێکی ڕوونی هەم بۆ کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چلوچەند هەڵبژاردنی ڕابردوودا هەمیشە لە سبەینێی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکاندا عەدەد و ئەژمارە ڕاگەیەندراوەکانی بەشداریی خەڵکی بە دەستبەری شەرعییەتی سیاسیی خۆی دادەنا کە لەلایەن خەڵکەوە پێی دراوەتەوە. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو خەڵک زۆر جار لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بە دەنگدانی واتادار، چ بە هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردا و چ بە دەنگنەدان بە بەربژێرێک کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی سیاسیی دەسەڵاتی کردوە هەم دژایەتیی حکوومەتیان کردوە و هەم دەرفەتیان بە ڕێژیم داوە پەیامەکانی سندووقەکانی دەنگدان بۆ وەرسووڕانی سیاسی وەرگرێت؛ بەڵام ١١ی ڕەشەمە بزماری کۆتایی لەو تابووتە بوو. خەڵکی ئێران لە هەینیی گەورەی ١١ی ڕەشەمەدا بە دەنگێکی هەرەبەرز گوتیان کە ڕێژیم پەتەی سووتاوە و چیدی دەرفەتی گۆڕان لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بە حکوومەت نادەن و بە پشتتێکردنی یەکجاری لە تەواوەتیی ڕێژیم ڕێگاکانی دیکەی گۆڕینی چارەنووسی سیاسیی خۆیان دەگرنەبەر. هەر ئەوەش پەیامێکی بێگرێوگۆڵ بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و هاوکات کۆمەڵگەی جیهانییە کە ئێمە لەو ڕێژیمە تێپەڕیوین، ئێوەی ئۆپۆزیسیۆنیش پێویستە تا زووە بە یەکگری و هاوپێوەندییەوە بچنە نێو فازی ڕاگەیاندنی ئاڵترناتیڤی ڕێژیم. وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانییش لە بەرژەوەندەیی خۆیاندایە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران ببیستن و پشتی جووڵانەوەی هەراوی دژبە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئەو وڵاتە بگرن.

پەیامێکی دیکەی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمە لەو دەنگە سپییانەدا دەخوێندرێتەوە کە لەو کەمە بەشدارییەشدا خراوەتە سندووقەکانەوە. لە زۆربەی شارەکان ئەژماری دەنگەسپییەکان ئەوەندە زۆر بووە کە لە دوای کەسی براوە لە ڕیزی دووهەمدا جێی گرتوە. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ئەگەر ئێستاش کەسانێک هەبوون بە هەر هۆکارێکی زاندراو و نەزاندراو ناچار بە چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان بوون، بەڵام ئەوانیش بە دەنگدانی سپی نارەزایەتیی توندی خۆیان لەو ڕێژیمە پێشان داوە و ئامادە نەبوون بەڵێ بۆ هیچکام لە هەڵبژاردەکانی دەسەڵات بڵێن؛ واتە ئەوانیش لە دۆخی قەیرانی ئازادی و نەبوونی ئەمنیەتی ژیان و کاریشدا لە قۆناغی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتر تێپەڕیون.

**ڕەشەمەی: ۲۷۲۳**

دۆخی ئێرانی دوای ۱۱ی ڕەشەمە بۆ هەمووان ڕوون بۆتەوە. کاتێک خەڵکی وڵاتێک نەتوانن لەڕێگەی نوێنەران و بەناو نوێنەرانیانەوە، یان بەهۆی سندووقەکانی دەنگدانەوە پەیام و داخوازیی خۆیان بە دەسەڵات بگەیەنن، شوێنیتر و ئامرازیتر بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان دەستنیشان دەکەن کە سەرشەقامەکانن. بێشک ۱۱ی ڕەشەمە و بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکان وەک نایەکی گەورە بە ڕێژیم و دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر چوار دەیە شکست و هەرەسی سیاسیی دەسەڵات ڕێفراندۆمێکی دیکەی نا بە کۆماری ئیسلامیی خستەوە بەر چاوی هەموو کۆمەڵگەی جیهانی. کاربەدەستانی ڕێژیم کە دوای ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ۹۶، خەزەڵوەری ۹۸ و جووڵانەوەی ژینا بناغەکانی دەسەڵاتەکەیان بەتەواوی وەلەرزە کەوتبوو، بەتەمای ئابڕووکرێنەوە بە ئاکامی دڵخوازیان لە هەڵبژاردنەکان بوون. بەڵام ئەوەی لە ماوەی ڕێژیم لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆ وەرگرتنی ئاکام و پێشاندانی شەرعییەتی خەڵکی بە دنیای دەرەوەدا و بە هەموو تەونوبەستێک ڕستبووی، خەڵک هەمووی لێ کردنەوە خوری.

مێژوو دووپات دەبێتەوە و خامنەیی ڕۆژی ۱۱ی ڕەشەمە باشتر لە هەر کاتێک دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیست، ئەو ڕۆژەی دوابزمارەکانی لە تابووتی دیکتاتۆریی ڕێژیم دا. لەم ڕووەوە ئەو دەنگە "نا" بەرزەی خەڵک بە کۆماری ئیسلامی ئەرک و بەرپرسایەتییەکی قوورسیش بۆ حیزبە سیاسییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا هەتا بەبایەخەوە دەسکەوتەکانی ۱۱ی ڕەشەمەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەن بە دەسمایەی تیندانی خەباتی سەراسەری و دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم.

**۱۸ی ڕەشەمەی ۲۷۲۳**

---

# ئایا واشینگتۆن لە جێهێشتنی عێراقدا جیددییە؟




نەیشناڵ ئینتەرێست - عەدنان ناسر

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لەگەڵ داوای ئەو وڵاتە بۆ کشانەوە و قووڵتربوونەوەی قەیرانی ناوچەیی، بڵێی مانەوەی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق بەرەو کۆتایی بڕوا؟

زۆر شت لەبارەی شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ بەریەککەتنی ئەو دواییانەی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق گوتراوە. لەگەڵ بەردەوامیی پشتگیریی سەربازیی ئەمریکا لە ئیسرائیل لە شەڕەکەی دژی حەماس لە کەرتی غەززە، کە بۆتە تووڕەیی بەشێکی زۆر لە دنیا، ئاستی پەسەندکرانی واشینگتۆن لە ناوچەدا لە نزمترین ئاستی خۆیدایە.

حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پشتگیریی لە حەماس، هێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل چڕ کردوونەوە. تاقمەکانی

هاوتەریبی میلیشیای فەلەستینی لە غەززە هێرش دەکەنە سەر ئامانجە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا هێرشی ئەو دواییانە لە ئوردۆن کە بووە هۆی کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکایی و برینداربوونی زیاتر لە چل کەس.

ناوەنــدی فەرمانــدەیی وڵاتە یەکگرتووەکــان لێــدوانێکی بــڵاو کــردەوە و لەویــدا هێرشــەکە و لەدەســتدانی کارمەنــدانی خزمەتگوزاری لە بنکەیەکی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، "بـورجی ٢٢" کە لە ئـوردۆن هەڵکەوتـووەی پشتڕاست کردەوە. ئەو هێرشە یەکەم گورزی کوشندەیە کە ئەمریکا لە دوای شەڕی ئیسرائیل - حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر ئەزموونی کـردوە. زیـاتر لە ١٥٠ هێرش کـراونە سـەر بنکەکـانی ئەمریکـایی لە عێـراقەوە بگـرە تـا سووریە و ئێسـتا ئـوردۆن. سـەرۆککۆمار بایـدن بە ئاشکرا تـازیەبـاری لەکیس چوونی سێ سەربازەکە بـوو و لە کاتێکدا دەیگـوت، "ئـێمە لە کـات و بە شێوەی هەڵبژێـردراوی خۆمـان تـۆڵە لە بەرپرسـیارانی ئە هێرشـە دەکەیـنەوە،" بە خەڵکـی ئەمریکـای گـوت کە دەوڵەت ئەرکـدارە دژی تێرۆریـزم بجەنگێ.

هێندێک کەسی ناسازشکار لە کۆنگرە داوای تۆڵەی خوێنی ڕژاو بە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران، وەک شێوەیەکی شیاو بـۆ تۆڵەئەستاندنیان کردوە. سـەناتۆر لینـدزی گراهـام (کۆمـاریخواز لە ویلایەتـی کارۆلاینـای باشوور) لە لێدوانێکدا لە تـۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس گـوتی تۆڵەئەستاندنەوەی سەرۆککۆماری پێشوو لە بەکرێگیراوانـی ئێـران بەس نەبـووە و "نـابێتە هـۆی چاوترسێنکردنی شەڕانشۆیی ئێرانی." ئەو داوای "هێرش بۆ سەر ئامانجی گرینگ لە نێوخۆی ئێرانی کرد".

سـەناتۆر جـان کـۆرنین (کۆمـاریخوار لە ویلایەتـی تێکـزاس)، بە هەمـان شـێوە وەک بەرپەرچـدانەوەی هێرشـەکە، لە ئـیکس نووسـی، "تــاران بە ئامــانج بگــرە." ئەو لێــدوانانە لەلایەن بەرەی فــرە ڕاســترەوی ئۆپۆزیســیۆن بــڵاو بــوونەوە کە داوای "نیشاندانی هێز" دەکەن بەڵام لە پلەیەکدا نین کە قـامک بە پەلەپیتکەکەوە بنێن.

بێگومـان، بایـدن لەبـارەی بەرپەرچـدانەوەی سەربازیی دژی میلیشـیاکانی سـەر بە ئێـران جیـددییە. هـیچ نەبـێ، ئەو هـیچ ڕێگاچـارەیەکی بـێجگە لە جیـددی بـوون نییە. ئەمسـاڵ سـاڵی هەڵبـژاردنە و، سیاسـەتی دەرەوە لە خـۆرهەڵاتی نێوەڕاسـت دەتـوانێ ببێـتە خـاڵی لاوازی نـاوبراو. گەرەنتـی ئەوە دەکـرێ کە واشینگتۆن کەڵـک لە هێـزی سـەربازیی وەردەگـرێ، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە خوزیاری شەڕێکی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران نییە. پێش هێرشـەکانی ئـۆرۆدن، هێـزی سـەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٣ی جانیوەری، هێرشی کردە سەر هاوپەیمانانی ئێران لە ڕۆژاوای عێراق.

## عێراق داوای کشانەوە دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع ئەلسودانی، داوای "کشانەوەیەکی وتووێژلەسەرکراوی ڕێکوپێک و خێرا"ی هاوپەیمانییەکە بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەی کردوە. بە گوتەی سودانی، ئاشکرا بووە کە ئەو هێزە ٢٥٠٠ کەسییە مانەوەی لە کشانەوەی بە گیروگرفتترە. ئەو مەترسیی ئەوەی هەیە کە مانەوەیان ببێتە هۆی ناسەقامگیریی عێراق، بە هۆی پشتگیریی ئەمریکا لە گەمارۆی سەربازیی ئیسڕائیل دژی غەززە.

لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە، ئەو سەربازانە لەسەر داوای دەوڵەتی بەغدا خەریکی دانی ڕاوێژکاریی سەربازین. ئامانجی ئەوان ڕاهێنان و دانی کەرەستە و هاوئاهەنگ کردنی سوپای عێراقە. بێتوو عێراق بیهەوێ، ئەوە مافی یاسایی دەوڵەتی عێراقە داوا لە هەر هێزێکی بیانی بکات کە خاکی ئەو وڵاتە چۆڵ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێبەرە عێراقییەکە هیچ دوا وادەیەکی دیاری نەکردوە و، ڕوون نییە کەنگێ ئەو کارە دەکات.

وێناچێ واشینگتۆن لەو کاتەدا و دوای هێرش بۆ سەر هێزەکانی و دانی قوربانی بکشێتەوە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی غەززە. ئیسڕائیل و هاوبەشەکانی دیکەی ئەمریکا ڕەنگبێ هەست بە لاوازیی بکەن. ڕێبەرانی تاران دەتوانن کەڵک لە پاشەکشەی ئەمریکا بۆ خۆ بەهێزتر نیشاندانی خۆیان لەلای لایەنگرانیان وەرگرن. هەر چۆنێک بێ، ئامانجی درێژخایەنی ئێران وەدەرنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەیە.

پسپۆڕی بواری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پرۆفیسۆر جاشوا لەندیس لە زانکۆی ئۆکلاهاما باسی ڕونگەکانی لەمەڕ ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا و ئەوەی کە ڕەنگبێ واشینگتۆن بیهەوی لە پێشدا بیر لە بژێرەی دیکە بکاتەوەی کرد. لەندیس گوتی، "بەڕێوەبەرایەتی بایدن هەوڵ دەدا پاش هێندێک ئاڵوگۆڕی بچووک لە ڕێککەوتننەکەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، لەوێ بمێنێتەوە. بایدن نایهەوێ بکشێتەوە، گومان لەوە دا نییە کە نایهەوێ بەر لە هەڵبژاردنی مانگی نۆڤەمبەر ئەو کارە بکات".

سەرۆککۆماری هەشتا و یەک ساڵەی ئەمریکا لە هەوڵدایە ڕێژەی لایەنگرانی، کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی گالۆپ لە ژێر ٤٠ لە سەد لە هاتووچۆدایە، بەرز بکاتەوە. بێتوو بایدن هەر هەنگاوێک بنێ کە وەک پاشەکشە لە بەرانبەر ئێران سەیر بکرێ، ڕەنگبێ خۆی لە هەمان دۆخدا ببینێتەوە کە سەرۆککۆماری پێشوو جیمی کارتەر لە نۆڤەمبەری ١٩٧٩ تووشی

بوو، کاتێک خوێندکارانی ئێرانی (بە ئیلهاموەرگرتن لە دامەزرێنەری شۆڕشی ئیسلامی، ئایەتوڵڵا خومەینی) هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و پەنجا و دوو بارمتەی ئەمریکاییان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگرت.

ئەو کارە بووە هۆی دۆڕاندنی کارتەر لە هەڵبژاردنی ساڵی دواتر لە بەرانبەر ڕکابەرە کۆماریخوازەکەیدا، ڕۆناڵد ڕەیگان، کە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا وەک کەسێکی خاوەن هێز و ئیرادە دەرکەوت. ڕکەبەرە سیاسییەکەی بایدن، بێگومان دۆناڵد ترامپ دەبێ، کە بە هەمان شێوە هەوڵ دەدا سەرۆککۆمار وەک کاندیدایەکی لاواز نیشان بدا. سەرۆک کۆمارەکەی پێشوو دەتوانێ وەبیر خەڵکی ئەمریکا بێنێتەوە کە ئەوە ئەو بوو کە لە جانیوەری ٢٠٢٠ فەرمانی کوشتنی ژەنراڵی پلەبەرز قاسم سولەیمانی لە عێراق دا.

لەندیس هەروەها باسی کاردانەوەی تارانی کرد لە ئەگەری پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق. "ئێران پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق وەک سەرکەوتنێکی مەزن باس دەکات. لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی غەززە، ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار تا وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دەر بکات. هێرشەکانی بەکرێگیراوانی ئێران بۆ سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان واشینگتۆنیان وروژاند تا کەسایەتیی بەنێوبانگی عێراقی بکوژێ".

کوشتنی موشتاق تالیب ئەلسەعیدی، فەرماندەیەکی پلەبەرزی لیوای دوازدەی حەشدی شەعبی، کە سەر بە ئێرانە، لە ٤ی جانیوەری هیچ بژێرەیەکی بۆ سەرۆک وەزیران سودانی نەهێشتەوە بێجگە لەوەی داوا لە واشینگتۆن بکات بارگەوبنەی وەپێچێ و ناوچەکە جێبهێڵێت.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەگەڵ بریتانیا، گەمارۆی زۆرتریان دژی ڕایەڵەیەک لە کەسانێک پەسەند کرد کە بە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران دەستیان لە کوشتنی بەرهەڵستکاران و کەسایەتی ئۆپۆزیسیۆندا هەبووە.

جێگری سەرۆکی وەزارەتی دارایی بۆ کاروباری تێرۆریزم و هەواڵگریی دارایی، برایان ئی. نێلسۆن گوتی، "ڕێژیمی ئێران درێژە بە هەوڵەکانی بۆ بە ئامانج گرتنی بەرهەڵستکاران و چالاکان دەدا کە نیشانەی نادڵنیایی قووڵی ڕێژیم و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی سەرکوتی نێوخۆیی بۆ ئاستی نێونەتەوەییە." ئەو درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، "وڵاتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان و هاوبەشەکانی، لە ناویاندا بریتانیا، درێژە بە بەربەرەکانی دژی سەرکوتی نێودەوڵەتی ڕێژیمی ئێران دەدا و کەڵک لە سەرجەم ئامرازەکانی بەردەست وەردەگرێ تا کۆتایی بەو هەڕەشانە بێنێ، بە

تایبەتی له خاکی وڵاته یەکگرتووەکاندا".

ئاخۆ گەمارۆی زیاتر دەتوانێ ڕەفتاری ئێران سنووردار یان ئەو وڵاته چاوترسێن بکات؟ وێناچێ. ئەوان له جیات کاریگەریی له سەر سەرکوتی به کردەوە، تەنیا دەبنه هۆی تووڕەیی. ئاکامی هەستپێکراو کاتێک دەبێ که بایدن بڕیار بدا ئاخۆ هێزەکانی ئەمریکا له عێراق و شوێنی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕست ڕابگرێ، بکشێنێتەوە یان کەمتریان بکاتەوە. تاران چاودێریی دەکات تا بزانێ ئاخۆ تێپەڕینی کەت به قازانجییەتی یان نا؟

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، یەک ڕەگەز و یەک ڕێباز



عومەر باڵەکی

سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ دوای کوشتنی بەئانقەستی "ژینا ئەمینی" و دوای ناشتنەکەی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لە ڕۆژی ٢٦ی خەرماناندا کە هاوکات لەگەڵ ساڵڕۆژی ٣٠ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران و کوردستانی بەرەو قۆناغێکی دیکە برد. ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە ساڵ و نیوی ڕابردوو و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی کۆماری ئیسلامییش جێی هیچ شک و گومانێکیان نەهێشتۆتەوە کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ناوی ژینا کلیل وشەی جووڵانەوەکانی دی و بەردەوامیی ئەو ڕاپەڕینە هەتا کۆتاییهێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەدیهێنانی مافی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دەبن. بەڵام لە گەرمەی ڕووداوەکانی هەر ئەو ڕاپەڕینەدا چەند پرس و بابەتێکی سیاسی و هەوێتیی گرینگ ورووژا کە شیاوی هەڵوێستە لەسەر کردنن.

لە ڕەوتی سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەرینە بەربەرینە لە نێوخۆی ئێران و کوردستاندا، ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە

چەپ و ڕاست، كۆماریخواز و سەڵتەنەتخواز لە دەرەوەی وڵات كەوتنەخۆ بۆ ئەوەی لە نەمانی كۆماری ئیسلامیدا پشكی زیاتریان لە دەسەڵات و حوكمڕانی پێ ببڕێت. لەو نێوەدا سەڵتەنەتخوازەكان بە هەموو لایەنەكانیانەوە زۆر چالاكتر لەوانیدی لە هەولی ئەوەدا بوون بیروڕای كۆمەڵگە ئێران و جیهان بەرەو ئەو بابەتە ڕابكێشن كە گەلانی ئێران دوای ٤٥ساڵ لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی پەژیوان بوونەتەوە و بەخێری داوای گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی دەكەن. سەڵتەنتخوازەكان بە گرتنی كۆڕ و كۆبوونەوە و دەركەوتن لە میدیا پڕبینەرەكان و هەوڵدان بۆ جێخستنی ڕەزا پەهلەوی وەک هێمای یەكگرتوویی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بەدوای ئەوە بوون ناوبراو وەک كەسێک لە پلەوپایەی پاشادا بە كۆمەڵگەی ئێران و جیهان بناسێنن. بەداخەوە ئەو هەڵسوكەوتەی سەڵتەنتخوازان و هاوپەیمانەكانیان لەو سەردەمە هەستیارەدا كە كۆمەڵگەی ئێران و كوردستان بەدژی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ڕاپەریبوو، و پێویستیی بە یەكگرتوویی هەمە لایەنە هەبوو؛ ڕیزەكانی ئۆپۆزیسیونی تووشی تەفرەقە و لێکبڵاوبوون كرد. لە هەمان كاتدا سەڵتەنەتخوازەكان بانگەشەی جۆراوجۆریان بەدژی گەلانی مافخوازی وەک كورد، بەلووچ و عەرەب و.... دەكرد و تاوانباریان دەكردن بە كاری نەكردە، كە ئەو سیاسەتە نادروست و نابەجێ و گومانـاوییە بوو بە هۆكاری زیاتر لێكترازانی ئۆپۆزیسیونی دژبەری كۆماری ئیسلامی و ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ خۆگرتنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و درێژبوونەوەی تەمەنی ڕێژیم.

ئێستا پرسیارە ئەوەیە دەبێ چ ڕووی دابێ كە گەلانی ئێران بۆ ڕێژیمی پاشایەتی پەژیوان بووبێتنەوە؟ جیاوازیی ئەو دوو ڕێژیمە -پاشایەتی وكۆماری ئیسلامی- لە ڕوانگەی ماددە و بڕگەكانی قانوونی بنەڕەتی ئێران لە چیدایە؟ ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەندە باش بووە، بۆ ٤٥ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە دانی خوین و قوربانییەكی زۆر ڕووخاندیان؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئێستادا كە ڕیژیمی كۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵاتە و حوكمرانیی ئێران دەكا، لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی جینایەت و كارەسات خوڵقاندوە كە لە جینایەت و تاوانخوڵقێنیدا ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووسوور كردوە. ئەوانەش كە لایەنگری لە گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی دەكەن وا باشە بۆ ڕابردووی نە زۆر دووری مێژووی هاوچەرخی ئێران بگەڕێنەوە و لە خۆیان بپرسن ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی لە هەموو بوارەكانی دەسەڵاتدارەتیدا ئەوەندە خەڵكی و گەلی بووە، ئەدی چۆن بوو لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی پەهلەویی باوک و كوڕدا بە چەندین نارەزایەتی و شۆرش لە سەرانسەری ئێراندا سەریان هەڵدا و تەنانەت محەممەدڕەزاشا لە ترسی تووڕەیی خەڵک چەند جار ناچار بوو ئێران جێ بهێڵێ و تەنیا ئەوكات بگەڕێتەوە بۆ ئێران كە بە پاڵپشتی بیگانە و ئەرتەش كودەتا بە سەر ویستی خەڵكدا كرا.

هەر لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا بە چەندین جووڵانەوەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بەتوندی و زۆر بێبەزەییانە سەرکوت کران کە جووڵانەوەی گەلی کورد یەکێک لەو جوڵانەوانە بوو کە سەرەڕای ئاشتیخوازیی ڕێبەرانی بە پاساوی بێ بنەما کەوتە بەر شاڵاوی سەرکوت و کوشتوبڕ. هەر لەسەردەمی نیزامی پاشایەتیدا لە سەرانسەری ئێران و کوردستان بە هەزاران هەزار ئازادیخوازی ناڕازی لە حوکمڕانیی نیزامی پاشایەتی خرانە بەندیخانەکانەوە و بە سەدان کەس لەوان ئێعدام کران و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی ساواکدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانە، لە هەر وڵاتێکدا یەکەم بابەت کە دەبێتە پێوانە بۆ ناسینی سیستەمێکی حوکمڕانی، قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەیە. چونکە قانوونی بنەڕەتی بەرزترین قانوونی هەر وڵاتێکە و لە نێوئاخنی ئەو قانوونەدا بناخەکانی سیستمی حوکمڕانی دیاری کراوە و ئاماژە بە مافەکانی خەڵک و چۆنیەتیی پاراستنیان دراوە. بۆ ئەو باسەش ئەگەر بە کورتییش بووبێ چەند ئەسل و بڕگەی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی پێکەوە هەڵدەسەنگێنین و هەر لەو هەڵسەنگاندنەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو نیزامە لە بواری حوکمڕانی و تێڕوانینیان بۆ مافەکانی گەلانی ئێرانەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەم ڕێژیمی پاشایەتی و هەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شێوازی حوکمڕانییان لەلایەن گەلانی ئێران تاقی کراوەتەوە و لە مەیدانی کردەوەدا بەڕوونی دەرکەوتوە کە دەرحەق بە ماف وئازادییەکانی گەلانی ئێران بەپێی برگە و مادده قانوونییەکان کە دەسەڵاتداران بۆ حوکمڕانیی خۆیان پشتی پێ دەبەستن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتر نییە. لە پێکهاتەی هەردوو ڕێژیمدا هاتوە کە دەسەڵات دەبێ لە دەستی یەک کەسدا بێت، چونکە باوەڕیان وایە پاشا یا ڕێبەر نوێنەری خودا لەسەر زەوین و خەڵک پێویستی بە کەفیل و سەرپەرەست هەیە.

لە قانوونی بنەڕەتیی سەردەمی پاشایەتیدا لە ئەسلی (۳۵)دا هاتوە "سەڵتەنەت دیاریی خواوەندە لەلایەن خەڵکەوە دراوە بە پاشا" و لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسلی (۵)دا هاتوە "لە سەردەمی غاییبوونی ئیمامی زماندا ویلایەتی ئەمر و ڕێبەری ئوممەت لە ئەستۆی فەقیهێکی عادڵ و دروستکار و...ە کە بەپێی ئەسلی (۱۰۷) ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵدەگرێ." لەو دوو ئەسلەی قانوونی بنەڕەتیی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە هەم پاشا و هەم ڕێبەر خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهان و لە بەرانبەر هیچ کەس و لایەندا وەڵامدەر نین، چونکە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیان نە لە ئیرادەی خەڵک بەڵکوو لە ئاسمانەوە وەرگرتوە. ئەسلی (٤٤)ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ: "خودی پاشا هیچ بەرپرسیارەتییەک هەڵناگرێ و وەزیرەکانی دەوڵەت لە هەموو کارەکانیاندا وەڵامدەری

مەجلیسن" و بەپێی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ڕێبەری ئەو نیزامەش لە بەرانبەر هیچ کەس و لایەنێکدا بەرپرسیار نییە چونکە ئەو ئۆرگانەی بە ناوی مەجلیس خوبرەگانی ڕێبەری کە ئەرکەکەی چاودێری بە سەر کاروکردەوەکانی ڕێبەرە، خۆی لە ڕێگای شورای نیگابانەوە هەڵدەبژێردرێ کە هەموو ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەستنیژی ڕێبەرن.

هەروەها سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی پاشا و ڕێبەر لە هەردوو قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتی ڕەها دراوە بە هەردووکیان. لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی لە ئەسڵەکانی (٤٦ هەتا ٥٥) بەشێک لە دەسەڵاتەکانی شا بریتین لە: دیاریکردنی سیاسەتی دەرەکی، فەرمانی گشتپرسی، دانان و لابردنی وەزیرەکان، بەخشین و پێدانی پلەوپایەی سەربازی، دەستنیشانکردنی بەرپرسانی یەکەمی دەوڵەتی بۆ کاروباری نێوخۆیی یا دەرەکی، دەرکردنی فەرمان بۆ جێبەجێکردنی قانوونەکان، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و... . لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامییش لە ئەسلی (١١٠)دا و لە ١١ بڕگەدا هەر هەمان دەسەڵاتەکانی پاشا دراوە بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. واتە جیاوازیی پاشا و ڕێبەر لە هەردوو سیستمی دەسەڵاتداری دا تەنیا لە شێوازی پۆشینی جلوبەرگیان و گۆانی تاج بە مەندیلدایە، دەنا لە بواری دەسەڵاتەوە هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە.

هەروەها لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی پاشایەتی و نیزامی ئیسلامیی ئێراندا بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی ئێران چ لە بواری نەتەوەیی و چ لە بواری ئایینییەوە، دینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی بە دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دانراوە و لە هەردوو قانووندا پێداگری کراوە کە ئەو ئەسڵە لە هیچ بڕگەیەک لە زەماندا ئاڵوگۆڕی بەسەردانایە. ئەسلی یەکەم لە تەواوکەر "متمم"ی قانوونی بنەڕەتیی پاشایەتیدا دەڵێ: "مەزهەبی ڕەسمیی ئێران ئیسلام و شیعەی دوازدە ئیمامییە و دەبێ پاشای ئێران باوەڕدار بەو مەزهەبە بێ و بۆ پەرەپێدانی تێبکۆشێ". لە قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەسلی (١٢)دا هاتوە: "دینی ڕەسمیی ئێران ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە..." بەپێی ئەسڵەکانی (٥ و ١١٥) ڕێبەر و سەرکۆمار دەبێ باوەڕمەند بە دین و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بن.

٤٥ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە هیوای ژیانێکی باشتر و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتێک کە لەودا مافەکانی گەلانی پێکهێنەری ئێران و مافی شارۆمەندیی تاک تاکی خەڵکی ئەو وڵاتەی تێدا پارێزراو بێ، حکوومەتی پاشایەتییان ڕووخاند. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی یەکگرتوو ئایەتوڵڵا خومەینی و دارودەستەکەی بەناحەق دەستیان بە

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

سەر شۆرشی گەلانی ئێران داگرت و لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی دەرحەق بە مافەكانی گەلی كورد و گەلانی دیكەی ئێران بە هەمان ڕێچكەدا ڕۆیشتوون كە نیزامی پاشایەتی بۆی شكاندبوون. لەو حاڵەتەدا كە گەلانی ئێران لە مەودایەكی نزیک بە سەد ساڵ هەم نیزامی پاشایەتی و هەم نیزامی كۆماری ئیسلامییان تاقی كردۆتەوە و هەر دوو نیزام بەپێی نێوەرۆكی قانوونەكانیان و هەڵسوكەوتیان لە مەیدانی كردەوەدا نەک نەیانتوانیوە كۆكەرەوەی گەلانی ئێران بن، بەڵكوو بە گرتنەبەری سیاسەتی سەركوت و هەڵاواردن هەموو هەوڵیان ئەوە بووە فەرهەنگ و زمانی ئەو نەتەوانە لە نەتەوەی حوكمراندا بتوێننەوە. بەو تێگەیشتن و لە حاڵی ئێستادا كە گەلانی ئێران دەیانهەوی دەسەڵاتداری كۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و بەپێی ئەزموونی ڕابردوویان بە هیچ جۆر ناگەڕێنەوە بۆ دامەزراندنەوەی دووبارەی نیزامی پاشایەتی.

لە كۆتاییدا دوای ڕووخانی كۆماری ئیسلامی هەر نیزامێكی سیاسیی لە ئێران دەسەڵات بگرێتە دەست، پێویستە لە داڕشتنەوە و نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا دان بە فرەنەتەوەیی و فرەئایینی كۆمەڵگەی ئێراندا بنێ. واتە بە دابەشكردنی دەسەڵات و حوكمڕانی لە ئێرانی داهاتوودا هەموو گەلانی ئێران خۆی تیدا ببیننەوە و ئەوە تەنیا ڕێگای پاراستنی تەواوەتیی ئەو ئێرانەیە.

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

# بزووتنەوەی بایکۆت لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا




سمایل شەرەفی

لە کەس شاراوە نەبوو کە بازاڕی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە لە هەمیشە سارد و سڕتر دەبێت و خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی ئێران بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان لە مەیدانێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەیسەلمێنن بزووتنەوەی مافخوازانەیان بەرینتر و لێبڕاوانەتر درێژەی هەیە. تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیم و لە سەرووهەمووانەوە عەلی خامنەیی ڕوونتر لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لە خۆی و نیزامە دیکتاتۆرەکەی تێگەیشتبوو، بۆیە هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک ئەم بازاڕە گەرم بکات. بەڵام وەک دیترا؛ نەتەنیا بۆی نەچووە سەر، بەڵکوو بەژانتر لە جاران پێی سەلمێندرایەوە کە لانیکەم لە ڕووی زەینییەوە، خەڵک لەمێژە لە تەواویەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاویدا دووریپەوە، ئاکامی ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتە سەرکوتکارانەیە بوو کە لانیکەم لە دە ساڵی ڕابردوودا بەرانبەر بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خەڵک لەخۆی نیشانی داوە. بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا کە وەڵامی نارەزایەتییە هێمنانە و مەدەنییەکانی گەلانی ئێران بە هێرشێکی تەواوعەیاری نەک هەر پۆلیسی، بەڵکوو سەربازی دایەوە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی سپا و بەسیج و هێزە بێسەرەوبەرەکانی

ڕێـژیم بە - فەرمـانی خـودی عەلـی خـامنەیی - بە پـانەوە تیایـدا بەشدار بـوون. تەنیـا لە مـاوەی سێ مـانگی سـەرەتای بـزووتنەوەی ژن، ژیـان، ئـازادیـدا بە هەزاران کەس لە خۆپیشـاندەرانی سـەر شـەقامەکان شـەهید و بە دەیـان هەزار کەس بریندار و نزیک بە سەد هەزار کەس دەستبەسەر کران، کە هەزاران کەسیان حوکمی نـاڕەوای قورسیان بەسەردا سەپێندراو نزیک بە ١٥ کەسیان لەسێدارە دران.

بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە کە دەتوانین بە درێژکراوەی بـزووتنەوەی ژینـای نـاو ببەین، لە شێوەی خۆیـدا بزووتنەوەیەکـی دیکەی سیاسی بـوو کە خەڵـک بە نەچوونەسـەر سندوقەکانی دەنگدان و هەروەهـا دانـی دەنگی بەتـاڵ، ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران وەستانەوە.

بـزووتنەوەی بـایکۆتی ١١ی ڕەشـەممەی ١٤٠٢ی هەتـاوی، هەر تەنیـا بـایکۆتی هەڵبژاردنەکـانی خـولی دوازدەهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خیبرەگانی ڕێبەری نەبوو، بەڵکوو "نـا" گوتنێکی ئاشکرا و مانـادار بە کـۆی ڕێژیمی لە ڕەوایـی کەوتـووی کۆمـاری ئیسلامی بـوو. بـزووتنەوەیەک کە زیـاتر لە ٧٠٪ی ئەو کەسـانەی مـافی دەنگـدانیان هەبـووە لە سەرانسـەری وڵاتدا تیایدا بەشدار بوون. بزووتنەوەیەک کە لە ڕووی ڕێژەی بەشداربووان تیایـدا، لە ڕیـزی گەورە بـزووتنەوە نـاڕەزایەتییەکـانی ٤٥ سـاڵی ڕابـردوو لەئاسـتی سەرانسـەری دژبە کۆمـاری ئیسـلامی جێدەگـرێ. بـزووتنەوەیەک کە لە ڕووی زەینـی و کـردەی سیاسییەوە خاوەنی گەورەترین پشتیوانەی یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان گەلانی ئێرانە.

بۆیە جێی خۆیەتی نوخبەی سیاسی لە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتـایبەت لەنێوخـۆی وڵاتـدا پێویسـتە بە گـرینگییەوە لە بـزووتنەوەی بـایکۆت بـڕوانن و وەک بڕگەیەکـی مێژوویـی هەرە پڕپێتانسێل لە هێـز و هوشیاری، بەتایبەت لە بەستێنی یەکگرتوویی نێوان خەڵک لە ئاستی سەرانسەریدا پشتی پێببەستن. خەڵـک بە وشیاری و وریـاییەوە ڕێگـای دروسـتی ڕووبوڕووبـوونەوە لەگەڵ دەسـەڵاتیان دۆزیـوەتەوە و لە هەر دەرفەت و مەجالێکـدا کە خۆیـان بە گونجاوی بزانن ڕەفتاری شیاویان لەخـۆ نیشـان داوە و نیشـان دەدەن. ئەوەی لەم نێـوەدا تـا ئێسـتاش جێـی بەتـاڵە و مـایەی کەمایەسـیی بزووتنەوەکـانی چەنـد سـاڵی ڕابـردوو بـووە - بەتـایبەت لە بـزووتنەوەی ژینـادا بە ڕووونـی دەرکەوت – بێبەرنـامەیی و کـارامەنەبوونی بەرەی ئۆپۆزیسـیۆنی ڕێـژیمە کە وەک پێویسـتە نەتەنیـا هێـز و هیـوای بە بـزووتنەوەکە نەبەخشی، بەڵکوو تـا ڕادەیەک خەڵکی تووشی سەرلێشێواوی و بێهیوایی کرد.

لەم پێوەندییەدا کوردستان کە لە زۆربەی ئەم بزووتنەوە نـاڕەزایەتییانەدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی و نموونەیی گێڕاوە، چ

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

لەسەر ئاستی ڕەفتار و هەڵوێستی جەماوەری خەڵکی کوردستان و چ لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەکان چەند هەنگاوێک لەپێشترە. لە بزووتنەوەی ژینادا کە کوردستان ناوەند و کانوونی ئەم بزووتنەوە مێژووییە سەرانسەرییە بوو، خەڵکی کوردستان چرا و ڕێنوێنی بزووتنەوەکە بوون. لە بزووتنەوەی بایکۆتیشدا، دیسان لە کوردستان دەنگی "نا" بە کۆماری ئیسلامی بەرزتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بوو. بۆیە حیزبەکانی کوردستان کە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی زیندوویان لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیان هەیە، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵترناتیوسازیدا زیاتر ڕوانگە و ستراتیژیی نێوخۆیی ڕەچاو بکەن و لە بەستێنی واقعیی بزووتنەوەکاندا هەوڵی سازکردنی بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵاتدا بدەن کە لەم قۆناغە و قۆناغەکانی داهاتووی ئەم بزووتنەوە ئێعترازییانەدا بتوانێ ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بگرێتە ئەستۆ.

بۆ ئەم پێویستییەی خەباتی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێگەی جەماوەری لە کوردستاندا هەیە و بۆ چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئێرانی نوێ و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نەخشەڕێی دیار و فورموولەکراوی هەیە، وەک لێی چاوەڕوان دەکرێ، پێویستە لێبڕاوانە هەنگاوی بنێ.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

# نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا



سارۆ خوسرەوی

دەستپێکی بەهاری هەموو ساڵێکی کوردی، هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی سەرماوسۆڵە و وەرزی شادی و دڵخۆشی لە کوردستان. نەتەوەی کورد بەو بۆنەیەوە جەژن دەگێڕێ و نەورۆز وەک ڕۆژێکی واتادار پیرۆز دەکات.

نەورۆز، جیا لە گەلی کورد، گشت گەلانی ئاریایی بە هی خۆیانی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن. کوردان لە نەورۆزدا، لە سروشتی سەرسەوزی کوردستان گەشت و سەیران دەکەن و بە هەڵکردنی ئاگر لەسەر چیا سەربەرزەکان، ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن. بەو جۆرەی مێژوونووسان باسی لێوە دەکەن، نەورۆز هەر لە کۆنەوە لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئارارات و دەشتاییەکانی دەوروبەریان لەلایەن کوردانەوە بە پیرۆز زاندراوە و بۆنەی بۆ گیراوە.

لەبارەی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی چیرۆک و ئەفسانەی نەورۆز گەلێک لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کولتووری وەک: ڕێوایەتی ئەفسانەی کەیومەرس و جەمشید و کاوەی ئاسنگەر و زوحاک گوتراون و باس کراون. بەڵام گەلێک لە مێژوونووسان نەورۆز

دەگەڕێننەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن مرۆڤەوە. واتە نەورۆز جەژنی دۆزینەوەی ئاگر بووە، بۆیە وەک ڕۆژێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا جەژنی بۆ دەگێڕن. یان وەک ئەوەی لە ئەفسانەی نەورۆزدا هاتووە، کاوەی ئاسنگەر، کەسایەتیی ئەفسانەیی، زوحاکی زاڵمی کوشتوە و کۆمەڵگەی لە چەوساندنەوە ڕزگار کردوە، هەر بۆیە گەلانی مافخواز و ئازادیخواز، ئەم ڕۆژەیان بەلاوە گرینگە و هەموو ساڵێک یادی لێ دەکەنەوە.

بزووتنەوەی دادخوازیی کاوەی ئاسنگەر دژ بە زوڵم و ستەمی زوحاک، هەرچەند لە "شانامەی فەردەوسی"دا وەک ئوستوورە ڕێوایەت کراوە، بەڵام دواتر لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە توێژەرانی کورد و ئێرانییەوە، وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی بۆ کراوە. توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە، بزووتنەوەی کاوە بە پشتیوانیی پیشەوەران و پیشەسازان ڕاپەڕیوە و تاج و تەختی زوحاکی لەنێو بردوە و کەسێکی مافخوازی وەک فەرەیدوونی لە شوێنەکەی داناوە.

بەڵام ڕێوایەتی جەژنی نەورۆز، تا ڕادەیەک لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان و شانامەی گۆراندا جیاوازە و یارسانییەکان لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم جەژنە کولتووریی و مێژوویە هەیە.

خودی ئاگر لە ئایینی یاریدا هێمایەکی پیرۆزە. لەم ئایینەدا، ئاگر سەرچاوەی ڕووناکی، گەرمی و پاکییە و وەک دیاردەیەکی واتادار چاوی لێ دەکەن. یارسانییەکان جیا لە ئەفسانەی کاوە و زوحاک، پێیان وایە لەو ڕۆژەدا، قارەمانێکی کورد بە ناوی فەرەیدوون نیشتووتە سەر تەختی دەسەڵات.

**لەم بارەوە یەکێک لە چاودارانی یارسان بە ناوی "شا ئیبراهیم "لە بارەی جەمشید و فەرەیدوون و زوحاک دەڵێ:**

**ئیبراهیم هەمدەست، ئیبراهیم هەمدەست**
**چەنی یادگار هەردوو بیم هەمدەست**
**کاکەم یادگار نە ڕووی تەخت نشەست**
**جەمشید بییانی جەم جەهان بەست**
**ئەز فەرەیدوون بیم، گاو سەر وەدەست**
**سلسلەی سپای زەحاک دام شکەست**

واتە من، ئیبراهیم لەگەڵ یادگار بووینە هاوکار. کاکە یادگارم هاتە سەر تەختی جەمشید و کۆبوونەوەی جیهانی گرێ دا.

من فەرەیدوون بووم، گاوی خودای باڵادەست، من زەنجیرەی سوپای زوحاکم تێک شکان. بۆیە بەپێی کەلامی چاودارانی یاری، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە جەژنی نەورۆز لە کۆمەڵگەی یارسان جەژنێکی پیرۆز و واتادارە.

شاوەیس قولی مایدەشتی، یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە دیارەکانی یارسان، کە لە ٨١٠ی کۆچیدا لەدایک بووە،

لە کەلامێدا بەم جۆرە باس لە تێکشانی سوپای زوحاک لەسەر دەستی کوردان دەکات و دەڵێ:

ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد
بابۆم کوردەنان، ئەسڵ من جە کورد
من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد
سیلسیلەی سوپای، زەحاکم کرد هورد

واتە، ڕیشە و بنەچەم کوردە، باوکم کوردە، من ئەو شێرەم زەنجیری سوپای زوحاکم ورد کرد.

فارووق کرماشانی کە یەکێک بووە لە یارانی چلتەنی سەیدبراکەی گۆران، ئەویش بەم شێوەیە باس لە نەورۆز و گرینگی ئاگر لەم ڕۆژەدا دەکات و دەڵێ:

شمەی نەورۆزی
ئەی تازە گوڵان شمەی نەورۆزی
و ئامان ئامان وەدڵ ئەفرۆزی
شای چل چراغ چراغان سۆزی

واتە بۆن و هەوای نەورۆز دێت، تازە گوڵانی مەست بە بۆنی نەورۆز، دڵخۆشن بە شای چل چرا کە هێمای نوور و پەروانەیە.

توێژەری یارسانی، نێعمەت زەحمەتکێش، بە ڕێوایەت لە دەقی ئایینی یاری و ئەدەبیاتی ئەفسانەیی گۆرانی، باس لە گرینگیی ئاگری نەورۆز دەکات و دەڵێت: "جارێکیان کەسێک بە ناوی هۆشەنگ شا، دەڕوات بۆ ڕاوی ئاژەڵ لە یەکێک لە شاخەکانی زاگرۆس، مارێک پەلاماری دەدات، ئەویش بە نەیزەی بەردین بەرگری لە خۆی دەکات، لەو دەمەدا نەیزەکەی بەر

بەردێک دەکەوێت و جەرقەیەک دەکا و ئاگری لێ دەکەوێتەوە و پووش و پڵاشی ئەو ناوە ئاگر دەگرێت. هۆشەنگ شا، فەرمانی کردوە نەیەڵن کڕی ئاگرەکە خامۆش بێت، وردە وردە ئەو شوێنە بووەتە سەرچاوەی ئاگر و ئاتەشگە لە هەموو ناوچەکە".

وەک گوتمان، ئاگر سەرچاوەی گەرمیی و ڕووناکییە و ئێستاشی لەگەڵ بێت لای کوردان ئوجاخ گرینگی خۆی هەیە. زۆرجار لە گەورەکانی خۆمان بیستوومانە کە دەڵێن: ئوجاخ ماڵت خامۆش نەبێت، یان ئاو نەچێتە کوانووت. ئەم دەستەواژانە گرینگی ئاگر لە فەرهەنگی دێرینی کورداندا پیشان دەدەن.

خۆر و ئاگر، وەک دوو هێما و سەرچاوەی ڕووناکی لە ئایینە کۆنەکانی زاگرۆسدا، شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە و زۆر جار ئەم دو هێمایە لای خەڵکانی زاگرۆس بە پیرۆز زانیوە. لە ڕاستیدا، زاگرۆسییەکان خۆرپەرەست نەبوون، بەڵکوو خودایەکیان پەرەستش کردوە کە خودای ڕووناکییە، ئەویش میترایە. ئایینی یاری، خاوەن ڕیشەی میترایزمە. ئایینی میترایزم کۆنترین ئایینی کوردە کە ئێستایش پەرستگەکەی لە کەنگاوەڕ لە دەڤەری شاری کرماشانە. میترا، خودای خۆر و ڕووناکی بووە.

ئەوان پێش دۆزینەوەی ئاگر، ڕووناکییان لە خۆر و بروسکەدا دیوە و ڕێزیان لێ گرتوە و دوای دۆزینەوەی ئاگر، لەبەر ئەوە ڕووناکیی هەبووە، ڕێزیان لەویش گرتوە و بە شتێکی پیرۆزیان لەقەڵەم داوە.

هەروەها لە شانامەی کوردیی گۆرانیدا، زوڵمی زوحاک و دلێریی کاوەی ئاسنگەر ڕێوایەت کراوە، بە تایبەت لەو شوێنەی کە کاوە دەبێتە فریادڕەسی خەڵکی ستەملێکراو و کۆتایی بە ستەمکارییەکانی زۆحاک دێنێت. کاتێک زوحاک کوڕە تاقانەکەی کاوە زەنجیر دەکات، کاوە بڕیاری لەنێوبردنی زوحاک دەدات،

**وەک ئەوەی لەم چەند دێڕەی شانامەی گۆرانیدا هاتووە کە دەڵێ:**

**بژنەف وەکاوە مێرد ئاسنگەر**
**وە ڕەنج و زەحمەت نەڕای دەردسەر**
**سواران زوحاک زاڵم زەبوونگیر**
**تەنیا فەرزەنش پیچیان وە زەنجیر**

**بەردشان پەی بارگای شای غەزەوپۆش**
**مەغزش پەی خۆراک شای مارەدۆش**
**عەیاڵ کاوە خاک ڕێژان وەسەر**
**خەوەر ئاوەردەن پەری ئاسنگەر**

یارسانییەکان لە ڕۆژی نەورۆزدا، لە زۆربەی شوێنەکانی خۆیان، بە تایبەت لە ناوچەی " کرند و گاوارە"ی گۆران یان شارستانی دالاهۆ، لە حەساری مەرقەدی پیربنیامین کە یەکێک بووە لە یارانی سوڵتان سەهاک، کۆ دەبنەوە و لە دوای زیارەتی پیرەکەیان، دەستی یەکتر ماچ دەکەن و نەورۆز و ساڵ تازەی کوردی لەیەکتر پیرۆز دەکەن.

یارسانییەکان لە بارەگای پیربنیامین، پەیامی ئاشتی و هاودڵی بۆ یەکتر دەنێرن و هاودەردی و هاویاری لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە لە ساڵی ڕابردوودا ئازیزێکیان لە دەست داوە.

هەروەها یارسانییەکان لە شەوی نەورۆزدا مەشخەڵی ئاگر هەڵدەکەن و بە خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی فۆلکلۆر، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گۆران، نەورۆز پیرۆز دەکەن.

**ئاگر نەورووز کریاوە، بورتک چیلک بڕیاوە**
**سەر پاسار و بانجیلە گشتی چراخان کریاوە**

**ئەنجام:**

ڕاستە لە دنیای ئەمڕۆدا، نەورۆز ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە و گەلی کورد وەک هێمای بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ ئازادی کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵام لایەنی کولتووری، سروشتی و ئەفسانەیی نەورۆز و ئاگر، لە مێژووی دووروودرێژی زاگرۆس، لە دەقە ئەدەبی و ئایینەکانی یاری و شانامەی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکیی کوردیدا، زۆر جێگای بایەخە و دەکرێ لەو چوارچێوەیەدا پێناسەی جەژنی نەورۆز و هێمای پیرۆزیی ئاگر بکرێت.

**سەرچاوەکان:**

- خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ نەورۆز و مێژوی نەورۆز: دوکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

- نەورۆز لە ئاییینی یارسان: نێعمەت زەحمەتکێش
- ئاییینی یاری: د. حسێن خەلیقی
- آئینهای فولکلور در تاریخ کورد: سید محمد حسینی
- آیین یارسان در اساطیر اقوام کرد: منصور یاقوتی

**٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# بزووتنەوەی نەورۆز



**سمایل شەرەفی**

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستان، ئەمساڵ لە کەشوهەوایەکی تایبەتیی سیاسیدا بەڕێوە دەچن. ساڵێک پێش ئێستا بەهۆی بزووتنەوەی ژینا و ئەو هەمووە سەرکوت و کوشتارەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران بەڕێوەیان برد، خەڵک نەورۆز و سەری ساڵی نوێیان بەسەردانی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان، برینداران و بەندکراوان و، ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان بەڕێ کرد. بەڵام نەتەوەی کورد کە هەموو خەبات و قوربانیدانێکی بۆ دەستەبەرکردنی کەرامەتی ئینسانی و ژیاندۆستی و خۆشبژیوی و بەختەوەرییە، نەتەنیا حەزی لە شین و ماتەم نییە، بەڵکوو خۆڕازاندنەوە، هەڵپەڕین و گوێگرتن لە موزیک و دابەشکردنی خۆشییەکان لەگەڵ یەکتری، بە بەشێک لە خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و سەرەڕۆیی دەزانێ. بۆیە دیسان وەک ساڵانی پێشوو، خەڵک بە بەڕێوەبردنی کارنەڤاڵ و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆری ڕازاوە و پڕ لە شادی و خۆشی، بەرەوە پێشوازی نەورۆز و ساڵیی نوێی هەتاوییەوە چوون.

نزیک بە پازدە ساڵە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە نەورۆز و ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستان بە مودێل و شێوازگەلی جیاواز لە ڕابردوو بەڕێوە دەچن کە بۆ زۆر کەس و لایەن جێی تێڕامان و سەرنجدانن.

**یەکەم ئەوەی؛** ئەم ڕێوڕەسمانە لە ئاستێکی جەماوەری و گشتیدا بەڕێوە دەچن و نەزمێکی ڕێکوپێکی بەبەرنامەیان لە پشتە. دووهەم ئەوەی؛ خەڵک ئەم ڕێوڕەسمانەی کردۆتە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی کۆمەڵێک پەیام کە لە لایەک تەعبیر لە جۆرێک لە ناڕەزایەتی لە دەسەڵات و لەلایەکی دیکەوە تەعبیر لە شوناسخوازبوونێکی مودێڕنی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن.

مودێلی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان؛ دیاریکردنی شوێنی لێککۆبوونەوەی خەڵک، ڕێزبەندیی برگە و بەشەکانی ڕێوڕەسمەکان و نێوەڕۆکی ئەو پەیامانەی لەم ڕێوڕەسمانەدا بڵاو دەبنەوە، لەگەڵ ئەو هێما و نیشانانەی لەلایەن بەشدابووانەوە بەکار دەهێندرێن، دەرخەری بوونی "هێز"ی خۆڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە بە سەدان ساڵە لە ماف و ئازادییە نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەرییەکانی بێبەش کراوە و لە حاڵی خەباتدایە، دەسکەوتێکی گەورەیە. بێگومان ئەم دەسکەوتە ئاکامی دەسترەنجی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵاتە کە تا ئێستاش کاریگەری و شوێندانەریی خۆیان هەر هەیە.

ڕێوڕەسمەکانی نەرۆز لە کوردستان کە دەکرێ لە چوارچێوەی بزووتنەوە گەورە نەتەوەیی و مافخوازانەکەی کورد و کوردستاندا بە "بزووتنەوەی نەورۆز" ناوێر بکرێن، بوونەتە دەرفەت و مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی مافویست و ژیاندۆستی کوردستان دژ بە سیاسەتی سەرکوت و کۆنەپەرەستیی کۆماری ئیسلامی ئیران. لەم ڕێوڕەسمانەدا کە زۆر جار ڕێژیم لە ڕێگای دەست و پێوەندە نزمەکانی خۆیەوە ویستوویەتی دەستیان بەسەردا بگرێ و لە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیان بەتاڵیان بکاتەوە، خەڵک هوشیارانە بەگژیاندا چوونەتەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک ڕەمز و هێمای تایبەت، نەتەنیا مۆرکی گەلیبوونییان لە ڕێوڕەسمەکان داوە، بەڵکوو کردوویانن بە دەرفەتێک بۆ دژایەتی لەگەڵ دوژمنانی گەل و نیشتمان.

جامانە و هەوری کە هێمای جل وبەرگی پێشمەرگەکانی کوردستان و ژنانی خانەدانی کوردەوارین، چەند ساڵێکە لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا بوونەتە هێمای یەکگرتوویی و گەیاندنی پەیامی گەل بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی ئێران. خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان کە لە پێناو ئازادیی کورد و کوردستاندا گیانیان بەخت کردوە، گوڵی سوور پێشکەش بە کەس و کاری شەهیدەکان و یەکتری دەکەن.

**ڕەشەمەی: ٢٧٢٣**

**لە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵدا بە نیشانەی بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینا - وەک بڕگەیەکی دیار و جێی شانازیی بزووتنەوە گەورەکەی کوردستان - کچان و کوڕانی ئازای نیشتمان بە هەڵگرتنی "مەشخەڵی ڕزگاری"ی خاک و خەڵکی کوردستان، دەیسەلمێنن و سەلماندوویانە کە ژیان لە کوردستان بەگژ مەرگ و کۆنەپەرەستیدا دەچێتەوە. ئەوان بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵای کوردییەوە، "جامانە لە مل و هەوری لە کۆڵ" یەکگرتووانە قۆڵ لە قۆڵی یەکتری، پێکوتی هەموو ئەو پیلان و دژایەتیانە دەکەن کە دەرحەق بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکرێ.**

**٢٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣**

# چەند تایبەتمەندیی سیستمی بێسەرەوبەرەیی کاریگەر لە ڕێکخراودا




سەلام سەدیقی

هەوڵەکان بۆ دابینکردنی ڕێکوپێکی لە هەر یەکەیەکی ئیداری و کۆمەڵایەتیدا زۆرتر دەبێ لایەنی ڕێنیشاندانی هەبێ نەک سزادان. مەبەست لە تەمبێکردن ئەوە نیە کەسەکان بە سزای هەڵەکانیان بگەن، بەڵکوو ئامانج لێی ڕاستکردنەوەی کارە ناشایست و هەڵەکانی ئەوانە. هەندێک جار لەوانەیە چارەیەکی تر بێجگە لە سزادانی کەسە هەڵەکارەکە نەبێ، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە سزادان، ئامانج نییە بەڵکوو هەوڵێکە بۆ گۆڕین و باشکردنی ڕەفتاری کەسەکە.

**دەکرێ سیستەمی ڕێکوپێکی دامەزراوەیەک بە کوورە و زۆپایەکی سوورەوەبوو بشۆپێنین، واتە:**

١- هەر بەو جۆرەی دەستلێدان لە کوورە گەرمەکە سووتێنەر و بەژانە، تەمبێکردن و سزادانیش دەبێ وەک ئەزموونییێکی تاڵ و ناخۆش بێ هەتا کەسەکە بڕیار بدات جارێکی تر دووپاتی نەکاتەوە.

٢- بە دەستلێدان لە کوورەی گەرم، بەخێرایی دەست دەسووتێ و هۆکارەکەشی بە تەواوەتی ڕوونە. لەنێو دامودەزگاکانیشدا کەسێک کە هەڵەیەک دەکا، دەبێ دەمودەست سزا بدرێ بۆ ئەوەی بزانێ لەسەر چی سزا دەدرێ. هەڵبەت دەبێ لەوە ئاگادار بین ئەم خێرابوونە لە سزاداندا نەبێتە هۆی پەلەکردن لە بڕیارداندا و بێ لێکۆڵینەوەی پێویست لە بابەتەکە کەسێکی بێتاوان سزا نەدرێ. ئەگەر وا هەست دەکرێ کە هەڵەیەک ڕووی داوە، دەبێ بە دوورخستنەوەی کاتیی کەسەکە ببڕێتەوە و سەپاندنی سزا بهێڵدرێتەوە بۆ دواتر تا بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە و بەڵگەی تەواو و حاشاهەڵنەگر دەکەوێتە دەست.

٣- هەروەک چۆن تینی سووتێنەری کووره کەسەکە ئاگادار دەکاتەوە کە بێتوو دەستی لێدەی چی دەقەومێ، لە ڕێکخراوێکیشدا ئەرکی بەڕێوەبەرەکەیەتی کە بەر لە سەپاندنی سزا بەسەر کەسێکدا ، ئاگادارکردنەوە و بیرهێنانەوەی پێویستی بە گوێدا بدا. بەو مانایە کە ئەندام دەبێ زانیاری لەسەر یاسا و ڕێساکانی هەبێ و بزانێ کە پێشێلکردنیان چ دەرەنجامێکی دەبێ. ئەگەر بەڕوونی بە گوێی ئەندامەکاندا درابێ کە سەرپێچیکردن و لادان لە یاسا و ڕێوشوێنەکان چ جۆرە سزایەکی دەبێ، جێبەجێکردنی ئەو سزایانە لەسەر کەسی هەڵەکار، بە کارێکی ئاسایی و دادگەرانە لێک دەدرێتەوە.

٤- دەستلێدان لە کوورەی سوورەوەبوو، ئاکامی هەموو کات یەک شتە. لە ڕێکخراوێکیشدا هەموو کات دەبێ یەک چەشن سزا بۆ هەڵەی هاوچەشن دیاری بکرێ. ئەگەر لە بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێوشوێنەکانی ڕێکوپێکیدا جیاوازیدانان و هەڵاواردن هەبێ، ئەم یاسایانە نەک هەر بایەخ و کاریگەریی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵکوو لێهاتوویی و کارزانیی بەڕێوەبەرەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر ئەندامان و فەرمانبەرەکان نەزانن ئاکامی هەڵەیەکی دەیکەن چی دەبێ، تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبن و ئەوەش زۆرجار دەبێتە هۆی لاوازبوونی ورەیان و دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان یان نزمبوونەوەی ئاستی کارامەیی.

سەرەڕای بوونی یاسا و ڕێوشوێنی داڕێژراو، هەڵسوکەوت و دژکردەوەی بەرپرسیش لە بەرامبەر سەرپێچییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر حەد و سنووری ڕەفتاری ڕێگەپێدراو بۆ ئەندامان دیاری دەکا.

ئەگەر بۆ دوو هەڵە و سەرپێچیکردنی وەک یەک، بۆ وێنە دواکەوتن و درەنگ چوونە سەر کار، بەرپرسەکە سەرکۆنەی یەکێک بکا و چاوپۆشی لە کەسێکی تر بکا و سەرکۆنەی نەکا، فەرمانبەرەکان تووشی سەرلێشێواوی دەبن و نازانن ئاخۆ درەنگ هاتنە سەر کار، سەرپێچییەکی شایانی سزادانە یان نا؟ کەوابوو خاڵی گرینگ و سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بەرپرسەکان دەبێ لە بەرامبەر هەڵە و سەرپێچیەکاندا یەک چەشنە ڕەفتار و هەڵوێستیان هەبێ. پێشتریش ئاماژەم بەو

خاڵە کردوە کە دیاریکردنی جۆر و قورسیی سزادانەکان دەبێ بە سەرنجدانە سەر هەڵکەوتە و هەلومەرجەکان بێ. کەوابوو ئەگەر بەرپرسێک ناچار بوو بۆ دوو هەڵە و سەرپێچیکردنی وەک یەک ، دوو جۆر سزا دیاری بکا، دەبێ هۆیەکەی ئاشکرا بکا و جیاوازیی و دوو جۆر بوونی سزادانەکە شی بکاتەوە.

٥- هەر وەک چۆن هەر کەسێک بەر کووره گەرمەکە بکەوێ دەسووتێ، لە ڕێکخراوەکەشدا جۆر و قورسی سزادانەکە دەبێ بەگوێرەی جۆری هەڵەکردنەکە بێ نەک ئەوەی چ کەسێک ئەو هەڵەیەی کردوە. لە کاتی دیاریکردنی سزا و جێبەجێ کردنیدا، بەرپرس دەبێ کەسی تەمبێکراو تێبگەیەنێ کە بڕیار لەسەر کردەوەکەی ئەو دراوە، نەک خۆی و مەبەست لە سزادان ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری نابەجێی کەسەکەیە نەک سووکایەتی پێ کردن و بەکەمزانینی ئەو. پاش ئەوەی کە کەسی هەڵەکار لەسەر هەڵەیەکی کە کردوویەتی تەمبێ کرا، بەرپرس دەبێ کۆتایی بە بابەتەکە بێنێ و هەڵسوکەوتێکی ئاسایی لەگەڵدا بکات.

٢٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

# نەورۆزی کوردستان، کلیلوشەکانی بەردەوامیی خەبات هەتا سەرکەوتن



**مەنسوور مروەتی**

جێژن و شایی نەورۆزانەی خەڵک بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە، و بەجۆش و خرۆشەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان درێژەی هەیە و دیمەنێکی جوان و مانادراری بە کوردستان بەخشیوە.

یەکگرتوویی، شایی و دڵخۆشیی خەڵک و جلوبەرگی جوان و ڕازاوەی کوردەواری و، لە هەمانکاتدا ڕێکوپێکی لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان لەو خاڵە سەرنجڕاکێشانەن کە نەک کۆماری ئیسلامی بەڵکوو هیچ حکوومەتێکی داگیرکەر لە کوردستان، نە دەتوانن دەستی بەسەردا بگرن و نە بەلاڕێیدا بەرن. ئەم شایی و خۆشحاڵی و هێز و وزەیەی خەڵکی کوردستان لە حاڵێکدایە، کە کۆمەڵگەی ئێران لە سایەی دەسەڵاتی چەوت و ئیدئۆلۆژیک و دوگم و داخراوی کۆماری ئیسلامی، لە ڕیزی وڵاتانی ناشاد و خەمۆکی دنیایە، و ئەمە خۆی خاڵی بەهێزی کۆمەڵگەی کوردستانە.

کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانا و بە درێژایی تەمەنی پڕ نەهامەتی خۆی، هەوڵی داوە ئەوەی ناوی شایی و خۆشی و خۆشحاڵییە لە ژیانی خەڵکدا بیسڕێتەوە و ڕەنگی ڕەش و تازیەباری و خەمۆکی بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنێ. ئەم چل و

پێنج ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێراندا هەموو ڕێگایەکیان لە بەحەرام زانین و قەدەغەکردنی مۆسیقاوە بگرە تا پێشگرتن لە شایی و خۆشی و هەوڵ بۆ سەپاندنی تەنانەت جلوبەرگی دڵخوازی حکوومەت تاقی کردەوە، بەڵام هەم لە ئاستی ئێراندا و هەم بەتایبەتی لە کوردستاندا سەرکەوتوو نەبوون و دیمەنەکانی نەورۆزی کوردەواری لە سەرانسەری کوردستان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

ئەوەی لەسەر نەورۆزی کوردەواری گوترا هەروا ئاسان بەدەست نەهاتووە، بەڵکوو ئاکامی خەبات و بەربەرەکانییەکی گەورە و کۆڵنەدەرانەی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستانە کە لەبەرانبەر هەموو زەبروزەنگ و سەرکوت و بەکارهێنانی هەرچەشنە سیاسەت و پیلانێکی کۆماری ئیسلامیدا، چۆکیان دانەدا و کۆڵیان نەدا. کەواتە ئێستا نەورۆز لە کوردستان تەنیا هاتنی بەهار و ساڵی تازە و گۆڕینی وەرز نییە، بەڵکوو هێمایەکە بۆ کۆڵنەدان و بووژانەوە و هەستانەوە لەبەرانبەر حکوومەتێکی مرۆڤکوژ، کە بە هەموو ڕێگایەک و بە هەموو ئامرازێک لە هەوڵی لەنێوبردنی و توانەوەی گەلی کورددایە.

هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان لە نەورۆزی ئیمساڵدا کە هێشتا گەلی ئێمە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا لە خەباتێکی خوێناویدایە، دیسان سەلمێنەری بابەتێکی دیکەیە، ئەویش ئەوەیە کە فەلسەفەی خەبات و قوربانیدانی ئەم گەلە " مردن بۆ ژیانە نەک ژیان بۆ مردن." بەواتایەکی دیکە خەڵکی کوردستان ڕێگە نادەن کارەسات بەسەریاندا زاڵ بێ.

ئەگەر هەر ئەم یەک دوو ساڵەی ڕابردووی پاش شۆڕشی ژینا لە بەرچاو بگرین کە دەستی ڕەشی داگیرکەر دەیان و سەدان لاوی ئازا و دڵ پڕ لە هیوای کوردیان لە سەر شەقامەکان و لە زیندانەکان لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستاندا شەهید و بریندار کرد،حاشای لێ ناکرێ کە داخێکی گرانیان خستە سەر دڵی خەڵکی کوردستان؛ بەڵام گەلی ئێمە باش لەوە تێگەیشتوون کە نابێ تەسلیمی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ببن و لە کارەساتەکەدا بمێننەوە. ئەوان تازیەبار و دەستەوئەژنۆ لە ماڵەوە دانانیشن، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانەی ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو ئەوە بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانن کە لەم خەبات و بەربەرەکانێیەدا لەگەڵ دوژمن لە ڕیزی پێشەوەن. ئەوە ئەوان و هاوڕێیەکانیانن کە شاربەشار و گوندبەگوندی کوردستان مەشخەڵی ئاگری نەورۆز دادەگیرسێنن و سەرچۆپیی ڕزگاری دەگرن.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ئەم ڕۆژانە لە مانگی نەورۆزدا، دیاریکردنی ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی جلی کوردی لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بوو کە لە جێی خۆیدا جێی قسەلەسەر کردنە. ئەوەی ڕاستی بێ جلوبەرگی کوردی وەک بەشێکی گرینگ لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی کورد نابێ ڕۆژی بۆ دیاری بکرێ و لە ڕۆژێکدا کورت بکرێتەوە. ئەو بابەتە وەکوو ئەوەیە

بگوترێ دەبا ڕۆژێک بۆ زمانی کوردی دیاری بکرێ و لەو ڕۆژەدا خەڵک بە زمانی خۆیان واتە بە کوردی قسە بکەن. ئایا شتی وا لە گەڵ عەقڵ و مەنتقدا دەگونجێ؟ بێگومان نا، چونکە ئەوانە هەموو پێکهێنەرانی فەرهەنگی نەتەوەییێکی چەند میلیۆنین و کەس بۆی نییە ڕۆژی بۆ دیاری بکا و بە خەڵکی کوردستانی بفرۆشێتەوە. بەڵام مەبەست لەو کارەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چی بوو؟

کاربەدەستانی ڕێژیم لە پاش ڕابوونی ئازایانەی خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ژینا و دەسپێکی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، و سەرکوتی خوێناویی ئەم شۆڕشە و کۆڵنەدانی خەڵک، لە هەوڵی ئەوەدان بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ وا بنوێنن دۆخی کوردستان ئاساییە. بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ڕابردووش هەوڵی زۆریان دا و دەستیان بۆ هەندێ کار برد کە تەنانەت لە گەڵ ئیدئۆلۆژیی داخراوی خۆشیان نەدەهاتەوە. بۆ وێنە ڕێگەدان بە فستیڤاڵی جۆراوجۆر و کۆنسێرتی گۆرانی و هەڵپەڕکێی سەرشەقامەکان، کە پێشتر یا هەر ئیزنیان پێ نەدەدرا یا دوای چەند مانگ بێنەوبەردە بەشێوەیەکی زۆر سنووردار ڕێگەیان پێ دەدا. ئێستاش دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ جلوبەرگی کوردی و ڕێگەدان بە شایی و هەڵپەڕینی خەڵک لە سەر شەقامەکان ڕێک هەمان سیاسەتە. واتە ئەوان دەیانهەوێ بەشێوەیەکی ڕیاکارانە و خەڵک خەڵەتێنانە (پۆپۆلیستی) وا بنوێنن کە لەبەر ڕێزی فەرهەنگ و جلوبەرگی کوردی ئەم ڕۆژەیان دیاری کردوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەیانهەوێ بارودۆخی کوردستان ئاسایی نیشان بدەن. هەڵبەت باشە ئەوەش بگوترێ کە ڕێژیم بۆ مەبەستەکانی خۆی هەر کەڵک لە فەرهەنگ و هێماکانی کوردەواری کەڵک وەردەگرێ و بۆخۆشیان باش دەزانن کە خەڵکی کوردستان جگە لە فەرهەنگ و هێماکانی خۆیان شتی دیکەیان لێ قەبووڵ ناکەن.

لە لایەکی دیکەوە جیاواز لە فرت و فێڵەکانی پشت پەردەی ئەم کارانەیان، سەرنجڕاکێش ئەوەیە خەڵک دەتوانن هەر ئەم بۆنە حکوومەتیانەش بکەنە دەرفەتێک کە بە قازانجی خۆیان بشکێتەوە و هەرواشیان کردوە. دەنا خەڵکی کوردستان چاک لە مەبەستە شاراوەکانی ڕێژیم تێدەگەن و بەرپەرچی ئەدەنەوە.

لەکۆتاییدا و جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز، سڵاو لەڕابوون و کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان لە سەنگەری نەورۆزدا.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# پەیامی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز



**سمایل شەرەفی**

دوای هێرشی سیستماتیکی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بزووتنەوەی ژینا و شەهید و بریندارکردن و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار کەس لە خۆپێشاندەران و کپکردنی بزووتنەوەکە بۆ ماوەیەک، کاربەدەستانی ڕێژیم و خودی ڕێبەری نیزام، عەلی خامەنەیی، بە سپاس لە هێزە سەرکوتکەرەکانیان، ئیدیعای کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەکە و هەر جۆرە نارەزایەتییەکی خەڵک دژ بە ڕژیمەکەیان کرد. بەتایبەت لە کوردستان کە ڕێژیم ڕاشکاوانە و بە هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئێعترافی بە پێگە و نفووزی حیزبەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان و بوونی پێوەندییەکی ئۆرگانێک لەنێوان خەڵک و حیزبەکاندا کرد، ئاستی پەلاماردان و سەرکوتکارییەکان زیاتر بوو.

بۆ نیشاندانی - بەخەیاڵی خۆیان - سەرکەوتنی سیاسەتی سەرکوت بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا، سەرۆککۆماری ڕێژیم، برایم ڕەئیسی سەردانی کوردستانی کرد و بە گەڕان بە نێو بازاڕی شاری سنەدا، ویستی وا نیشان بدات کە هەموو شتێک لە کۆنترۆڵی ئەوان دایە و ئەو بزووتنەوەی ئەوان بە "اغتشاشات" ناویان دەهێنا، کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام ئەوەی لە مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ و بەتایبەت لە ڕۆژانی بەرەبەری نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاویدا ڕوویان دا و تا ئێستاش

بەردەوامن، نەتەنیا پێچەوانەی ئیدیعا و دڵخۆشییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم دەسەلمێنن، بەڵکوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئاستی قووڵی و بەرینایی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە بکرێ پێشی پێ بگیردرێ.

لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە خەڵک بە گرتنەپێشی سیاسەتی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان، "نا"یەکی مێژوویی و بەهێزیان بە تەواویەتیی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی وتەوە. کە ئەم "نا"یە لە کوردستان بەرچاوتر و بەهێزتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بوو. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە؛ شێوازی پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە نەورۆز و سەری ساڵی نوێ و پەیامی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵە.

بەگشتی لە نیوەی مانگی ڕەشەممەوە تا ئێستا کە یەک دوو ڕۆژێکی بۆ نوێبوونەوەی ساڵ ماوە، لە کوردستان و لە چوارچێوەی ڕێوڕەسم و کارنەڤاڵی گەورەی جەماوەریی هەزاران و دەیانەزار کەسیدا، خەڵک لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر پێشوازییان لە نەورۆز کردوە. وەک چەند جاری دیکەمان باس کردوە، ئەوەی لەم ماوەیەدا و تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سەروبەندی ساڵی نوێ لە کوردستاندا بەڕێوە دەچن، تەنیا بۆ پێشوازی لە نەورۆز و دەربڕینی خۆشی نیە، بەڵکوو ڕەفتارێکی تەواو بەرهەڵستکارانەی ماناداره کە بە شێوازێکی مەدەنی و جەماوەری بەڕێوە دەچێت.

هەر خودی لەدەوری یەکتر کۆبوونەوەی خەڵک کە جاری وایە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدات، نیشانەی دەربڕینی هەست و زەرووڕەتی یەکیەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەرانبەر بە دەسەڵاتی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. زەرووڕەتێک کە بە درێژایی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، بەداخەوە کەمتر سەرنجی دراوەتێ. ناکۆکی و نایەکگرتوویی و پەرتەوازەبوون، یەکێک لە کەمایەسییەکانی تا ئێستای خەباتی کوردە. بەڵام ئەوە نزیک بە بیست ساڵە لە کوردستان ساڵ بەساڵ زیاتر ئەم زەرووڕەتە، کاری لەسەر دەکرێ و بە پێی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵک، ڕیزی یەکگرتووی تا دێت بەردرێژ و بەربەرین دەبێتەوە.

ئەو هێما و نیشانانەی خەڵک لەم ڕێوڕەسمانەدا بەکاری دەهێنن، هەر هەموویان خاوەنی پەیام و ڕاسپاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتین. خەڵکی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی دوژمنانی کە هەوڵیان داوه بێهیوا و ماتەمباری

بکەن، بەردەوام هەوڵی داوە بەختەوەرانە بژی، ژیانی خۆش ویستووە، وەک لە شێوازی جلوبەرگی ڕا دیارە هەمیشە هەوڵی داوە ڕازاوە و شیک بێت. بەرانبەر بە هەر نەهامەتی و دۆشدامانێک دەست لەنێو دەستی یەکتر هەڵپەڕیون و "دەسرۆکەی دەستی سەرچۆپی"، بەیداخ و ئاڵای "بوون" و مانەوەیان بووە و پێیان بەسەر هەر جۆرە بێهیوایەکدا کوتاوە و بەزمی ڕەزمی دوژمن تۆقێنیان گێڕاوە.

بەکارهێنانی جامانە کە لە ڕێوڕەسمەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە هێمایەکی دیاری مانادار، گرێدانی نەورۆز و ڕەفتاری کۆمەڵگەیە بە بەستێنێک لە خەباتی پڕ لە سەروەریی ڕۆڵە قارەمان و گیان فیداکانی گەل، کە جامانە لەسەر، سەربەرزانە خەباتیان کرد و زۆریان سەربەرزانە سەریان کردە پردەبازی سەربەستیی گەل و نیشتمان.

کیژان و کوڕانی وشیاری کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا جامانە لە مل و هەوری لە کۆڵ، هەڵگری ڕەسەنایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین کە بە سەدان ساڵە، دوژمنانمان هەوڵی سڕینەوەیان دەدەن و، بۆ پاراستنیان وێڕای ڕابردوویەک لە خەباتی دورودرێژی پڕ لە خوێن و قوربانیدان، ئەمڕۆ میللەتێک لەسەر پێیە.

هەموو ئەمانە بە کۆمەڵگەیەک دەکرێ کە هێز و توانای خۆڕێکخستنی هەبێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵگەی کوردستان لە قوناغی نوێی تێکۆشانی خۆیدا کە جەماوەری و گشتگیرە، ئەو توانا و هێزەی بۆ دەستبەر بووە. شوێنەواری خەباتی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت کاریگەریی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی کۆڕ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی لەسەرپێ و ڕێکخراوی بنیاد ناوە کە بەرانبەر بە هەر پرس و بابەتێک خۆی بە خاوەندار دەزانێ.

لە وەها کۆمەڵگەیەدا لەوانەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ لە ڕێگەی هێزی سەرکوت و سیاسەتی دژێگەلیانەوە پێی وابێ دەتوانێ ناوەناوە جووڵە و بزاوتەکان، کۆنترۆڵ بکات، بەڵام بیرکردنەوە لە؛ بەلاڕێدابردن، تەسلیمکردن، بێهیواکردن و ڕاوەستاندنی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، جیا لە خەیاڵێکی خاو و بەتاڵ، هیچی دیکە نیە.

٢٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

ڕەشەمەی: ٢٧٢٣

## پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنەوەی ساڵی نوێ




**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**

بەبۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز و نوێبوونەی ساڵ، پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوەی خۆشەویست دەکەین و هیواداریین ساڵی نوێ، ساڵێکی پڕخێروخۆشی و پڕدەسکەوت بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی گەلەکەمان بێ.

بۆنە و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ بەو جۆش وخرۆشەوە کە ماوەیەکە وەڕێ کەوتوە و ئێستاش هەر درێژەی هەیە، دیمەنێکی جوان و ماناداریان بە نەورۆزی ئەمساڵ بەخشیوە کە هەم هیوابەخش و هەم مایەی شانازی پێکردنن. هیوابەخشن چونکە گەلی ئێمە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی خەباتگێڕ و خۆڕاگر ماونەتەوە و تەسلیمی سیاسەتی دوگم و داخراوی ئەوان نەبوون. وەک چۆن ئەو دیمەنە جوانانەی لەم نەورۆزەدا پێشانی دنیا دران،

پێچەوانەی ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و بەرنامەکانی ئەو ڕێژیمە لە چلوپێنج ساڵی ڕابردوودا بووە. کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیی دواکەوتووانەی بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانییەکەی دژی هەرچەشنە شایی و شادی و زیندوویەتییەکی خەڵکی ئێران و کوردستان بوون. ئاکامی ئەم سیاسەتە چەوت و دژەمرۆییە ئەوە بووە کە ئەوڕۆ وڵاتی ئێران لە ڕیزی وڵاتانی هەرە خەمۆک و ناشاددا جێی گرتوە، بەڵام خەڵکی ژیاندۆست و تێکۆشەری کوردستان نەک قەت تەسلیمی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی نەبوون، بەڵکوو هەموو کاتێک و بەتایبەت لە نەورۆزی ئەمساڵدا بینیمان کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئیرادەی شاد و بەختەوەرژیانیان بەسەر ویستی ڕێژیمدا سەرکەوت. بۆیە ئەم جۆش و خرۆشەی هاونیشتمانیان هەم هیوابەخشە بۆ داهاتوویەکی گەش و ئەمرۆیی بۆ گەلەکەمان و، هەمیش مایەی شانازی پێکردنە؛ چونکە هیممەتی چیایی، خۆڕاگریی ئازایانە و لەبڕاننەهاتوویان چۆکی بە خواست و ئیرادەی ڕێژیم دادایەوە.

## هاونیشتمانیانی ئازیز!

ئەوەی ئێستا لە نەورۆزی کوردەواری و لە کوردستاندا مایەی شانازیی هەموومانە هەروا ئاسان بەدەست نەهاتوە. ئەم دەسکەوتە ئاکامی خەبات و بەربەرەکانییەکی گەورە و کۆڵنەدەرانەی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانیەتی کە لەبەرانبەر هیچ چەشنە زەبروزەنگ و سەرکوت و بەکارهێنانی هەر جۆرە سیاسەت و پیلانێکی کۆماری ئیسلامیدا سەریان نەوی نەکرد و کۆڵیان نەدا. بۆیە لەمێژساڵە نەورۆز لە کوردستان تەنیا هاتنی بەهار و ساڵی تازە و گۆڕینی وەرز نییە، بەڵکوو هێمایەکە بۆ کۆڵنەدان، بووژانەوە و هەستانەوە لەبەرانبەر حکوومەتێکی مرۆڤکوژ، کە بە هەموو ڕێگایەک و بە هەموو ئامرازێک هەوڵی کپکردنی دەنگی مافخوازانەی گەلی کورد دەدات.

ئەگەر هەر ئەم دوو بەهارەی پاش شۆڕشی ژینا لە بەرچاو بگرین کە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی دەیان و سەدان لاوی ئازا و دڵ پڕ لە هیوای کوردیان لە سەر شەقامەکان و لە زیندانەکان و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستاندا شەهید و بریندار کرد و، ئەگەرچی حاشای لێ ناکرێ ئەمانە داخێکی گرانیان خستە سەر دڵی خەڵکی کوردستان؛ بەڵام گەلی ئێمە باش لەوە تێگەیشتوون کە نابێ تەسلیمی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ببن و لە کارەساتەکەدا بمێننەوە. خەڵکی کوردستان پێشانی دا کە تازیەبار و دەستەوئەژنۆ لە ماڵەوە دانانیشن، بەڵکوو ڕاست پێچەوانەی ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەو بۆنانەش دەکەنەوە بە سەنگەری مافویستی و شوناسخوازی و نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو بینیمان ئەوە بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانمان بوون کە لەم خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا لە ڕیزی هەرە پێشەوەن. ئەوە ئەوان و هاوڕێیان و کەسوکاری شەهیدانمانانن کە شاربەشار و گوندبەگوندی کوردستان مەشخەڵی ئاگری نەورۆز دادەگیرسێنن و سەرچۆپیی ڕزگارییان گرتوە؛ هەر ئەوەش ڕازی مانەوەی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان و خەباتە ڕەواکەمانە.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**

دۆخی ئەمساڵ کە ڕابرد ئەگەرچی بۆ هەموو خەڵکی ئێران تاڵ و سەخت و دژوار بوو، بەڵام کوردستان هەروەک پێشوو پشکی سەرەکیی لە بەشمەینەتی و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی بەرکەوت. لەم ساڵدا هەژاری، بێکاری و گرانی ئەوەندەی تر گوشاری خستبووە سەر بنەماڵەکان و هەمدیسان وەڵامی هەر چەشنە ناڕەزایەتی و بەربەرەکانییەکی مەدەنیی خەڵک، گرتن و ئەشکەنجەدان، سەپاندنی حوکمی زیندان و ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ وەستاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە هەموو بەستێنەکاندا ئەوەندەی لە دەستی هات درێخی نەکرد و بە هەموو هێزیەوە هەوڵی دا بمانخاتە تەنگانەیەک هەتا ڕێی خەبات و تێکۆشانمان لێ بەربەست بکات. بەڵام هەمووماں بە پشتیوانی و ئیلهاموەرگرتن لە یەکتری بۆ یەک چرکەش لەدژی کۆماری ئیسلامی کۆڵمان نەدا و خەبات و تێکۆشانمان درێژە پێدا. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە خەبات و تێکۆشانی مەدەنی و شوناسخوازی و، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ۱۱ی ڕەشەمە و بۆنە نەورۆزییەکانی ئەمساڵدا سەلماندیان لە هەر دەرفەتێک کەلک وەردەگرن و لەلایەکی دیکەش نە مووشەکباران و تێرۆر و، نە هیچ چەشنە گوشارێکی سیاسی و ئەمنیەتی و تەنگپێهەڵچنین تێکۆشەرانی سیاسی لە پێ ناخات و بەهۆی پشتیوانیی یەکتری سەربەرز وەکوو هەمیشە لە سەنگەری خەباتی مافخوازانەدا ماونەتەوە و دڵنیاین بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لەو خەباتەدا سەردەکەوێت. بۆیە بە سەرنجدان بە حەماسە و شکۆخوڵقێنیی ئەو ماوەیەی خەڵکی کوردستان، حەقە شانازی بە گەلی خۆمان و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمانەوە بکەین و هیوادار بە داهاتوویەکی ڕووناک بین و، دەست لە نێودەست و یەکگرتووانە بە ئیلهام وەرگرتن لە نەورۆزی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆمان هەتا سەرکەوتنی یەکجارەکی بدەین.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەڵێن نوێکردنەوە لەگەڵ ئێوەی ئازیز دەستی هاوخەباتیتان بەگەرمی دەگوشێ و جارێکی دیکە پیرۆزبایی نەورۆز وساڵی نوێی کوردیتان لێ دەکا.

بەهیوای سەرکەوتن و ئازادی و ڕزگاریی یەکجارەکیی گەلەکەمان.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

نەورۆزی ۱٤۰۳ی هەتاوی

۲۸ی ڕەشەمەی ۲۷۲۳



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراوە و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی**

